# ئاسۆ جیهانییەکان

ئانتۆنی گیدێنز

# ئاسۆ جیهانییەکان

وەرگێڕ

عەتا جەماڵی



پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی
سەلاحەددین و دەزگای موکریانی

٥

ناوی کتێب: **ئاسۆ جیهانییەکان**

نووسینی: **ئانتۆنی گیدێنز**

وەرگێڕانی: **عەتا جەماڵی**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **رێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: **دلێر سادق (دەزگای موکریانی)**

نەخشەسازی ناوەوە: **گۆران جەمال رواندزی**

بەرگ: **ئاسۆ مامزادە**

ژمارەی سپاردن: **(٩٣٠)**

تیراژ: **(١٠٠٠) دانە**

چاپی یەکەم: **(٢٠٠٩)**

نرخ: **(٢٠٠٠) دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)**

**پێشکەشە بە:**

**هاوژینم ڕۆیا،**

**ئاخر ئێوە نازانن چەندەم خۆش دەوێ**



## پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕی فارسی.............................................. ٧

ئاسۆی سیستەمی جیهانی.............................................. ٧٥

ئاسۆی دەوڵەت-نەتەوە.............................................. ١٠٣

ئاسۆی نایەکسانیی جیهانی.............................................. ١٣١

ئاسۆی خێزان.............................................. ١٦١

ئاسۆی دیموکراسی.............................................. ١٨٣

## پێشەکیی وەرگێڕی فارسی

### ئاشنا بوون بە بۆچوون و بەرهەمەکانی ئانتۆنی گیدێنز

ئەم کتێبە بەرهەمی وەرگێڕانی کۆمەڵەی "ئاسۆ جیهانییەکان"[1] لە نووسینی ئانتۆنی گیدێنز، کۆمەڵناسی بەناوبانگی بریتانییە. ئەم کۆمەڵەیە لە پێنج وتاری ئەو پێکدێت کە لە ساڵەکانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ لە کۆلێژی ئابووری و زانستی سیاسیی لەندەن LSE پێشکەش کراوە. دەتوانرێ تەوەری بەجیهانیبوون و تیۆریی "جیهانی لەدەست دەرچووی ئەو بە شیرازەی ئەم وتارانە بزانرێت: ئاسۆی سیستەمی جیهانی، ئاسۆی دەوڵەت-نەتەوە، ئاسۆی نایەکسانیی جیهانی، ئاسۆی خێزان و ئاسۆی دیموکراسی، تەوەرەکانی ئەم پێنج وتارە پێکدەهێنن.

گیدێنز لە ساڵی ١٩٩٨یش لە کەناڵی BBC زنجیرە وتارێکی سەبارەت بە بەجیهانیبوون پێشکەش کرد کە لە کتێبی "جیهانی لەدەست دەرچوو"دا[2] بڵاو کراونەتەوە.

ئەم کۆمەڵەیەی لەم کتێبەدا بەرچاوتان دەکەوێت بەجۆرێك بەرۆژکراوی کتێبی "جیهانی لەدەست دەرچووە"، هەڵبەت هەندێ باس و تەوەری نایاب و سوودبەخش بەم کۆمەڵەیە زیاد کراوە کە سیمایەکی جیاوازی پێبەخشیوە. خوێندنەوەی ئەم کتێبە جگە لە خوێنەران و خوێندکارانی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، بۆ خوێنەری گشتیش سوودبەخشە و یارمەتیی تێگەیشتنێکی باشتر و هەستپێکراوتری بەجیهانیبوون دەدات. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی گیدێنز، راوێژی رەوان و ساکار و

١ . Global futures

٢. Runaway world: how Glogalization is reshaping our lives



شیرینی ئەوە. ئەو براوەی خەڵاتی "باشترین وتاربێژ"ی زانکۆی "ئارهێس"ی دانمارکە.

وەرگێڕیش هەوڵیداوە رەوانیی زمانی گیدێنز لە وەرگێڕدراوە فارسییەکەدا بپارێزێت و هاوکات لەگەڵ گواستنەوەی راست و دروستی مانادا خەسارێك بە پێکهاتەی سروشتی و خیتابیی دەقە سەرەکییەکە نەگەیەنێت.

ماوەی کورتی هەر وتارێك، کورتبێژییەکی تایبەتیی لەگەڵدایە و زمانی ساکار و رەوانی وتارەکان، هەلی سوودمەندبوونی بۆ بەشێکی زۆر لە بەردەنگەکان رەخساندووە.

ئانتۆنی گیدێنز لە ئێراندا ناوێکی ناسراوە، چەندین کتێبی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی، ژمارەیەك لە وتوویژ و وتارەکانی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە و کتێبی کۆمەڵناسییەکەی بە گرنگترین کتێبی بنەمایی کۆمەڵناسی بۆ خوێندکاران و هۆگرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دێتە هەژمار. بەگشتی، ئەو پڕخوێنەرترین تیۆریسازی کۆمەڵایەتی لە کتێبەکانی زانستی کۆمەڵایەتی ، گۆڤارە فکری و ئەکادیمییەکان و لاپەرەکانی "ئەندێشە"ی رۆژنامە ئێرانییەکان بووە.

سەرەرای هەبوونی رێژەی زۆری سەرچاوەگەلی فارسی لە بەرهەمەکانی گیدێنز، بەداخەوە پێناسەیەکی کورت و ساکار و چڕوپڕی ئەو لەبەر دەستی خوێندکارانی کۆمەڵناسی و هۆگرانیدا نییە.

لە پێشەکیی کتێبە وەرگێڕدراوەکانی گیدێنزدا، یان هەوڵی پێناسەکردنیان نەداوە یان بە چەند رستەیەك (هەندێجاریش بە هەڵە) داکەوتوون. لەکتێبی "تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی" جۆرج ریتزێردا لە وەرگێڕانی موحسین سولاسی و کتێبی "تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی" دکتۆر تەقی ئازاد ئەرمەکیشدا زیاتر باسی تیۆریی **پێکهاتەکیبوون** کراوە و خوێنەر لەگەڵ لایەنەکانی تری هزری ئەودا ئاشنا نابێت. قورسی و لێڵیی دەقەکەش گرفتەکەی زیاتر کردووە. پێشەکیی کتێبی "چۆڕابەی بەرهەمەکانی

گیدێنز" لە نووسینی (فلیپ کەسێڵ)یش بەرهەمە نوێیەکانی گیدێنز لەخۆ ناگرێت. لە هەندێ کتێبی تریشدا تەنیا ئاماژە بە هەندێ بەشی تایبەتی بۆچوونەکانی گیدێنز کراوە و خوێنەر ناتوانێ وێنەیەکی گشتی لە هزری ئەو بدۆزێتەوە.

زۆرێك لە بەرهەمە سەرەکییەکانی گیدێنز وەك (بناغەی کۆمەڵگە)ش هێشتا وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی و بەردەنگی ئێرانی نامۆیە لەگەڵ هەندێ چەمك و تەوەرەکانی ئەودا.

لە ئەنجامدا خوێندکاران و هۆگرانی کۆمەڵناسی بەگشتی وێنەیەکی ناتەواو و کاریکاتێری لە هزری گیدێنز لە مێشکیاندایە و سەرەڕای سەرچاوەگەلی زۆر لەسەر گیدێنز، ناتوانن بەکورتیش لەگەڵ هزر و بەرهەمەکانی ئەودا ئاشنا بن.

بە رەچاوکردنی کاریگەری و بایەخی گیدێنز لە کۆمەڵناسیی نوێدا، بەدەستەوە بوونی ئاوا پێناسەیەکی کورت بەڵام ڕێکوپێك لەو کە لانیکەم سەرەداوێك بدات بەدەست خوێنەرەوە بەپێویست دەزانرێت و خوێنەر بۆ خوێندنەوەی زیاتر ڕێنوێنی دەکات. تێگەیشتنی بەڕاستیی هەندێ گۆشە هزری گیدێنز بەبێ سەرنجدان بە بەشەکانی تری ئەستەمە و هەبوونی روخسارەیەکی گشتی لە سیستەمی فکری و بەرهەمەکانی ئەو دەتوانێ یارمەتیدەر بێت. ئاشنا بوون بە ژیان و بۆچوونەکانی گیدێنز بۆ خوێنەرانی ئەم کتێبە سوودبەخشە و یارمەتیی تێگەیشتن لە کتێبەکە دەدات. بەم پێیە بڕیارم دا پێشەکیی ئەم وەرگێڕانە تەرخان بکەم بو پێناسەیەکی کورت و ساکار بەڵام تاڕادەیەك چڕوپڕ لە ژیان و هزری گیدێنز. کارکردن لەسەر بنەما و رەگە فکرییەکانی بەرهەمەکانی ئەو دەرفەتێکی ئاوەڵاتری دەوێت و لێرەدا تەنیا هەوڵ دەدەم راپۆرتێکی کورت لە بەرهەم و بۆچوونەکانی ئەو بخەمە بەردەست. پێویست بە بەڵگە ناکات کە ئەم پێشەکییە تەنیا لەئاستی دەروازەیەکدایە بەرەو هزری گیدێنز و تەنیا خوێنەر دەکاتە "ئەهلی زاراوە" و بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لە لایەنە جیاوازەکانی پرۆژەی فکریی گیدێنز پێویستە بگەڕێتەوە سەر خودی کتێبەکانی.



ئانتۆنی گیدێنز لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا هەمیشە لە پێشەنگانی تیۆریی کۆمەڵایەتی بووە و بە نووسینی زیاتر لە ٣٦ کتێب و نزیکەی ٢٠٠ وتار، چەمك و تیۆری و راڤەگەلی نوێ و رەوتسازی زیاد کردۆتە سەر میراتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان. بە سەرنجدان بە بەرفراوانیی بەرهەمەکان و بازنەی بەربڵاوی کاریگەریی گیدێنز، پێناسە کردنی بۆچوونەکانی ئەو پێویستی بە زاڵبوون بەسەر هەموو بەرهەمەکانی و هەروەها ناسیاریی قووڵ و شیاو لەسەر بەستێنە تیۆریکەکانی کۆمەڵناسییە. نووسەری ئەم پێشەکییەش بەباشی لە ئاست ئەو کارە دژوارە نایەت کە زانست و لێوەشاوەییەکی لەم چەشنەی نییە و تەنیا بەو هۆیانەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا هەنگاوی بۆ ئەم کارە هەڵهێناوەتەوە. بەهیوای ئەوەی ئەو کۆمەڵناسانەی توانستی ئەنجامی کارێکی لەو چەشنەیان هەیە بێنە ناو گۆڕەپانەوە.

لە درێژەدا هەوڵ دەدەم لەپاش تێپەڕینێکی خێرا بەسەر ژیانی ئانتۆنی گیدێنزدا گرنگترین بۆچوون و تیۆرییەکانی بەرهەمەکانی ئەو بێنمە بەر باس. بە سەرنجدان بە تەوەری کتێبەکە، زیاتر لەسەر بۆچوونەکانی گیدێنز لەسەر بەجیهانیبوون دەدوێم و ئەو خاڵ و چەمکانەی لە خودی کتێبەکەدا هاتوون دووپات ناکەمەوە. ئاساییە کە پێناسەی کورتی بارستای ئاپۆرەی بەرهەمەکانی گیدێنز خەسار دەگەیەنێتە رەوانیی دەقەکە، بەڵام چار نییە و لێرەدا هەڵی کردنەوە و شیکردنەوەی لەوە زیاتر لەبەردەست نییە، لەبەر ئەوەی پێشتر بەهۆی پچڕپچڕبوونی دەقەکە کە تایبەتمەندیی سروشتیی کورتەنووسینە، داوای لێبوردن لە خوێنەری بەڕێز دەکەم. سەرچاوەی من لەم پێناسەیەدا کتێب و وتار و وتووێژەکانی ئانتۆنی گیدێنز بە زمانی ئینگلیزی بووە. لەچەند شوێن لەو سەرچاوانەی لە کۆتایی پێشەکییەکەدا ئاماژەیان پێکراوە کەڵکم وەرگرتووە. واتای ئینگلیزیی هەندێ لە چەمکە سەرەکی و ئەو وشانەی بۆ یەکەمجار لەم کتێبەدا واتاسازی کراون، لە پەراوێزەکاندا هێناومنەتەوە.

## ژیاننامە:

ئانتۆنی گیدێنز لە ١٨ی ژانیوەری ١٩٣٨ لە گەڕەکی "ئیدمۆنتۆن"ی شاری لەندەن چاوی بە دنیا هەڵێناوە. ئەو یەکەم ئەندامی بنەماڵەی خۆی بوو کە چووە زانکۆ. گیدێنز قۆناغی بەکالۆریۆسی لە بەشی کۆمەڵناسی و دەروونناسی لە زانکۆی "هاڵ" تەواو کرد. لێرەوە بوو کە لە دەروونناسییەوە رووی کردە کۆمەڵناسی و خوێندنەوە جیدییەکانی خۆی لەم بەشەدا دەستپێکرد و بەدوای ئەودا قۆناغی ماجیستێرەکەی لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی لەندەن تەواو کرد کە دواتر سەرۆکایەتییەکەی گرتە ئەستۆ.

ئەو لەپاش وەرگرتنی پلەی ماجیستێر دەستی کرد بە وانەگوتنەوە لە هەندێ لە زانکۆکانی بریتانیا، کەنەدا و ئەمریکا. وانەگوتنەوە لە زانکۆی کالیفۆڕنیا (UCLA) لە گەرماوگەرمی شۆڕشە کولتوورییەکانی دەیەی ١٩٦٠ ئەزموونەکانی ئەوی زیاتر کرد و هەندێ لە کەمایەتییەکانی کۆمەڵناسی ئورووپایی و چەپی بۆ دەرخست. گیدێنز لە کۆتایی دەیەی پڕئاژاوەی شەست گەڕایەوە بریتانیا و قۆناغی دوکتۆرای کۆمەڵناسییەکەی لە ساڵی ١٩٧٦ لە زانکۆی کەمبریج تەواو کرد و هەر لەوێ دەستی کرد بە وانەگوتنەوە و توێژینەوە، هەڵبەت ژمارەیەك لە کتێبەکانی بەر لە قۆناغی دوکتۆرا بەچاپ گەیاندبوو.

یەکەمین کتێبی ئەو لەژێر ناوی "سەرمایەداری و تیۆریی کۆمەڵایەتیی نوێ" لەساڵی ١٩٧١ بەچاپ گەیشت و هەر ئێستاش لەپاش تێپەڕبوونی سی و چەند ساڵ هەروا بە تیراژی بەرزەوە چاپ دەکرێتەوە. لەدوای ئەویش بەشێوەیەکی رێکوپێك زنجیرە وتارێکی کۆمەڵناسانەی جوانی نووسیوە کە لەناویاندا ئەم کتێبانەی: "پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵگە



پێشکەوتووەکان"(١٩٧٣)، "تەوەرە سەرەکییەکانی تیۆریی کۆمەڵایەتی"(١٩٧٩)، "رەخنەیەکی ئەمڕۆیی لەسەر ماتریالیزمی مێژوویی"(١٩٨١)، "بناغەی کۆمەڵگە: گەڵاڵەی تیۆریی **پێکهاتەکیبوون**"١٩٨٤)، "دەوڵەت-نەتەوە و توندوتیژی"(١٩٨٦)، سیاسەت، کۆمەڵناسی و تیۆریی کۆمەڵایەتی"(١٩٩٥)، بایەخێکی زیاتریان هەیە.

گیدێنز لە نزیکەی ١٨ زانکۆ (لەوانیش کەمبریج، LSE، بۆستۆن، هاروارد، نیویۆرك، کالیفۆڕنیا، ئیستنفۆرد و سۆربۆن) وانەی گوتۆتەوە و لەساڵی ١٩٨٦ لە زانکۆی کەمبریج گەیشتە پلەی مامۆستایەتی(پرۆفیسۆریا).

گیدێنز لە ساڵی ١٩٨٥ بەڕێوەبەرێتیی پەخشی گەورە و سەرکەوتووی "پۆلیتی"[٣] و "پۆلیتی بلەوکویل"[٤] و ناوەندی لێکۆڵینەوەی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی گرتە ئەستۆ. ئەو هەروەها لەساڵی ١٩٩٧ هەتا ٢٠٠٠ سەرۆکایەتیی کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی لەندەن (LSE ) لەئەستۆ بوو و لەم ماوەیەدا ئەم زانکۆیەی کردە یەکێك لە باشترین شوێنە ئەکادیمییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهاندا. ئەو توانی کۆمەڵێك لە باشترین هێزە فکرییەکان رابکێشێت بۆ LSE و بەرنامەگەلێکی ناوبەشیی نوێ دابڕێژێت. یەك لە کەڵکەڵەکانی ئەو بەدیهێنانی کولتوورێکی گشتی بووە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا و لەم بوارەشدا تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە.

تیۆرییە سیاسییەکانی گیدێنز لەپاش چوونە ناو LSE تۆختر بوونەوە. ئەو بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك کتێب وەك "لەوپەڕی چەپ و راستەوە" ١٩٩٤، "رێگەی سێهەم: بووژانەوەی سۆسیال دیموکراسی"١٩٩٨، "جیهانی لەدەست

٣ . polity press

٤ . Blackwell-polity

دەرچوو"١٩٩٤، "ڕێگەی سێهەم و ڕەخنەکان لەسەری"٢٠٠٠،"لەبەردەم ژیان لەگەڵ سەرمایەداریی جیهانیدا"٢٠٠٠، "تەوەری جیهانیی ڕێگەی سێهەم"٢٠٠٠، و "پارتی کرێکاریی نوێ دەبێ بەرەو کام لا بڕوات؟"٢٠٠٢. خۆی وەك بیرمەندێکی سەرەکیی سۆسیال دیموکراسیی نوێ پێناسە کرد وسەرلەنوێ تەوەرەکانی تیۆریی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژ ئاشت کردەوە.

ژمارەیەك لە کتێبەکانی گیدێنز لە پڕفرۆشترین کتێبە زانکۆییەکان بوون. ئەو لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا چوارده لەوحی شانازی و دوکتۆرای شانازیی لە سەرچاوە زانستییە باوەڕپێکراوەکان وەرگرتووە و لەساڵی ٢٠٠٢ خەڵاتی ئاسترۆریاس، ناسراو بە نۆبلی ئیسپانیایشی بەناوی خۆیەوە کردووە. ئەو ڕاوێژکاری خۆشەویستی تۆنی بلێر (سەرۆك وەزیری بریتانیا) بووە و بۆ زۆر شوێنی دنیا سەفەری کردووە و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرانی سیاسی و سەرۆك حکومەتەکان سەبارەت بە ڕێگەی سێهەم قسەی کردووە. زۆرینەی سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان کاریگەریی زۆریان لەو وەرگرتووە و ڕاسپاردەکانی ئەو کاری کردۆتە سەر هەندێ لە ڕێبەرانی ئەمریکای لاتین، ئاسیا، ئوستراڵیا، ئەمریکا و ئورووپا. بۆچوونەکانی گیدێنز هەروەها کاریگەریی قووڵی لەسەر پێگەیشتنی پارتی کرێکاری نوێی بریتانیا هەبووە. دەوڵەتی کلینتۆن، بلێر و گێرهارد شرۆدێریش لە هەندێ شتدا خۆیان پشت ئەستوور بە بۆچوونەکانی ئەو دەزانی. ئەو لایەنگری پەڕوپا قورسی تۆپی پیی تۆتێنهام هاتسپارە. دوو خوشك و برایەکی لەخۆی بچووکتری هەیە و هەنووکەش (لەپاش ٢٠٠٣) قۆناغی خانەنشینیی خۆی تێپەڕ دەکات، بەڵام هێشتا چێژ لە وتاربێژی لە وڵاتان و زانکۆ جۆراوجۆرەکان و نووسینی کتێبی تازە و بەرهەمی تیۆری وەردەگرێت، گیدێنز بەم دواییانە نازناوی "لۆرد"ی لە شاژنی بریتانیا وەرگرتووە و بە نوێنەرایەتیی پارتی کرێکار لە ئەنجومەنی خانەدانانی بریتانیادا ئامادە دەبێت.



## هزری گیدێنز:

گیدێنز لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا لە کاریگەرترین تیۆریسازە کۆمەڵایەتییەکان بووە و کتێبەکانی لە ٣٦ دانە تێپەڕیون و بە سی و پێنج زمان وەرگێڕدراون. کاریگەریی گیدێنز لە کۆمەڵناسیدا، لەگەڵ کاریگەریی پارسۆنز، فۆکۆ و هابرماسدا شایانی هەڵسەنگاندنە. ئەندێشەکانی ئەو کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنان و وانەگوتنەوەی کۆمەڵناسی و تیۆریی کۆمەڵایەتیش داناوە و ڕاڤەگەلی ئەو لە نەریتی کۆمەڵناسیی کلاسیکدا بۆتە تەوەری سەرەکیی وانەکانی بەکالۆریۆس و ماجیستێر. ژمارەیەکی بەرچاوی نووسراوە ئەکادیمییەکان تەرخان کراون بۆ ڕەخنە لە بۆچوونەکانی ئەو و زۆرێك لە باسەکانی کاریان کردۆتە سەر کولتووری گشتیش. بەپێی نووسراوی ڕۆژنامەی گاردیەن، هیچ کام لە کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان بەڕادەی ئەو نابنە سەرچاوە و هەر ئەم خاڵە بەسە بۆ دەربڕینی بایەخ و کاریگەریی گیدێنز.

هەندێکەس گیدێنز لەپاڵ بۆردیۆ بە گرنگترین ئەو کۆمەڵناسانە دەزانن کە تیۆرییەکان لێکدەدەن و سەنتێز بەرهەم دێنن. ئەگەر گیدێنز بە گرنگترین کۆمەڵناسی سەردەم نەزانین دەبێ لەپاڵ هابرماس ، جێفری ئەلکساندێر، ڕێنداڵ کالینز و بۆردیۆ، ئەو بە یەکێك لە دیارترین کۆمەڵناسە زیندووەکان بزانین. بەم حاڵەوە نووسراوەکانی گیدێنز تەنیا لە بواری کۆمەڵناسیدا نییە و تەوەرگەلێکی فرەچەشنی لە بەستێنەکانی تیۆریی کۆمەڵایەتی، مێژووی هزری کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی چینایەتی، دەستەبژێران و دەسەڵات، نەتەوە و نەتەوەخوازی، ناسنامەی تاکی کۆمەڵایەتی، خێزان، پەیوەندیی مرۆیی، جێندەر و هزری سیاسی دەگرێتە خۆ،

لیستێکم لە بەرهەمەکانی گیدێنز، لە کۆتایی کتێبەکەدا هێناوەتەوە، بەڵام لەم نێوانەدا کتێبەکانی: "ڕێسا نوێیەکانی میتۆدی

کۆمەڵناسی"(١٩٧٦)، "پێکهاتەی کۆمەڵگە"(١٩٨٤)، "ئاکامەکانی مۆدێرنیتە"(١٩٨٤)، مۆدێرنیتە و ناسنامەی کەسانە(١٩٩١)، "گۆڕانی پەیوەندییە نزیکەکان"(١٩٩٢)، "رێگەی سێهەم"(١٩٩٨) لە ئاستی جیهانیدا ناسراون. لەئێران گیدێنز زیاتر بەم کتێبانەی "کۆمەڵناسی"، "مۆدێرنیتە و ناسنامەی کەسانە"، "سیاسەت، کۆمەڵناسی و تیۆریی کۆمەڵایەتی"، "ئاکامەکانی مۆدێرنیتە"، "لەوپەڕی چەپ و راستەوە"، "رێگەی سێهەم" و "جیهانی لەدەست دەرچوو" دەناسن کە لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە کتێبە گرنگەکانی گیدێنز لەخۆ دەگرێت، گوڵبژێرێکی شیاو لە بەرهەمەکانی ئەو نییە.

لە نێوان ئەو تیۆرییە پڕژمارانەی گیدێنز لە بەرهەمەکانیدا خستوونیەتە بەردەست، تیۆرییەکانی "**پێکهاتەکیبوون**"[٥]، "دواڵێتەی پێکهاتە"[٦]، "هزرینەوە"[٧]، بایەخێکی زیاتریان هەیە. ئەو سوودی لە زۆرێك لە تیۆریسازەکانی رابردوو و هاوچەرخی خۆی وەرگرتووە، بەڵام کاریگەریی ئەندێشەکانی دۆرکهایم، ڤیبێر، مارکس و گافمەن و ڤیتگنشتاین لەسەر بۆچوونەکانی ئەو ئاشکرایە.

ئەگەرچی گیدێنز رەخنە لە کۆمەڵناسیی مارکس دەگرێت، نزیکایەتیی ئەو لە مارکس بەجوانی لە بەرهەمەکانیدا دیارە. ئەویش هەروەك پارسۆنز، هابرماس، فۆکۆ، چوارچێوەیەکی تیۆری ژیرانەی بۆ راڤەی کردارە مرۆییەکان و پرۆسە بنچینەییەکان گەڵاڵە کردووە و بۆ ئەو کارە سوودی لە سۆنگەگەلی تیۆریی جیاجیای وەك هێرمنۆتیك، میتۆدۆلۆژیی قەومی، تیۆریی

٥ . structuration

٦ . duality of srtucture

٧ . reflexivity



سیستەمەکان، دەروونشیکاری، پێکهاتەخوازی و پاش پێکهاتەخوازی وەرگرتووە. گرنگترین دەسکەوتی تیۆریی ئەو لێکدان و سەنتێزی ئەو رامانانە، تیۆریی **پێکهاتەکیبوونە** کە لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا پێی دەربەست بووە و هەوڵی پەرەپێدانی داوە. بەر لە تیۆریی ، تەوەرەکانی میتۆدۆلۆژیی کۆمەڵناسی داوەتە بەر سەرنج بە بەتایبەتی کتێبی "رێسا نوێیەکانی میتۆدی کۆمەڵناسی"(١٩٧٦) لە وەلامی رێساکانی میتۆدی کۆمەڵناسی"ی دۆرکهایمدا نووسیوە.

بە سەرنجدان بە شارەزاییی کەم وێنەی گیدێنز لەسەر بۆچوونەکانی دۆرکهایم، ڤیبێر و مارکس، راڤەی نەریتی کلاسیکیی کۆمەڵناسیش لە تەوەرە سەرەکییەکانی تری بەرهەمەکانی گیدێنزەد. پیتێر کیۆیتسۆ، کۆمەڵناسی ناسراوی ئەمریکایی لەسەر ئەو باوەرەیە کە گیدێنز بە باشترین راڤەکاری دەقە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی لە جیهاندا دێتە هەژمار. لە سەرەتای نەوەدەکاندا گیدێنز زیاتر سەرقاڵی تەوەری چییەتیی ناسنامەی کەسانە دەبێت و بە بڵاوکردنەوەی کتێبە سێیانەکانی: "ئاکامەکانی مۆدێرنیتە"(١٩٩٠)، "مۆدێرنیتە و ناسنامەی کەسانە(١٩٩١) و گۆڕانی پەیوەندییە نزیکەکان(١٩٩٢) کاریگەرییەکی بەرفراوانی لەم بەستێنەدا بەجێ هێشتووە. چەمکەکانی "هزرینەوە"، "کۆمەڵگەی رێفلێکسیڤ"، گرنگترین چەمکە بەرباسەکانی ئەم بەرهەمەن. گیدێنز سەرنجێکی شایانی باسیشی داوەتە فیمینیزم. لەماوەی دە ساڵی رابردوودا، گیدێنز زیاتر بە بەجیهانیبوون، مۆدێرنیتەی دوایین و تیۆرییە سیاسییەکانەوە سەرقاڵ بووە. لە ساڵی ١٩٩٩ لەسەر بانگەێشتی کەناڵی BBC لە درێژەی چەند دانیشتنێکدا وتاری لەسەر بەجیهانیبوون پێشکەش کرد و دوو کتێبی لەم بوارەدا بڵاو کردۆهوە. هونەری راوێژی بەپێز و قەڵەمی رەوان و ساکار و سادەنووسانە و خۆبەزلنەزانانەی ئەو

کاریگەر بووە لە کامەرانیی ئەودا. توانایی ئەو لە لێکدانی روونکەرەوەی تیۆرییەکان و کەڵك وەرگرتن لە نەریتی کۆمەڵناسیی کلاسیك لە گەڵاڵەکردنی تیۆریی نوێدا شایانی ستایشە تا جێیەك کە زۆرکەس تاوانباری دەکەن بەوەی هزرێکی لەڕادەبەدەر **لێکدراو و داهێنەرانە و تەنانەت تێکەڵکێشکراوی** هەیە، بەڵام کاریگەریی تیۆرییەکانی ئەو و کارکردی سەرکەوتووانەی زۆرێك لە راسپاردە تیۆریکەکانی، نەیارەکانیشی ناچار کردووە رێزی لێبگرن.

بەجۆرێك دەکرێ باس لە دوو گیدێنز بکەین: گیدێنزێکی سەرەتایی کە بە تیۆریی **پێکهاتەکیبوون** هەوڵدەدات گرفتی دووبەرەکایەتیی بکەر و پێکهاتە چارەسەر بکات و ئەویتر، گیدێنزی دوایین کە لەسەر مەوداگرتنی کاتی و شوێنیی بەجیهانیبوون و رێگەی سێهەم دەنووسێت. ستێفان میستڕۆڤیچ لەو باوەڕەدایە کە دەبێ بەچاوی پڕۆژەیەك لە گیدێنز بڕوانین و خودی ئەو لە گیدێنزی سەرەتایی **پێکهاتەکیبوون** هەتا گیدێنزی دوایینی پڕۆژەی مۆدێرنیتە، هێڵێکی تێپەڕ دەکێشێت. ئەو لە کتێبی "ئانتۆنی گیدێنز: دوایین مۆدێرنیست"(١٩٩٨)، گیدێنز بە دوایین مۆدێرنیست ناو دەبات و لەرێزەی نەریتی "رۆشنگەریی ئەقڵانی"ی کانت و کۆنت و پارسۆنزدا دایدەنێت.

گیدێنز بە مۆدێرنیستێك دێتە هەژمار و لەم لایەنەوە لەگەڵ هابرماس هاوچیرۆکە. ئەویش هەروەك کانت، کۆنت و پارسۆنز و مۆدێرنیستەکانی تر باوەڕی بە هەبوونی کەلەبەرێکی گەورەیە لەنێوان نەریت و مۆدێرنتیەدا. بڕوای ئەو بە رزگارکەریی ئەقڵانییەت لەلایەك و لەلایەکی ترەوە بە ئەگەری هەبوونی تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی لەئاستی جیهانیی هەڵگری جێبەجێکردن، سەلمێنەری مۆدێرنیست بوونی ئەوە. گیدێنز دوایین مۆدێرنیستە، چونکە لەسەردەمێکدا کە زۆرینەی هاوچەرخەکانی بەڵێنی رزگارکەریی رۆشنگەرییان لەبیر کردووە یان لە قاڵبی پۆست مۆدێرنیزمدا بەرهەڵستی بوونەتەوە، ئەو بە کۆمەڵناسییەك



وەفادار مایەوە کە بەگوتەی هابرماس لە هەوڵی کامڵکردنی "پڕۆژەی ناتەواوی مۆدێرنیتە"دا بوو. گیدێنز بەجێگەی پۆست مۆدێرنیزم لە مۆدێرنیتەی دوایین و گوشراو دووا و لەنێوان قەفەسی ئاسنینی ڤیبێر و یۆتۆپیای مارکس، رێگەی سێهەمی بۆ مۆدێرنیتە کردەوە. ئەو داهاتوویەکی نادیاری بۆ مۆدێرنیتە وێنا کرد کە لەوێدا لەلایەکەوە گومان و ئاڵۆزی گرفت دروست دەکات و لەلایەکی ترەوە بیچمە نوێیەکانی ئازادی و بکەرێتی بەدی دێت. لەم پانتایەدا "بکەر" دەتوانێ رزگار لە زۆرەملێی نائاوەزمەندادە و هەستەکی، بەشێوەیەکی ئاوەزمەندانە نەریتەکانی خۆی سەرلەنوێ سازبداتەوە و لێکبداتەوە وسیستەمێکی کۆمەڵایەتیی نوێ بێنێتە دی. لەدرێژەدا بەکورتی و بە زمانێکی ساکار لە گرنگترین تەوەرە تیۆریك و چەمکە گەڵاڵەکراوەکانی ناو بەرهەمەکانی ئەو دەدوێم.

## تیۆریی پێکهاتەکیبوون:

تیۆریی **پێکهاتەکیبوون** یەکێك لە دیارترین تیۆرییە فرەکانی کۆمەڵناسیی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمە. گەلێك کتێب و وتاری زۆری بۆ پشتگیری یان رەخنە یان رەتکردنەوەی تیۆریی **پێکهاتەکیبوون** نووسراوە. کەمتر تیۆرییەك لە کۆمەڵناسیی دواییندا لەم ئاستەدا رەنگی داوەتەوە. لەڕێستیدا تیۆریی **پێکهاتەکیبوون**، گیدێنزی کردۆتە یەکێك لە دیاترین کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان.

گیدێنز لە هەمان ساڵە سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنانی زانستیی خۆیدا لە کتێبی "رێسا نوێیەکانی میتۆدی کۆمەڵناسی"(١٩٧٦)، پرسە سەرەکییەکان لە تیۆریی کۆمەڵایەتیدا"(١٩٧٩) و راڤە و رەخنەکان لەسەر تیۆریی کۆمەڵایەتی"(١٩٨٢) هەوڵی پۆلێنبەندی تیۆریی **پێکهاتەکیبوون** دەدات و لە

کۆتاییدا له کتێبی "بناغەی کۆمەڵگە"(١٩٨٤) تیۆرییەکەی خۆی شی دەکاتەوە.

شوێن پێی تیۆریی **پێکهاتەکیبوون** تا رادەیەك لە تەواوی بەرهەمەکانی گیدێنزدا بەرچاو دەکەوێت. ئەو بەباشی وەفادارییی خۆی بەم تیۆرییە لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا نیشان داوە و بەردەوام بەرگری لێکردووە و لە باس و بەرهەمە نوێیەکانی خۆشیدا کەڵکی لێوەرگرتووە. گیدێنز لە کتێبی "گفتوگۆ لەگەڵ گیدێنزدا"- گیدێنز و پییرسۆن-(١٩٩٨) دەریخستووە کە بەباشی دەرەقەتی رەخنەگرانی تیۆریی **پێکهاتەکیبوون** دێت. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا بەداخەوە کتێبی "بناغەی کۆمەڵگە" بە گرنگترین کتێبی گیدێنزدێتە هەژمار کە هێشتا وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی. بە سەرنجدان بە وردەکارییەکانی تیۆریی **پێکهاتەکیبوون** و سەرچاوە جۆراوجۆرە تیۆرییەکان کە گیدێنز لەم تیۆرییەدا کەڵکی لێوەرگرتوون، گەڵاڵە و کۆبەندیی کورتی ئەم تیۆرییەش ئەستەمە. بەم حاڵەوە لێرەدا هەوڵ دەدرێت تەنیا گرنگترین تەوەرەکان و ئەنجامەکانی ئەو تیۆرییە بە زمانێکی ساکار و کورتکراوە بخرێتە بەردەست:

بەڕای گیدێنز گرنگترین کلیل بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی کرداری مرۆیی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییە. بەواتایەکی تر هەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەجۆرێك لە جۆرەکان بەشوێن دەربڕینی پەیوەندیی نێوان بکەرێتی و پێکهاتەیە. لەلایەکی ترەوە ئاساییە کە تیۆرییە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی پێ لەسەر یەکێك لەم دوانە دادەگرن و یەکێکیان وەك بکەری دیاریکەر لەبەرچاو دەگرن. بۆ وێنە کارکردگەرایی(فۆنکسیۆنالیزم) و تیۆرییە پێکهاتە خوازەکان (لە بیچمە جیاوازە پارسۆنزی و نیومارکسیستییەکان) زیاتر



پێداگری لەسەر پێکهاتەکان و چییەتیی دیار و چوارچێوەداری و ئامۆژگارانەی ئەوان دەکەنەوە و سەرێتی بە پێکهاتە دەدەن. لە بەرانبەردا، روانگەی راڤەیی و تیۆریگەلی وەك کرداری سیمبۆلیکی دوولایەنە و هێرمنۆتیك، رۆڵی بکەر و کارگوزارە مرۆییەکان لە داهێنان و بەڕێوەبردنی جیهانی کۆمەڵایەتیدا بەرجەستە دەکەنەوە. بە گوتەیەکی تر تیۆرییە ناسراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە یەکێك لەم دوو بکەرە بە رەسەن دەزانن و پێناسەی حاڵەتێکی تر لە نێوان ئەواندا ناکرێت. ململانێی ئاستەکانی ورد و فرە و بکەرێتی و پێکهاتە گرنگترین ململانێیە لە مێژووی هزری کۆمەڵایەتیدا. هەتا ساڵانی هەفتاکانیش کۆمەڵناسی لە جیهاندا تەنیا لەگەڵ ئەم دوو جۆرە تیۆرییەی لە ئاستەکانی "ورد" (کرداری دوولایەنە، ئالۆیر) و "فرە" (کارکردگەرایی پێکهاتەیی، structural functionalism و پێکهاتەخوازی structuralismو ململانێ conflect )دا رووبەڕوو بۆتەوە.

لەسەرەتای هەفتاکانەوە کۆمەڵێك تیۆریی لێکدراوی تر گەڵاڵە کران کە زیاتر بەرهەمی لێکدانی تیۆریی کرداری سیمبۆلیکی دوولایەنە و کارکردگەرایی پێکهاتەیی بوون. تیۆریی **پێکهاتەکیبوون** ی گیدێنز گرنگترین تیۆریی لێکدراوە لەم بوارەدا. ئەو وەڵامێکی نوێ بە پرسی پەیوەندیی تاك و پێکهاتە دەداتەوە. گیدێنز بە خستنەڕووی کۆمەڵێك بەڵگە دەگاتە ئەو ئەنجامە کە جیاکاریی نێوان ورد و فرە جیاکارییەکی سوودبەخش نییە (١٩٨٤:١٤١) و لەو باوەڕەدایە کە ئەم جیاکاری و ململانێیەی نێوان ورد و فرە و بکەرێتی و پێکهاتە، هەندێ نارەسایی شیکاریی لێکەوتۆتەوە. بەڕای ئەو دەبێ ئەم کەلەبەرە پڕ بکرێتەوە و ئەم تیۆرییە ناتەواوانە تێکەڵ بکرێن. ئەو خۆی دەبێتە پێشەنگ و مۆدێلێکی دینامیك لە پەیوەندیی کارگوزار و سیستەم یان کردار و پێکهاتە یان تاك و کۆمەڵگە دەدات بەدەستەوە. ئەو روونکردنەوەی ئەم پەیوەندییە بە گرنگترین

ئەركی تیۆریی كۆمەڵایەتی دەزانێت و لەسەر ئەو باوەڕەیە كە كردار و پێكهاتە دەبێ وەك تەواوكەری یەكتر لەبەرچاو بگیرێن. گیدێنز بۆ ناودێر كردنی تیۆرییەكەی لە زاراوەی **پێكهاتەكیبوون** structuration كەڵك وەردەگرێت كە لە زمانی فەرەنسییەوە وەرگیراوە.

بەباوەڕی گیدێنز كۆمەڵگە تەنیا ئاپۆرەی چالاكییەكانی لە ئاستی ورددا نییە و لەلایەكی ترەوە ئەوەش نین كە تەنیا لە ئاستی فرەدا لێكۆڵینەوەیان لەسەر بكرێت. لێكدانەوەی ورد و فرە هەردووكیان ناتەواون و سوودوەرگرتنی بەدەوام لە یەكێك لەو دوانەش خۆی دەرهاویشتەی گریمانەی ململانێ و جیاكاریی نێوان بكەرێتی و پێكهاتەیە. گیدێنز ئەو ململانێ مێژووییە لە تیۆریی كۆمەڵایەتیدا ڕەتدەكاتەوەو جۆرێك پەیوەندی و پێك بەستەبوون لەنێوانیاندا دەبینێت. بەپێی تیۆریی **پێكهاتەكیبوون** ژیانی كۆمەڵایەتی شتێكی زیاد لە تەنیا هەڵسوكەوتە تاكییە بەرێكەوت و بێبەرنامەكانە و نابێ تەنیا بەهۆی هێزە كۆمەڵایەتییەكانەوە پێناسە بكرێت. لەم تیۆرییەدا بكەری مرۆیی و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی پێكەوە لە پەیوەندیدان. دووپاتەبوونەوەی هەڵسوكەوتی تاكەكان بەردەوام پێكهاتەكان دەبووژێننەوە. بە واتایەكی تر كرداری مرۆڤەكان بەردەوام پێكهاتەكان سەرلەنوێ بەرهەم دێننەوە و هەر بەهۆی ئەم سەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوە لەرێگەی كرداری مرۆییەوە، پێكهاتە سنوور دەخاتە سەر كرداری مرۆڤەكان. گیدێنز گرنگترین كاری تیۆری بەوە دەزانێت كە چییەتیی كردار لە بەستێنی ژیانی ڕۆژانەدا و لەحاڵێكدا كە ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی كۆمەڵگە لەرێگەی كرداری ڕۆژانەی تاكەكانەوە سەرلەنوێ بەرهەم دێنەوە، دیاری دەكات. ئەو لەرێگەی ئەم پرۆژەیەی خۆیەوە ململانێی پێكهاتە و كردار دەگۆڕێت بۆ "پەیوەندی". بەپێی ئەم تیۆرییە دەبێ ژیانی



كۆمەڵایەتی وەك كۆمەڵێك چالاكیی لەحاڵی ئەنجامدراندا ببینین كە تاكە مرۆییەكان ئەنجامیان دەدەن و هاوكات دامەزراوەگەلی گەورەتر دروست دەكەن.

یەكێك لە چەمكە سەرەكییەكانی تیۆرییەكەی ئەو "دواڵێتەی پێكهاتە duality of structur" یە. دواڵێتەی پێكهاتە بەو مانایەیە پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكان هاوكات هەم كار لەسەر كردار دەكەن و هەم بەرەنجامی كرداری مرۆییشن، واتە تاكەكان هاوكات لەگەڵ بەدیهێنانی كۆمەڵگە و پێكهاتەكانی، دەكەونە ژێر كاریگەریشیەوە. گیدێنز لە تیۆریی "دواڵێتەی پێكهاتە"دا ئاماژە بەوە دەكات كە پێكهاتەی كۆمەڵایەتی بۆ ئەندامی كۆمەڵگە لە یەك كاتدا هەم "دەرەكییە" و هەم "ناوەكی". بە گوتەیەكی تر لایەنە پێكهاتەییەكانی سیستەمی كۆمەڵایەتی" هەم كەرەستەن و هەم بەرهەمی كاری بكەرن(٢٥:١٩٨٤). بە گوتەیەكی تر، دواڵێتەی پێكهاتە واتە هاوكات لەگەڵ ناچاركەرییەكەی, تواناسازیشە، واتە لەیەك كاتدا هەم سنووردار دەكات هەم مەیدانیش دەدات. لەم تیۆرییەدا، ڕێساrules و سەرچەشن resources پێكەوە گەڵاڵە دەكرێن و پێكهاتە لەگەڵ ئەوەشدا كە سنووردار دەكات، پێویستییەكانی كاركردیش دەدات بەدەستەوە. لە تیۆرییەكانی تردا زیاتر جەخت لەسەر سنوورداركردنی پێكهاتە و ڕێساكانی دەكرێت، بەڵام گیدێنز بایەخ بە تواناسازیی پیكهاتەش دەدات.

لە تیۆریی **پێكهاتەكیبوون**دا هەر ئەم ڕێسا و سەرچەشنانەی لەدرێژەی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی كرداری كۆمەڵایەتی پێكدێن، بە كەرەستەی بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی كۆمەڵایەتیش دێتە هەژمار. ئەو ڕێسا و سەرچەشنانەی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی لە دەسترەسی تاكەكاندان و لەم ناوەندەدا "بكەری شارەزا" بە سەرنجدان بە هەردووك ئەوانە كاركردەكانی خۆی ڕێكدەخات و ژیانی خۆی بەڕێوە دەبات. ئەو ڕێسا و سەرچەشنانە لە نەستگای

بکەردان و شارەزایی بکەری شارەزا ئەو دەرفەتەی بۆ دەرەخسێنێت کە لە هەلومەرجە ئالۆز و تایبەتەکاندا سەرەڕای سنوورەکان و دەرفەتەکانی پێکهاتە، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دیتراندا بەڕێوە بەرێت.

خاڵێکی گرنگ کە گیدێنز ئاماژەی پێدەکات ئەوەیە کە مەرج نییە بکەر بە وشیارییەوە مەعریفەی خۆی لە کردارەکەیدا بەکار بەێنێت و لە زۆر حاڵەتدا وشیارانە پرۆسەیەکی لەو شێوەیە تێدەپەڕێنێ و بێئەوەی خۆی بزانێت ئەو سنوور و دەرفەتانە رەچاو دەکات. گیدێنز هەوڵدەدات "بکەرێتی" لە "مەبەست" جیا بکاتەوە. بەڕای ئەو بەشێکی بەرچاو لە شارەزایەتیی بکەر بەبێ لێکدانەوەیە و خودی بکەر ناتوانێ هۆی کارەکانی دەربڕێت یان بڵێ چ دەزانێ و چ شتگەلێك رەچاو دەکات. بەواتایەکی تر ئەزموونی عەینیی کۆمەڵایەتی زیاتر ناوشیارانەیە تا وشیارانە بێت. گیدێنز هەرشتێك کە مرۆڤ دەتوانێ سەبارەت بە هۆکار و مەبەستەکانی کرداری خۆی باسیان بکات بە recursive consciosness ناوی دەبات. ئەمە لە بەشێکی کەم لە کردارەکانی ئێمەدا هەیە و لە زۆرینەی کردارە مرۆییەکاندا ناکرێ سۆراغی لێبگیرێت.

لەڕاستیدا "وشیاری" یەکێك لە چەمکە سەرەکییەکانی هزری گیدێنزە. گیدێنز سێ جۆری "وشیاریی بەڵگاندن" و "وشیاریی کاراندن" و "ناوشیاری" لێك جیا دەکاتەوە. "وشیاریی بەڵگاندن" ئەو شتەیە کە بکەر لەحاڵەتی درکاندنی هۆکار و بەڵگەکان و مەبەستی کردارەکەی خۆیدا دەتوانێ دەریببڕێت (وەك کاری مامۆستا لەکاتی وانەگوتنەوەدا)، بەڵام "وشیاریی کاراندن" دەتوانێ بێتە کردن و کاریگەر بێت لەسەر کردار، هەرچەند نەتوانرێ بەیانیش بکرێت.

ناوشیاریش پەیوەستە بە پاڵنەرە ناوشیارانەکانەوە. گیدێنز لە تیۆریی **پێکهاتەکیبوون**دا پێداگری لەسە وشیاریی کاراندن دەکات و لێتێگەیشتنەکەی



بۆ تێگەیشتن لە کرداری کۆمەڵایەتی زۆر بە گرنگ دەزانێت. بەبڕوای ئەو سەرەڕای ئەوەی بکەر رەنگە نەتوانێ بەڵگە بۆ کارەکەی خۆی بەێنێتەوە، بەڵام بە کردەوە دەزانێ کە لە هەلومەرجە تایبەتەکاندا چۆن درێژە بە ژیان بدات. بە زمانێکی تر، وشیاریی بکەر لەکاتی ئەنجامدانی کارێکی تایبەت لە هەلومەرجێکی تایبەتدا زۆر پڕبایەختر لە مەبەستی وشیاری بکەر. گیدێنز لەو باوەڕەدایە وشیاریی کاراندن یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکی و عەینییەکانی بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە. بۆ تێگەیشتن لە خاوبوونەوە یان وەستانی بەرهەمهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە دۆخەکانی قەیران و گوشاری سروشتیدا، سەرنجدان بەم وشیاریی کاراندنە گرنگایەتییەکی تایبەتی هەیە. ئەو لەم بەشەدا سوودی زۆری لە تیۆرییە دەررنشیکارانەکان وەرگرتووە و بەتایبەت سوودێکی زیاتر لە فرۆید و لەکان و ئێریکسۆن وەردەگرێت. ئەنجامێکی سادە کە دەکرێ لەم باسەی گیدێنز وەربگیرێت ئەوەیە کە بکەرەکان لە کردەوەدا زۆر لەوە زیاتر دەزانن کە بیری لێدەکەنەوە.

لەلایەکی ترەوە کردارە وشیارانە و ناوشیارانەکانی تری تاکەکان دەشێ ئەنجامێکی نەخوازراویان هەبێت، بەشێوەیەك کە هەندێجار ئەم ئەنجامە نەخوازراوانە دەتوانن ببنە دۆخی ناوشیارانەی کردار. هەروەها ئەنجامە نەخوازراوەکان هەندێجار پێدەچێ لەداهاتوودا هەلی بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتەیی دۆخەکانی کردار برەخسێنێت و دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی کردار لە داهاتوودا. گیدێنز بۆ روونکردنەوەی زیاتر بە نموونە باسی زمان دێنێتەوە. ئێمە ئاساییە کە مەبەستێکی دیار و ئیرادەمان لە نووسین و قسەکردن هەیە و ئەویش گواستنەوەی پەیام و دروستکردنی پەیوەندییە، بەڵام بەناچار رێساکانیشی رەچاو دەکەین، بەڵام ئەنجامی نەخوازراوی رەچاوکردنی رێساکانی زمان بۆ گواستنەوەی پەیام، هەمدیس بەرهەمهێنانەوەی زمانە. پەیوەندیی نێوان کرداری کۆمەڵایەتی و

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیش لەچەشنی پەیوەندیی نێوان قسەکردن و زمانە. بەبێ قسەکردن و بەکارەێنانی لەلایەن "ئێمە"وە زمانێك لەئارادا نابێت و هاوکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی پێویستە رێسا پێکهاتەییەکانی زمان رەچاو بکرێت.

بە زمانێکی ساکارتر، کردارە رۆژانەکانی ئێمە کۆمەڵێك لە چاوەڕوانییەکان سەرلەنوێ بەرهەم دێننەوە و بەهێزیان دەکەن و ئەم کۆمەڵە چاوەڕوانییانەی تاکەکان تر، کردارە رۆژانەکانی ئێمە سنووردار دەکەن و هێزە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێت.

جگە لەمەش، بەگوتەی گیدێنز، گوشارەکان و ئەو بەندانەی لەلایەن لایەنە پێکهاتەییەکانی سیستەمەوە بەسەر هەڵسووکەوتی تاکدا دەسەپێت تەنیا یەکێکە لەو جۆرە گوشارانەی بەسەر تاکدا دێت. هەروەها ئاستگەلێکی جیاواز لە سیستەماتیك بوون و پێکهاتەمەندی لە کۆمەڵگەدا هەیە و ناکرێ تەنیا ئاستێکی تایبەت بەرجەستە بکرێتەوە (زاڵبوونی دەوڵەت-نەتەوە ناچارمان دەکات بەم بیرکردنەوەیە کە کۆمەڵگەکان سنوور و کەوشەنێکی دیاریکراویان هەیە، لەحاڵێکدا واش نییە).

گیدێنز لەچاو تیۆروانینە تیۆریکەکانی تر رۆڵی "بکەر" زیاتر بەرجەستە دەکاتەوە و لە دەزگای تیۆریی ئەودا "بکەر" هێز و دەرکەوتێکی تایبەتیی هەیە. بەڕای ئەو "پێکهاتەیەکی تری جگە لەوەی بکەرەکان دەزانن رۆژانە چی دەکەن، لەئارادا نییە." (٢٦:١٩٨٤). لە تێڕوانینی گیدێنزدا، پێکهاتە لە بیرەوەری و کردارە کۆمەڵایەتییەکانی "بکەرەکان"دا دەردەکەون و جۆرێك "نەزمی دەستکرد" لە پەیوەندییە هەڵگری گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندایە کە خۆی تەنیا لەڕێگەی سەرەداوە زەینییەکان و هەڵسووکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی بکەرەکاندا نیشان دەدات. "نەزمی دەستکرد"ی گیدێنز رەخنەی زمانی "پاش پێکهاتەخوازەکان"مان بیر دەهێنێتەوە. بەڵام ئەوەی گیدێنز لە "پاش



پێکهاتەخوازەکان" جیا دەکاتەوە هەر ئەم پێداگرییە زۆرەیەتی لەسەر "بکەر"ی مرۆیی. بەڕای گیدێنز "بکەر"ەکان لە پێشبینییەکانی ئێمە زۆر زیاتر دەزانن.

گیدێنز لەو باوەڕەدایە ئەگەر خەڵك رێگە باوەکانی ئەنجامدانی کاروبارەکان(پێکهاتەکان) بەسووك بگرن یان بەشێوەیەکی جیاواز سەرلەنوێ دروستیان بکەنەوە، پێکهاتەکان هەڵگری گۆڕان و تەنانەت جێگۆڕکێن. بەپێی تیۆریی "**پێکهاتەکیبوون**"، تاکەکان، چالاکانی ناو بزووتنەوەکان، دەوڵەتەکان و کۆمپانیا فرەنەتەوەکان و "بکەر"ەکانی تر، بکەرانی بێئیرادەی ناو پێکهاتەکانی سیستەمی سەرمایەداری نین، بەڵکوو پەرەگرتنی رۆژبەڕۆژی پرۆسەی "هزرینەوە reflexivity"( کە لەدرێژەدا شیدەکرێتەوە) وەها هێزێکی بەخشیوەتە ئەم بکەرانە کە رەخنە لە پێکهاتە ئامادەکان دەگرن و سەرلەنوێ پێکیان دێننەوە. هەڵبەت گیدێنز کاریگەری و گوشارە پێکهاتەییەکان رەت ناکاتەوە و بکەرگەرایەکی رووت نییە، لەبەر ئەوەی پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرەەڵدانی پاشەات و دەرەنجامە نەخوازراوەکانی هەڵسووکەوتی بکەرەکان (کە ئاماژەی پێکرا)، رێگە بە بکەرەکان نادات بەو جۆرەی حەزیان لێیە بیچم بە پێکهاتەکان بدەن، بەڵام بەهەرحاڵ لەڕوانگەی ئەودا لە پرۆسەی کاری کۆمەڵایەتیدا شتێکی پەراوێزی نییە بەڵکوو لەچەقی پرۆسەکەدایە.

بایەخی تیۆرییەکەی گیدێنز لەمەدایە کە بەو ئەنجامگیرییە رەشبینانەیەی بێتوانایی مرۆڤی لە گۆڕانی ژیانی مۆدێرندا لێدەکەوێتەوە کۆتایی نایەت و بکەرەکان لەوێدا بە لاواز دانانرێن. لە تیۆریی **پێکهاتەکیبوون**دا مرۆڤەکان وەك بکەرانی ژیر و وشیار لەبەرچاو دەگیرێن و "ئۆبژێکتیڤیزم" تووشی تێنەگەیشتن لە ئالۆزییەکانی "کاری کۆمەڵایەتی" کە هەڵگرانی وشیار و تێگەیشتووی هەیە، دەبێت. تەنانەت هەندێجار گیدێنز بەڕاشکاوی دەڵێ لە هەندێ حاڵەتدا وا هەست پێدەکرێ بەڕاستی خەڵك باشتر لە کۆمەڵناسەکان جیهان دەناسن. خەڵك بەڵگەیان

بۆ هەڵسووکەوتەکانی خۆیان هەیە و مەعریفەی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەیان خۆراکی هەڵسووکەوتەکانیانە، کەواتە مرۆڤەکان و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیان هەڵگری ناسین هەن و کۆمەڵناسەکان نابێ بیانوویەکیان هەبێت بۆ ناس هەڵنەگریی هەڵسووکەوتی کۆمەڵگە. "کات" و "شوێن"یش لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆرییەکەی گیدێنزن و لە بۆچوونەکانی ڤیتگنشتاین وەرگیراون. کات و شوێن بە بکەرانی دەروونیی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دادەنرێن لەبابەت ئەوەوە دەرەکی نین. گیدێنز ئەو "کات"ەی ڕۆژبەڕۆژ ئەزموون دەکرێت لەو "کات"ەی ماوەیەکی درێژ لەخۆ دەگرێت، جیا دەکاتەوە. کارە ڕێکخراوەکان کە بەهۆی ڕێسا و سەرچەشنەکان پێکهاتوون، لە شوێن و کاتدا جێگە دەگرن و بە سالان و سەردەماندا درێژ دەبنەوە و "دامەزراوەکان" بەدیدێنن.

پێکهاتە، لە بنەرەتدا بەشێوەی کارکردە سەرلەنوێ بەرهەمهێنراوەکانی بکەرەکان لە درێژەی کات و شوێندا و هەروەها لە قاڵبی کۆمەڵێك بیرەوەریدا کە ئاراستەی هەڵسوکەوتە وشیارانە مرۆییەکان دیاری دەکەن، دەردەکەوێت. بەپێی تیۆریی **پێکهاتەکیبوون**، تەوەری سەرەکیی هەر ئەم شیکردنەوەیەی کارە کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوەکانە لەدرێژەی کات و شوێندا.

بەبڕوای گیدێنز سەقامگیریی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەلایەنی دەروونییەوە بایەخێکی تایبەتی بۆ بکەر هەیە. چەمکی "ئاسایشی هەبوون"[8]ی گیدێنز ئاماژەیە بۆ ئەم بابەتە. "بکەری شارەزا"competent agent دڵگەرم و دڵنیایە بەوەی جیهانە کۆمەڵایەتییەکان سەقامگیر و پڕئاسایشن و دنیا ڕەوتێکی دیاریکراوی هەیە و هەر شتێك تێکی بدات، ناشیرینە. ئەم ئاسایشی هەبوونە یەکێك لە پێویستییەکانی ئاسایش و کارامەییە لە ژیاندا.

٨ . ontological security



گیدێنز توێژینەوە لە "دەسەڵات" بە تەوەرێکی پلە دوو لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا نازانێت و لە تیۆریی **پێکهاتەکیبوون**یشدا سەرنجی دەخاتە سەر. دەسەڵات کەرەستەی گەیشتن بە ئامانجەکانە، لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ دەوری هەیە لە کرداری هەر مرۆڤێکدا. پەیوەندییەك کە گیدێنز لەنێوان کردار و دەسەڵاتدا دەیبینێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزە. بەڕای ئەو بکەر، دەسەڵاتی دەستتێوەردان و دەست بەسەردا گرتنی شتەکانی هەیە، هەڵبەت ئەمە بەواتای دەست بەسەردا گرتنی بەتەواوی نییە و ئاساییە کە بکەر درك بەهەندێ زەرووڕەت و سنوور دەکات، بەڵام بەهەرحاڵ هەر بکەرێك لە سنوورێکدا دەتوانێ هەڵبژاردن بکات. بەم پێیە گیدێنز لەگەڵ ئەو تیۆرییانەدا نییە کە دەسەڵات تەنیا بە مەبەستی بکەرەوە (وەك کرداری سیمبۆلیکی دوولایەنە) یان پێکهاتەوە (وەك کارکردگەرایی پێکهاتەیی) دەبەستنەوە.

هەروەك ڕوونکرایەوە گیدێنز هەست بە پەیوەندی دەکات لەنێوان وردترین ئاستەکانی کۆمەڵگە (بۆ وێنە ڕوانینی تاك لەخۆی و پرسی شوناس) و ئاستە فرەکاندا (وەك دەوڵەت، کۆمپانیا سەرمایەدارییە فرەنەتەوەکان و بەجیهانیبوون) و لەو باوەڕەدایە کە ناکرێ بەشێوەی جیاجیا لێیان تێبگەین، لەبەر ئەوەی کاریگەریی ئەوانە لەسەر یەکتری حاشاهەڵنەگرە. بە مەبەستی ڕوونتر بوونەوەی ڕوانگەی گیدێنز، بۆ نموونە و بەکورتی با سەیری ئەو گۆڕانکارییانەی لەماوەی دەیەی ٦٠دا لە پەیوەندییە تایبەتی و سێکسییەکاندا ڕوویاندا، بکەین. لەماوەی دەیەی ٦٠دا جیابوونەوەی هاوسەرەکان زیادی کردووە و پەیوەندییە سێکسییەکان گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا هات و زۆر کراوەتر و فرەچەشنتر بوو. لەڕوانگەی گیدێنزدا ئەم گۆڕانکارییانە ناکرێ تەنیا بە ئەنجامی کارکردی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەت بزانرێن، چونکە هەم ناوەندە دەوڵەتییەکان و هەم سیستەمە سەرمایەدارییەکان لایان باشتر بوو تاکەکان ژیانێکی خێزانیی

یەکدەست و نەگۆڕیان هەبێت. لەلایەکی ترەوە ئەم گۆڕانکارییانە تەنیا لە ئاستی وردیشدا درك پێناکرێن. بەڕای گیدێنز پێویستە روونکردنەوەیەکی شیاو لەم گۆڕانکارییانە لەشوێنێکدا لەنێوان تۆڕێك لە هێزە ورد و فرەکاندا بیچم بگرێت.

بۆ وێنە گۆڕانکاری لە هاوسەرگیری و پەیوەندیی تایبەتی و سێکسیدا پەیوەندیی هەیە بە دابەزینی ئاستی دینداری و بالاکردنی ئەقڵانییەت. هەندێ هێزی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییان(لەئاستی فرەدا) بەدیهێناوە و ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە بۆچوونی خەڵکیان سەبارەت بە ژیان (ئاستی ورد) گۆڕی. ئەو گۆڕانکارییانە هەروەها لە بەرهەمەکانی گۆڕانکاریی مافەکی و یاسایی هاوسەرگیری و پەیوەندیی سێکسی (ئاستی فرە) بوون، بەڵام خواستن بۆ ئەو گۆڕانکارییانە لە ئاستی ژیانی رۆژانەوە سەرچاوەی گرتووە(ئاستی ورد). گۆڕانکاری لەئاستی ژیانی رۆژانەشدا تارادەیەك لەژێر کاریگەریی بزووتنەوە رزگاریخوازانەکانی ژنان و بزووتنەوە یەکسانیخوازەکاندا (ئاستی فرە) بوو کە خۆی دەرهاویشتەی نارەزایی لە ژیانی رۆژانە بوو(ئاستی ورد). هەر وەك لەم نموونە کورتەدا دیتمان دەتوانرێ سوود لە تێکەڵەیەك لە بکەرە ورد و فرەکان بۆ روونکردنەوەی حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی وەربگیرێت.

سەرجەم، گیدێنز لە تیۆریی **پێکهاتەکیبوون**دا، پێکهاتە (بەواتای رێسا و سەرچەشنەکان) هەم بە ئاستی فرە (سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان) و هەم بە ئاستی ورد (بۆوێنە بیرەوەری) پەیوەندی دەدات. ئەو، ئەو تێکەڵکێشە زۆر بە دیاریکەر و رێنوێن دەزانێ کە لە تیۆریی **پێکهاتەکیبوون**دا ئەنجامی داوە بەپێی تیۆریی **پێکهاتەکیبوون** سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان پێکهاتەیان نییە، بەڵکوو تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکان نیشان دەدات. ئەم تیۆرییە توانیویەتی گەلاڵەیەکی سەرنجڕاکێش و نوێ بۆ چارەسەری بەجمك زانینی پێکهاتە و بکەر دەخاتە بەردەست.



## مودێرنیتە و ناسنامەی کەسانە:

گیدێنز لە کتێبەکانی "ئاکامەکانی مۆدێرنیتە"(١٩٩٠)، "مۆدێرنیتە و ناسنامەی کەسانە"(١٩٩١) و "گۆڕانی پەیوەندییە نزیکەکان"(١٩٩٢) لە تەوەری "ناسنامە" لە چاخی مۆدێرندا دەکۆڵێتەوە. بەڕای گیدێنز لە کۆمەڵگە مودێرنەکاندا "ناسنامەی کەسانە self identity"" بایەخێکی زیاتر پەیدا دەکات. گشت مرۆڤەکان لە کۆمەڵگە مودێرنەکاندا دەبێ وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ بدەنەوە سەبارەت بە ناسنامەی خۆیان و ناچارن لەماوەی ژیانیاندا هەندێ بژاری گرنگ ئەنجام بدەن. لە پرسیارە رۆژانەکاندا وەك چۆنیەتیی جلوبەرگ پۆشین و چی خواردن و پشووەکانەوە بگرە تا بڕیارگەلی بنەرەتی سەبارەت بە پەیوەندییەکان، باوەڕەکان و کاری خۆیان. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا کەم تا کورت رۆڵێکی دیاریکراو بۆ تاکەکان پێناسە دەکرا، لەحاڵێکدا لە کۆمەڵگە مودێرنەکاندا مرۆڤ دەبێ خۆی رۆڵی خۆی دیاری بکات(١٩٩١:٧٠). بایەخ پەیداکردنی تەوەری ناسنامە هەم یەکێکە لە هۆکارەکانی گۆڕانکارییە بنەرەتییەکان هەم یەکێکیشە لە بەرەنجامەکانی. یەکێك لەو هۆکارانەی گیدێنز لە تەوەری ناسنامەی کەسانەدا پێداگری لەسەر دەکات مێدیاکانە. مێدیاکان تێگەیشتنی تاك لە پەیوەندییەکان دەگۆڕن. ئەو زانیاری و فکرانەی راگەیاندن لە کۆمەڵگەدا بڵاویان دەکاتەوە تەنیا رەنگدانەوەی جیهانی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکوو یەکێك لە هۆکار و هێزە کاریگەرەکانە لەسەر بیچمی جیهانی کۆمەڵایەتیدا. ئەو مێدیایانە لە هزرینەوەی reflexivity مودێرندا (کە لە درێژەدا شیدەکرێتەوە) رۆڵی سەرەکیی هەیە و خاڵە بژارییەکانی ئێمەی دیاری کردووە و شێوازی ژیانمان پێ دەناسێنێ. لە درێژەدا لە باسەکانی گیدێنز سەبارەت بە ناسنامەی کەسانە لە جیهانی مودێرندا کەمێك ئاوەڵاتر دەکەمەوە.

## پرۆژەی هزرینەوەی تاک

ڕیفلێکسیڤیتە reflexivity یەکێکی ترە لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو هزری گیدێنز. وەرگێڕانی وشە بە وشەی ئەم وشەیە "ڕەنگدانەوە"یە، بەڵام بە سەرنجدان بە مانای دروستی ئەم چەمکە و ئەو بارە ماناییە جیاوازەی وشەی reflexive لە زمانی ئینگلیزیدا هەیەتی، لە وەرگێڕانەکەدا (فارسی) سوودم لە وشەی (بازاندیشانە) (ک. هزرینەوەیی) وەردەگرم.

خوێنەر دەبێ سەرنج بدات کە جۆرێك لە "ڕەنگدانەو"ش پێویستە لە مانای ئەم وشەیەدا لەبەرچاو بگیرێت. بەبڕوای گیدێنز بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کەسانە و کۆمەڵایەتی، بایەخدان بە چەمکی reflexive زۆر یارمەتیدەرە. لەڕاستیدا لەڕوانگەی گیدێنزدا، هزرینەوەی کەسانە و "ڕەخنە لەخۆ گرتن" self-critique تایبەتمەندیی سەرەکیی "کاراکتەری دووپاتە"ی recursive character ژیانی کۆمەڵایەتین. ئەو کاراکتەرە دووپاتەیەی ژیانی کۆمەڵایەتی هەر ئەو شتەیە کە بەرهەمی پێکبەستەیی دوولایەنەی بکەر و پێکهاتە بوو. گیدێنز لەو باوەڕەدایە کە لە نەزمی پاش نەریتیدا، ناسنامە دەبێتە پرۆژەیەکی ڕیفلێکسیڤ، پرۆژەیەك کە بەردەوام کاری لەسەر دەکەین. مەبەست ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا مرۆڤەکان هەمیشە ناسنامەی خۆیان دەئافرێنن و ڕاست دەکەنەوە و بەردەوام بەسەر ئەوەدا دەچنەوە کە کێن و چلۆن بەم جۆرەیان لێهاتووە. هەڵبەت ناسنامەی کەسانە شتێك نییە کە بە هاسانی و بە ئیرادە بگۆڕدرێت و بەستەیە بە ستی تر، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدایە کە ئەم بەستە بوونە لە باوەڕە ڕیفلێکسیڤەکانی تاک سەبارە بە ژیانی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت.

بنەمای ناسنامەیەکی کەسانەی سەقامگیر ئەو هەڵسکەوت و کردارانەیە کە لای تاک مانایان هەیە و ئەو دەتوانێ بێ ئەوەی بەلایەوە زۆر قورس بێت بۆ



ئەوانی تری ڕوون بکاتەوە. ئەم ناسنامە کەسانەیە ڕاڤەی ڕابردوو دەکات و بەرەو داهاتوویەکی بەشداریخوازانە هەنگاو دەنێت. ناسنامەی کەسانەی تاك لە هەڵسووکەوتەکانیدا نابینرێت (ئەگەرچی هەڵسوکەوت لە باسی ناسنامەدا زۆر گرنگە)، لە پەرچەکرداری دیترانیشدا پەی بە ناسنامەی کەسانە نابرێت، بەڵکوو ئەوەی تیایدا ناسنامە بەدی دەکرێت توانستی تاك بۆ درێژەدان بە پرۆسە و گێڕانەوەیەکی تایبەت لە ژیانی خۆیەتی. پێویستە تاك هەمیشە ڕووداوەکانی جیهانی دەوروبەری لەم گێڕانەوە تایبەتە لە ژیانی خۆیدا جێبکاتەوە.(١٩٩١:٥٤)

دەکرێ لە ڕستەیەکدا مانای هزرینەوە لە تیۆریی گیدێنزدا کورت بکرێتەوە: هزرینەوە پرۆسەی پێناسە کردن و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی خودە لەڕێگەی بینین و ڕەنگدانەوەی زانیارییە دەروونناسانە و کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بەو ڕێگایانەیە کە پێدەچێ هەبن بۆ ژیانی.

"هزرینەوەی ژیانی مۆدێرن بەو مانایەیە کە کردار و خووە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە ئەزموون دەکرێن و لەژێر تیشکی ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەو باوە کۆمەڵایەتییانە بەدەست دێن ڕاست دەکرێنەوە و تاڕادەیەك گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت"(١٩٩٠:٣٨) ئەم زەروورەتە بۆ خوێندنەوەی سیمبۆلە کولتوورییەکان بە کەمێك ئاڵۆزییەوە بە تێکەڵییەك لە دڵەڕاوکێ و دڵنیاییەوە، خەسڵەتی سەردەمی ئێمەیە و لە گشت سەردەمەکاندا لە تیۆریی کۆمەڵایەتییەوە بگرە هەتا مۆسیقای پۆپ، بەرچاو دەکەوێت.

بوونی "سیستەمە ڕیفلێکسیڤە پسپۆڕانەکان"[٩] لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەشدا یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی جیهانی مۆدێرن. لە سیستەمە

٩ . expert reflexive systems

پسپۆڕییە پزیشکی و ئەندازیارییەکانەوە بگرە هەتا بیمە لەژێر کاریگەریی چەمکی بەجیهانیبووندا زیاتر لە باسی سیستەمە پسپۆڕییەکان قووڵ دەبینەوە.

گیدێنز لەو باوەڕەدایە کە لە جیهانی مۆدێڕندا نەریتەکانیش ڕەنگ دەدەنەوە (ڕێفلێکسیڤ دەبنەوە).

بە واتایەکی تر ئەو ڕەگەزانەی ژیانی مرۆڤی مۆدێڕنیش کە بە نەریتی دێنە بەرچاو کەوتوونەتە بەر هزرینەوە و بەو پاڵێوەدا تێپەڕیون، بەواتایەك نەریتەکان لە جیهانی مۆدێڕندا یان دەتوێنرێنەوە یان ڕێفلێکسیڤ دەبنەوە و سەرلەنوێ دەکەونەوە ناو پرۆسەی ژیانی تاکەوە. پەرەگرتنی سیستەمە پسپۆڕی و زانستی و تێکنۆلۆژیکەکان، ئەم ڕەوتی ڕێفلێکسیڤیتەی نەریتەکانی لەڕێگەی ڕاگەیەنەرە گەڕۆکە جیهانییەکان و هۆیەکانی گواستنەوەی خێرا لە گشت کۆمەڵگەکاندا، خێراتر کردووە و وردە وردە کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی پاش نەریتی دەگۆڕێت.

گیدێنز لە کتێبی "مۆدێرنیتە و ناسنامەی کەسانە"(١٩٩١) و "گۆڕانی پەیوەندییە نزیکەکان" (١٩٩٢)دا لەم پرسیارە خورد دەبێتەوە کە خەڵك چلۆن دۆخی مۆدێرن ئەزموون دەکەن و بەڕای ئەو لە چاخی مۆدێڕندا "خود" پڕۆژەیەکە کە دەبێ گەڵاڵە بکرێت و ئیتر وەك ڕابردوو نەریت و باوەکان بیچمی پێنادەن. ئەم بابەتە بوار بۆ هەستکردن بە پووچی و بەدیەێنانی شك و گومانی جیدی دەرەخسێنێ ، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەتی بەرنامەداڕێژی و هەڵبژاردی شێوازی ژیان لەبار دەکات. (١٩٩١ :٢٣١-٢٠٩)، بەگوتەیەکی تر ڕۆڵی تاك لە ژیانی خۆیدا زیاتر دەبێت.

گیدێنز لێرەدا چەمکی "سیاسەتی ژیان"life politics گەڵاڵە دەکات. بەڕای ئەو سیاسەتی ژیان بەرزبوونەوەی خۆپشکواندنی تاکییە و لە کۆمەڵگەی پاش نەریتیی ڕێفلێکسیڤدا ڕۆژ بەڕۆژ بایەخی زیاتر پەیدا دەکات. بایەخ



پەیداکردنی سیاسەتی ژیان، بۆ وێنە بەرزبوونەوەی فرۆشی کتێبەکانی خودیاری و دەروونناسیی سەرکەوتن و پێشوازی لە هەموو خولە فێرکارییەکان لەبوارەکانی هونەری، وەرزشی، تێکنیکی و زانستی، هەموان دەرکەوتێکن لە ڕۆڵی جیدیتری تاك لە ژیانی خۆیدا. ئازادی بۆ بەدەستەێنانی وەڵامی جیاجیا بۆ ئەم پرسیارە وجوودییە کە تاك چلۆن دەتوانێ بژی، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ چەمکی سیاسەتی ژیاندا هەیە. سیاسەتی ژیان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پەیوەندیی نێوان تاکەکان و بەتایبەت پەیوەندییە نزیکەکانیان هەیە. بۆوێنە دیموکراتیك بوونەوەی پەیوەندییە نزیکەکان و هەوڵ بۆ خۆپشکواندنی سۆزدارانە گۆڕانی پەیوەندییە نزیکەکان لێدەکەوێتەوە و دەرفەتی دروستبوونی "پەیوەندیی پەتی" ڕەخساندووە.(پەیوەندیی پەتی، پەیوەنییەکە کە لەخۆیدا خوازراوە و تەنیا لەبەر خی دەمانەوێ. بەگوتەیەکی تر پەیوەندییەکە کە لەسەر بنەمای بکەرە دەرەکییەکان پێناسە ناکرێت.)

لە کتێبی مۆدێرنیتە و ناسنامەی کەسانەدا (١٩٩١) کە بەفارسیش وەرگێڕدراوە، پەیوەندییەکی خوازراو لەنێوان کۆمەڵەی بەرهەمەکانی گیدێنز سەبارەت بە کۆمەڵناسیی مۆدێرنیتە و دەروونناسیی مرۆڤی مۆدێڕن دروست دەکات. ئەم کتێبە، مۆدێڕنیتە لەڕووی ڕەگەزە گشتییەکانیەوە هەم لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا و هەم لە شاراوەترین تایبەتمەندییە دەروونی و زەینییەکانی خەڵکی جیهانی مۆدێڕن دەکۆڵێتەوە. هەندێ ڕەگەزی وەك: ڕاگەیەنەرە گشتییەکان، بڕواپێکردن، هاوڕێیەتی، بگۆڕیی درێژخایەن، سیستەمە پسپۆڕییە تێکنیکی و پزیشکییەکان، ریسکی هەمیشەیی، هاوسەرگیری و جیابوونەوە، خۆدۆزینەوە، خۆمانەگەری لە هاوڕێیەتیدا، ناسنامەخوازی و پەیوەندییە پەتییەکان کە هەموان لە کۆمەڵگەی نوێدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. گیدێنز لەم کتێبەدا پاشگری "مۆدێڕن"ی بە "ئەوین"یشەوە لکاندووە. گیدێنز چیرۆکی گۆڕانی تاك و تاکێتی لە

کۆمەڵگەی مۆدێڕندا پەیوەندی دەدات بە ئەوینی رۆمانتیکەوە. بەبڕوای گیدێنز شهەوەت و پەیوەندیی سێکسی هەمیشە هەبوون، بەڵام "گوتاری ئەوینی رۆمانتیك" لە سەدەی ١٨ بەملاوە بیچمی گرتووە. ئەوینی رۆمانتیك پەیوەندیی پەتی هێنایە ناو ژیانی تاکەکانەوە(٣٩:١٩٩٢). گیدێنز هەڵبەت ئەم گۆڕانە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەهەڵدانی روولەگەشەی رۆمان. بەبڕوای ئەو ئەمڕۆکە چیرۆکی ژیانی تاك جیا لە سەرکەوتوویی پەیوەندیی تاك لەگەڵ جووتەکەی، بایەخێکی زۆری پەیدا کردووە و جۆرێك بەسەرهاتی هاوبەش هاتۆتە گۆڕێ.

بەهەرحاڵ لەڕوانگەی گیدێنزدا گەشەی هزرینەوە یەکێکە لە گرنگترین جیاکەرەوەکانی دنیای نوێ، بەڕادەیەك کە یەکێك لەو سەرناوانەی ئەو بۆ کۆمەڵگەی نوێ دەستنیشانی دەکات، "کۆمەڵگەی رێفلێکسیڤ"ە. پرۆژەی هزرینەوەیی تاك یەکێك لە پێداویستییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەیە و مێدیاکان بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم رێفلێکسیڤیتەیە دێتە هەژمار.

## نەریت، مۆدێڕنیتە و مۆدێڕنیتەی دواین

گیدێنز پۆلێنبەندییەکی سیانەکی هەیە بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکان: نەریتی، مۆدێڕنی سەرەتایی، مۆدێڕنی دواین. بەگشتی هەتا شۆڕشی پیشەسازی، قۆناغی نەریتییە، لەپاش ئەو هەتا دەیەی ١٩٦٠ قۆناغی مۆدێڕنیتەی سەرەتایی و پاشان تا ئێستا قپناغی مۆدێڕنیتەی دوایینە. باوەڕمەند بوون بە مۆدێرنیتەی دواین تیۆرییەکەی گیدێنز لەوانی تر جیادەکاتەوە. بەبڕوای ئەو ئێمە لەئێستادا لە چاخی پۆستمۆدێرندا ناژین بەڵکوو لە چاخی مۆدێرنیتەی دواین یان مۆدێرنیتەی دووهەم یان مۆدێرنیتەی گوشراوداین. گیدێنز دژایەتییەکی لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا کە تیۆریسازەکانی تر بە تایبەتمەندیگەلی سەردەمی پۆستمۆدێرن ناویان دەبەن، نییە، بەڵام لەو باوەرەدایە کە ئەم تایبەتمەندییانە بەواتای



کۆتای سەردەمی مۆدێرن نییە، بەڵکوو تەنیا پەرەگرتن و تۆخ بوونەوە و کامڵبوونی مۆدێرنیتەیە. بەم مەبەستە بۆ جیا کردنەوەی ئەو لەو مۆدێرنیتەیەی هەتا نزیك دەیەی ٦٠ و ٧٠ دەناسرا سوود لە سەرناوی مۆدێرنیتەی دواین یان مۆدێرنیتەی گوشراو وەردەگرێت. بەواتایەکی تر گیدێنز مۆدێرنیتەی دواین بە لقی دووهەمی مۆدێرنیتە دەزانێ و بە سەردەمێکی تەواو نوێ و سەرتر لە مۆدێرنیتەی دانانێت. گیدێنز تەنانەت هەبوونی کەلەبەری نێوان کۆمەڵگەی پیشەیی و بان پیشەیی[10] رەتدەکاتەوە و لەم سۆنگەیەوە رەخنە لە ئالێن تۆرین و دانێل بێل دەگرێت. بەبۆچوونی گیدێنز ناپەیوەستییەك لەنێوان کۆمەڵگەی پیشەیی و بان پیشەییدا نییە و کۆمەڵگەی بان پیشەیی هەمان کۆمەڵگەی پیشەیی پێشکەوتووە.

بەبڕوای گیدێنز پرۆسەی مۆدێڕنیزاسیۆن لەسەر ئەم چوار کۆمەڵە دامەزراوەییە وەستاوە: دەسەڵاتی جێبەجێکاری و بەڕێوەبەری، دەسەڵاتی سەربازی، سەرمایەداری و پیشەیی بوون. ئەم چوار لایەنە بنچینەییە مۆدێرنیتەی یەکەم لە مۆدێڕنیتەی دوایینـدا بەهێزتر و بەگوڕتر دەبن و بەشێوەیەکی بنچینەییتر ژیانی مرۆڤ دەخەنە ژێر کاریگەرییەوە. مۆدێڕنیتەی دواین لەسەر بناغەی سێ پڕۆسەی پێکبەستراو پێکدێت: بەجیهانیبوون، هزرینەوەی کۆمەڵایەتی social reflexivity نەریت تەکێنی detraditionalization. بەم پێیە لەنێوان مۆدێڕنیتەی دواین و بەجیهانیبووندا، پەیوەندیی زۆر نزیك هەیە تا ڕادەیەك کە هەست دەکرێ هەندێجار بەرەنجامی یەکترن. لەڕاستیدا ساتەوەختی کاتی مۆدێڕنیتەی دواین و سەردەمی جیهانی، بەبۆچوونی ئەو هاوکاتن. لەبەر ئەوە لە درێژەی تەوەری بەجیهانیبوون لە ئەندێشەی گیدێنزدا زیاتر لە مۆدێڕنیتەی دواین دەدوێین.

---

١٠. post-industryal-society

هەروەك سەرەتا  ئاماژەم پێکرد گیدێنز مۆدێرنیستێکی تەواو عەیار بووە و بەباشی ئەمەگدارییی خۆی بە پرۆژەی مۆدێرنیتە سەلماندووە. بەشێوەیەك کە تیۆریی ئەو لەمەڕ مۆدێرنیتەی دوایین بۆتە یەکێك لە کەرەستەکانی مۆدێرنیستەکان لە ململانێی تیۆریکدا لەبەرانبەر پۆستمۆدێرنیستەکاندا و لە هەندێ حاڵەتدا مۆدێرنیستەکانی لە تەنگەژە رزگار کردووە. گیدێنز تایبەتمەندییەکانی ژیانی نوێ وەك بەرخۆریگەرایی، گەشبینی، پەرەسەندنی کاڵبینی، هەستەکی بوونەوەی کولتوور و... قەبووڵ دەکات بەڵام ئەمانە لە نیشانەی تۆختربوونەوەی مۆدێرنیتە دەزانێت. بەگوتەی خۆی ئەمە مۆدێرنیتەی پڕدەنگ و هەرایە و مۆدێرنیتەیەکی زەنگوڵە لە ملە. بەم پێیە نابێ بە سەرتر لە مۆدێرنیتە بزانرێت یان ناوی پۆستمۆدێرنیتەی لەسەر دابنرێت. هەڵبەت تیۆریسازە گەورەکانی پۆستمۆدێرنیزم (پۆستمۆدێرنیزمی کۆمەڵناسانە)ی وەك لیۆتاریش ئەم بانگەشەیە ناکەن کە پۆستمۆدێرنیزم لەپاش مۆدێرنیزم هاتووە یان بۆتە جێگرەوەی ئەو، بەڵام بەهەرحاڵ گیدێنز بەگشتی هەبوونی سەردەمێك بەناوی پۆستمۆدێرن بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە بەرەسمی ناناسێت.

گرنگترین ململانێ بەلای گیدێنزەوە ململانێی کولتووری نەریتی و پاش نەریتییە و بەبڕوای ئەو کۆمەڵگەی ئەمڕۆ رۆژ لەگەڵ رۆژ پاش نەریتیتر دەبێتەوە. ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا دەسەڵاتی نەریت زاڵ بێت خاڵەکانی هەڵبژاردنی کردار بۆ تاکەکان لەپێشتردا بەهۆی نەریتەوە دیاریکراون(هەڵبەت بەم مانایە نییە کە ناتوانرێ لەگەڵ نەریتدا بەربەرەکانێ بکرێت، بەڵام بەهەرحاڵ پانتا و رادەی ئەو زۆر جێی باوەڕ نییە)، بەڵام لە سەردەمی پاش نەریتیدا ئیتر هێندە بیر لە میراتی رابردوو ناکەینەوە و بژارەکان لانیکەم تا ئەو جێیەی یاسا و رای گشتی و هەندێجار دەوڵەت رێگە بدات کراوەن. لە سەردەمی پاش نەریتیدا بەپێچەوانەی سەردەمی نەریتی چۆنیەتیی هەڵسوکەوت دەبێتە پرسیارێکی جیدی و کۆمەڵگە



زۆر رێفلێکسیڤتر دەبێتەوە. گیدێنز ئاشکرای دەکات کە دەبێ سەر لە گەشەی سەرسوورهێنەری هزرینەوە لە کۆمەڵگەی نوێدا سوور بمێنێت. ئەم هزرینەوەیە لە دەوڵەتەوە هەتا پەیوەندییە سێکسییەکان، هەموان لەخۆدەگرێت.

لەلای گیدێنز، مۆدێرنیتە پاش نەریتییە و ئەگەر روانینەکان، هەڵسوکەوتەکان و دامەزراوەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لەژێر هەژموون و کاریگەریی نەریتدا بن، کۆمەڵگە مۆدێرن نییە، چونکە هزرینەوە کە لە گرنگترین رەگەزەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنە بە دژی نەریت کار دەکات. گیدێنز دەگاتە ئەو ئەنجامە کە ئەگەر ئەو کۆمەڵگانەی لایەنە دامەزراوەییەکانی مۆدێرنیزاسیۆن و نوێکردنەوە بگەیەنێتە ئاکام، بەڵام هەندێ نەریتی وەك نایەکسانیی سێکسی وەلا نەنێت،  مۆدێرن نەبن. بەم پێیە ئەو کۆمەڵگانەی حەز دەکەن رەوتەکانی نوێکردنەوە ئەزموون بکەن دەبێ جگە لە لایەنە دامەزراوەییەکانی، بایەخ بە "نەریت تەکێنی"ش بدەن.

چەمکی مۆدێرنیتەی دوایین یان گوشراوی گیدێنز، ئەمڕۆکە لە کۆمەڵناسیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان سوودی لێوەردەگیرێت.

## شێوازی ژیان[11]

لە سەردەمی پاش نەریتی و بەتایبەت لە مۆدێرنیتەی دواییندا، ئەگەرچی بژارەکانی ژیان بێسنوور نین بەڵام لەوێوە کە ئیتر رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی کۆمەڵگەوە بەسەر تاکەکاندا ناسەپێت یان کەمتر دادەسەپێت، مرۆڤەکان دەبێ ستایلی ژیانی خۆیان "هەڵبژێرن". رەنگە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە هەندێ چینی ئاسوودەی شاری مافی هەڵبژاردنیان لەنێوان شێوازەکانی ژیاندا هەیە، بەڵام گیدێنز باوەڕی وایە کە لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا "هەموان" دەبێ ستایلی

١١. life style

ژیانی خۆیان هەڵبژێرن، هەرچەندە کە دەرفەتی هەڵبژاردن بۆ هەندێ گرووپ زیاترە, بۆوێنە "سامان" یەکێك لەو هۆکارانەیە کە دەرفەتی هەڵبژاردن زیاتر دەکات.

ستایلی ژیان شتێکی زیاتر لە سەرقاڵییە خوازراوەکان و کاڵا بەرخۆرانەکان و هەڵسوکەوت و باوەڕەکانیش لەخۆ دەگرێت و هەڵبژاردنی ستایلێکی ژیان پرۆسە و رەوایەتێکی تایبەتیی ژیان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لەچاوی گیدێنزدا بەم شێوەیە نییە و ستایلی ژیان زیاتر شتێکە لە چەشنی ژانر یان جۆر لە سینەمادا.هەروەك چۆن دەرهێنەر دەتوانێ لە هەموو جۆری ژانرەکانی ڤۆستێرن، ترس، کۆمەڵایەتی، ئەویندارانە و ...دا فیلم دروست بکات، ئێمەش وەك دەرهێنەری ژیانمان دەتوانین لە مێترۆپۆلێکدا (گەورەشار) یان لەلادێیەکدا ژیانی خوردکراوە لەسەر سەرکەوتنی کاری یان خوردکراوە لەسەر ئەوین، بابەتە سێکسییەکان، خێزان و وەرزش، هەڵبژێرین.

هەڵبژاردنە رۆژانەکان وەك ئەوەی چ بخوێنین، چ بخوێنینەوە، لەگەڵ چ کەسانێکدا پەیوەندیمان هەبێت و ... هەموویان بڕیارگەلێکن کە مرۆڤەکان لەسەر جۆرە جیاجیاکان دابەش دەکەن. هەرچەندە ستایلی ژیانی تاك پاش نەریتیتر بێت، کەلکەڵەکانی ستایلی ژیان زیاتر دەردەکەوێت و کاکڵی ناسنامەی کەسانە پێکدەهێنن.(٨١:١٩٩١)

راگەیاندنەکان رۆڵێکی گرنگیان لە پڕوپاگاندەی ستایلە جیاجیاکانی ژیاندا هەیە. خولیای ستایلەکانی ژیان یان چەشنە ئایدیالییەکانی ستایلەکانی ژیان کە لە راگەیاندنەکاندا گەڵاڵە دەکرێن رەنگە بەرتەسك بن بەڵام دیسانیش لەو ستایلانەی ژیان بەربڵاوترن کە تاکەکان بە ئاسایی لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا دەچنە چوارچێوەیانەوە. هەڵبەت بەبڕوای گیدێنز راگەیاندنەکان لە جیهانی نوێدا



لە هەمان کاتدا کە دەرفەتەکان و چەشنەکان گەڵاڵە دەکەن، راڤەگەلێکی وردبینانەش لە رۆڵ یان ستایلە دانسقەکانی ژیان دەخەنە بەردەست.

بەهەرحاڵ بەلای گیدێنزەوە ستایلی ژیان یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ژیانی رێفلێکسیڤ لە کۆمەڵگەی رێفلێکسیڤی سەردەمی مۆدێرنی دوایین یان سەردەمی جیهانییە.

## رێگەی سێهەم و بووژانەوەی سۆسیال دیموکراسی

هەر وەك لە سەرەتادا ئاماژەی پێکرا، گیدێنز لە دەیەی نەوەددا زیاتر بە فکری سیاسییەوە سەرقاڵ بوو و بەرهەمی پڕ دەنگ وهەرای لەم بوارەدا بڵاو کردەوە. ئەو بەمەبەستی یارمەتیدان بە جێبەجێکردنیان خۆی هاتە کایەوە و لەگەڵ رێبەرانی زۆر لە وڵاتان دانیشت.

گیدێنز کتێبەکانی "لەوپەڕی چەپ و راستەوە(١٩٩٤)، "سیاسەت، کۆمەڵناسی و تیۆریی کۆمەڵایەتی(١٩٩٥)، "رێگەی سێهەم: بووژاندنەوەی سۆسیال دیموکراسی"(١٩٩٨)، "رێگەی سێهەم و رەخنەکان لەسەری "(٢٠٠٠)، "پرسی جیهانیی رێگەی سێهەم"(٢٠٠١) و "پارتی کرێکاری نوێ دەبێ بەرەو کام لا بڕوات؟ (٢٠٠٢) هەر لەم ئاراستەیەدا دەنووسێت.

لە جیهانێکدا کە ئەندێشەکانی چەپی کۆن تووشی چەقبەستوویی هاتوون و ئەندێشەکانی راستی نوێش هەندێ نارەساییان هەیە، گیدێنز رێگەی سێهەمی گەڵاڵە کردووە. رێگەی سێهەمێك کە بە بووژاندنەوەی سۆسیال دیموکراسی ناودێری دەکات و هێندە بە تۆکمە و رێکوپێکی دادەنێت کە پێیوایە دەتوانێ سەرلەنوێ ئایدیالیزمی سیاسی (هەڵبەت لەجۆری ریالیزمی ئایدیالیستی) زیندوو بکاتەوە. زۆرێك لە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەمریکای باشوور، دەوڵەتی

کلینتۆن، بلێرو گێرهارد شرۆدێریش راسپاردەکانی ئەویان بە هەند وەرگرتووە و بەڕاشکاوی لە تریبۆنە رەسمییەکانی خۆیانەوە باسیان لە رێگەی سێهەم کردووە.

بەبڕوای گیدێنز، سۆسیالیزم بەکردەوە مردووە و ئەو پارتە سیاسییەنەی کەڵکیان لێوەردەگرت دەبێ بە بەجێگەی بەکارهێنانی سیاسەتی رکابەرەکانیان، شتێکی تر بەکار بهێنن و بیرۆکەی پێشنیاریی ئەو لەجێگەی ئەوە "رێگەی سێهەمە" third way. رێگەی سێهەم بەشوێن خستنەڕووی گەلاڵەی چەپێکی نوێی گونجاو لەگەڵ گۆڕانکاریگەلێکی گەورەیە کە لە جیهاندا بەڕێوەیە. (وەك بەجیهانیبوون، سەرەهەڵدانی ئابووریی نوێ و گۆڕان لە ژیانی تایبەتیی خەڵکدا).

دیموکراتەکانی ئەورووپا لەم دەیەی دواییدا دەسەلاتیان گرتە دەست، لەحالێکدا کە بەتاڵ بوون لە پاڵپشتێکی فەلسەفیی شیاو و رێگەی سێهەم ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە. گیدێنز لەو باوەڕەدایە کە هەرەسهێنانی بلۆکی خۆرهەلات پێویستە زیاتر لەمانە بکەوێتە بەرسەرنج و لێکۆڵینەوە (ئەو هەرەسهێنانی بلۆکی خۆرهەلات بە یەکێك لە هۆکارەکانی خێراترکردنی بەجیهانیبوون دەزانێ). جگە لەمەش ئەو ولاتانەی کە لە جیهانی کراوەدا رەوابوونی خۆیان لەسەر بنەمای ئامادەیی دوژمنی دەرەکی وەستاندووە، پێویستە پێداچوونەوەیەکی جیدی بە بەرنامەکانی خۆیاندا بکەن. ئەوان دەبێ بەجێی دوژمنی دەرەکی، نیگەرانییەکەیانی سەر ژیانی شارۆمەندەکان و ئەو مەترسییانەی هەرەشەیان لێدەکات زیاتر بخەنە بەر سەرنج. ئەو خۆی لە رێگەی سێهەمدا لەم خالانە خورد دەبێتەوە. بەبۆچوونی گیدێنز ئەگەر سیاسەتە نوێیەکان بیانەوێت بە دروستی لەگەڵ دۆخێ نوێی جیهاندا رووبەڕوو بنەوە پێویستە سەرنجی تایبەتی بنەدە پێنج بابەتی بنەرەتی:

یەکەم، تێگەیشتنی دروست لە دیاردەی بەجیهانیبوون و دەرەنجامەکانی. دووهەم، تێگەیشتنی روون و ورد لە چەمکی تاکخوازی لە کۆمەڵگەی مۆدێڕندا. سێهەم، گوتەزای چەپ و راست. چوارەم، تێگەیشتنی خود لە



رێکخستنی سیاسی و پێنجەم، تێگەیشتنێك کە لە پرسە ژینگەییەکان هەیانە. گیدێنز لە گەلاڵەی رێگەی سێهەمدا، گشت ئەم خالانە رەچاو دەکات.

گیدێنز دان بەوەدا دەنێت کە سۆسیال دیموکراسی دەبێ گەلێك شت لە هزری راستی سیاسی یان لیبراڵەکانەوە فێر بێت (بۆ وێنە پشتیوانیی دەڵەت و هاندانی ئیرادە تاکییەکان)، بەلام بەم حاڵەشەوە لەو باوەڕەدایە کە سۆسیال دیموکراسی بەهۆی بایەخدان بە هەندێ شتی وەك گشتاندن و قووڵ کردنەوەی دیموکراسی، دەستەبەرکردنی دەرفەتی بەشداریی بەربلاوی خەڵك لە کارە حکوومەتییەکاندا، هەوڵی بەردەوام بۆ تێکەهەڵکێشکردنی کۆمەلایەتیی ئەو تاکانەی لە هەنگاوە بەپەلەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا وەدوا دەکەون، دەربەست نەبوون بە کولتووری نەریتی بۆرژوایی و ... دەرفەتێکی باشتر لە رەوتە سیاسییەکانی تر بۆ وەرێخستن و گرتنەبەری رێگەی سێهەم هەیە. بەگوتەیەکی تر ئەو گەلاڵەی رێگەیەکی سێهەم دادەڕێژێت و بە سەرنجدان بە هەلومەرجە عەینییەکانی رەوتە سیاسییەکان پێی باشترە جێبەجێکردنەکەی بسپێرێتە دەست سۆسیال دیموکراتەکان. هەڵبەت بەجیهانیبوونی سیاسەت و ئابووری کە خۆی یەکێك لە بەڵگەکانی گیدێنزن بۆ گەلاڵەکردنی رێگەی سێهەم، بۆتە هۆی ئەوەی ئەندێشەکانی لە سنوورەکانی جیهانی گەشەکردووش تێپەڕێت، جیهانی ببێتەوە و ئەنجامی جیهانیشی لێبکەوێتەوە.

گیدێنز بۆ گەلاڵە کردنی تەوەری رێگەی سێهەم سەرەتا لە بەڵگەکانی جێبایەخبوونی سۆسیالیزم و پارتە سۆسیالیستەکان دەدوێ و بۆ ئەم مەبەستە دوو پارتی بریتانیی پارێزکار (کۆنسێرڤات) و سۆسیالیست هەڵدەسەنگێنێت. ئەو گرنگترین کێشەکەیان بە سیستەمی ئابووری دەزانێت. پارێزکارەکان بەرگری لە ئابووریی ئازاد و تایبەتی دەکەن لەحالێکدا سۆسیالیستەکان قسە لەسەر کۆنترۆڵی دەروونی دەکەن. پارێزکارەکان باس لە ئازادیی ئابووری دەکەن، بەلام

سۆسیالیستەکان لە کۆنترۆڵی ئەخلاقی دەدوێن. گیدێنز دوو حاڵەتی شیمانەکراوی تریش دێنێتەوە: یەکەم ئازادیی ئابووری و ئازادیی ئەخلاقی کە لیبراڵیستەکان پشتگیری لێدەکەن و دووهەم هەم کۆنترۆڵی ئابووری و هەم کۆنترۆڵی ئەخلاقی کە لەلایەن دەسەڵاتگەراکانەوە پشتگیریی لێدەکرێت.

گیدێنز لەو باوەڕەدایە سۆسیالیستەکانی ئەورووپا ئازادیی تاکی و ئەخلاقییان کردۆتە بابەتی گفتوگۆ و دەبێ زیاتر لەوەش خۆ لەبواری کۆنترۆڵی ئەخلاقی بکشێننەوە و تابۆکانیان بشکێنن. ئەو لەم ئاراستەیەدا سوود لە بۆچوونەکانی نۆربێرتۆ بۆبیۆش وەردەگرێت و لەو باوەڕەدایە کە پارتە نوێیە سۆسیال دیموکراتەکان پێویستە مامەڵەیەکی ئەرێنی لەگەڵ بازاڕدا بکەن، نەک نەرێنی.

گیدێنز لە کۆتایی "جیهانی دوو جەمسەردا"، حکوومەتەکان بانگەێشتی تێڕامان و هزرینەوەی سەرچاوەکانی رەوابوونیان دەکات و پێشنیاری گرتنە بەری رێگەی سێهەمیان پێدەکات. رێگەی سێهەم جگە لەو تەوەرانەی هەتا ئێستا ئاماژەیان پێکرا، داکۆکی لەسەر هەندێ شتیگ تریش دەکەن. ژینگە یەکێک لەو تەوەرانەیە و گیدێنز بەڕاستی لە زۆرینەی بەرهەم و پرۆژە تیۆریکەکانی خۆیدا رەچاوی دەکات. یارمەتیدانی دەوڵەت بە کەم تواناکان و تەرەکراوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گەیشتن بە کاروانی کۆمەڵگەی نوێی پیشەییش لە گرنگترین تێبینییەکانی ناو ئەم تیۆرییەیە. گیدێنز بە یەکێک لە گرنگترین لایەنگرە جیدییەکانی ئابووریی نوێ و ئینتێرنێتیش دێتە هەژمار، بەڵام باوەڕی وایە ئینتێرنێت سەرەڕای ئەوەی گەلێك کارکردی ئەرێنیی هەیە، دەبێتە هۆی پەراوێزکەوتنی رێژەیەکی زۆری کرێکاری سادە و بێشارەزایی و کەلەبەرێکی



گەورە دەکاتەوە لەنێوان "خاوەنانی زانیاری"[١٢] و "بێبەشان لە زانیاری"[١٣]. بەبڕوای گیدێنز دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی باڵاش بۆتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگە بە دوو دەستەی "خاوەنانی خوێندنی باڵا" و بێبەشان کە خوێندنی باڵا". دەوڵەت دەبێ بیرێك لە چارەسەری خەسارەکانی ئەم دابەشکارییە نوێیانە و گرفتە سەرەهەڵداوانە بکاتەوە.

بەبۆچوونی گیدێنز پێویستە هێزی تێکنۆلۆژیی نوێش لە سیاسەتگوزارییەکاندا رەچاو بکرێت، بەڵام گرنگ لێرەدایە کە هیچکەس ناتوانێ بە تەواوی بڕیار بدات کە داهاتوو لەژێر کاریگەریی ئەم هێزانەدا چلۆن دەبێت. تەنانەت کاریگەرییە مامناوەند ماوەکانی تێکنۆلۆژیای نوێش هەڵگری بەراوردکردن نییە و لەڕاستیدا داهاتوو لێڵ و ئاوەڵایە، بەڵام لە سیاسەتدا چارەیەکی جیا لە ئەزموون و هەڵە نییە و رێگەی سێهەم پرۆژەیەکی لەخۆبوردووانەیە بۆ ئەزموون کردن. زۆرێك لە رەخنەگرانی رێگەی سێهەم دەڵێن رێگەی سێهەم تەنیا لە هەلومەرجی بڕەوی ئابووریدا دەوری دەبێت، بەڵام گیدێنز رەخنەکەیان بەجێ نازانێ، بەڕای ئەو یەکێك لە هەوێنەکانی رێگەی سێهەم ئەمەیە کە ئەو دەرفەتە بە مرۆڤەکان دەدەین لەماوەی ژیانیاندا تواناییەکانیان دەربخەن و ئەوەش "هەمیشە" دەکرێت.

خاڵێکی گرنگ کە گیدێنز لە رێگەی سێهەمدا داکۆکیی لەسەر دەکات ئەوەیە کە تەنیا رادەی ئەو باجەی دەوڵەت وەریدەگرێت گرنگ نییە، جگە لەوەش تەنانەت لەوەش زیاتر ئەو دەرفەتانەی لەبەرانبەر ئەودا لەلایەن دەوڵەتەوە دەخرێنە بەردەست گرنگن. ئاساییە کە زیاتر پێداگری لەسەر باجی وەرگرتە دەکرێت، بەڵام رێگەی سێهەم هەردووك ئەمانە بە جیدی لەبەرچاو

١٢ . information haves

١٣ . information have-nots

دەگرێت. ڕەخنەیەکی زۆر لە ڕێگەی سێهەم گیراوە. ئەویش لە کتێبی "ڕێگەی سێهەم و ڕەخنەکان لەسەری"دا (٢٠٠٠) هەوڵدەدات دەرەقەتی ڕەخنەگرانی تیۆرییەکەی بێت.

چەپی نوێ، بەبڕوای گیدێنز دەبێ بە کردەوە ئەم چوار خاڵە لەبەرچاو بگرێت:

١. گەشە و ڕکابەرێتی و سەقامگیریی ئابووری، پێویستین بۆ دادگەریی ئابووری،
٢. یەکسانی دەرفەتەکان لە یەکسانیی داهاتەکان گرنگترە و پێویستیان بە سیاسەتی جیاواز هەیە، هەرچەندە یەك لە مەرجەکانی یەکسانیی دەرفەتەکان، یەکسانیی داهاتەکانە.
٣. کەمبوونەوەی جیاوازیی نێوان چینی خواروو و مامناوەندی کۆمەڵگە باشترە لە کەمبوونەوەی جیاوازیی نێوان چینی خوارەوە و سەرەوە.
٤. دەبێ هەستیارییەکی کەمتر لەسەر یەك لە سەدی(١٪) توێژی سەرەوەی کۆمەڵگە نیشان بدرێت بەڵکوو بۆ بەرزکردنەوەی دادگەریی کۆمەڵایەتی لە قازانجی چینی خوارەوە سوود لە تواناییەکانیان وەربگیرێت.

## دیموکراسیی گفتوگۆیی

یەکێك لەو تەوەرانەی گیدێنز کە لە ژمارەیەك لە کتێبەکانی خۆیدا باسی لەسەر کردووە، تەوەری دیموکراسییە. گرنگترین کاری گیدێنز لەم بوارەدا پرۆژەی دیموکراسیی (گفتوگۆیی)ە کە لێرەدا هەوڵدەدرێت تا ئەوجێیی بکرێت بەکورتی گرنگترین لایەن و تایبەتمەندییەکانی بناسێنین. گیدێنز دیموکراسیی گفتوگۆیی لە وەڵامی بانگەشەی دیموکراسیی لیبراڵیدا گەڵاڵە دەکات، هەڵبەت دیموکراسیی گفتوگۆیی بەجۆرێك بەرینتر و فرەلایەنتر لە دیموکراسیی لیبراڵ و زۆرێك لە



تایبەتمەندییەکانی ئەویش لەخۆ دەگرێت. گیدێنز بەر لە گەڵاڵە کردنی دیموکراسییە گفتوگۆییەکەی خۆی سەرەتا شەش ڕەخنە ئاراستەی لیبراڵ دیموکراسییەکەی فۆکۆیاما دەکات و بە ئاماژە بە هەندێ بەڵگە، دیموکراسیی شوورایی[١٤] (دیموکراسیی گشتی)ی میلێر-یشی بە تاك ڕەهەند و ناتەواو وەسف دەکات، پاشان بە پشت بەستن بە تیۆرییەکەی خۆی لەمەڕ مۆدێرنیتەی دوایین، بەرگری لە دیموکراسیی گفتوگۆیی دەکات.

بەبڕوای گیدێنز، کۆمەڵگەی نوێ کەوتۆتە بەر کاریگەری شەپۆلە جیهانییەکان و "**پێکهاتەکیبوون**" structuration بە هەموو ئاست و بوارەکانییەوە بەڕێوەیە و "هزرینەوە"ی نەریتەکان لەژێر کاریگەریی هەندێ هۆکاردا خێراتر بووە. ئەو دیموکراسیی دیالۆگی بە مەرجی کۆمەڵگەیەك و جیهانێکی لەو چەشنە دەزانی. گیدێنز لەو باوەڕەدایە کە لە کۆمەڵگەی نوێدا تاکێتی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێت و بیچمەکانی هاوپشتی کاڵ دەبنەوە و لەبەر ئەوە پێویستە "باوەڕپێکردنی چالاکانە" ببووژێتەوە و ئەمە تەنیا لەڕێگەی "گفتوگۆ"وە دەستەبەر دەبێت.

یەکێك لە گریمانەکانی دیموکراسیی دیالۆگی ئەوەیە کە هاوژینی لەگەڵ دیتران لە دۆخێکی "هەڵکردنی دوولایەنە" لەڕێگەی گفتوگۆوە و لە کەشێکی گشتیدا دەکرێت.

دیموکراسیی دیالۆگیی گیدێنز لەم چوار بەستێنەدا بەرەو پێش دەچێت و بەبڕوای ئەو دەبێ یارمەتییەکی زیاتر بکەین بۆ پێشخستنی زیاتری لەم بەستێنانەدا:

١. ژیانی تایبەتی: ئەو لەم بەستێنەدا "دیموکراسیی سۆزدارانە" گەڵاڵە دەکات کە لە بەشی "ئاسۆی خێزان" ئەم کتێبەدا باسی لێکراوە.

١٤. deliberative democracy

٢. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپە خۆبەخشەکان: کە فەزا گفتوگۆی هەمەلایەنە دەکەنەوە. بەبڕوای گیدێنز بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، **"ڕیفلێکسیڤیتەی بەهێزکراوی خەڵکن لە جیهانی نوێدا"**.
٣. ڕێکخراوە گەورەکان یان کۆمپانیا زەبەلاحە ئابوورییەکان.
٤. سازوکاری سیستەمی سیاسیی جیهانی. بەبڕوای گیدێنز دیموکراسیی گفتوگۆیی لە ئاستی ورد (خێزان) هەتا فرە (سیستەمی جیهانی) وەڵامدەرەوەی قەیرانی هاوپشتییە و دیموکراتیزاسیۆن لەم ئاستانەدا کارکردنە لەسە یەکتری. ئەو پێداگرییەکی زۆر لەسەر "دیموکراتیك کردنی دیموکراسی"یە باوەکان دەکات و لەو بڕوایەدایە کە ڕەوتی دیموکراتیزاسیۆن لە وڵاتە تارادەیەك دیموکراتیکەکانیشدا دەبێ بەردەوام بێت. وتاری پێنجەمی ئەم کتێبە تایبەتە هەر بەم بابەتە.

## بەجیهانیبوون[١٥]

گیدێنز لەو یەکەمین بیرمەندانە بوو کە لە ناوەڕاستەکانی دەیەی هەشتادا تەوەری بەجیهانیبوونی هێنایە بەرباس. لە زۆرێك لە کتێبەکانی ئەودا شوێنپێی ئەم تەوەرە بەرچاو دەکەوێت، بەڵام بەتایبەتی کتێبەکانی "جیهانی لەدەست دەرچوو" (١٩٩١)، "لەبەردەم ژیان لەگەڵ سەرمایەداریی جیهانیدا" (لەگەڵ ویڵ هاتۆن)(٢٠٠٠) و کۆمەڵە وتاری "ئاسۆ جیهانییەکان"(٢٠٠٢)(ئەم کتێبە) تایبەتە بە تەوەری بەجیهانیبوون. لە دەزگای هزری گیدێنزدا بەجیهانیبوون جێگەیەکی تایبەتیی هەیە و تێگەیشتنی دروستی مانا، تایبەتمەندییەکان، هۆکار و دەرەنجامەکانی، مەرجی تێگەیشتن لە زۆرێك لە کارەکانی ئەوە.

١٥. Golobalization



هەروەك پێشتر گوتمان گیدێنز سەردەمی مۆدێرن دابەش دەکاتە سەر دوو قۆناغ: مۆدێرنیتەی یەکەم کە هەتا نزیکەی دەیەی ٦٠ دەگرێتەوە و مۆدێرنیتەی دوایین کە لە نزیکەی دەیەی ٦٠ دەستی پێکردووە و تا ئێستاش بەردەوامە. گیدێنز باوەڕی وایە کە کۆمەڵناسیی ئاشنا (مەبەست نەریتی کۆمەڵناسیی کلاسیکە کە بەگشتی لەژێر نفووزی بەرهەمەکانی دۆرکهایم، مارکس، ڤیبێر، زیمێل و پاریتۆدایە) بەجۆرێك کۆمەڵناسیی مۆدێرنیتەی یەکەمە و لەو بەستێنەدا کارامەیی پێویستی هەیە.

بەبڕوای ئەو مۆدێرنیتەی دوایین خاوەنی هەندێ پارامێتر و تایبەتمەندییە کە کۆمەڵناسیی کلاسیك کۆڵە لە تێگەیشتنیدا. بەگوتەیەکی تر لە کۆمەڵگەی مۆدێڕنی دواییندا هەندێ گۆڕانکاریی گرنگ ڕوویانداوە کە لە کۆمەڵناسیی ئاشنا ناتوانێ ڕوونکردنەوەیان لەسەر بدات. بەم پێیە گیدێنز کۆمەڵناسییەکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرنیتەی دوایین بە پێویست دەزانێت کە دەکرێ بە کۆمەڵناسیی دوایین ناودێر بکرێت و بەگوتەیەکی سادەتر دەشێ کۆمەڵناسیی ئاشنا بە کۆمەڵناسیی مۆدێرنیتەی یەکەم و کۆمەڵناسیی دوایین بە کۆمەڵناسیی مۆدێرنیتەی دوایین بزانرێت. بۆ وێنە یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسیی ئاشنا ڕوونکردنەوەی گواستنەوەی کۆمەڵگەی نەریتی بەرەو مۆدێرنە، لەحاڵێکدا کە لە کۆمەڵناسیی دواییندا گواستنەوەی کۆمەڵگە لە مۆدێرنیتەی یەکەمەوە بەرەو مۆدێرنیتەی دوایین دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە. گیدێنز بەواتایەك خۆی دەخاتە خزمەت کۆمەڵناسیی دوایین، هەڵبەت بەبۆچوونی ئەو کۆمەڵناسیی دوایین بە قەڵاندۆشکانی کۆمەڵناسیی پێشینەوەیە (بەتایبەتی بەرهەمەکانی سێ کۆمەڵناسی کلاسیك: مارکس، دۆرکهایم، ڤیبێر).

مەبەستی نووسەر لە هێنانەوەی ئەم پێشەکییە گەیشتن بەم خاڵەیە کە گیدێنز کۆمەڵناسیی دوایین بە جۆرێك "کۆمەڵناسیی بەجیهانیبوون" دەزانێت و " "بەجیهانیبوون" بە واتا گیدێنزییەکەی، گرنگترین تەوەری ئەم کۆمەڵناسییەیە، چونکە گرنگترین تایبەتمەندیی مۆدێرنیتەی دوایین بەبۆچوونی گیدێنز، بەجیهانیبوونە و هەر ئەم خاڵە پێگەی تایبەتی بەجیهانیبوون لەلای گیدێنز بەباشی دەردەخات.

ئەگەر بە پەیرەوی لە خودی گیدێنز، کەناڵەکانی بەجیهانیبوون بو دوو دەستەی **"دابەزێنەرانە"** و **"فرە رەهەند"** دابەش بکەین، دەبێ گیدێنز لە دەستەی دووهەمدا جێ بکەینەوە. بەبڕوای ئەو خوێندنەوەی ئابووریی بەتەنیای بەجیهانیبوون خوێندنەوەیەکی ساویلکانەیە و پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا بەجیهانیبوون وەك دیاردەیەکی نائابووری سەیر بکەین. بە گوتەیەکی تر لەنێوان دوو خوێندنەوەی گشتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی-سیاسی لە بەجیهانیبووندا، گیدێنز و دەڤید هێڵد وەك دوو سەرقەتاری بەرخەستەی خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی-سیاسی، بەجیهانیبوون بۆ دیاردەیەکی ئابووریی پەتی دانابەزێنن. لەبەر ئەوە واتای بەجیهانیبوون لەلای گیدێنز لەگەڵ واتا ئابووری و ژوورنالیستییەکەی و تەنانەت واتای بەجیهانیبوون لەڕوانگەی زۆربەی گەورەکانی هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاوازە و واتایەکی گەلێك قەبە و فراوانی هەیە.

هەندێ خاڵ و تەوەرەری سەرنجڕاکێش و گرنگ لە بەشە جیاوازەکانی هەر ئەم کتێبەدا لەم بارەیەوە باسکراوە کە لێرەدا دووپات نابنەوە و تەنیا ئاماژە بەو شتانە دەکرێت کە لە کتێبەکەدا بەردەست ناکەون.

بەبۆچوونی گیدێنز کورتترین پێناسە کە بشێ بۆ بەجیهانیبوون بکرێت بەم شێوەیەیە:



"پرۆسەی بەردەوام پێك بەستەتر بوونی ئێمە". هەر لەم پێناسە کورتەوە دەردەکەوێ کە گیدێنز وەك گرووپەکەی تر بەجیهانیبوون تەنیا بە خۆراواییبوون، وەبەر هەژمۆنیی جیهانی گەشەکردوو کەوتن، بە ئەمریکاییبوون، توانەوە لە ئابووریی جیهانی و بازاڕی ئازاددا یان بیچمگرتنی دامەزراوە جیهانییەکان و پەیوەندییە جیهانییەکان، نازانێت. زۆر لە بیرمەندان و ئەو گرووپانەی روانینێکی نیگەتیڤیان بۆ بەجیهانیبوون هەیە، بەکردەوە پێناسەگەلێکی تاکرەهەندیان بۆ بەجیهانیبوون لەمێشکدا هەیە. بەجیهانیبوون بۆ گیدێنز تەنیا کەڵکەڵەی تایبەتی تیۆریسازە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکوو کۆمەڵێك پرۆسەیە کە بمانەوێ و نەمانەوێ لەڕاستیدا کار دەکاتە سەر "تەواوی" مرۆڤەکان و کاریگەرییەکەی لەژیانی رۆژانەی ئەواندا نکۆڵی لێناکرێت، چ لە فلانە گوندی ئەفغانستان بێت چ لە نیویۆرك.

لە پێناسەی گیدێنزدا بۆ بەجیهانیبوون، دامەزراوە نوێیەکان رۆڵێکی سەرتریان هەیە. ئەو بەجیهانیبوون بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەر رۆژەو ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵك لە دۆخێکدا بژین کە لەوێدا دامەزراوە نوێ و "لەجێ هەڵکەندراوەکان"[١٦] لایەنە بنچینەییەکانی ژیانی رۆژانە رێکدەخەن . تایبەتمەندیی ئەم دامەزراوە نوێیانە ئەوەیە کە رەوتە لۆکاڵییەکان بە پەیوەندییە خیەانییەکانەوە دەلکێنێت.

دەشێ بگوترێ وێناکردنی گیدێنز لە بەجیهانیبوون تا رادەیەك "پۆزێتیڤە".

گرنگترین رەخنەیەك کە ئاراستەی بەجیهانیبوون دەکرێت نایەکسانکردنی پەرەستێنە، لەحاڵێکدا گیدێنز بەجیهانیبوون بە پرۆسەیەکی یەکسانساز دەزانێت لە جیهانێکی نایەکساندا. بەبڕوای گیدێنز بزاڤی دژەجیهانیبوونیش

١٦ . disembedded

بەرەنجامی بەجیهانیبوونە و خۆی یارمەتیی دادگەریی جیهانی دەدات (بەبۆچوونی گیدێنز باشترە ناوی ئەم بزاڤە بگۆڕدرێت بۆ ناوی بزاڤی دادگەریی جیهانی). گیدێنز، بەجیهانیبوون بە "کۆلۆنیالیزمی پێچەوانە"[17] ناودێر دەکات کە زاراوەیەکی زۆر راشکاوانەیە. ئەو باوەڕی وایە کە بەجیهانیبوون ئەو دەرفەت و توانستە دەدات بە گرووپ و نەتەوە چەوساوەکان کە باشتر بەشوێن ئامانجەکانیان بکەون.

بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونەکانی گیدێنز سەبارەت بە بەجیهانیبوون، پێویستە شیکردنەوەیەکی زیاتر سەبارەت بە روانینی ئەو بۆ پرۆسەی مودێرنیزاسیۆن بکەم. بەبڕوای ئەو تۆوەکانی بەجیهانیبوون بە ئاوی مۆدێرنیتە پێدەگەن. بەجیهانیبوون بەلای ئەوەوە رووداوێکی تازە نییە لە مێژوودا و وەك پرۆسەیەکی بەردەوام لە سەدەی هەژدەهەمەوە لە ئەورووپا بەڕێوە بووە. بەگوتەیەکی تر پرۆسەی بەجیهانیبوون لە سەرەتای بیچمگرتنی مودێرنیتەوە بیچم دەگرێ و وەڕێدەکەوێت و لە دەیەکانی دواییدا تۆختر و خێراتر بۆتەوە.

بەبڕوای گیدێنز ئەو چوار کۆمەڵە بنچینەییەی مودێرنیتە (کە ئاماژەم پێکردن) هەر لە هەمان سەرەتاوە بەشێوەی جیهانی کاریان کردووە، بەڵام شۆڕشی تێکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان لە دەیەکانی دواییدا ئەم کۆمەڵە بنچینەییانەی جیهانیتر کردۆتەوە و بەجیهانیبوونی خێراتر کردووە، بەشێوەیەك کە ئەو سەردەمی بەجیهانیبوونی دووهەم کە لە دەیەی ١٩٦٠ بەملاوەیە، بە "سەردەمی جیهانی"[18] ناودێر دەکات و لەو پرۆسەی بەجیهانیبوونەی لەسەدەی هەژدەهەمەوە تا ئێستا بەڕێوەیە جیای دەکاتەوە. "سەردەمی جیهانی"ی گیدێنز لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ "بەجیهانیبوونی فرە"ی دێڤید هێڵدا هەیە.

١٧ . reverse colonialism

١٨ . Global era



گیدێنز هەوڵدەدات تیۆرییەکی دینامیك و مێژوویی پێشکەش بکات و لەم ئاراستەیەدا کەڵك لە تاکتیکێکی تایبەت وەردەگرێت. ئەم تاکتیکە زیاتر لەدەوری چەمکێکی کلیلیی تری گیدێنز لەژێر ناوی "مەوداگرتنی کاتی-فەزایی"[19] بیچم دەگرێت. گیدێنز لەم چەمکە زیاتر بۆ شیکردنەوەی ئەم دوو شتە کەڵك وەردەگرێت: یەکەم، جووڵەی مێژوویی کۆمەڵگەکان لە نەریتییەوە بەرەو مودێرن و دووهەم: رۆڵێك کە بەجیهانیبوون لەخێراترکردنی پرۆسەی مودێرنیزاسیۆندا دەیگێڕێت. بۆ روونتربوونەوەی باسەکە بەکورتی چەمکی مەوداگرتنی کاتی-فەزایی شیدەکەینەوە و ئەوە دەردەخەین کە چلۆن گیدێنز لەم چەمکە بۆ شیکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە باسکران سوود وەردەگرێت.

کۆمەڵگە نەریتی یان پێشمودێرنەکان لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کە لە کات و فەزادا جێیان گرتووە، دامەزراون. بۆ وێنە تێگەیشتنی جوتیارێك لە کۆمەڵگەی نەریتیدا بەپێی پشت بەستن بە کشتوکاڵ، زیاتر بەپێی وەرزەکان بوو و کات لەلای ئەو بە "بازنەیی"[20] و "لۆکاڵی" مانا دەکراوە. جگە لەوەش دۆخ و هەلومەرجەکانی جووتیار زیاتر خوێنی بوو و لەکاتی لەدایکبووندا و جارێك و بۆ هەمیشە پێی دەبەخشرا و دەرفەتێکی کەم هەبوو بۆ گەشە و جووڵەی کۆمەڵایەتی. هەروەها زۆرینەی دانیشتوان لە کۆمەڵە بچووکە گوندی و ناوچەییەکاندا دەژیان و تێگەیشتنێکی بەرتەسکیان لە فەزا (چ جوگرافیایی و چ کۆمەڵایەتی) هەبوو. تەنانەت زۆرێك لە خاوەن زەوییەکان، رێگەیان لە گوندییە بندەستەکانیان بۆ گۆڕینی شوێنی خۆیان بۆ ئەوپەڕی سنوورەکانی کۆمەڵە تایبەتییەکەیان گرتبوو. ئاساییە کە ئەم

١٩ . time-space distanciation

٢٠ . cyclical

دانیشتوانە تێگەیشتنێکی کۆنکرێتیان سەبارەت بە فەزا هەبوو. بەپێی لێکدانەوەی گیدێنز ئەو جووتیارانە لە کۆمەڵی خۆماڵیی خۆیاندا چەقیون[21].

گیدێنز داهێنانی کاتژمێر بە هۆکارێکی گرنگ دەزانێت بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگەی نەریتی بەرەو مودێرن، چونکە کاتژمێر لەسەر بنەمای کاتی وەرزی نییە و لەسەر بنەمای کاتی کۆمەڵایەتی و دەستکرد کار دەکات. ئەو وێنایە لە کات، "هێڵی"یە[22]، نەك بازنەی. بەم پێیە دەکرێ بۆ بەرنامەڕشتن سوودی لێوەربگیرێت، هەروەها ئەم کاتژمێرە ڕێگە دەدات پێوانی کات جیهانی بێتەوە و وەك کاتی نەریتی و سنووردار و لۆکاڵی پێناسە نەکرێت. کۆمەڵگە لۆکاڵە جیاوازەکان دەتوانن سوود لەم کاتە وەربگرن و لەم ڕێگەیەوە هەستی مەودای کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگەکان کەم دەبێتەوە.

لە ئێستادا چەمکی کات بەڕاستی جیهانییە و ئەم هەستە لە تاکەکاندا دروست دەکات کە دنیا بەرەو بچووکبوونەوە دەچێت. هەر کۆمەڵگەیەك دەتوانێت خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی تردا ڕێکبخات و ئەم بابەتە مەوداکان کەمتر دەردەخات. بەم پێیە بەو شێوەیەی کە ئاماژە کرا پرۆسەی مودێرنیزاسیۆن، تاك و کۆمەڵە نەریتییەکانی لەم پێناسە بەرتەسکەی کات و شوێن دەرکێشا. بەگشتی گیدێنز پێیوایە مودێرنیتە و مودێرنیزاسیۆن لەسەر بنەمای پرۆسەیەك بونیاد نراون کە تێگەیشتنی بەرتەسك و کۆنکرێتی بۆ فەزا و کات گۆڕیوە و هانیدەدات بۆلای جۆرێك "کات و شوێنی جیهانی". گیدێنز ئەمە بە کلیلی "پروسەیلەجێهەڵکەندراوی"[23] دەزانێت.

٢١. embedded

٢٢. liner

٢٣ . disembedding process



خەڵك لە جیهانی مودێرندا لەژێر کاریگەریی پرۆسەی لەجێهەڵکەندراویدا لە شوێن و کاتی بەرتەسك و لۆکاڵ هەڵدەکەندرێن و دەردەچن و جیهانیتر دەبنەوە.

بەبڕوای گیدێنز پرۆسەی "لەجیهەڵکەندراوی" دوو جۆرە سازوکاری گەورەی هەیە:

١. نیشانەگەلی سیمبۆلیك[24] .

٢. سیستەمە پسپۆڕییەکان[25] .

باشترین نموونە بۆ نیشانە سیمبۆلیکەکان، "پارە"یە. گیدێنزیش هەروەك زیمێل، پارە بە گرنگترین هۆکاری لەجێهەڵکەندراوی دەزانێت. لە کۆمەڵگە نەریتییەکان و فیۆدالییەکاندا گرنگترین فاکتەری ئابووری، بازارە لۆکاڵییەکان و ئابووریی "ئاڵوێری شت لەبەرانبەر شت" بوون، ئەو بازاڕانەش زۆرجاران تەنیا بە تەواوکەرێك بۆ چالاکییە سەرەکی و پێویستەکانی خێزانە خۆژیێنە وەرزێڕەکان دادەنران.

وەرزێڕەکان لەپاش ئەوەی کرێی خاوەن زەوییەکەیان دەدا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی پێویستییەکانی ژیانی خۆیان دەبوون. جاری وا هەبوو ئەو خێزانانە دەیانتوانی کرێکەیان بەشێوەی ئاژەڵ، بەرهەم یان هێزی کار بدەن بە خاوەن زەوییەکە. بەم پێیە پارە بۆ ئەو خێزانانە بایەخێکی کەمی هەبوو، چونکە ئاڵوێری ئابووری لەسەر بنەمای نرخە لۆکاڵییەکان بوو، بەڵام لەژێر کاریگەریی پرۆسەی مودێرنیزاسیۆندا ئەو چەشنە لۆکاڵییانە وردە وردە لەناو چوون و چەشنێکی ئاڵوێری جیهانی جێگەی گرتەوە: پارە. پارە جۆرەکانی ئاڵوێری لۆکاڵی و تایبەتیی کردە گشتی و هەمەلایەنە. پارە هەروەها ئەم دەرفەتە دەخاتە بەردەستی تاکەکان کە لە بەستێنە لۆکاڵەکەی خۆیانەوە بچن بۆ

٢٤. symbolic tokns

٢٥. expert systems

بەستێنگەلی تر و لەم لایەنەوە دەتوانن بناغەی هەندێ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە درێژەی کات و شوێندا دابڕێژن. پارەش هەروەك کاتژمێر دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بکەین جیهان خەریکە بچووك دەبێتەوە. بەجیهانیبوون، ئەو پرۆسەیە کە بە مودێرنیتەوە دەستی پێکرد، خێراتر دەکات. بۆوێنە مودێرنیزاسیۆن بووە هۆی دەرکەوتنی "دراوی نیشتمانی" و جیاوازییە ناوچەییەکانی لە سنوورە نەتەوەییەکاندا کۆتایی پێهێنا، لەحاڵێکدا کە بەجیهانیبوون کۆتایی بە جیاوازیی نێوان دراوە نیشتمانییەکان دێنێت. بۆ وێنە کارتە قیمەتییەکان لە هەموو دنیا سوودیان لێوەردەگیرێت یاخود هەموو ئەورووپا یۆرۆ بەکار دەهێنن.

بەبۆچوونی گیدێنز سیستەمە پسپۆڕییەکان بە دووهەمین سازوکاری "لەجێهەڵکەندراوی" هەژمار دەکرێن. ئەو سیستەمانە لە ئەنجامی شۆڕشە زانستییەکان و گەشەی زانستی تێکنیکی و پسپۆڕی بوونەوە سەریان هەڵدا. سیستەمە پسپۆڕییەکان لەسەر بنەمای بیچمە هەمەلایەنە و زانستییەکانی زانست بیچم دەگرن و لەبەر ئەوە زۆر بە ئاخێزگەکەی خۆیانەوە نەبەستراونەتەوە و دەتوانن هەندێ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە مەوداگەلی گەورەی کاتی و شوێنیدا بەدی بهێنن. هەروەها هەروەك چۆن ئەم سیستەمە پسپۆڕییانە دەبنە هۆی پێشکەوتنی ئەو پسپۆڕییە و پسپۆرەکانی خۆیان، لەنێوان پسپۆڕان و کڕیارەکانی خۆیاندا، مەودای کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن و وردەوردە زیاتری دەکەن. یەکێك لە نموونە باشەکانی ئەم سیستەمە پسپۆڕییانە، "مۆدێلی مودێرنی تەندروستی و دەرمانە". ئەم مۆدێلە لەسەر بناغەی جۆرێك زانستی جیهانی دامەزراوە و لەئێستادا لەئاستی جیهاندا زاڵ بووە، تا جێیەك کە مۆدێلە دەرمانییەکانی تر (وەك پزیشکیی گیایی) زۆرجار گاڵتەی پێدەکرێت و بە "پزیشکیی زاپاس" ناودێر دەکرێت.



بەبڕوای گیدێنز کۆمەڵگە مودێرنەکان "متمانە"[٢٦] یان بەم سیستەمە پسپۆڕییانە هەیە و پێیان پشت ئەستوورن و ئەمە بەو مانایەیە کە "متمانە کلیلی پەیوەندیی نێوان تاك و سیستەمە پسپۆڕییەکانە لە کۆمەڵگەی مودێرندا. لەڕاستیدا "متمانە" لە چەمکە کلیلییەکانی هزری گیدێنزە و تەنانەت لەم کتێبەشدا لەگۆشە و کەناردا دەتوانرێ ئاماژەگەلێك بەم چەمکە دەست بکەوێت. "متمانە" لەچاوی گیدێنزدا هەمان ئەو شتەیە کە کۆمەڵگە مودێرنەکان بە یەکپارچەیی دێڵێتەوە. "متمانە" جۆرێك لە بوێرییە. بەبڕوای گیدێنز ئەوەیکە مرۆڤەکان چلۆن متمانە دەکەن و چی روودەدا کە متمانە دەکەن و ئەوەیکە متمانەکردن چۆن کەم و زیاد دەبێت، لە کۆی ئەو باسە گرنگانەن کە تا ئێستا بێوەڵام ماونەتەوە. گیدێنز لەو بڕوایەدایە کە هەرکات "متمانە کردن" کز بێت تاك و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە جۆرێك لە "نائاسوودەیی وجوودی" ئەزموون دەکەن.

گوتمان گیدێنز بەجیهانیبوون بە پتەوکەرەوەی مودێرنیتە دەزانێت، بەم حاڵە ئەو بە بەردەنگەکانی وتارەکەی خۆی لە BBC لەساڵی ١٩٩٩ گوت کە بەجیهانیبوون هەم دیاردەیەکی نوێیە و هەم شۆڕشگێڕانە. ئەو مودێرنیتە بە "گەردوونەی مەزن" ناودێر دەکات و بەجیهانیبوون بە "گەردوونەی لەدەست دەرچوو "runaway juggerment"، گەردوونەیەك کە هەرکەسێك بەرەنگاری بێتەوە تێدەشکێت(١٩٩٠). ئەم ترێلەیە بەرەڵدا بووە بەرەوە پێشەوە غار دەدات و ئیتر هیچکەسێك توانای بەرەنگاری و بەرەڵستبوونەوەی نییە ("گەردوونەی تێکشکێنەر" لە باوەرەکانی هیندییەکانی کۆن وەرگیراوە. ئەم

٢٦ . trust

گەردوونەیە "بت"ی هەڵدەگرت و لەحاڵێکدا کە هیندییەکان بەوپەڕی حەزەوە لێی نزیك دەبوونەوە لە ژێر تەگەرەکانیدا پان دەبوونەوە.).

هەر ئەم نموونەهێنانەوەیە ئەوە دەردەخات کە بەبڕوای گیدێنز بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی دژەۆنە و نایەکسانە و لیپاولیپە لە مەترسی و دەرفەت. بەجیهانیبوون بەبۆچوونی ئەو پێکهاتەیەکە لە دڵەڕاوکە و رزگاری و ئاوێتەیەك لە ئازادییەکان (بۆوێنە بۆ ژنان) و نەبوونی دڵنیاییە, وەك قەیرانی ناسنامە). بۆ دەربڕینی نموونەیەك لەم تایبەتمەندییە دژەۆنەی بەجیهانیبوون دەتوانرێ ئاماژە بە کاریگەریی بەجیهانیبوون لەسەر دەوڵەت-نەتەوەکان بکرێت. لەڕوانگەی گیدێنزدا بەجیهانیبوون پرۆسەیەکە کە هەم گوشار دەخاتە سەر کۆمەڵگە لۆکاڵ و دەوڵەت-نەتەوەکان و هەم ئازادتریشیان دەکات. بۆوێنە ڕێکخراوە سیاسییە بان نەتەوەییەکان هەندێ لە توانا و دەسەڵاتەکانی دەوڵەت-نەتەوەکانیان کەمکردۆتەوە. باشترین رستە بۆ دەربڕینی ئەم خاڵە، دانێل بێل کۆمەڵناسی بەناوبانگی هاوچەرخ کردوویەتی: "دەوڵەت-نەتەوەکان لەوە گەورەتر بوونەتەوە کە تەنیا کێشە بچووکەکان چارەسەر بکەن و لەوەش بچووکتر بوونەتەوە کە کێشە گەورەکان چارەسەر بکەن، "لە بەرانبەردا لەژێر کاریگەریی بەجیهانیبووندا هەندێ باوەڕ و بهەای کولتووریش ئەم دەرفەتەیان دەستکەوتووە کە جیهانی ببنەوە و زیاتر دەرکەون، لەحاڵێکدا پێشتر نەیاندەتوانی. لەبەرانبەردا هەندێ لە تاك و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان واهەست دەکەن ئەم بەجیهانیبوونە دەبێتە هۆی لاوازی و هەرەسهێنانی باوەرە کولتوورییەکان و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانیان. بەم پێیە هەندێجار تەنانەت "بە توندوتیژی" بەرەنگاری دەبنەوە (وەك بزووتنەوە فەندەمێنتاڵە ئایینییەکان لە دوو دەیەی دواییدا). بەجیهانیبوون هەندێجاریش هەندێ دەرفەتی نوێ دەخاتە خزمەت گرووپە لۆکاڵییەکانەوە و هەلی گەلاڵەی خواستگەلی نوێ دەرەخسێنێت. هەندێ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە سوود وەرگرتنن هەر لەم دەرفەتانە



پێکهاتوون. شۆڕشە رەنگییەکانی ئەم دواییانە لەوانن، کەواتە بەبۆچوونی گیدێنز بەجیهانیبوون هەم گوشار دەخاتە سەر کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان و دەوڵەت-نەتەوەکان و هەم هەندێ گوشاریشیان لەسەر لادەبات.

بەجیهانیبوون کار دەکاتە سەر" تاکەکان"یش، بەڵام خاڵێکی گرنگ کە گیدێنز ئاماژەی پێدەکات ئەوەیە کە بەجیهانیبوون تەنیا هێزێکی دەرەکی نییە کە کاریگەری دەکاتە سەرمان بەڵکوو ئێمەش تیایدا بەشدارین، هەروەها بەجیهانیبوون تەنیا کاریگەریی فرە و بەربلاو دانانێت بەڵکوو لە ژیانی رۆژانەی ئێمەدا ئامادەییەکی هەستپێکراوی هەیە.(١٩٩٤:٨٠). بەگوتەیەکی تر بەجیهانیبوون کار دەکاتە سەر ئێمە و ئێمەش رۆڵمان هەیە لە بەجیهانیبووندا. لێرەدا لێکچوونێکی زۆر لەنێوان تیۆریی بەجیهانیبوونی گیدێنز و تیۆریی بەجیهانیبوونی رابرستۆندا بەرچاو دەکەوێت. رابرستۆن ئەم تایبەتمەندییەی بەجیهانیبوونبەم شێوەیە دەردەبرێت: "گشتی کردنەوەی پاژ و پاژەکی کردنەوەی گشت".[٢٧]

لەم دێڕەدا مەبەست لە گشتی، جیهانییە و مەبەست لە پاژەکی، لۆکاڵییە. ئەم رستەیە بەم مانایەیە کە لە بەجیهانیبووندا بابەتە لۆکاڵی و بابەتە جیهانییەکان هەردووکیان لە پەیوەندییەکی دوولایەنە و دینامیکدا پێکەوە ئامادەن.

لەڕاستیدا گیدێنز دوو هۆکار لە بیچمگرتنی مودێرنیتەدا زەق دەکاتەوە: دەوڵەتی نەتەوەیی گەشەخوازی مودێرن و سیستەمی پیشەگەرای سەرمایەداری. یەانی مودێرن لە دەوڵەت-نەتەوەگەلێك پێکهاتووە کە لە تەرخانکردنی مەبەستداری سامانەکانی کۆمەڵگەدا رۆڵێکی بنەرەتی دەگێڕن. گیدێنز لەو باوەرەدایە کە دەوڵەت-نەتەوەکان یارمەتیی کۆمەڵگەی زانیاریش

٢٧ . Universalization of Particular and Particularization of Universal

دەدەن، چونکە شێوازە نوێیەکانی چاودێری و کۆنترۆڵی گشتگیر کامڵ دەکات.

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا بەبڕوای ئەو پرۆسەی مودێرنیزاسیۆن لەسەر چوار "کۆمەڵەی دامەزراوەیی"[28] وەستاوە: هێزی جێبەجێکاری-کارگێڕی[29]، هێزی سەربازی[30]، سەرمایەداری[31]، پیشەیی بوون[32]. ئەم کۆمەڵە دامەزراوەییانەی مودێرنیتە پەیوەندیی دوولایەنەیان پێکەوە هەیە و بۆوێنە دەوڵەت-نەتەوە پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ سەرمایەداری، سەربازیگەری و پیشەیی بووندا هەیە. بەبڕوای گیدێنز لە سەردەمی جیهانی پاش ١٩٦٠دا ئەم چوار کۆمەڵە دامەزراوەییە هاتوونەتە ناو قۆناغێکی ترەوە و تایبەتمەندیگەلێکی تازەیان پەیداکردووە.

لە قۆناغی مودێرنی سەرەتاییدا هێزی جێبەجێکاری-کارگێڕی(کۆمەڵەی دامەزراوەیی یەکەم) چاودێری گەشە و بالاکردنی دەوڵەت-نەتەوەی سیکۆلار بوو. ئەم بیچمە نوێیەی دەوڵەت لەسەر بناغەی شێوازی ئەقلانی و بڕۆکراتیکەکان و یاسا و دسیپلین دامەزرابوو و "ئەقلانیکردنی حوکمڕانی"[33]، دەرفەتی جڵەوگرتنی چۆنانە و بەربڵاوی خەڵکەکەی خۆی پێدەدا. سەرمایەداری و پیشەیی بوون (کۆمەڵەی دامەزراوەیی دووهەم و سێهەم) لە کۆمەڵگە مودێرنە سەرەتاییەکانیشدا لەگەڵ بیچمە نوێیەکانی بەرهەمهێنان لەسەر بناغەی کارگە و بەرهەمهێنانی پیشەیی لەپەیوەندیدا بوو. بیچمە نوێیەکانی

٢٨ . institutional complexes

٢٩. administrative power

٣٠. military power

٣١. capitalism

٣٢. industrialism

٣٣ . rationalization of administraton



وردبینیی ئابووری بە هەمان شێوەی بەرژەوەندیخوازی لە ئابووریی مودێرندا زاڵ بوو و جێگەی بیچمە نەریتییەکانی کە لەسەر بنەمای وەرزێڕی بوون، گرتەوە. هێزی سەربازی و سەربازیگەری (کۆمەڵەی دامەزراوەیی چوارەم) لە کۆمەڵگە مودێرنەکاندا لەسەر بنەمای تێکنۆلۆژیا و سوپا پسپۆڕییەکان بوو. پیشەیی بوونی جەنگ ڕێگەی بۆ دەوڵەت-نەتەوەکان دەدا کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لەگەڵ ئاڵۆزییە ناوخۆییەکان یان گرووپە ئەتنیکی و دەوڵەت و دەسەڵاتە زێدەخوازە دەرەکییەکان بەرەنگار ببنەوە.

ئێستاش لەپاش بەسەرکردنەوەی ئەو چوار کۆمەڵە دامەزراوەییەی مودێرنیتەی یەکەم، بەکورتی باسی بارودۆخی نوێی ئەم لایەنانە لە جیهانی بەجیهانیبوودا دەکەین و بەکورتی دەریدەخەین کە چۆن بەبۆچوونی گیدێنز ئەم چوار لایەنە دامەزراوەییەی مودێرنیتە لە سەردەمی جیهانیدا بەگوڕتر بوونەتەوە:

١. سەرمایەداری: لە مودێرنیتەی دوایین یان سەردەمی جیهانیدا، سیستەمێکی سەرمایەداریی جیهانی زاڵ بووە کە زیاتر لە ڕێگەی TNC[34]یەکانەوە یان هەمان کۆمپانیا بان نەتەوەییەکان پێکهاتووە. ئەم TNCیانە دەتوانن بە پشت بەستن بە داهات و سەرچاوەکانی خۆیان، سەربەست لە دەوڵەت-نەتەوەکان درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، بەتایبەت لە دەوڵەت-نەتەوە روولەگەشەکاندا ئەم TNCیانە دەتوانن ببن بە هێزی زاڵی ئابووری.

٢. پیشەیی بوون: لێرەدا گیدێنز پێداگری لەسەر گەشەIDOL[35] یان هەمان دابەشکردنی کاری نێونەتەوەیی لە سەردەمی جیهانیدا دەکات. لەم سەردەمەدا، پیشە لۆکاڵ و خۆماڵییەکان بەزۆری لە IDOL دا

٣٤ . Trans national Corporations

٣٥. International Division of Labour

دەتوێنەوە.زۆرێك لەو پیشانەی رۆژگارێك سەربەست لە یەكتری كاریان دەكرد، ئەمڕۆكە لە بازرگانیی كەرەستەی خاو و كەرەستەی سەرەتایی خۆیاندا پێكەوە كار دكەن. گۆڕانێكی كرنگی تر ئەوەیە كە پیشەیی بوون كەوتۆتە بازنەی "پیشە-خزمەتگوزاری" یەوە، ئەوەی ئەمڕۆ زۆر لەبارەی "پیشە-كولتوور" دەبیستین هەر لە كاریگەریی بەجیهانیبوون لەم كۆمەڵە دامەزراوەییانەدایە.

٣. هێزی جێبەجێكاری-كارگێڕی: گیدێنز لەم بەشەدا ئاماژە دەكات بە زیادبوونی هەندێ هێزی دەوڵەت-نەتەوەكان لە مودێرنیتەی دواییندا كە زۆرتر بەهۆی نێونەتەوەیی بوونییەوە روو لە زیادبوونە. لە سەردەمی جیهانیدا دەوڵەتەكان دەتوانن كەڵەكەكردنی زانست و hard were و لەڕێگەی بەشداریكردن، هێزی خۆیان بۆ چاودێری و كۆنترۆڵی خەڵكەكەی خۆیان و تەنانەت خەڵكی وڵاتانی تر بەرز بكەنەوە. پەرەسەندنی سیستەمە ئاسایشییە نوێیەكانیش لە دەرەنجامەكانی بەجیهانیبوون لە مودێرنیتەی دوایینداں.

٤. هێزی سەربازی: لێرەدا گیدێنز ئەنگوستی جەخت دەخاتە سەر سوودوەرگرتنی جار بەجار زیاتر لە هاوپەیمانێتی و یەكێتییە سەربازییەكان، بەشێوەیەكی هەستیار هێزی یەك بە یەكی ئەندامەكانی زیاد دەكات. نزیكترین نموونە بۆ بەجیهانیبوونی هێزی سەربازی، ئامادە بوونی هاوپەیمانییە سەربازییەكان لە جەنگەكانی ئەفغانستان و عیراق و هێرشی ناتۆ بۆ سەر یۆگۆسلاڤیا.

هەروەك دەركەوت بەجیهانیبوون و دەوری مودێرنیتەی دوایین بە سەردەمێكی تەواو جیاواز دانانێت و بە بەرهەمی پەرەسەندن و سەقامگیریی مودێرنیتەی دەزانی و ریشەییتر بوونەوەی ئەو چوار كۆمەڵە دامەزراوەییەی مودێرنیتە لە سەردەمی جیهانی و مودێرنیتەی دواییندا بەباشی نیشان دەدات.



## بەجیهانیبوون و هزرینەوە

بەبڕوای گیدێنز هەر قۆناغێكی مودێرنیتە (سەرەتایی و دوایین) لەسەر هزرینەوەیەكی مرۆیی دامەزراوە. بەگوتەیەكی تر یەكێكی تر لە مەرجەكانی كۆمەڵگەی مودێرن ئەمەیە كە تاكەكان لەلای خۆیان بڕیار بدەن و هەڵبژێرن. لە كۆمەڵگە مودێرنەكاندا دەبێ ئەم هەڵبژاردنانە بەشێوەیەكی ئاوەزمەندانە و سیكۆلار ئەنجام بدرێن، واتە مودێرنیتە دەبێتە هۆی ئەوەی نەریت، ئایین، ئیرادەی یەزدان و قەدەری خوداوەندی كەمتر ببنە پێودانگ و پاڵپشتی بڕیار و هەڵبژاردن، لەحاڵێكدا لە كۆمەڵگە نەریتییەكاندا هەر ئەم هۆكارانە زۆر دیاریكە بوون. پێویستە ئاماژە بكرێت كە بەبۆچوونی گیدێنز ئەو هزرینەوەیەی لەگەڵ مودێرنیتە سەریهەڵداوە لەگەڵ ئەو هزرینەوەیەی لە زاتی كرداری مرۆییدا هەیە و هەمیشە هەبووە جیاوازە. هزرینەوەی مودێرن ئاماژە بۆ جۆرێك تاوتوێكردنی جیدی و هەمیشەیی لەبەر تیسكی زانست و زانیاریی نوێدا دەكات (٢٠:١٩٩١) لەحاڵێكدا هەر ئەم هزرینەوەی مودێرنە لە مودێرنیتەی سەرەتاییدا جیاوازە و لە مودێرنیتەی دوایینـدا گرنگی و دەركەوتێكی لەڕادەبەدەر پەیدا دەكات، بەشێوەیەك كە گیدێنز مودێرنیتەی یەكەم بە "مودێرنیزاسیۆنی ساكار"[٣٦] و مودێرنیتەی دوایین بە "مودێرنیزاسیۆنی رێفلێكسیڤ"[٣٧] ناودێر دەكات و بەجیهانیبوون بە هەم هۆكار و هەم بەرەنجامی ئەم گۆڕانكارییە دەزانێت (٤٢:١٩٩٤).

یەكێك لە ئەنجامەكانی ئەم هزرینەوە تۆخە لە كۆمەڵگەی مودێرنی دواییندا ئەمەیە كە ریسكەكان، نادڵنیاییەكان و ئەو مەترسییانەی مرۆڤی مودێرن گیرۆدەیان بووە لەگەڵ ریسكەكانی بەردەم مرۆڤ لە كۆمەڵگەی پێشمودێرنەكاندا

٣٦ . simple modernization

٣٧ . reflexive modernization

جیاوازە. لەچاوی گیدێنزدا کۆمەڵگە مودێرن مەترسیدارتر نییە لە کۆمەڵگەی نەریتی بەڵام چییەتیی مەترسییەکانی جیاوازن. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، ریسکەکان زیاتر "سروشتی" بوون و هەندێ شتی وەك " لافاو، دارِمانی شاخ و بوومەلەرزە و نەخۆشی و ..." دەگرتەوە، بەڵام مرۆڤی مودێرن گیرۆدەی مەترسییە دەستکرد و ساختەکانی خۆی بووە. گیدێنز لێرەدا سوود لە چەمکی "کۆمەڵگەی ترس لێداو"ی ئۆلریش بێك وەردەگرێت. لەڕاستیدا ئۆلریش بێك و گیدێنز پەیوەندییەکی فکری و تیۆریی زۆریان پێکەوە هەیە و ئەندێشەکانیان لێك نزیکن، هەتا شوێنێك کە گیدێنز لە یەکێك لە وتوێژەکانی خۆیدا دان بەوەدا دەنێت کە بەدروستی نازانێ هەندێ لە چەمکەکانی خۆی دایەێناون یان ئۆلریش بێك. بەهەرحاڵ گیدێنز بە سوود وەرگرتن لە چەمکی کۆمەڵگەی ترس لێداو یان کۆمەڵگەی ریسك -ی ئۆلریش بێك، قسە لەسەر "کولتووری ترس لێدراو"[38] دەکات. بەبڕوای گیدێنز مرۆڤی مودێرن تووشی جۆرێك لە "نادڵنیایی دەستکرد"[39] بووە و لە ئەنجامی ئەوەدا مودێرنیتە بۆتە کولتوورێکی ترس لێدراو. لەڕوانگەی ئەودا مرۆڤی مودێرن هەمیشە لەبەردەم هەموو چەشنە "شۆکی کولتووری"[40] دایە، لەڕووداوی ١١ی سیپتەمبەرەوە بگرە هەتا سارس و سۆنامیی باشووری ئاسیا، کەواتە گیدێنز پێیوایە بەجیهانیبوون لەگەڵ ئەوەدا کە "پرۆسەیەکی لەجیەهڵکەن"ە[41] خۆی ریسکێکیشە و ئەمە یەکێك لەو پێنج حاڵەتەیە کە گیدێنز بەناوی **"دووانە پێنجینەکانی مودێرنیتەی دوایین"**[42] **ناودێری**

---

٣٨ . risk culture

٣٩ . manufactured uncertainty

٤٠ . culture shock

٤١. disembedding process

٤٢ . the five dilemmas of late modernity



**دەکات**. بەجیهانیبوون، ناسنامەی کەسانە و کۆمەڵایەتی، بەوجۆرەی ئەو ***دووانانە*** لێکیان دەدەنەوە دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

## سیاسەت لە سەردەمی بەجیهانیبووندا

لە سەردەمی جیهانیدا بەبڕوای گیدێنز، سیاسەتی کۆنی لەسەر بنەمای چەپ و راست خەریکە دەسوێت، لەبەر ئەوەی ئەو سیاسەتە کۆنە لەسەر بناغەی هەندێ لە "نەریتەکان" بونیاد نراوە کە واهەست دەکرێ بەجیهانیبوون لە هەوڵی سڕینەوەیاندایە. مودێرنیتە لە قۆناغی یەکەمی خۆیدا (مودێرنیتەی سەرەتایی) نەریتە تایبەتییەکانی خۆی دامەزراند. ئەم نەریتانە زیاتر لەسەر بناغەی گرووپە پیشەییەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتبوو. بەم پێیە نەریتە سیاسییە پارێزکارانە و لیبرالیستی و سۆسیالیستییەکان یەکێك لە پاژە زەرووریەکانی مودێرنیتەی سەرەتایی بوون و لەپێکهاتەی ئەوانەوە چەمکەکانی چەپ و راست لە سیاسەتدا بیچمیان گرت، بەڵام بەجیهانیبوون و مودێرنیتەی دوایین ئەم نەریتانەی بردە ژێر پرسیار و هزرینەوەی تۆخکراوەوە و خێرایی زۆری بەجیهانیبوون ئەم نەریتانەی دارِزاند. گیدێنز لەو برِوایەدایە کە بەجیهانیبوون، مرۆڤەکانی مودێرنیتەی دوایینی تووشی چوار کۆمەڵەی مەترسی (ریسك)ی سیاسی دەکات، هەرکام لەو چوار کۆمەڵە مەترسییە پەیوەندییان بە یەکێك لە چوار کۆمەڵەی دامەزراوەیی مودێرنیتەوە هەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن. ئەو ئەم مەترسییانە بە "چوار لایەنی خراپی بەجیهانیبوون"[43] ناو دەبات کە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك لە نایەکسانی و کێشەکان لە ئاستی جیهانیدا. ئەم مەترسییانە لە هەمان ئەو چوار بوارەدا کە قسەمان لەسەر کردن بریتین لە:

---

٤٣ . four Global Bads

١. جەمسەریکردنەوەی ئابووری کە پەیوەندیی بە "سەرمایەداری"یەوە هەیە.
٢. هەرەشەکانی سەر ژینگە کە پەیوەندی بە "پیشەیی بوون"ەوە هەیە.
٣. پێشێلکردنی مافە دیموکراتیکەکان کە لە "دەوڵەت-نەتەوە"کاندا روودەدەن.
٤. ئەگەری روودانی شەڕ لە ئاستی بەربلاو یان ئەتۆمیدا کە پەیوەندیی بە "هێزی سەربازی"یەوە هەیە. ئەو مەترسییە شیمانەکراوانە رەوتە تاریکەکانی سەردەمی مودێرنی دوایین دەردەخەن، بەم پێیە گیدێنز لەپاڵ ئاماژە بە لایەن و دەرەنجامە پۆزتیڤەکانی بەجیهانیبوون، راستییە جیهانییەکانیشی بەلاوە گرنگە. ئەو بەگشتی، بەجیهانیبوون لە درێژماوەدا بە پرۆسەیەکی یەکسانساز دەزانێت، بەڵام هیچ لەوە نابوێرێت، دان بەوەدا بنێت کە هەژاریی جیهانی لە ئاستێکی ترسناکدایە و ملیۆنەها کەس لە جیهاندا لە مافە دیموکراتیکەکان بێبەشن.

گیدێنز مەترسییەکانی مودێرنیتە بە نکۆڵیهەڵنەگر نازانێت و لەو بڕوایەدایە کە بۆ چارەسەری هەرکام لەو لایەنە خراپانە دەکرێ رێکار پێشنیار بکرێت. بەشێوەیەك کە بزووتنەوەی کرێکاری لەبەرانبەر سەرمایەداریی بێکۆنترۆڵدا، بزووتنەوەی دیموکراتیك لەبەرانبەر دەسەڵاتخوازی و پێشێلکردنی مافە دیموکراتیکەکاندا، بزووتنەوەی ئاشتەوایی لەبەرانبەر سەربازیگەری و بزووتنەوەی سەوز و ژینگە لەبەرانبەر وێرانکردنی ژینگەدا، بەرەنگاری دەکات. بەبڕوای گیدێنز بەجیهانیبوون و چوار لایەنە خراپەکەی بەرنامەیەکی سیاسیی نوێی دەوێ کە لەوێدا ئیتر راست و چەپی نەریتی پەراوێز خرابن. ئەم بەرنامە سیاسییە نوێیە "چوار شۆڕشی کۆمەڵایەتی"[٤٤] دەگرێتە خۆی. ئەم چوار شۆڕشە

٤٤ . the four social revolutions



کۆمەڵایەتییەش لەگەڵ ئەو چوار کۆمەڵە دامەزراوەییەی مودێرنیتە و چوار لایەنە خراپەکەی لەپەیوەندیدان و بریتین لە:
١. ئابووریی پاش دەگمەنی[٤٥]
٢. سروشتی بە مرۆییکراو[٤٦]
٣. دیموکراسیی گفتوگۆیی[٤٧]
٤. هێزی رێککەوتوو[٤٨]

کە بەدوای یەکدا لەگەڵ: ١. سەرمایەداری، ٢. پیشەیی بوون، ٣. دەوڵەت-نەتەوە، ٤. سەربازیگەری، لەپەیوەندیدان.

بەم پێیە بەجیهانیبوون لەپاڵ دروستکردنی ئەو مەترسییانەی باسکران، هەندێ دەرفەتیش دەرەخسێنێت. هەر لەبەر ئەوەیە کە هەندێ گرووپ خەسار لە بەجیهانیبوون دەبینن و هەندێکی تریش سوودی لێدەبینن (هەروەك دەبینن روخسارەی ترس و هیوای بەجیهانیبوون لەگەڵ روخسارەی شەوق و فەناوونی چیرۆکی گەردوونەی بێکۆنترۆڵی ئەفسانە هیندییەکان هاوئاراستەیە.) بەجیهانیبوون بۆ هەندێ لە گرووپە کۆمەڵایەتی و نەریتییەکان و کولتوورییەکان، هەڕەشەیە و بۆ هەندێکی تر دەرفەت، لەبەر ئەوە زۆر گرووپی کۆمەڵایەتی بەرەهەڵستی دەبنەوە هەندێ لە دەوڵەت-نەتەوەکان و کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان لەبەرانبەر کولتوورە جیهانییەکان بەرەهەڵست دەبنەوە، لەحاڵێکدا ژمارەیەکی تر بەرەوپیری بەجیهانیبوون دەچن و بە دەرفەتێکی دەزانن بۆ سازدانی "نەریت"ە نوێیەکان. گیدێنز ئەم نەریتە نوێیانە بە "نەریتە

٤٥. Post-scarcity economy

٤٦. humanized nuture

٤٧. dialogic democracy

٤٨. negotiated power

داهێنەرانەکان"[49] ناودێر دەکات(خودی گیدێنز لەم سەردەمی جیهانییەدا نەریتی داهێنەرانەی "ڕێگەی سێهەم" پێشنیار دەکات).

هەڵبەت لە سەردەمی جیهانیدا بەهۆی ئەو ڕیفلێکسیڤیتە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە هەموو نەریت و ئایدیۆلۆژیاکان دەبێ بەشێوەیەك جێمتمانەیی و ڕەسەنایەتی و کارامەیی خۆیان بسەلمێنن، چونکە هەروەك ئاماژەمان پێکرد هزینەوەی کۆمەڵایەتی بەم مانایەیە کە مرۆڤەکان لە مودێرنیتەی دواییندا هەمیشە گریمانە سەرەتاییەکان و جێ باوەڕبوونی باوەڕەکان و ئایدیۆلۆژیاکان و سیستەمە بیروباوەڕییەکان دەخەنە ژێر پرسیار.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا، سەرەتا هێندێك لەو تەوەرانەی تر کە گیدێنز لە درێژەی باسی بەجیهانیبووندا گەڵاڵەیان دەکات، دەخوێنینەوە: بەبڕوای گیدێنز پەرەسەندنی بەجیهانیبوون، پەرەسەندنی دیموکراتیزاسیۆن بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە ئیتر لە جیهانێکدا کە ئاوا بارستاییەکی مەزن لە زانیاری لەئارادا هەیە، دەوڵەتەکان ناتوانن وەك خەڵکانێکی دەستەوەستاو لەگەڵ خەڵکی خۆیاندا مامەڵە بکەن.

خاڵی شایانی سەرنج لێرەدایە کە لەم سەردەمە جیهانییەدا لەحاڵێکدا کە دیموکراسی لەئاستی جیهاندا خەریکە پەرە دەستێنێت، شاهیدی دەرکەوتنی کیشەکانی دیموکراسی (وەك بێدەربەستیی سیاسی) لەوڵاتانی سەرچاوەگەی (دیموکراسی)داین. یەکێکی تر لە بەرەنجامەکانی بەجیهانیبوون بەبۆچوونی گیدێنز پەرەسەندنی بازرگانیی مادە سڕکەرەکان و سپیکردنەوەی پارە لەلایەن تۆرە نێودەوڵەتییەکانەوەیە. ئەو "تیرۆریزمی نوێش"[50] بە یەکێك لە فاکتەرەکانی سەردەمی جیهانی دەزانێت و پێیوایە جۆری ڕێکخستنی ئەم

٤٩ . invented tradition

٥٠. New terrorism



تیرۆریزمە و ئاستی ئامانج و خواستەکانیان دەرهاویشتەی ئەم سەردەمە جیهانییەیە.

ڕۆڵی ئەمریکا لە بەجیهانیبووندا بەبۆچوونی گیدێنز دوورە لەو زێدەڕۆییانەی تیۆرییە ڕکابەرەکانەوە. ئەو ئەمریکا بە ئیمپراتۆری نازانێت و لەسەر ئەو رایەیە کە لەنێوان سێ تایبەتمەندیی زاڵێتیی سەربازی و ئابووری و کولتووریدا کە لە ئیمپراتۆرییەك دەبێ هەبێت، ئەمریکا تەنیا یەکەمیانی هەیە.

تەوەری بەجیهانیبوونی لە سەرەوەش لەڕێژەی باسەکانی تری گیدێنزە لە بواری بەجیهانیبووندا. چەمکی "پێکبەستەیی جێگۆڕکێ هەڵگر"یش لەو چەمکە سەرنجڕاکێشانەیە کە لەم کتێبەشدا ئاماژەی پێکراوە، لەبەر ئەوە لە شیکردنەوەی ئەم دوو تەوەرە لێرەدا چاوپۆشی دەکەین. لەڕوانگەی گیدێنزدا پەیوەندییەکان، تێکنۆلۆژیای زانیاری، تێکنۆلۆژیای پەیوەندی، ڕاگەیەنەرە گشتی و بان نەتەوەییەکان و هۆیەکانی گواستنەوە لە فڕۆکەوە بگرە هەتا ئۆتۆمبێلیش لە تەوەری بەجیهانیبووندا بایەخێکی لەڕادەبەدەریان هەیە و لەم کتێبەشدا تاڕادەیەك ئاماژەیان پێکراوە.

بەگشتی بەڕای گیدێنز سێ کاریگەریی گەورەی بەجیهانیبوون بریتین لە:

یەکەم، پێکبەستەیی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕوولەزیادبوونی خەڵکی جیهان. دووهەم، گۆڕانکاری و پێشکەوتنە تێکنۆلۆژیکەکان و سێهەم، ئەم خاڵە کە لە سەردەمی جیهانیدا ژیانی ئێمە زیاتر لە داهاتوویەکی بەشداریخوازانەدا مانا پەیدا دەکات بەجێی ئەوەی زیاتر لە ژێر کاریگەریی رابردوو و نەریتەکاندا بێت. تەوەری بەجیهانیبوون لە هزری گیدێنزدا هەندێ باسی تریش لەخۆدەگرێت، بەڵام لێرەدا هەر بەم سەرنجانە قەناعەت دەکەین.

## مامۆستای کۆمەڵناسی

گیدێنز بەر لە هەرشتێك مامۆستای کۆمەڵناسییە. ژمارەیەك لە کتێبەکانی بەتایبەت کتێبی "کۆمەڵناسی" (١٩٩٨) لە بەناوبانگترین کتێبە دەرسییەکانی کۆمەڵناسییە لە ئاستی جیهاندا و گوتنەوەی وانەی کۆمەڵناسی لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا یەکێك لە سەرقاڵییە سەرەکییەکانی ئەو بووە. ئەو بەباشی لەرێگەی چالاکی و بەرهەمەکانییەوە هەوڵی پەرەپێدانی کۆمەڵناسیی داوە و بەتایبەتی لە کتێبەکانی "بۆ بەرگری لە کۆمەڵناسی" (١٩٩٦) و "سیاسەت، کۆمەڵناسی و تیۆریی کۆمەڵایەتی" (١٩٩٥) بەرگرییەکی تۆکمەی لە کۆمەڵناسی کردووە لەبەرانبەر رەخنەگرەکانیدا. ئەو لەم ئاراستەیەدا سوود لە هەمووشتێك وەدەگرێت، لەنووسینی کتێبی وانەیی و فێرکاری و وانەگوتنەوە و وتاربێژی لە زانکۆکان و شوێنە گشتییەکان و BBC بگرە هەتا کەرەستە سیاسییەکان و بەڕێوبەرێتیی چاپ و پەخش و سەرۆکایەتیی کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی لەندەن. زۆرکەس پێیانوایە کە بەرهەمەکان و تیۆریسازی و چالاکییەکانی گیدێنز کاریگەریی زۆری لەسەر سەرلەنوێ هاتنەوەئارای کۆمەڵناسیدا هەبووە.

کۆمەڵناسی تەنیا بەشێك لە ژیانی بەکۆمەڵ کە هەمان کۆمەڵگە مودێرنەکانە دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە. کۆمەڵناسیی گیدێنز جۆرێك کۆمەڵناسیی مەبەستدارە کە ئەنجام و کارکردی هەستپێکراوی هەیە و لە کێشە واقعییەکانی ژیانی شارۆمەندان لە کۆمەڵگەی نوێدا دەکۆڵێتەوە. ئەو کۆمەڵناسی زیاتر بە بوارێکی فکری دەزانێت هەتا ئامێری، بوارێکی فکری کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دەرهاویشتەی گۆڕانە پیشەییەکانی چەند سەدەی رابردوو دەخاتە بەر سەرنج.

ئەو لە سۆنگەی دامەزراوەکانەوە سەیری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بەڵام لە هزری ئەودا دامەزراوەکان هەڵگری گۆڕانن و لەبەر ئەوەش



ناتوانرێ ئەو بە دامەزراوەگەرایەکی پارسۆنزی بزانرێت (تەنانەت ئەو لە رەخنەگرە جیدییەکانی پارسۆنز و قوتابخانەی کارکردگەرایی[٥١] لە کۆمەڵناسیدایە).

بەگوتەی گیدێنز کۆمەڵناسی دەورێکی کلیلیی لە کولتووری ئەمڕۆییدا دەبینێت و پێگەیەکی کرۆکیی هەیە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەها هزری کۆمەڵناسانە زیاتر لە هەرشتێك یارمەتیی خۆناسین دەدات و ناسیاریی ئێمە لە دنیای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان باشتر دەکات. بە بڕوای گیدێنز لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسانە، ئەزموونێکی رزگارکەرە:

هاوخەمی و توانای هزرین و خەیاڵی ئێمە بەربڵاو دەکات، ئاسۆی نوێمان بەڕوودا دەکاتەوە، دەمانگەیەنێتە تێگەیشتنی قووڵتر لە بوارە کولتوورییەکانی جیاواز لەئێمە. ئەندێشەی دەمارگرژانە هێورتر دەکاتەوە، فێری تێگەیشتن لە فرەچەشنیی کولتوورێمان دەکات، بواری تێگەیشتنی کارکردەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ دەرەخسێنێت و بەگشتی دەرفەتەکانی ئازادیی مرۆڤ زیاتر دەکات.

## رەخنە لە گیدێنز

نووسراوە و بۆچوونەکانی گیدێنز لە بوارەکانی تیۆریی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسەتدا کەوتۆتە بەر رەخنەگەلێکی توند، بەشێوەیەك کە کەمتر کۆمەڵناسێك لەم رادەیەدا بەگژ بۆچوونەکانیدا چوونەتەوە. لێرەدا بۆ نموونە ئاماژەیەکی کورت بە هەندێکیان دەکەین.

تیۆریی **پێکهاتەکیبوون**-ی گیدێنز بەهۆی بنچینەیی بوونەکەیەوە زێدە لە هەموان رەخنەی هاتۆتەسەر. زۆرێك لە کۆمەڵناسان ئەم بانگەشەیەی ئەو کە **پێکهاتەکیبوون** لەوپەڕی دژایەتیی نەریتیی نێوان عەینییەت و زەینییەت لە

٥١. functionalism

زانستە کۆمەڵایەتییەکاندایە، رەت دەکەنەوە. بۆوێنە مارگارێت تاچێر ئاوێتە کردنی ئاستەکانی ورد و فرە بەکارێکی دروست نازانێت (١٩٩٠و١٩٨٩) و پێیوایە لەبەر ئەوەی کۆمەڵناسان بتوانن بابەتە گرنگەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لێکبدەنەوە پێویستە پێکهاتە و بکەر لێك جیا بکەنەوە و ئەوان لە ئاستگەلێکی لێکدانەوەیی جیاوازدا هەڵسەنگێنن. تامسۆن (١٩٨٩)یش هاوشێوەی رەخنەیەکی لەم چەشنە گەلاڵە دەکات و بەتایبەتی هخنە لە چەمکی "گوشاری پێکهاتەیی"[٥٢]ی گیدێنز دەگرێت،

هەندێکی تر لەو باوەرەدان کە گیدێنز بە هەڵە "کەس" بە خودسالار دەزانێت وپێیان وایە "کەس" زۆر کەمتر لەو رادەیەی کە گیدێنز پێیوایە بە سەر خۆیدا زاڵە و زۆر هۆکاری تریش لەم ناوەندەدا زۆڵ دەگێڕن. رەخنەگەلێکی فراوانیش گیراوە لەسەر وێنای گیدێنز لە "خودی رێفلێکسیڤ".

تۆرنێر (کۆمەڵناسی ئایین)یش رەخنەگەلێکی جیدی لە گیدێنز دەگرێت. تۆرنێر ئەو تایبەتمەندییانەی کە گیدێنز بۆ مودێرنیتەی دوایین لەبەرچاویان دگرێت (وەك مودێرنیزاسیۆنی رێفلێکسیڤ و "خود" وەك پرۆژەیەکی رێفلێکسیڤ) دەباتە ژێر پرسیار و بەم شێوەیە ئەم بانگەشەیەی گیدێنز کە مودێرنیتەی دوایین خاوەنی تایبەتمەندیگەلی نوێیە، دەخاتە بەر شك و گومان. تۆرنێر لەم بوارەدا دوو رەخنەی گەورە گەلاڵە دەکات: یەکەم، وەبیرمان دێنێتەوە کە بەپێی گەلێك بەڵگەی بەهێز دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە هەڵبدرێت کە "خود" self وەك پرۆژەیەکی رێفلێکسیڤ رابردوویەکی درێژی لە مێژوودا هەیە و لە نزیك سەدەی دوازدەهەمی زایینییەوە هەبووە و رێفلێکسیڤیتەی تاك شتێکی تازە نییە.

٥٢ . structural constrain



تۆرنێر بە سوودوەرگرتن لە بۆچوونەکانی فۆکۆ ئاماژە بە رۆڵی دانپێدانانەکانی کڵێسای کاتۆلیك دەکات لە بیچمگرتنی چەمکی "خود"دا و ئەو نیشان دەدات کە بۆوێنە لە سەدەی هەڤدەهەمدا (بەتایبەتی سەردەمی بارۆك) ئاستێکی بەرزی رێفلێکسیڤیتە هەبووە لە رەفتاری بکەرەکاندا. هەروەها پێداگری دەکاتەوە کە ژمارەیەك لە مێژوونووسان ئاماژەیان بە بەجیهانیبوونی ئابووری کردووە لەو سەردەمەدا. تۆرنێر لەم رێگەیەوە تازەبوونی تایبەتمەندییەکانی مودێرنیتەی دوایین دەباتە ژێر پرسیار. هەرچەندە گیدێنز پێداگری لەسەر پەرەگرتن و داوێنگیربوونی سەرسوورەێنەری رێفلێکسیڤیتە دەکات لە سەردەمی جیهانیدا و پەرگیربوون و قووڵبوونەوەکەی بەتازە دادەنێت، نەك رەچەڵەکەکەی.

دووهەم، بەبڕوای گیدێنز مودێرنیتەی دوایین تایبەتمەندییەکی سیکۆلاری هەیە و تۆرنێر وەك کۆمەڵناسێکی ئایین ئەم بانگەوازەی گیدێنز دەداتە بەر رەخنە. ئەو پێیوایە گیدێنزیش تووشی هەڵەی گەورەی کۆمەڵناسانی سەدەی نۆزدە هاتووە و وەك ئەوان مودێرنیتە وەك پرۆسەیەکی سیکۆلارکەر دەزانێت. تۆرنێر لە کارەکانی خۆیدا هەوڵ دەدات نیشان بدات کە وانییە. بەبڕوای تۆرنێر، گیدێنز هێشتا نەیتوانیوە کاکڵێکی زەینیی کرۆکی بۆ تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دەستەبەر بکات.

"یان کرایب" یەکێکی ترە لە رەخنەگرانی بۆچوونەکانی گیدێنز و لەو باوەرەدایە کە ئەو لە گەلاڵەی تیۆریی خۆیدا لەمەڕ مودێرنیتە و ناسنامەی کەسانەدا سەرنجی دینامیکبوونی ناوشیارانەی زەینییەت[٥٣] و نێوان-زەینییەت[٥٤] نەداوە و ئەم بابەتە لە هێزی تیۆرییەکەی کەم کردۆتەوە

٥٣. subjectivity

٥٤. intersubjectivity

(١٧١:١٩٩٢). کەسانێکی وەك ئیلیووتیش ئەم رەخنەیەیان خستۆتە بەرچاو کە کەلکێك کە گیدێنز لە دەروونشیکاری لە تیۆریی **پێکهاتەکیبوون**دا وەریدەگرێت، کارکردی ناوشیارانە لە پرۆسە سیاسییەکاندا قۆرخ دەکات (١٩٩٤و١٩٩٦).

گیدێنز سۆزدارییە نائاوەزمەندانەکانی لەبەرانبەر "ژیانی مەعریفی"دا دادەنێت و ستێپان میسترۆڤیچ[٥٥] رەخنە لەم روانگەیەی گیدێنز دەگرێت. بەبڕوای میسترۆڤیچ بکەری ئاوەزمەندیش لەبەردەم هەموو چەشنە سۆزدارییەکی نائاوەزمەندانەدایە و ئەم سۆزدارییە نائاوەزمەندانەیە تەواوکەری "ژیانی مەعریفی"یە، نەك لەبەرانبەریدابێت. ستێپان میسترۆڤیچ لەوباوەڕەدایە کە تەنانەت بۆ باوەڕ پەیداکردن بە عەینییەت، ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەی کە گیدێنز بەرگرییان لێدەکات، هەندێ لەم ئیمانە نائاوەزمەندانەیە هەر پێویستە. هەڵبەت ئەو لەڕێگەی رەخنە لە گیدێنزەوە تەماڵی گەلاڵەی تیۆریی خۆیەتی لەمەڕ مودێرنیتە. بەپێچەوانەی گیدێنز کە دنیای نوێ بە "دنیای پاش سۆزداری" ناودێر دەکات.

لەلایەکی ترەوە گیدێنز هەروەها ژمارەیەکی تر لەلایەنگرەکانی وەڵامێکی شیاویان داوەتەوە بەو رەخنانەی کە لە بۆچوونەکانی ئەو گیراوە. گیدێنز لە زۆر سوێن نیشانیداوە کە بەباشی دەتوانێت بەرگری لە بۆچوونەکانی خۆی بکات، بەڵام لێرەدا مەبەست و هەروەها دەرفەتی باسکردنی ئەو وەڵامانەمان نییە. تا هەنووکە کتێب و وتارگەلێکی شایانی سەرنج لە پێناسە یان رەخنەی بۆچوونەکانی گیدێنز بە زمانی ئینگلیزی چاپکراوە کە سەرناوی هەندێکیانم لە کۆتایی کتێبەکەدا هێناوەتەوە.

---

٥٥. stjepan mestrovic



لەکۆتاییدا هیوادارم ئەم کۆمەڵەیەی لەبەردەستتانە و کورتەیەك کە لە بۆچوون و بەرهەمەکانی گیدێنز هێنرایەوە, سوودی بۆ هۆگرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت.

هەوڵەکە لەسەر ئەوە بوو کە وەرگێڕانێکی رەوان و ساکار لە دەقی بەردەستتان پیشکەش بکرێت، لەهەمان کاتدا خوێنەران، کەم و کورتییەکان (ئەگەر هەبێت) بەحیسابی ئەزموون و تەمەنی کەمی وەرگێڕ دابنێن.

**محەمەدرەزا جەلایی پوور**
بەهاری **١٣٨٣**ی هەتاوی

## ژێدەرەکان

(گرنگترین ژێدەرەکانی نووسەر لەم پێناسەیەدا کتێبەکانی ئانتۆنی گیدێنز بووە. لیستی کتێبەکانی ئەو لە کۆتایی کتێبەکەدا هاتووە و بەهۆی پڕژماربوونی ناوەکانیان لێرەدا دووپات نابنەوە. جگە لە کتێب و وتارەکانی گیدێنز لە چەند شوێندا کە ئاماژەم پێکردن، لەم سەرچاوانە خوارەوە سوودم وەرگرتووە:)


١. جلایی پور. حمیدرچا (١٣٨٣)"دموکراسی گفتگویی"، مجله انجمن جامعەشناسی ایران، شماره ٥.

٢. کیویستو، پیتر (١٣٨٧)، اندیشەهای بنیادی در جامعەشناسی، ترجمه منوچهر صبوری، تهران، نشر نی

٣. Brynt,christoqher & Jary, David (٢٠٠١): the contemporary Giddens: Palgrara Macmillan.

٤. Elliott, Anthony & Ray, Larry (٢٠٠٣): Key Contemporary Social Theorists: Oxford, Blackwell.

٥. Mestrovoc, Stjepan (١٩٩٨): Anthony Giddens: The Last Modernist: New York, Routledge.

٦. Karsoerson, Lars Bo (٢٠٠٥): Anthony Gidddens: Introduction to a Social Theorist, Oxford, Blackwell.

٧. http://www.lse.ac.uk/collections/meetthedirector/publications.htm (١٩ may ٢٠٠٤)

٨. http://www.lse.ac.uk/collections/meetthedirector/publications.htm (١٩ may ٢٠٠٤)

٩. http://www.lse.ac.uk/collections/Giddens/factfile.htm (٤ July ٢٠٠٣)

١٠. http://www.lse.ac.uk/collections/Giddens/books.htm (٤ July ٢٠٠٣)

١١. http://www.geocities.com/Athens/Bridge/٨٦٥١/Giddens.htm (٢٣ July ٢٠٠٤)

١٢. http://www.sociologyonline/global-essays (٢٣ July ٢٠٠٤)




## ئاسۆی سیستەمی جیهانی[٥٦]

**فرێد هالێدی[٥٧]:** بەخێرهاتنی ئێوەی مێر و خاتوونی هێژا دەکەم بۆ هاتنتان بۆ یەکەم کۆڕی وتار لە کۆڕی "وتارەکانی سەرۆکایەتیی LSE[٥٨]" . من مامۆستای بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی LSE م، سەبەرزم بەوەی سەرۆکی زانکۆ بڕیاری داوە یەکەم وتارەکەی سەبارەت بە تەوەرێکی نێودەوڵەتی پێشکەش بکات.

نزیکەی بیست سالە لەم زانکۆیەم و هاوکاری لەگەڵ ئانتۆنی گیدێنز لەم ماوەیەدا شانازییەکی گەورە بووە بۆ من. یەکێك لەو کارانەی ئانتۆنی وەك کەسایەتییەکی "نێوان بەشی" ئەنجامی داوە پەرەپێدان بە کۆبوونەوە و لێدوانی لەم شێوەیەیە لە زانکۆدا بۆ پێکهێنانی کولتووری گشتیی زانستە کۆمەڵایەتییەکان. داواتان لێدەکەم سەرنج بدەنە یەکەم وتاری ئەو لەم زنجیرە کۆڕانەیدا.

**ئانتۆنی گیدێنز:** زۆرت سپاس دەکەم فرێد. منیش لەبەرانبەردا دەبێ بڵێم ***فرێد هالێدی*** یەکیك لە کاریگەرترین بیرمەندانی LSE و یەکێکە لە باشترین پسپۆڕانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێمە. ئەو لە کۆتایی وتەکانمدا

٥٦. the future of the world order:

ئەم وتارە لە رێکەوتی ٧ی نۆڤامبری ساڵی ٢٠٠١ پێشکەش کراوە.

٥٧. fred halliday

٥٨ . london school of Economics and Political Science:

قوتابخانەی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی لەندەن, بەناوبانگترین کۆلێژی زانکۆی لەندەنز لەمە بەدوا لەم وەرگێڕانەدا لەژێر ناوی "زانکۆی LSE" ئاماژە بەناوی قوتابخانەی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی لەندەن دەکرێت

پەیڤێکی لەگەڵم دەبێت و چەند خولەکێکیشم تەرخان دەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی یەك یان دوو پرسیاری ئامادەبووان. هەربۆیە بە کەمێك دڵەڕاوکێوە چاوەڕوانی ئەو پرسیارانەم کە فرێد لەکۆتایی وتارەکەمدا لێم دەپرسێت.

سەرەتا بەخێرهاتنی گشت ئامادەبووان دەکەم و بەتایبەتی ڕێزی تایبەتیی خۆم بۆ هاتنی خوێندکارە تازەکانی LSE رادەگەیەنم، هیوادارم ئێوەش بەڕادەی من LSE لەلایەنی فکری و تیۆرییەوە بە چالاك بزانن و لە کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییە جۆراوجۆرەکانی کە لە LSE بەڕێوەدەچن، بەشداری بکەن، بەدڵنیاییەوە ئێرە باشترین بەستێنی فکرییە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا.

لەم زنجیرە کۆڕانەدا، پێنج وتار پێشکەش دەکەم. نزیکەی تەواوی ئەم وتارانە سەبارەت بە ڕێکخراوە جیهانییەکانن، هەموویان سەبارەت بە داهاتووی هەندێك لە ڕێکخراوەکانن کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی ئێمە هەیە. ئەمڕۆ لەسەر ئەو هێزانە دەدوێم کە کۆمەڵگەی جیهانیی تووشی گۆڕان دەکەن، لە وتاری داهاتوودا سەبارەت بە داهاتووی دەوڵەت-نەتەوە لە پانتای جیهانیدا قسە دەکەم. دانیشتنی سێهەم تایبەتە بە باسکردن لەسەر نایەکسانیی جیهانی و لەکۆڕی چوارەمدا لە داهاتووی "خێزان" و گۆڕانکاریی جیهانی لەسەر خێزان دەدوێم کە بەڕای من گرنگایەتییەکەی لە گرنگایەتیی ڕێکخراوە و دامەزراوە گەورەکان کەمتر نییە. پێنجەمین و دوایین وتاریش لەسەر دیموکراسی دەبێت.

ئەو تەوەرەی ئەمڕۆ قسەی لەسەر دەکەم دۆخی سیستەمی جیهانییە و ئەوەیکە چلۆن گەیشتووینەتە دۆخی ئێستا. لە داهاتووە شیمانەییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی دەدوێم، کاتێك ئەم تەوەرە گەڵاڵە دەکرێت پێویستە باسەکەمان لە ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە دەستپێبکەین، چونکە ئەم ڕووداوە بکەرێکی نوێی گرنگی نەك تەنیا لە پێکهاتەی کۆمەڵگە تایبەتەکان، بەڵکوو لە سەرلەبەری سیستەمی جیهانیدا هێناوەتە ئاراوە. لەم رۆژانەدا



هەموومان کۆمەڵێك یاداشت و ڕاپۆرت لە ڕۆژنامەکاندا دەخوێنینەوە کە تیایاندا بانگەشەی ئەوە کراوە کە لەپاش هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ نیوویۆرك و واشتنتۆن و لەپاش ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر ئیتر هیچکات جیهان وەك بەر لەو ڕووداوانەی لێنایەتەوە.

ئایا لەڕاستیدا جیهان هیچکات وەك پێشوو نابێت؟ دوو وەڵامی جیاواز و تاڕادەیەك دژبەیەك بۆ ئەم پرسیارە دەشێ بدرێتەوە.

یەکەم وەڵام ئەوەیە کە جیهان بۆ ئەو کەسانەی لە ئەمریکا دەژین ئیتر وەك پێشووی لێنایەتەوە، چونکە ئەو جۆرە ئاسایش و تۆکمەکاری و جیاوازبوونەی ئەمریکا کە هێزی بەرفراوانی ئەو لە ڕووداوە جیهانییەکاندا بەخشیبووی بەو وڵاتە، پیدەچێ بۆ هەمیشە لەناو چووبێت. ئەو هەستی ئاسایش و هەستی خەساروەرنەگرییەی  زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا بوویانە لەناوچووە و بێگومان لە داهاتوویەکی پێشبینی کراودا ناگەڕێتەوە. لێرەدا ڕووداوێکی تازە ڕوویداوە کە تەنیا پەیوەندیی بە ئەمریکاو نییە, بەڵکوو جیهانییە و لەلایەن ئەنجامدەران و بکەرانیشیەوە وەك ڕووداوێکی جیهانی گەڵاڵە کراوە. من دیسان دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە.

لەئێستادا ئاگامان لەو دەرئەنجامانە نییە کە بەدوای ئەم ڕووداوەدا دێن ، چونکە لەسەرەتای ئەم یارییەدا وەستاوین، نازانین ئەم ڕووداوە گۆڕانێکی گەورە لە جۆرەکانی پێکدادانە توندوتیژانەکاندا دروست دەکات یان نا، ئەکتەرەکانی ئەم شانۆیە تەنیا وڵاتەکان نین و ئەکتەرە نادەوڵەت-نەتەوەکان کە لە هەندێ تۆڕی جیهانیدا چالاکی دەکەن لەم بەربەرەکانێیەدا بەشدارن. ئەم ڕووداوە پێدەچێ گۆڕانێکی گەورە پێکبهێنێت، هەڵبەت هێشتا بەتەواوی نازانین ئەم گۆڕانە گەورەیە چییە، بەڵام هەندێك بەڵگەی ئاشکرا هەن کە ئەوە ئاشکرا دەکەن جیهان هیچکات وەکوو پێشوو نابێت. مەبەست لە جیهانیش تەنیا

ئەمریکا نییە. لایەنگرانی ئەم روانگەیە لەو بڕوایەدان کە پێدەچێ گۆڕانێکی گەورە لە شێوازە توندوتیژانەکاندا کە لە چەند دەیەی داهاتوودا دەیبینین پێکدێت.

وەڵامی دووهەم پێچەوانەی وەڵامی یەکەمە و تەنانەت لەلایەنێکەوە وەڵامێکی بەهێزترە و ئەوەش ئەوەیە کە جیهان لە زۆر لایەنەوە وەك پیشوو دەمێنێتەوە. دوو خاڵی گرنگ لەم وەڵامەدا رەچاوکراوە، یەکەم ئەوەیکە تەنانەت لەپاش رووداوێکی لەم رادە و قەبارەیەدا پاش ماوەیەك دۆخی ئاسایی دەگەڕێتەوە. بەگوتەیەکی تر دوای ماوەیەك جۆرێك هەستکردن بە ئاسایش کە خەڵك پیویستە بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهانێکی پڕمەترسیدا بیبێت، دەگەڕێتەوە.

ئەگەر لەبەر ئەم هەڵسەنگاندنە کۆنە لێم ببوورن، ئەم دۆخە ئاساییە لەگەل کاتێك هەڵدەسەنگێنم کە ئێوە خەریکی شۆفێرین و رووداوێکی دڵتەزێن و گەورە دەبینن.

کاتێك ئوتومبێل لێدەخورن و بە پەنا رووداوی پێکدادانێکەوە کە چەند کەسی تێدا کوژراوە تێدەپەڕن، چ دەکەن؟ رەنگە چەند ساتێك بەهێواشتر بئاژوێن. هۆیەکەی ئەوەیە کە ئاگاداری مەترسیگەلێك دەبنەوە کە لەم دۆخە ئاساییەدا تووشی بوون و لەلایەنی دەروونییەوە رادەچڵەکێن و وەك شۆفێرێك پێویستە راچڵەکێن. لەپاش یازدەی سیپتەمبەریش لەپڕ رووبەڕووی مەترسیگەلێکی جۆراوجۆر بووینەتەوە کە پێدەچێ بۆ هەر کۆمەڵگەیەك پێش بێت. لەجیهانی نوێدا، خەساروەرگریی جۆراوجۆر هەیە، ئەویش لەجۆری نوێیەکەی، بەڵام لەلایەنی دەروونییەوە ناتوانین لەجیهانێکدا بژین کە لەوێدا هەمیشە خۆمان بەتووشی هەموو مەترسییەکان لە هەموو کاتەکاندا دەبینین. پێمان باشە هەندێك لەوان لەبیر بکەین و بایەخێکیان پێنەدەین، لەبەر ئەوە



کاتێك لەحاڵی ئاژووتندا ئەو رووداوە شۆفێرییە دەبینن پاش ماوەیەك وردە وردە خێراییەکەتان زیاد دەبێت و رەنگە پاش کاتژمێرێك دیسانەوە دەگەنەوە ئەو خێراییەی بەر لە بینینی رووداوەکە بووتان. لە ئەمریکاش جۆرێك لە گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی دروست دەبێت و وڵاتانی دیکەی جیهان کە ئەم رووداوە کاریگەریی لەسەریان داناوە ئەوانیش دەگەڕێنەوە بۆ دۆخی ئاسایی، بەڵام کاتی ئەم گەڕانەوەیە نازانین، چونکە لە دەرئەنجامە درێژخایەنەکانی ئەم رووداوە بێئاگاین.

خاڵی دووهەم بایەخێکی زیاتری هەیە و من بە " بکەری دەی سیپتەمبەر"ی ناو دەبەم. ئەم وتارە و وتارەکانی دوایی سەبارەت بە دەی سیپتەمبەرن نەك یازدەی سیپتەمبەر. مەبەستم لە دەی سیپتەمبەر، جیهان بەو شێوەیەیە کە بەر لەم رووداوە بوو. جیهانی بەر لەم رووداوە، زۆربەی بکەرە کاریگەرەکان و هۆگرایەتی و ئەو پۆلێنبەندییانەی لەپشتی رووداوی یازدەی سیپتەمبەرەوە خۆیان مەڵاس دابوو، لەخۆ گرتبوو. بۆ تێگەیشتن لەوەیکە لە یازدەی سیپتەمبەردا چی روویدا، پێویستە ئانالیز و لێکدانەوەیەکی ستراکتۆریمان بۆ رەوتی کار و رووداوەکان لە کۆمەڵگەی جیهانیدا هەبێت، ئەم ئانالیزە ستراکتۆرییە پێویستە بە تاوتوێی کاریگەرییەکانی ژیانکردن لە دنیایەکی جیهانیتردا و بە باسی بەجیهانیبوونەوە دەست پێبکات، چونکە ئەم پرسە لە کوتوپڕ بۆ ئێمە زەروریتر بۆتەوە. بێگومان ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە زۆر پێکبەستەترە لەو جیهانەی نەوەکانی پیشتر تیایدا دەژیان و هەروەها گومانیش لەوەدا نییە ئەم هێرشەش لەلایەکەوە هەمان ئەو پێکبەستەییە پشتڕاست دەکاتەوە، چونکە تۆڕیکی گەورە و لەئاستی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا دەستیان تیایدا هەبووە.

زیاترین بەشی ئەم وتارە بۆ لێدوان سەبارەت بە دۆخی هەنووکەیی جیهان بە سەرنجدان بە تەوەری بەجیهانیبوون، تەرخان دەکەم و لەکۆتاییدا بەکورتی دەگەڕێمەوە سەر ئەو بابەتەی لەسەرەتای وتەکاندا گەلاڵەم کرد.

باسی بەجیهانیبوون[٥٩] دوو قۆناغی تێپەڕاندووە و ساکارترین پێناسەکەشی "پێکبەستەیییە"[٦٠]. ژیانکردن لە دنیایەکی جیهانیتردا واتە ژیان لە دنیایەکی پێکبەستەتردا کە لەوێدا ڕووداوەکانی بەرێکی جیهان ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر ڕووداوەکانی بەرەکەی تریەوە هەیە.

دێڤید هێڵد کە یەکێك لە مامۆستاکانی زانکۆی LSEیە ئاماژە بۆ دوو قۆناغی لێدوان لەسەر بەجیهانیبوون دەکات. قۆناغی یەکەم لەم باسەدا دەگەڕێتەوە بۆ بیست ساڵ لەمەوبەر کە لەڕاستیدا قۆناغێکی ئەکادیمیك و زانستی بوو. لەم قۆناغەدا باس لەسەر ئەوە بوو کە لەڕاستیدا دیاردەیەك بەناوی بەجیهانیبوون لەئارادا هەیە یان نا، لەبەر ئەوە باسێك بوو کە بە لۆژیکێکی قووڵترەوە ئەم پرسیارەی گەڵاڵە دەکرد کە جیهان لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا چەندی گۆڕان بەسەردا هاتووە. زۆرکەس بڕوا ناکەن کە جیهانی ئەمڕۆ لەڕاستیدا زۆر جیاوازە لەگەڵ دەیەی چل یان پەنجا و تەنانەت سەد ساڵ لەمەوبەریش. ئەو کەسانە بەناوی "بێباوەڕان بە بەجیهانیبوون" ناسراون. بێباوەڕان بە بەجیهانیبوون لەو بڕوایەدان سەرەڕای ئەو مشتومڕەی لەسەر ئەم چەمکە و ئەو باسانەی لەسەر بەجیهانیبوون دەکرێت گۆڕانێکی ئەوتۆ لەجیهاندا ڕووی نەداوە. ئەوان بەڵگە دێننەوە کە ئەگەر بەتایبەتی بڕوانینە سەد ساڵ لەمەوبەر, واتە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەبینین لەو کاتەدا سیستەمێکی ئابووریی زۆر کراوە لەئارادا هەبووە و ئاڵوگۆڕییەکی زۆر لەنێوان دراوە باوەکاندا

٥٩. globalization

٦٠ . interdependence



هەبووە, گەلێك بازرگانیی فیزیکی بە کاڵا و شتومەکەکان ئەنجامدراوە. لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا وڵاتەکان خاوەنی سنووری تاڕادەیەك بازاڕی بوون و گەلەکۆچی بەرفراوان وەك گەلەکۆچە ئەمڕۆییەکان لەئاستی جیهاندا ئەنجامدەدرا. بێباوەڕان بە بەجیهانیبوون دەپرسن کە چ شتێك گۆڕاوە و چ ڕووداوێکی تازە ڕوویداوە؟ ڕەنگە بانگەشەی ئەوە هەڵبدرێت کە جیهانی ئێمە لە بنەڕەتەوە گۆڕاوە و ئێمە لە چاخێکی نوێی جیهانیدا دەژین، بەڵام ئەوان دەڵێن ئەم بانگەشەیە بێ بنەمایە، چونکە گۆڕانێکی ئەوتۆ پێکنەهاتووە و زۆرینەی گۆڕانەکان جۆرێك گەڕانەوەیە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم.

ئەم جۆرە باسانە لە قۆناغی یەکەمی باسی بەجیهانیبووندا لەئارادا بوون کە هەڵبەت تەمەنیشی بەسەرچوو و کۆتایی هات. ئەم قۆناغە بەتایبەت بە بەرەکەتی کار و بەرهەمەکانی دێڤید هێڵد، فرێد هاڵیدی و زۆرێك لە نووسەرەکانی تر کۆتایی هات کە هەندێك لەوانیش لە LSE وانە دەڵێنەوە. ئەم نووسەرانە بەشێوەیەکی ڕازیکەر نیشانیاندا بێباوەڕان بە بەجیهانیبوون بەگشتی لە هەڵەدان. دامەزراوە و ڕێکخراوە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لەماوەی سی ساڵ لەمەوبەرەوە گۆڕانێکی بەرچاویان کردووە و سەرەڕای ئەوەی هاوشێوەییەك لەنێوان قۆناغی هەنووکەیی بەجیهانیبوون و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هەیە، جیاوازییەکانیان تۆختره. ئەگەر حەزتان لێبێت دەتوانن کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە کۆتایی قۆناغی یەکەمی بەجیهانیبوون ناوببەن، هەروەك هەندێ کەسیش ئەم کارەیان کردووە. چاخی بەجیهانیبوونی یەکەم بە ڕوودانی دوو شەڕی جیهانی کۆتایی هات. من خۆم لەگەڵ ئەم وتەیە کە ئێمە لە دووهەمین چاخی بەجیهانیبووندا دەژین دژایەتییەکم نییە و ئێوەش دەتوانن نەتانبێت.

چاخی دووهەمی بەجیهانیبوون، تەمەنێکی نزیکەی سی تا چل ساڵی هەیە، بەڵام لەسەر ڕەوت و بزاڤێك دامەزرا کە تەمەنێکی درێژی هەبوو. ئیتر

گومانێك لەسەر چاخی دووهەمی بەجیهانیبوون نییە و هەروەها گومان لەوەشدا نییە کە قوولتر و فراوانترە. هەموو مرۆڤەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، نەك تەنیا چەند بەشێکی تایبەت لە جیهان، بەڵکوو زۆر دینامیکتر و بزۆزتر و زۆر خێراتر بەرەو پێش دەچێت و تەنانەت تاڕادەیەکیش ڕێکخراوە و دامەزراوەگەلێکی جیاواز لەچاو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەوریان تیایدا هەیە، کەواتە بەجیهانیبوونی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستویەك، سەرەڕای لێکچوونەکانیان، بەدڵنیایی تەنیا دووپاتبوونەوەیەکی بەرێکەوت نییە کە بۆوێنە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا روویداوە. دوای کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە دەچینە ناو قۆناغی دووهەمی لێدوان سەبارەت بە بەجیهانیبوونەوە.

ئەمە قۆناغی دووهەمی باس لەسەر بەجیهانیبوونە کە خەڵکی ڕاکێشاوەتە سەر شەقامەکان و ئەم بزووتنەوە گەورەیەی دژەجیهانیبوونی پێکهێناوە. ئەم بزووتنەوەیە بۆ یەکەمجار بوونی خۆی لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا لە سیاتێل نیشاندا و هێزی پەرەستێنی ئەو لەو شارانە بەدیکرا کە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی WTO و بانکی جیهانی ILF و ڕێکخراوە جیهانییەکانی تر تیایاندا ئەنجامدرا. لە "ژێنوا"ی ئیتالیاش بەدیکرا و هەروەك لەبیرتانە توندوتیژییەکی شایانی باسی بەدوادا هات و پۆلیس هاتە کایەوە. لە گۆتنبێرگیش بارودۆخەکە هەر بەم شێوەیە بوو، هەربۆیە قۆناغی دووهەمی باسی بەجیهانیبوون ئیتر تەنیا باسێکی زانستی نەبوو، بەڵکوو سەرەتا سیاسییە و بزووتنەوەیەکی جیهانی لەخۆ دەگرێت.

ئێوە هەمووتان وەك خوێندکارانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە لە مانای ئەوە تێبگەن، پێویستە هەڵوێستی خۆتانی لەسەر دیاری بکەن و هەوڵ



بدەن لە ڕەوتی ڕووداوەکان تێبگەن، پێویستە لەخۆتان بپرسن ئایا ئێمە هەموومان دەبێ هەمان خواستی ئەو خۆپێشاندەرانەمان هەبێت؟

هۆی بایەخی لەڕادەبەدەری قۆناغی دووهەمی باسی بەجیهانیبوون ئەوەیە کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر هەیە و شوێنێکە کە دە و یازدەی سێپتەمبەر لێك نزیك دەبنەوە، چونکە لەسەر داهاتووی جیهان دەدوێت و باسێکە لەسەر کەناڵی داهاتووی گەشەی جیهان و ئەو کاریگەرییانەی کە دەتوانین و دەبێ هەوڵ بدەین لەسەر ڕەوتی ئەم گەشە سەندنە هەمانبێت. پێویستە پێداگری بکەمەوە کە بەڕای من و زۆرێك لە نووسەرانی تر لەم بوارەدا، ئەگەر سەرنج بدەینە چالاکیی ڕەخنەگرانی بەجیهانیبوون و هەروەها تاك و ڕێکخراوە جیهانییەکان کە بەدژی بەجیهانیبوون خۆپیشاندان دەکەن (وەك ILF,WTO, IM) دەبینین سەرەڕای ئەوەی ئەمڕۆ قسەیەکی زۆر سەبارەت بە بەجیهانیبوون دەکرێت بەڵام دڵنیا نین هەموو ئەو کەسانەی لەسەری قسە دەکەن، لەوە تێگەیشتبێتن کە ئەو گۆڕانانەی هاوکات لەگەڵی دروستبوون هەتا چەندە بنەڕەتی و ڕیشەیین.

بەڵگەیەکی گرنگ هەیە بۆ ئەم بانگەشەیە ئەویش ئەوەیە کە بەرگرانی بەجیهانیبوون وەك دامەزراوەگەلی لەشێوەی IMF و بانکی جیهانی و هەم نەیارەکانی لە بزووتنەوەی دژەبەجیهانیبووندا، هەردووکیان دەیانهەوێت بەجیهانیبوون وەك دیاردەیەکی ئابووری پێناسە بکەن. ئەوانە لە بەجیهانیبوون وەك گەورەبوونەوەی بازاڕی جیهانی و لە دەلاقەی ئەو ڕۆڵە روو لەگەشەیەوە کە ڕێکخراوە ئابوورییەکان و سیستەمی ئابووریی جیهان لەژیانی ئێمەدا دەیگێڕێت، دەڕوانن. ئەگەر چاوتان کراوە بێت دەبینن ئابووریزانی بەناوبانگ "جۆرج سۆرۆس"یش تووشی ئەم هەڵەیە بووە. ئەو یەکێکە لە دەرچووان و لایەنگرانی زانکۆی LES و بە تازەییش کتێبێکی لەژێرناوی "ڕاپۆرتی سۆرۆس

لەسەر بەجیهانیبوون" نووسیوە کە خراپ نییە سەیرێکی بکەن. هەڵەی سۆرۆس لەوەدایە کە بەجیهانیبوون بە دیاردەیەکی ئابووری دەزانێت و لەپەیوەندی لەگەڵ بازاڕی ئابووریی جیهان لە سی ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا (کە هەمان ئەو بەستێنە کاتییەیە کە من بە چاخی جیهانیی ناودەبەم)، بەدڵنیاییی دەتوانن ئەوە نیشان بدەن کە سیستەمە ئابوورییە جیهانییەکان لەم ماوەیەدا زۆر کاریگەرتر بوون. هەنووکە، ڕۆژانە زیاتر لە دوو تریلیۆن دۆلار لە بازاڕی دراوی جیهانیدا دەگەڕێ کە ژمارەیەکی بێڕادە بەرزە. لە نزیك سی ساڵ لەمەوبەر تەنیا بڕێکی کەم لەم ژمارەیە لەبازاڕدا دەگەڕا، هەر بۆیە بێگومان پەیوەندییەکانی بازرگانیی جیهانی و کاریگەریی سیستەمە ئابوورییە جیهانییەکان، بە تاوێکی ئابووریی زۆر بەرزەوە گەشەی سەندووە، بەڵام هاوکات ئاشکرایە کە بەشی گەورەی ئەم بازرگانییە لەڕاستیدا جیهانی نییە بەڵکوو لۆکاڵییە. ئەم بابەتە سەبارەت بە بازاڕەکانی دراو ڕاست نییە، بەڵام زۆرینەی بازرگانیی شتومەك هێشتا هەر ناوچەییە، هەروەك چۆن بۆ وێنە زۆرینەی بازرگانیی شتومەك لە یەکێتیی ئەورووپا لەناو ئەوێدا بەڕێوە دەچێت. لە ئەمریکاش زۆربەی بازرگانییەکان ناوخۆیین و تەنیا لەسەدا دەی ئابووریی ئەمریکا پەیوەندیی بە بازرگانیی دەرەکییەوە هەیە، کەواتە دەبێ زیاتر لەسەر بازرگانیی لۆکاڵی و ناوچە بازرگانییەکان قسە بکەین، بەڵام ئەمانەش تاوێکی زۆریان هەڵگرتووە بەرەو پێکبەستەیی ئابووریی جیهانی.

خاڵێکی گرنگ کە دەمەوێ پێداگری بکەم لەسەری, ئەوەیە کە بەجیهانیبوون، سیاسی و کولتووریشە و تەنانەت بەڕای من لەهەموو شت گرنگتر، بەجیهانیبوون ئاوێتەی "پەیوەندییەکان" بووە. لەماوەی سی ساڵی ڕابردوودا گرنگترین هێزی بگۆڕی ژیانی ئێمە بازاڕە ئابوورییەکان یان پێکبەستەیی ئابووری نەبووە، بەڵکوو کاریگەریی "پەیوەندییەکان" بووە کە



بەگشتی لەژێر ناوی "شۆڕشی پەیوەندییەکان"[٦١] باسی لێوە دەکرێت. شۆڕشی ڕاگەیاندن لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی دەیەی شەست کە یەکەم سیستەمی مانگەواڵەی (مانگی دەستکرد) کارا کە هەلی پەیوەندیی هاوکاتی لە سەرێکی زەوییەوە لەگەڵ ئەوسەری تری دەڕەخساند، ڕەوانەی بۆشاییی ئاسمان کرا.

دوای ئەوەش گەلێك گۆڕانکاریی تر لە جیهاندا ڕوویانداوە و لە درێژەی ئەم گۆڕانکارییانەدا، ڕووداوێکی گرنگ کەوتەوە کە ئەویش تێکهەڵکێشکردنی تێکنۆلۆژیای زانیاری لەلایەك و لەلایەکی ترەوە بە کۆمپیوتێری بوون بوو. ئەم تێکهەڵکێشی تێکنۆلۆژییە بووە هۆی ئەوەی بازاڕە ئابوورییەکان ببنە بازاڕگەلێکی بازرگانی کە لە درێژەی بیست وچوار کاتژمێری شەو و ڕۆژدا چالاکن. داکۆکی لەسەر کاریگەریی پەیوەندییەکان و ئەم ڕاستییە کە "پەیوەندیی هاوکاتەکان"[٦٢] سەرەکیترین هۆکاری پێکبەستەیی ڕوو لە زیادبوونی ئێمەیە، بایەخێکی تایبەتیی هەیە، چونکە تاڕادەیەك لەگەڵ گشت پرسەکانی تردا تێکەڵ بووە. بڕواننە ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر، لەناو ئەو ڕووداوانەدا خەڵکانێکی مەدەنی کوژران، کەسانێك کە دەستیان لە هیچ چەشنە دۆخێکی جەنگیدا نەبوو، لەبەر ئەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی سزادانەکەی کارێکی بێڕەحمانە بوو، بەڵام تەنیا کوشتار نەبوو. ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر بەئاشکرایی بەرهەمی کاری پەیوەندییە جیهانییەکان بوون. ئەو ڕووداوانە وەك کاری پەیوەندییە جیهانییەکان ئەزموون کران و ئەو کەسانەش کە ئەنجامیان دا ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەریان وەك کارێك کە پەیوەندییە جیهانییەکان ئەنجامی دەدات، داڕشتبوو.

٦١ . communication revelution

٦٢ . instantaneous communication

ژمارەیەکی زۆری خەڵکی جیهان لەڕێگەی تلڤیزیۆنەوە پێداکێشانی فڕۆکەی دووهەمیان بە باڵەخانەی دووهەمدا بەراستەوخۆ بینی. ماوەی نێوان ئەو دوو پێداکێشانە نزیکەی بیست خولەك بوو. ڕووداوەکانی یازدەی سیپتەمبەر ڕووداوێکی میدیایی جیهانی بوو کە بەڵگە بوو بۆ جۆرێك لە "پێکبەستەیی جێگۆڕکێ هەڵگر"[٦٣] کە لەو جیهانەی تیایدا دەژین هەیە. ئوسامە بن لادەن لەپاش ئەو ڕووداوانە چۆن لەگەڵ خەڵکی جیهان پەیوەندیی دروستکرد؟ بەڵێ لەڕێگەی ڤیدیۆوە. ڤیدیۆیەك کە پەیامەکەی تیادا ڕاگەیاندبوو و دوابەدوای ئەوەش لە سەرتاسەری جیهاندا هەواڵەکەی ڕاگەیاندرا, واتە بن لادەن کە لە نەیارەکانی بەجیهانیبوون بوو، خۆی بۆ درکاندنی دژایەتییەکەی کەڵکی لە یەکێك لە نەرمامرازەکانی soft were بەجیهانیبوون وەرگرت = پێکبەستەیی جێگۆڕکێ هەڵنەگر). وێنەی بن لادەن پێدەچێ بووبێتە یەکەمین و ڕەنگە دووهەمین یان سێهەمین وێنەی بەناوبانگی جیهان و ئەمە بەهۆی سروشتی هاوکاتیی سیستەمی پەیوەندیی ئێمەوەیە. ئەم بابەتە ڕاستییەکە کە لەپشت زۆرێك لە گۆڕانەکانی تردا خۆی حەشار داوە. بۆوێنە دەتوانین هەر ئەم شتە لەپشت ئەو گۆڕانکارییانەوە ببینین کە سۆڤیەتی جارانی گۆڕی. پێکهاتەی زاڵی ئابووریی سۆڤیەتی جاران توانایی ئەوەی نەبوو ململانێی جیهانێکی گەڕۆك بکات کە دەرئەنجامی گەلە پەیوەندییە مۆدێرنەکانە. ئەمڕۆ کارەکان بەشێوەیەك ئەنجام دەدرێن کە نزیکایەتییەکی تایبەتییان پێوە دیارە، ئابووریش لەم حاڵەتە بەدەر نییە. لەجیهانێکدا کە ئابووری زۆر گەڕۆکتر و دینامیکتر و خێراتر بۆتەوە، ناشێ ئابوورییەکی وەستاو و نەبزۆزت هەبێت.

٦٣ . commutative interdependence



کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر بەجیهانیبوون لەڕادەبەدەر زۆرە و ئەگەر بمانەوێت تەنیا هێزێکی کاریگەر لەنێوان هێزە جیاجیاکاندا دەستبژێر بکەین، ڕاگەیاندن گرنگترین بکەرە، بەڵام پێویستە دووبارە پێداگرمەوە کە بەجیهانیبوون دیاردەیەکی تاکڕەهەند نییە. خەڵك پێیانوایە دەتوانن لایەنگر یان دژی بەجیهانیبوون بن، لەحاڵێکدا کە بەجیهانیبوون ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك گۆڕانکاری. دوو نموونەم لەو گۆڕانکارییانە باسکرد. ئاڵوگۆڕی ئابووری و ئاڵوگۆڕی سیستەمی ڕاگەیاندن. سێهەم گۆڕان، کۆتایی جەنگی سارده. جەنگی سارد تاڕادەیەك بەهۆی هەر ئەم گۆڕانانانەوە کۆتایی هات و لەهەمان کاتدا یارمەتیی ئەو گۆڕانانەشی دا. کۆتایی جەنگی سارد بوو بەهۆی گۆڕانکاریگەلی لەڕادەبەدەر لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی جیهاندا. بۆوێنە ڕەگەکانی پرسی ئەفغانستان و دەرئەنجامەکانی دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی سارد، بۆ کاتێك کە سۆڤیەت و ئەمریکا لە ئەفغانستان و ناوچەکانی تری جیهان لە سەردەمای جەنگی ساردا پێکەوە لە شەڕدا بوون، بەڵام ئەمێستا ژیانی ناو جیهانێك ئەزموون دەکەین کە ئیتر دوو جەمسەری نییە. ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ ئەم خاڵە کە بەجیهانیبوون چەمکێکی گەلێك ئاڵۆزە. زاراوەی بەجیهانیبوون چەمکێکی گوشراوە کە دەلالەت دەکاتە سەر کۆمەڵێك گۆڕانکاریی ئاڵۆز و بۆ درکاندنی دژایەتی و لایەنگری لەگەڵ ئەودا پێویستە زۆر چاوکراوە بین، گرنگتر ئەوە کە دیاری بکەین کە لایەنگر یان دژی کام لایەنی تایبەتیی بەجیهانیبوونین. بۆوێنە دەتوانین دژی فلان جۆری تایبەتی بازرگانیی ئازاد بین، بەڵام جیاوازە لەگەڵ دژایەتی یان لایەنگریی تەواو لەگەڵ بەجیهانیبوون..

خاڵێکی تر کە پێویستە سەرنجی پێبدرێت ئەوەیە کە لەو لایەنەوە کە بەجیهانیبوون کۆمەڵێك لە گۆڕانکارییە زۆر و ئاڵۆزەکانە، کۆمەڵە دەرئەنجامێکی یەکسانیشی لێدەکەوێتەوە، بۆ وێنە بەجیهانیبوون بێگومان

هێزی دەوڵەت-نەتەوەکان دەگۆڕێت کە لە وتاری داهاتوودا باسی لێدەکەم، بەڵام هاوکات بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ناوچەگەرێتی، نەتەوەگەرێتیی ناوچەیی، ئەتنیکگەرێتیی ناوچەیی، نەمانی ناوەندگەرایی و هەروەها دەبێتە هۆی گواستنەوەی دەسەلات. بۆ وێنە سەرنج بدەنە بریتانیا، دەسەڵاتێکی زیاتری داوەتە سکۆتلەند و ویلز و بەدڵنیایی دابەزینی زیاتریشی دەبێت. ئەم گواستنەوەی دەسەلاتە لەپاش ماوەیەکی زۆر ئەنجامدرا. ناسیۆنالیستەکانی سکۆتلەند دێرزەمانێکە هەن، بەڵام هۆی ئەوەکە ئەم گواستنەوەیەی دەسەڵاتە پاش ئەم هەموو ماوەیە روویداوە، کاریگەریی دیاردەی بەجیهانیبوونە. بەجیهانیبوون هەروەك چۆن بەشێك لە دەسەڵات لە نەتەوە دەستێنێتەوە، هەندێك دەسەڵاتیشی پێدەگەیەنێت. بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی ناوەندپەرێزی لە دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەییدا. لەم بارەیەوە بەناوبانگترین وتە هی "دانیێل بێل"[٦٤]ە کە یەکێکە لە کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان و دەڵێت: "دەوڵەت-نەتەوە لەوە بچووکتر بۆتەوە کە کیشە گەورەکان چارەسەر بکات و لەوەش گەورەتر بۆتەوە کە چارەسەری کیشە بچووکەکان بکات." ئەم رستەیە شێوە دەربڕینێکی گونجاوە بۆ روونکردنەوەی ئەو پێچوپەنایەی بەجیهانیبوون بەدی دەهێنێت.

زۆر کەس لەم روانگەیەوە سەیری بەجیهانیبوون دەکەن. زۆرجاران سەبارەت بە کاریگەریی بەجیهانیبوون لەسەر ئێمە قسە دەکرێت، وەك ئەوەی هێزێکی دەرەکی بە سانایی لە شوێنێکی جیهانەوە کاریگەری لەسەر ئێمە دابنێت. هاوکێشەکە بەو شێوەیە نییە. خەڵك لە درێژەی ژیانی رۆژانەیاندا بەجیهانیبوون بەرهەم دەهێنن. بەجیهانیبوون بەشێوەیەکی نایەکسان بەرهەم دێت و بێگومان دنیایەکی یەکسانیخوازانە بەرهەم ناهێنێت. هەرجارێك کە کەسێك سەردانی

٦٤ . Daniel bell



ماڵپەڕی LES دەکات یان کۆمپیوتێرێك دادەگرسێنێت و لە ئینتێرنێت کەڵك وەردەگرێت، تەنیا وەڵامی بەجیهانیبوون ناداتەوە، بەڵکوو دەبێتە یەك لە بکەرەکانی پرۆسەی بەجیهانی کردن و لەو پرۆسانەدا بەشداری دەکات کە دەبنە هۆی گۆڕانی بیچمی جیهان. ئەو دیاردەیە تەنیا ملکی وڵاتە دەوڵەمەندەکان نییە و گرنگ نییە کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان چەندە خوازیاری رێبەرایەتیی ئەم پرۆسەیەن و یان تا چەند بەسەریدا زاڵن. هەرجارێك کە تاکێکی هەژار لە زامبیا بۆ گوێگرتن لە تۆڕی جیهانی یان هەرجۆرە هەواڵگرییەکی رادیۆیی, رادیۆیەك دادەگرسێنێت جگە لە ئەزموونکردنی ئەم پرۆسەیە، لە پرۆسەیەکی گەورەتر لە بەجیهانی کردندا بەشداری دەکات، کەوابوو بەجیهانیبوون دیاردەیەکی دیالکتیکی دەبێ و هەیە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گوتەزای "بکەرێتی". ئێمە بکەری ئەو پرۆسەیەین، هەروەك هاوکات لەژێر کاریگەریی ئەویشداین و ژیانمان بەگشتی لەرێگەی ئەوەوە گۆڕانی بەسەردا دێت.

من بە چاوێکی تر، بەجیهانیبوون بە گۆڕانی دامەزراوە بنچینەییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی پێناسە دەکەم. کردنەوەی ئەم بابەتە دەبێتە هەوێنی چوار وتاری داهاتووی من.

کەمەرەی ئەم باسانە لە خێزانەوە هەتا چییەتیی ژیانی ئابووری، دەسەڵاتی سیاسی، ژیانی کولتووری و کۆمەڵگەی بەربڵاوتری جیهانی کە خاوەنی دامەزراوە جیهانییەکانە و پێشتر ئاماژەم پێکرد لەخۆ دەگرێت.

کۆمەڵێك گۆڕانکاریی سەیروسەمەرە روویانداوە کە بۆ هەرکام لە ئێمە رێککەوتن لەگەڵیاندا چ لەرووی سۆزداری و کەسانەوە و چ وەك شرۆڤەی تیۆریك زۆر قورسە، بەڵام ئێمە وەك شرۆڤەکارانی تیۆریك پێویستە هەوڵ بدەین لە دۆخی هەنووکەیی جیهانی و ئەو زەروورەتانەی بۆ ئێمە هەیەتی، تێبگەین.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر باسی بزووتنەوە ناڕەزاییەکان. دەبێ بزووتنەوەی دژەبەجیهانیبوون و ئامانج و کاریگەرییە شیمانەییەکانی لەسەر خۆمان چۆن ببینین؟ یەکەم خاڵ کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە لەبەر ئەو هۆیانەی باسکردن بزووتنەوەی دژەبەجیهانیبوون لە خودی پرۆسەی بەجیهانیبوون بەدەر نییە. ڕەنگە پێتان وابێت چونکە دژی بەجیهانیبوونە باسەکەیان دەچێتە دەرەوەی باسی ئەم پرۆسەیە، بەڵام ئاشکرایە کە وانییە، ڕاستتر ئەوەیە کە بزووتنەوەی دژەبەجیهانیبوون بە بەشێك لە پرۆسەی بەجیهانیبوون بزانین، چونکە دەزانین ئەو کەسانەی بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە بەجیهانیبوون لە شەقامەکاندا کۆدەبنەوە، لە تێکنۆلۆژیای زانیاریی نوێی وەك ئینتێرنێت، مۆبایل و ئامرازەکانی تری پەیوەندی کە بە سەختامرازی hard were بەجیهانیبوون هەژمار دەکرێن، کەڵك وەردەگرن، ئەوان لەڕاستیدا توانیان لەڕێگەی ئەم ئامرازانەوە پەیامی خۆیان لە ئاستی جیهانیدا بڵاو بکەنەوە.

ناڕەزاکان لەسەر شەقامەکان نەك لە ئاستی لۆکاڵیدا بەڵکوو لەئاستی جیهانیدا دەنگیان هەڵدەبڕی، ئەوان دەیانزانی و کەڵکیشیان لەم شتە وەردەگرت کە وێنەی ناڕەزایەتییەکەیان هاوکات لەئاستی جیهانیدا بڵاو دەبۆوە. ئەوەی ڕوویدا دیسان هاوشێوەی ڕووداوی نیویۆرك و واشنتۆن بوو و ڕووداوێکی جیهانی بوو کە دەرئەنجامی جیهانیشی بەدوادا هات. بەجیهانیبوون دوو لایەنی هەیە، مەبەست لەم دوو لایەنە لایەنگران و دژوازەکانی بەجیهانیبوون نییە. لایەنێکیان، بەجیهانیبوون لە سەرەوە[٦٥] و لایەنەکەی تری، بەجیهانیبوون لەخوارەوە[٦٦]. بەجیهانیبوون لەسەرەوە وەك پێویست لەڕێگەی ڕەهەندە

٦٥. Globalization from above

٦٦. Globalization from below



سیاسییەکانی دەوڵەتەکانەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ وێنە دەتوانرێت ئاماژە بە سیاسەتەکانی ئازادسازی و نەهێشتنی کۆنترۆڵی دەوڵەت بکرێت. بەجیهانیبوون لەخوارەوە بەشێوەیەکی تایبەت لەژێر کاریگەری چالاکیی دامەزراوە نادەوڵەتییەکان یان NGOکان و گرووپەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنیدایە. بۆ تێگەیشتن لەواتای بەجیهانیبوون، سەرنجدان بە تەوەری بەجیهانیبوون لەخوارەوە بایەخێکی تایبەتیی هەیە، چونکە ژمارەی NGO چالاکەکان لەئاستی جیهاندا و شوێنپێ جیهانییەکانیان بەخێراییەکی زۆرەوە بەرەو زیاتربوونە.

خەڵك پێیانوایە تەنیا کۆمپانیا گەورەکان گاریگەریی جیهانییان هەیە، بەڵام NGO گەورەکان، ئۆکسفام[٦٧] , گرین پیس[٦٨] (ئاشتیی سەوز) و...یش لەڕاستیدا دامەزراوەگەلێکی جیهانین . لەئێستادا بەپێی دوایین بەراوردکارییەکان سێ هەزار NGO لەجیهاندا خەریکی چالاکین، لەحاڵێکدا نزیکەی سی ساڵ لەمەوبەر ژمارەیان تەنیا دەگەیشتە چەندسەد دانە، کەوابوو پێکبەستەیی جیهان دوو لایەن یان دوو جۆری دامەزراوەیی هەیە کە لە بزووتنەوەی ناڕەزاییدا پێکەوە لەپەیوەندیدان.

لەو ڕوانگەیەوە کە ڕەخنەگرانی بەجیهانیبوون لەسەر شەقامەکان زۆر جۆراوجۆر و لێکجیاوازن، ئەو بزووتنەوەی دژەجیهانیبوونە کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراوی تایبەتیان نییە. گەلێك ناڕەزایی بە مەبەستگەلی زۆر لێکجیاوازەوە لەئارادا هەن، بۆ وێنە مەبەستی هەندێك لە گرووپە چەپە توندڕەوەکان کە بەجۆرێك لەم بزووتنەوە دژەجیهانییانەدا دەستیان هەیە، لادانی سەرمایەداری وەك سیستەمێکی ئابوورییە، لەحاڵێکدا تا بەئێستا هیچکەسێك ئاڵترناتیڤێکی بۆ شك نابات. لەبەرانبەر ئەواندا بەشی هەرە گەورەی ناڕەزاکان لەبەشی NGO

٦٧. Oxfam

٦٨. Greenpeace

کانن و من ئەوان بە بەشی ئارامی پارێز و ئاشتیخواز ناو دەبەم. NGOکان هۆکاری زۆرینەی خۆپیشاندانە دژەجیهانیبوونەکان و بزووتنەوە ناڕەزاییەکانن، بەڵام توندوتیژی ناکەن و هەڵگری پەیامێکی زۆر گرنگن بۆ ئێمە. ئەوان ناڕەزایی لە چ شتێك دەردەبڕن؟

لە بەشی ئەقڵانیی بزووتنەوەی دژەجیهانیبووندا دەتوانین سێ هۆکاری سەرەکی بۆ ناڕەزایی لە بەجیهانیبوون دیاری بکەین، هەڵبەت ئەوانیش پێویستە ئێمە و بەڵگەکانمان بەچاوپۆشی لەوەیکە هاوپشتی و هاوڕێتیان دەکەین یان نا، لەبەرچاو بگرن.

یەکەم بانگەشەیەك کە دەیکەن ئەوەیە کە بەجیهانیبوون لە بنەڕەتەوە دیاردەیەکی خۆراواییە، واتە لەژێر هەژمۆن و دەسەڵاتی زاڵی بەرژەوەندییەکانی خۆراوا و بەتایبەتی ئەمریکادایە و خەڵکانی تری جیهان دەورێکیان تیایدا نییە، هەربۆیە بەجیهانیبوون لەبنەڕەتەوە گەڵاڵە و پرۆژەیەکە بۆ یەك لەسەر پێنجی جیهان و چوار لەسەر پێنجەکەی تری پشت گوێ خراون. بەڕای من ئەمە بەهیچ شێوەیەك گریمانەیەکی راست نییە، بەڵام پێویستە سەرنجی پێبدرێت، چونکە لە کۆمەڵگەی روو لە بیچمگرتنی جیهانیدا نایەکسانیی گەورە لە دەسەڵاتدا لەئارادا هەیە. ئەم نەبوونی یەکسانییە لە سەردەمی جەنگی ساردیشدا هەبووە و شتێك نییە پەسند بکرێت و ئەگەر دەمانەوێ کۆمەڵگەیەکی یەکسان وبەرابەر و هاوسەنگ لەئاستی جیهانیدا پێکبهێنین نابێ ئەوانە قبووڵ بکرێت. لە باسەکانی داهاتوودا دیسان دێینەوە سەر ئەم باسە.

دووهەم بەڵگە کە ئاماژەی پێدەکەن ئەوەیە کە کاریگەریی کۆمپانیاکان لەڕادەبەدەرە. ئەوان دەڵێن لەژێر کاریگەریی روانگەی بازاڕە پێشڕەوەکان و نەهێشتنی چاودێریی دەوڵەت و ئازادسازیی ئابووریدا، کۆمپانیا گەورە بازرگانییەکان کە هەڵبژێردراویش نین، هێزێکی گەورەیان بەدەستهێناوە. هێزی ئەوان تەنیا لە گەشەپێدانی هەندێك لایەنی جیهان نییە، بەڵکوو کار دەکەنە



زۆرینەی لایەنەکانی ژیانی ئێمەش. ئەوان دەپرسن کە سەرانی کۆمپانیا گەورەکان لەلایەن کێوە دادەنرێن؟ هیچکەس. لەحاڵێکدا وا دەردەکەوێت کە کۆمپانیا گەورەکان کۆمەڵێکی زۆر بڕیار دەردەکەن کە پەیوەندییان کە بەستێنی گشتی و بەستێنی سیاسیی دیموکراتیکەوە هەیە، شوێنێك کە هەموو ئێمە پێویستە بتوانین بەشوێن بەرژەوەندییەکانماندا بچین و سەبارەت بە سیاسەت و رێکارەکان گفتوگۆ بکەین.

پێویستە سەرنج بدرێتە ئەو بۆچوونەی سەرەوەش، چونکە کۆمەڵگەیەك کە بەرژەوەندییەکانی بازاڕ بەسەریدا زاڵ بێت، کۆمەڵگەیەکی خوازراو نییە، کۆمەڵگەیەك کە لەوێدا دەسەڵاتی کۆمپانیاکان لەڕادەی خۆیان دەرچووبن و کۆمپانیاکان بتوانن بە نایاسایی و ناڕەوا کار بکەنە سەر بڕیارە دیموکراتیکەکان کۆمەڵگەیەکی باش و خوازراو نییە، کۆمەڵگەیەك کە لەوێدا بازاڕەکان بەشێکی گەورەی ژیانی ئێمەیان داگیر کردووە، کۆمەڵگەیەکی رووخەك و ئاڵۆز و گەڵێك نایەکسانە. ئەم کۆمەڵگەیە لەڕادەبەدەر "بازرگانی"[٦٩] دەبێتەوە، دەبێ بەهاکانی بەشە جیاوازەکانی ژیانمان وەك پەروەردە، تەندروستی و هەندێك بەهای هاوڵاتی بوون بپارێزرێن، نابێ رێگە بدەین ئەم بەهایانە لەڕادەی خۆیان زیاتر بازرگانی ببنەوە، بەبازرگانیبوون مەرج نییە وابێت بەڵام، دەتوانێت دوژمنی بەهاگەلی تر بێت کە بەڕای من دەبێ وەك هاوڵاتییەك کە مەدەنی بیر دەکەینەوە پێویستە پارێزگارییان لێبکەین، نابێ گومانی ئەوەمان لا دروست بێت کە "هێزی بەکارهێنەر"[٧٠] هەمان "هاوڵاتییە"، نابێ پێمان وابێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك و لە سیاسەتی دیموکراتیکدا، مافی پیاسەکردن بەناو سوپێرمارکێتەکاندا، هەمان مافی هاوڵاتیبوونە، بەستێنی گشتی لەم بارەیەدا

٦٩ . commercialized

٧٠ . consumers power

خەریکە بەجۆرێك بەدەست دەهێنرێتەوە و ئەم بابەتەش پێویستی بە بەدواداچوونی تایبەتی هەیە. دواتر دێینەوە سەر ئەم بابەتە.

لەکۆتاییدا سێهەم هۆکار کە ئاماژەی پێدەکەن، ئەو نایەکسانییە بەربلاوەیە لە هەیە لە جیهاندا، ئەوان پێیانوایە بەجیهانیبوون پرۆژەیەکە بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان، وڵاتە دەوڵەمەندەکان لەرێگەی ئەوەوە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەسەر ئەستۆی وڵاتە هەژارەکان بەدەست دەهێنن و جیهانی رووڵەگەشە لەم پرۆسەیەدا دەوری نییە. تێگەیشتنی نەیارەکان ئەوەیە کە بەجیهانیبوون جیهانێکی پێکهێناوە کە بەهۆی نایەکسانیی هەژار و دەوڵەمەندەوە کەلەبەری تێکەوتووە و بووە بەدوو کەرتەوە، بەم پێیە دەبێ هەوڵ بدەین ئەم پرۆسەیە هەڵگێڕینەوە و کات بگەڕێنینەوە بۆ دواوە، ئەمەش تەوەرێکە کە دیاریم کردووە و لە وتاری سێهەمدا لەسەری دەدوێم. هەموو ئەم پرسیارانە جیدین، من خۆم لەگەڵ هەندێك بیروڕای نەیارەکان هاودەنگم، بەڵام هەموو ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن کە پێویستە لێکبدرێنەوە و لە دانیشتنەکانی داهاتوودا هەوڵی خۆم دەخەمە ئەو ئاراستەیەوە.

تریبۆنەکە دەسپێرمە دەست فرێد هالیدی، دوای فرێد وەڵامی یەك دوو پرسیاری ئامادەبوانیش دەدەمەوە.

**فرێد هالیدی:** زۆرم خۆشی لەو خالە هات کە دەبێ جگە لە یازدەی سیپتەمبەر، سەرنج بدەینە دەی سیپتەمبەر و لە کێشە و نایەکسانییە جیهانییەکانی ئەو کاتەش ورد بینەوە.. وتارێکی زۆر باشی مارتین وۆلف[71] لە فاینەنشاڵ تایمزی[72] ئەمڕۆدا چاپکرابوو. ئەو لەو وتارەدا گوتبووی جیهانی گەشەسەندوو وەك قەتارێك وایە کە بە ئاستێك لە ئەمن و ئاسایشەوە بە

٧١. Martin woolf

٧٢. Financial times



ناوچەیەکی هەژارنشیندا تێدەپەڕێ، قەتار و سەرنشینەکانی بەدەست ئەو منداڵە بەرد بەدەستانەوە کە لەپشت شووشەی پەنجەرەی قەتارەکەوە دەیانبینن ئامانیان نییە. پەنجەرەی قەتاری یازدەی سیپتەمبەر بە یەکێك لەو بەردانە شکا، لەحاڵێکدا ئەم حاڵەتە و ئەگەری رووداوەکەشی هەمیشە لەدرێژەی رێگەدا هەبووە، پرسیارێکیش گەڵاڵە دەکات کە هەڵبەت دەبێ زیاتر پرسیاری لەسەر بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە لەبنەڕەتەوە ئەم شەڕە چ کاتێك دەستیپێکرد؟ ئایا لە حەوتی ئۆکتۆبردا و بە بوردمانی ئەفغانستان دەستیپێکرد؟یان لە یازدەی سیپتەمبەردا و یان بەگوتەی بن لادەن لە چەندین ساڵ لەمەوبەرەوە و بەگوتەی خۆی لە هەشتا ساڵ لەمەوبەرەوە دەستپێکردووە؟ بەڕای من سەرەتای ئەم شەڕە لەلای هەردووك لا یازدەی سیپتەمبەر نەبوو و دەتوانرێت لە ئۆپێراسیۆنە سەربازییەکانی نەوەدەکاندا بگەڕێین بەشوێن سەرەتاکەیدا.

وەك پسپۆڕێکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ویستم دوو پرسیارت لێبکەم. بەبێ ئاسایش بەجیهانیبوون روو نادات. لە دەی سیپتەمبەردا وەهمێك لەئارادا هەبوو لەسەر بنەمای ئەوەیکە ئاسایشی ئاوە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایشی هاوڵاتییان، ئاسایشی خاوەندارێتی و ئاشتی لە جیهاندا بەوردی لەژێر چاودێری و پارێزگاریدایە و ئێمە دەتوانین درێژە بە بەرنامەی کاری کۆنگرەی بەجیهانیبوون بدەین، بەرنامەی کاری کۆنگرەیەك کە لەسەر بناغەی جیهانبینیی لیبراڵ لە بازرگانی و کۆچ و خوێندنی باڵا و... بوو. ئایا پێتوانییە پێویستە بە وردبینییەکی زیاترەوە بیر لە ئاسایشی پێکهاتە و بنەما جیهانییەکان بکەینەوە و لێیان بڕوانین؟ بۆوێنە "گەشت کردن {بەفرۆکە}یەکێکە لەو بابەتانەی هەموومان سەروکارمان لەگەڵی هەیە و لە کوتوپڕ مەترسیدار بۆتەوە. ماوەیەك لەمەوبەر لە فرۆشگەی گەڕەکەکەی خۆمان تووشی چەند کەسی رووسی هاتم کە پرسیاری پەنیری بریتانییان لێکردم. کەمێك قسەم لەگەڵ کردن، پارێزە بوون و رای ئەوانم

سەبارەت بە پارێزەرە بریتانییەکان پرسی، لە وەڵامدا گوتیان بێتوانا و ناکارامەن، پرسیم بۆ؟ گوتیان چونکە توماس هۆبزیان[٧٣] نەخوێندۆتەوە، بەواتایەکی تر گوتیان پارێزەرە بریتانییەکان بابەتی ئاسایشی نێودەوڵەتییان بەلاوە گرنگ نییە. پرسیارەکەی من ئەوەیە کە روانگەی جەنابت سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان بەجیهانیبوون و ئاسایش چییە؟ و پرسیاری دووهەمم ئەوەیە کە کێ ئەم ئاسایشە پێکدەهێنێت؟ بێگومان ئەو کەسە کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی یان MNS یان زانکۆی LSE نییە، بەڵکوو ئەگەر بەهەڵە نەچم، دەوڵەتەکانن, ئەویش دەوڵەتە بەهێزترەکان دەبێ ئەم ئاسایشە پێکبهێنن و ئەمەش کێشەیەکی کۆنە. رای بەڕێزت چییە؟

**ئانتۆنی گیدێنز:** بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش پێویستیمان بە دنیایەکی جیهان-نیشتمان[٧٤] و مرۆڤێکە کە بتوانن ئەم بەها جیهان-نیشتمانییانە بڵاوبکەنەوە. پێویستیمان بە مرۆڤێکە کە بتوانن ئەم جیهانە بەرەو پێش ببەن و ئەمە شتێکە کە LSE یارمەتیی دەکات. لێرەدا کەسانێکی زۆر لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە دەبینین کە لەپاڵ یەك دانیشتوون و ئەمەش بەجۆرێك دەرخەری ئەم جیهان-نیشتمانییەیە. دەستەبەرکردنی ئاسایش کارێکی گەلێك گرانە، بەبڕوای من پێکهاتەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەو چاخەدا کە باسی لەسەر دەکەین گۆڕاوە و رەنگە ئێوەش تارادەیەك لەگەڵم هاودەنگ بن. بێگومان هێشتاش لە هەندێ ناوچەی جیهان جەنگە نەریتییەکان بێجێ و چاوەڕوان نەکراو نین، بەداخەوە جەنگەکانی پاکستان و هیندستان، تایوان و چین و خۆرهەڵاتی دوور کە ململانێی جیدی لەنێو دەسەڵاتە ناوخۆییەکانیاندا هەیە،

٧٣. Thoms Hobbes

٧٤. cosmopolitan world



هەر لەم دەستەیەن، بەڵام وادەردەکەوێت کە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا فۆڕمی توندوتیژی و جەنگەکان لەگۆڕاندان و جۆرێك پەیوەندی لەنێوانیاندا دەبیندرێت. وادیارە رێگرتن لە پێکدادانە ناوچەییەکان کە زۆربەیان ئەتنیکی و مەزهەبین، زۆر قورس بۆتەوە. کاتێك ئەم پێکدادانانە دەستپێدەکەن، وەك حاڵەتی یۆگۆسلاڤیا، ئیتر کۆنترۆڵکردنی بەرئەنجامەکانی زۆر قورسە، چونکە هەروەك ئاماژەت بۆکرد ئاسایشی ئێمە دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، ناوچەیین بەڵام بەداخەوە زۆر لە جەنگە نەریتییەکان نێودەوڵەتیترن. خاتوو ماری کاڵدۆر[٧٥] و خودی فرێد هاڵیدی لەم بوارەدا نووسینی ئامۆژگاریان زۆرە. ئەم کێشەیە پەیوەندیی بە تۆڕە توندوتیژییە تازەکانەوە هەیە. بەجیهانیبون توانایی بەرهەمهێنانی تۆڕگەلی نوتدوتیژیی نوێیان هەیە. لەم دواییانەدا سەردانێکی ئەمریکام کرد و لەوێ کتێبی (رۆبێرت.جی. لیپتۆن)[٧٦]م سەبارەت بە گرووپە مەزهەبییەکانی ژاپۆن خوێندەوە کە لە یەکێك لە تونێلەکانی ژاپۆندا گازیان بڵاو کردبۆوە. لێکدانەوەی ئەو ئەوە بوو کە لێکچوونی زۆر هەیە لەنێوان بزاڤی بونیادگەراکان لە سەرتاسەری جیهاندا، بۆ وێنە هەموویان پێشەوا و رێبەریان هەیە، لەنێو ئەواندا دابەشکارییەکی روون لەنێوان رەش و سپی و چاك و خراپدا هەیە و بەزۆری پیاوانی زۆر گەنجی تەرە کراو لێیان نزیك دەبنەوە. بۆ رێگرتن بەم بزاڤە پێویستە بیر لە شێوازگەلی نوێی ئاسایش بکەینەوە. ئاساییە کە ئەم شێوازانە لەگەڵ شێوازە کۆنەکاندا جیاواز دەبن. رام وایە ئێمە لە جیهانێکی پێکبەستەدا دەژین و ناتوانین پرۆسەی بەجیهانیبوون بە تەواوی بگەڕێنینەوە دواوە، بەڵکوو تەنیا دەتوانین بۆ وێنە رەوتی ئازادسازیی بازرگانی کۆنترۆڵ بکەین، بەڵام ئەمەش خۆی هەڵەیەك دەبێت. ئەوەی ئێمە پێویستیمان پێیەتی ئەوەیە کە بەجێی گەڕاندنەوەی ئەم رەوتە، پێکبەستەیی نوێ و گۆڕەپانی

٧٥. Mary Kaldor

٧٦ . Robert J. Lipton

گەمە و مەرجەکانی گەمە بۆ بازرگانی یەکسان بکەینەوە، هەربۆیە لەو بڕوایەدام دەبێ بەشوێن ڕەهەندێکەوە بین بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە ئاسایشەوە هەیە، ئەمەش بەواتای ئەو ستراتیژی و میتۆدانەن کە جیاوازن لەوانی ڕابردوو.

**فرێد هالیدی:** سەبارەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی قسەت کرد، من هەست دەکەم ماری کالدۆر و دێڤید هێڵدیش لەم بارەیەوە نووسیویانە کە بۆچوونی بەڕێزت سەبارەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی لەڕادەبەدەر خۆشخەیاڵانە و فریشتەئاسایە. جەنابت بەڕادەی پێویست باسی ئەوە ناکەی کە ئەرکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چین؟ و یان ئەرکی NGO کان چییە؟ و تا چ ڕادەیەك ڕۆڵی بژارە واقعبینانەکان دەگێڕن؟ تا چ ڕادە گرووپە دەمارگیرەکان و دیکتاتۆر و پاوانخواز و دژە فیمینیستەکان و ... وەك پاژگەلی کۆمەڵگەی مەدەنی قبووڵ دەکەی؟ بەڵێ لە بواری ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا دەتوانین کەشێکی ئاوەڵاتر بدەین بە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام ئایا دەتوانین ئەوانەی تێکەڵی دەبن بەرپرس بکەین لەبەرانبەر بەها نێودەوڵەتییە لیبراڵەکاندا؟ زۆریان بەم بەهایانە دەربەست نین، زۆریان پیس و هەرزە و دەمارگیرن، زۆریان لەڕێگەی دەوڵەتان و گرووپە مافیاییەکانەوە تەیار و پشتگیری دەکرێن. ئێمە ناتوانین تەنیا کۆمەڵگەی مەدەنی بەرەو ڕووی جیهان ئاوەڵا بکەین، چونکە زۆر مرۆڤی ترسناکیش لەم جیهانەدا هەن.

**ئانتۆنی گیدێنز:** پێشنیار دەکەم ئەگەر دەتانەوێ وەڵامێکی باش لەسەر ئەم پرسیارانە ببیستن سەرنج بدەنە وتەکانی بیرمەندی مەزن، ئۆلریش بێك[77]. ئەو

77. Ulrich beck



لە کۆرسی داهاتوودا دێت بۆ LSE و وەك هەمیشە چەند وتارێکیش پێشکەش دەکات کە لەواندا بەوردی لەم خاڵانە دەدوێت. من پێشتر لە پرسیارەکانی فرێد هالیدی ئاگادار نەبووم، بەڵام بەهەرحاڵ هەوڵ دەدەم ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەم. من بەڕادەی ماری کالدۆر و دێڤید هێڵد لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی نانووسم، بەڵام هەروەك ئۆلریش بێك دەڵێ: کۆمەڵگەی مەدەنی "شارۆمەندانی دزێو"[78]یش بەرهەم دەهێنێت. شارۆمەندانی دزێو کەسانێکن کە کەڵکاوەژۆی ماف و حاڵەتە دیموکراتیکەکان دەکەن، گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی فرەجۆریی شارۆمەندە دزێوەکانی لێدەکەوێتەوە، بۆ وێنە دەتوانرێت ئاماژە بە گرووپە ڕاستە توندڕەوەکان بکەین کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە ئینتێرنێت کەڵك وەردەگرن. بەم پێیە بە هیچ شێوەیەك ناشێ بڵێی کۆمەڵگەی مەدەنی هێزێکی ڕەسەن و دڵخواز و بێمەترسییە. پرسی کەڵکاوەژۆ لە مافە دیموکراتیکەکان ڕاستییەکە کە لەئارادا هەیە و لەم بابەتەدا لەگەڵتان هاودەنگم. NGOکانیش لە کۆمپانیا گەورەکان بژاردەتر نین، بەم پێیە ناشێ جیهانێك کە زیاتر بەدەستی NGOکان بەڕێوە دەچێت جێگەی سیاسەتە نەریتی و ناسراوە دیموکراتیکەکانی پێ بگیرێتەوە. یەکێك لە هۆکارەکانیشی ئەوەیە کە NGOکان نوێنەرایەتیی گرووپە جیاوازەکان دەکەن کە هەروەك باسم کرد هەندێکیان دزێون. بەڵام NGOکان گرووپگەلێکن بە بەرژەوەندیگەلی تایبەتییەوە. بەدڵنیایی پێویستیمان بە کەسێکە پێداویستییە جیاوازەکانی ئەم گرووپە خاوەن بەرژەوەندی و هاوبەرژەوەندانە دەستەبەر بکات. تەنیا ڕێگەی دەستەبەرکردنی ئەمانە حکوومەتە دیموکراتیکەکانن. بەم پێیە پێویستە دەوڵەت و هاوڵاتییە دیموکراتیکەکان لە سیستەمە سیاسییە دیموکراتیکەکاندا بەهۆکاری سەرەکیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرسانە بمێننەوە.

78 . ugly citizens

**یەکێك لە ئامادەبووان:** وا هەست دەکرێت بەڕێزت بەجیهانیبوون تەنیا وەك ئەزموونێك دەخوێنیتەوە, لەحاڵێکدا ئەم دیاردەیە گەلێك ئاڵۆزە. هەروەك باست کرد گەلێك بکەر و هۆکار دەستیان هەیە لە پڕۆسەی بەجیهانیبووندا کە بەجیهانیبوون بەشێوەگەلی جۆراوجۆر ئەزموون دەکەن و کاریگەریی لەسەر دادەنێن. بێگومان ئەزموونی من لە بەجیهانیبوون لەم هۆلەدا لەگەڵ کەسێك کە لە زامبیا رادیۆکەی دادەگرسێنێت جیاوازە.

**ئانتۆنی گیدێنز:** سپاست دەکەم، وەڵامەکەی جەنابت روونە. پێدەچێ ئەو واتایەی من هەوڵم دەدا دەریببڕم بەباشی نەمگەیاندبێت، چونکە من هەوڵم دا بڵێم راست هەر بەو شێوەیەی جەنابت گوتت, هەر لەبەر ئەوەیە کە بێمانایە بڵێین هاودەنگ یان دژە بەجیهانیبوون. بەجیهانیبوون ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێکی گشتی لە گۆڕانەکان، چڕبوونەوەی زۆرێك لەو گۆڕانانە لەماوەی سی ساڵی رابردوودا بووە و بەشێوەگەلی جۆراوجۆر، گەلێك مرۆڤی جۆراوجۆری لە بەشە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. هەندێك جار کۆمەڵێك جیاوازی وەك جیاوازیی هەژار و دەوڵەمەندی بەرجەستە کردۆتەوە و هەندێ جاریش لە ناوچەگەلی وەك خۆرهەڵاتی ئاسیا کە زۆر دەوڵەمەندتر بوون، بەپێچەوانەوە کاریان کردووە. دەزانین رەوتێکی تاکانەی بێبەشکاری لەجیهاندا نییە، کەواتە راستە ئەگەر بڵێین بەجیهانیبوون بەجێی رەوتێکی تایبەت، رەوتگەلێکی جیاوازە بە هۆکارگەلی جیاوازەوە کە دەرئەنجامە جیاوازەکانی بەشێوەگەلی جیاواز مرۆڤە جیاوازەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە. خاڵی گرنگ لێرەدایە کە ئیتر هیچکەس لە دەرەوەی ئەم پڕۆسەیەدا نییە. ئەو گوندنشینە زامبیاییەش زۆر پتر لە رابردوو لەناو ئەم سیستەمەدایە، بۆ وێنە رووداوێك کە بۆ ئابووریی ئارژانتین رووبدات، چ پێمان



باش بێت یان نا کاریگەریی لەسەر هەموومان لەوڵاتە دەوڵەمەند و هەژارەکان دادەنێت.

**یەکێك لە ئامادەبووان:** تۆنی بلێر[79] لە کاردێف هەندێ وتەی لەسەر هەڕەشەکانی سەلەفییەت لەسەر دنیای بەجیهانیکراوی ئەمڕۆ پێشکەش کرد و لەناو ئەو قسانەدا ئاماژەی بەوە کرد کە خەڵك بێزارن لە "کۆمەڵگەی روو لە داڕمان"[80]. بەڕێزت کۆمەڵگەی روو لە داڕمان چۆن پێناسە دەکەی؟ ئایا کۆمەڵگەی بریتانیا وەها کۆمەڵگەیەکە؟ و ئەگەر وەها کۆمەڵگەیەکین، ئایا ئەوە شتێکی خراپە؟

**ئانتۆنی گیدێنز:** پرسیارێکی باشە. نا، من پێموا نییە کۆمەڵگەی ئێمە روو لە داڕمان بێت. ئێمە لە بریتانیا خاوەنی سیستەمێکی دیموکراتیکی دەروونیکراوین کە ماوەیەکی زۆرە بەدەست لێنەدراوی ماوەتەوە و تەمەنی لە زۆربەی سیستەمە دیموکراتیکەکانی جیهان زیاترە، وڵاتانێك هەن کە سیستەمە دیموکراتیکەکانیان بە قۆناغەکانی فاشیزم تووشی وەستان بووە. لە بریتانیا، هەڵکردن، کەشی ئاوەڵا، دیموکراسی، ئازادیی رادەربڕین و گۆڕینەوەی زانیاری لەسەر بابەتگەلی لەم جۆرە بانگەشەی بۆ دەکرێت و ئەمانە بەشێك لەو بەها خۆراواییانەن کە شیاوی بەجیهانیبوونن، بەڵام ئەوە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بڵێین کۆمەڵگەی ئێمە بەشێوەیەکی رازیکەر وەڵامی بەها و ئەخلاقەکان دەداتەوە، چونکە من دەمەوێ بڵێم لە هەندێ رووەوە وا نییە. من کەڵك لە وشەی "داڕمان" وەرناگرم، چونکە بارێکی کولتووریی زۆری هەیە، بەڵام هەندێك

٧٩. Tony Blair: سەرۆك وەزیری ئەوکاتی بریتانیا

٨٠ .decadent society

بۆشایی ئەخلاقی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە کە دەبێ پڕ بکرێنەوە، هەندێکیان لە بەستێنی سیاسی و هەندێکیان لە بەستێنی تاکەکەسیدان. بۆ وێنە کاتێك سەبارەت بە هاوسەرگیری، خێزان و پەیوەندیی سێکسی قسە دەکەین، ئەگەر نەتوانین ئەم کەشە بە ئەخلاقێکی پەیوەندییە سێکسییەکان پڕ بکەینەوە، رووبەڕووی کێشەگەلی جیدیی ئەخلاقی و رۆحی لە ژیانی کەسانەی خەڵکدا دەبینەوە، بەڵام ئەوەی شیاوی سەرنجە ئەوەیە کە رێگەی چارە گەڕانەوە بەرەو سەلەفیەت نییە. بەدڵنیاییەوە رێگەچارە سیستەمێك نییە لە باوەڕەکان کە لەوپەڕی توندی و دەمارگرژییەوە رێگەی هیچ جۆرە باسێکی ئازاد نەدات، بەپێچەوانەوە پێویستە دیالۆگێکی دیموکراتیك پێکبێت. دیموکراسی لەم وڵاتە و چەند وڵاتێکی تری جیهان گەشەی کردووە و ئەم بەهایە، شیاوی بەجیهانیبوونە و بە هیچ شێوەیەك دانارمێت.



## ئاسۆی دەوڵەت-نەتەوە[81]

**دێڤید هێڵد**[82]: زۆر خۆشحاڵم بەوەی ژمارەیەکی زۆر پێشوازییان لەم کۆڕانە کردووە، سەربەرزم بەوەی لە دووهەم کۆڕی زنجیرە وتارەکانی سەرۆکایەتیی زانکۆی LSE لە خزمەت ئێوەدام. تەوەری کۆڕی ئەم هەفتەیە "ئاسۆی دەوڵەت-نەتەوە"یە کە بابەتێکی زۆر بنچینەیی و شایانی سەرنجە.

ئانتۆنی گیدێنز لە ساڵی ١٩٧٤ەوە دەناسم، یەکەمجار لە بۆستۆن[83] چاوم پێیکەوت، لەوێ کۆڕی هەبوو و لەکاتی نانی نیوەڕۆدا دیدارم لەگەڵ کرد، لەو کۆڕ و دیدارە دوو شتم لەبیر ماوە: تۆنی خەریکی خواردنی ساندویچێکی زۆر گەورە بوو کە بە هەموو تەمەنم هی ئاوا گەورەم نەدیتبوو و هاوکات باسیشی لە داهاتووی پرۆسەکانی تیۆریی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکرد، دڵنیا نەبووم کامیان زیاتر کاریان تێکردم، بەڵام بۆ ئەنجامدانی هاوکاتی ئەو دوو کارە دەبوو ئافەرەمی پێبڵێی.

تۆنی لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا بەڕاستی ئاڵاهەڵگری تیۆریی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە و بەڕاستی ئەوە شاکارێکی گەورەیە و دەرخەری سێ شتە: یەکەم وزە و توانای ئەوە کە وێنەی نییە و دووهەم، زیرەکی و توانایی زەینیی ئەوە کە بەردەوام لە جەرگەی کێشەکان و بابەتە ئەمڕۆژینە سیاسییەکان و گشتییەکاندا ئامادەیی هەبووە. تەوەری کۆڕی ئەمڕۆ تەوەرێکی پڕگرنگە،

٨١. the future of the nation- state:

٨٢. David Held

٨٣. Boston

هەموومان حەز دەکەین گوێمان لە وتەکانی ئەو بێت، کەواتە لەوە زیاتر چاوەڕێتان ناهێڵم و داوا لە ئانتۆنی دەکەم وتەکانی دەستپێبکات.

**ئانتۆنی گیدێنز:** سپاستان دەکەم، زۆر شادم بەوەی دێڤید بەرپرسایەتی بەڕێوەبردنی ئەم دانیشتنەی لە ئەستۆیە، لە هەر دانیشتنێکدا یەکێك لە ئەندامانی باڵای زانکۆی LSE بەڕیەبەری کۆڕەکە دەبن و لە کۆتایی هەر وتارێکدا بە پرسیارەکانی خۆیان تیرەبارانم دەکەن، لە دوای ئەویش وەڵامی دوو، سێ پرسیاری ئامادەبووان دەدەمەوە.

دێڤید هێڵد مامۆستای پلە یەکی زانستی سیاسیی زانکۆی LESیە و هەروەها پسپۆڕێکی جیهانیی "بەجیهانیبوون"[٨٤]ە. تەوەری بەجیهانیبوون ئەڵقەی پەیوەندیی هەرپێنج کۆڕەکە دەبێت و هەست دەکەم دەبێ ئەڵقەی پەیوەندیی هەموو کارەکانی ئێوەش بێت، چونکە بەڕاستی باسی سەردەمە. ئەگەر پێویستیتان بە شیکردنەوەی ئەم بابەتە هەیە دەبێ بگەڕێنەوە سەر کتێبەکانی دێڤید هێڵد، کتێبی "گۆڕانە جیهانییەکان"[٨٥] گرنگترین کتێبی ئەوە لەو بوارەدا، ڕەنگ بێ ئەم کتێبە وردترین و پڕوردەکاریترین باسێك بێت کە سەبارەت بە بەجیهانیبوون لەبەردەستدا هەیە و زۆر ساکار و زانایانە نووسراوە.

بۆ لێدوان لەسەر داهاتووی دەوڵەت-نەتەوە پێویستە سەبارەت بە رابردووەکەشی قسە بکەین، چونکە ئەگەر بمانەوێ لەوە تێبگەین کە چی بەسەر دامەزراوەیەکی ئاراستەداری وەك دەوڵەت-نەتەوەدا دێت پێویستە شێوازی پێگەیشتن و بیچمگرتنەکەشی لەماوەی هەتا دووسەد ساڵی رابردوودا بزانین.

هەروەك لە کۆڕی رابردوودا ئاماژەم پێکرد LSE دامەزراوەیەکی جیهان-نیشتمانی و فرەنەتەوەیە، هەر بۆیەش من بە هاسانی دەتوانم لە کەسەکان

٨٤ . globalization

٨٥ . global transformation



بپرسم "خەڵکی کوێن؟" پێموانییە لە وەڵامدا ناوی ناوچەیەك بێنن و بۆ وێنە بڵێن "خەڵکی ئاسیام" یا "ئەورووپیم"، ئێوە لە وەڵامدا خۆتان بە خەڵکی وڵاتێکی تایبەت دەناسێنن و مەبەستتان لە وڵاتێکی تایبەتیش نەتەوەیەکی تایبەت یان دەوڵەت-نەتەوەیەکی تایبەتە. ئەوەیکە ئێوە ئاوەها وەڵامێك دەدەنەوە ئەوە دەردەخات کە ناسنامەی نەتەوەیی و هەستی پەیوەستبوون بە کۆمەڵگەی نەتەوەیی بەردەوام هێزێکی زۆر بەهێزە لە ژیانی ئێمەدا. لەم کۆڕەدا هەر لەم تەوەرە دەدوێم و بەگشتی وەڵامی کەسانێك دەدەمەوە کە لەمڕۆژدا نکۆڵی لە گرنگیی دەوڵەت-نەتەوە دەکەن.

نکۆڵی لە بەردەوامبوونی بایەخی دەوڵەت-نەتەوە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە تەوەری بەجیهانیبوون و هاتنە ناو چاخی گلۆباڵەوە هەیە کە لەکۆڕی رابردوودا باسی ئەوەمان کرد. هەندێك لەو ژمارانەی بەکورتی ئاماژەم پێدان وەك بەڵگەیەك بۆ تێکڕمانی بایەخی رۆڵی دەوڵەت-نەتەوە و ئەنجامە شیکارییەکانی لە رۆڵی دادگاییکردنێکدا بۆ رەتکردنەوەی رۆڵی نەتەوە کەڵکی لێوەردەگیرێت. ئەو نووسەرانەی بەم جۆرە بیردەکەنەوە لە بناغەدا باس لە کۆتایی دەوڵەت-نەتەوە دەکەن. ئەو کتێبانەی لەسەرپەڕەکانیاندا باسی کۆتایی دەوڵەت-نەتەوە کرابێت لە کتێبخانەکەمدا ژمارەیان ناگاتە سێ کتێب، یەکێك لە نموونە باشەکان نووسەری ناوداری ژاپۆنی، "کێنیش ئۆمی"[٨٦]یە کە لە کۆڕی رابردوودا بە کورتی ئاماژەم پێکرد. ئەو کتێبی زۆری لەم بارەیەوە نووسیوە، ئۆمی یەکێك لە ناودارترین ئەو نووسەرانەیە کە لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا ئەم تەوەرەی ورووژاندووە و شتێك نییە کە بەتازەیی دایهێنابێت. ئەو چەمکی "ئابووریی بێسنوور"[٨٧]ی داهێنا و یەکێکە لە هەمان ئەو نووسەرانەی

٨٦ . Keniche Ohmae

٨٧ . borderless economy

که کتێبێکی لەژێر ناوی "کۆتایی دەوڵەت-نەتەوە"[88] نووسیوە. کاکڵی قسەی ئەم گرووپە چییە؟ تێزی سەرەکیی ئەمانە ئەوەیە کە لە ئابووریی جیهانیدا کە بەرەو یەکپارچەتربوون دەچێت، ئەکتەری تر جێگەی "نەتەوە" دەگرنەوە و ئەم پرسە جگە لە ئاستە جیهانییەکەی لە ژیانی گەرەك و تەنانەت تاکی ئێمەشدا دەوری هەیە. بەپێی بۆچوونی ئۆمی، پێشکەوتن و گەشەی بازاڕ و پێکبەستەیی ئابووری و هەرێمگەرایی ئابووری[89] کە لە کۆڕی رابردوودا باسم لێکرد، دەسەڵاتی نەریتیی "دەوڵەت-نەتەوە"ی لەرزۆك کردووە. بەڕای ئەو لە ساڵانی داهاتوودا شاهیدی نوێکردنەوەیەکی پێکهاتەیی و گۆڕانێکی گەورە لە رۆڵی دەوڵەت-نەتەوەدا دەبینن، ئەویش وەك هەندێك لە نووسەرانی تر بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە لەماوەی دوو، سێ دەیەی داهاتوودا، "دەوڵەت-شارەکان"[90] بەڕادەیەکی زۆر جێگەی دەوڵەت-نەتەوەکان دەگرنەوە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە لەوانەیە شاهیدی سەدان "دەوڵەتشار" دەبین کە وابەستەیی و پەیوەندییەکی کەمیان بە دەوڵەت-نەتەوەکانی پێشووەوە کە بەشێك بوون لەوان، هەبێت. ئەوان ناسنامەی خۆیان لەسەرەتادا بە بەشداری لە ئابووریی جیهانی و سروشتە تایبەتییەکەیان لەم بەشدارییەدا، بەدەست دەهێنن. بۆ وێنە شارە گەورەکانی وەك "هۆنگ کۆنگ"، "بارسلۆنا"، "نیویۆرك" و "لەندەن" ناسنامەی ئابووری-سیاسی- کولتووریی خۆیان زیاتر بە بەشداریکردن لە ئابووریی جیهانی و کۆمەڵگەیەکی جیهانیی گەورەتردا بەناوی شارە جیهانییەکان دەزانن هەتا ئەوەی بەرەنجامی نەتەوەیەك بن کە بەشێکن لەو. لەبەر ئەوە ئابووریی بێسنوور

٨٨ . the end of nation-state

٨٩. economic regionalism

٩٠ . city states



بۆ ئۆمی راستییەکە و لەڕێگەی ئەوەوە لەئاستێکی فرەتردا ئەو سنوورانەی دەوڵەت-نەتەوەکان دیارییان دەکەن، بێبایەخ دەکات.

ئەم تیۆرییە تێزێکی قەیرانساز و باوە، هەروەك پیدەچێ هەمووتان بزانن ئەم تێزە تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ شێوە بۆچوونی باسی خەڵك سەبارەت بە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی هاوئاهەنگە. رێژەیەکی زۆر لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەوڵەت و حکوومەت ئەو رۆڵەی لە رابردوودا بوویەتی دۆڕاندوویەتی. دەڵێن زۆرینەی خەڵك حەزێکیان بۆ سیاسەت نەماوە و هەر بۆیە بۆ وێنە تێکەڵی بزووتنەوەی دژە جیهانیبوون دەبن. ئەوانە لەو بڕوایەدان کە دیموکراسی بەهۆی سەرهەڵدانی بڕیاردان لە چوارچێوەیەکی نوێدا سواوە و بێکەڵك بۆتەوە. ئەو بڕیارانەی ئەوان باسی لێدەکەن ئیتر لەو بەستێنە گشتییە پێناسەکراوەدا کە لە تیۆریی سیاسیی کلاسیکدا لە چوارچێوەی نەتەوەدا پێناسە دەکرا پێکنایەت. دێڤید هێڵد هەڵوێستێکی زۆر وردبینانەتری لەم بوارەدا هەیە و سەبارەت بەم دیاردانە بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشتر نووسیویەتی. ئەو کۆمەڵێك نووسینی سەبارەت بە بەردەوامیی بەستێنی گشتیی نەتەوەیی لە جیهانێکدا کە زۆریەك لە کێشە و گرفتەکانیش کە لە بەستێنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە سەرچاوە ناگرن، هەیە.

پێدەچێ خۆپێشاندەرانی سەر شەقامەکانیش هەر بڕوایەکی لەم شێوەیەیان هەبێت، چوونکە ئەوانیش دەڵێن جیهان بەدەستی "دەسەڵاتی کۆمپانیاکان" داگیرکراوە، تەواوی جیهان لەژێر نفووزی بازاڕدایە و ئەم کێشەیە رەوایی دیموکراتیك لە بیچمە زەروورییەکەی واتە چوارچێوەی نەتەوەیی دەباتە دەر. خاڵێکی گرنگ کە سەرنجتانی بەرەو لای رادەکێشم ئەوەیە کە رادیکاڵ و چەپی رادیکاڵ لەسەر ئەم بۆچوونە هاودەنگن. بزووتنەوە راستە توندڕەوەکانی جیهان بەشوێن دەسەڵاتی دەوڵەت-نەتەوەوەن و لەو باوەڕەدان کە هەندێ هێز هەن کە لە هەوڵی هڵۆڵ کردنی دەسەڵاتی پێشتر دامەزراوی دەوڵەت-نەتەوەدان، هەر

بۆیە وەك چۆن لە سەرەتادا باسم کرد ئەم باسە گرنگە تەنیا سەبارەت بە پێکهاتەکان نییە، بەڵکوو باسێکە سەبارەت بە "ناسنامە"[٩١]ش،باسێکە سەبارەت بەوەی ئێمە کێین؟ خەڵکی کوێین؟ لە چ کۆمەڵگەیەکین؟ چلۆن خاڵە سەرەتاییەکانی ناسنامەی خۆمان پێناسە دەکەین؟ و گەلێك پرسیاری لەو شێوەیە.

بۆ گرتنەبەری هەڵوێستێك لەم بوارەدا پێویستە سەرەتا دوو کار بکرێت، یەکێك لەوانە لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجام دەدرێت و ئەویتر پێویستی بە وردەکاریی زیاترە. یەکەم کارێك کە دەبێ بکرێت روونکردنەوەی کۆمەڵێك جیاوازیی چەمکییەکانە. لەم ئاراستەیەدا بەتایبەتی پێویستە لەنێوان "دەوڵەت-نەتەوە"[٩٢]، "نەتەوە"[٩٣] و "نەتەوەخوازی"(ناسیۆنالیزم یاخود نەتەوەگەرایی)[٩٤] جیاوازی دابنێین. ئەم سێ چەمکە زۆرجاران بە یەك مانا بەکار دەهێنرێن و ئەمەش زیاتر بەهۆی رەچاوکردنی کورتنووسی و خێرانووسییەوە دەبێت و منیش دژایەتییەکم لەگەڵیدا نییە، بەڵام زۆر گرنگە وەك چەمك جیاوازییان بۆ دابنێین. بەکورتی مانای هەرکام لەم سێ چەمکە شی دەکەمەوە.

دەوڵەت-نەتەوە بەر لە هەر شتێك پێکهاتە و دارشتێکی سیاسییە. دەوڵەت-نەتەوە جۆرێك سیستەمی سیاسییە کە تایبەتمەندیگەلی تایبەت بە خۆی هەیە و لەراستیدا دەدرێتە پاڵ سیستەمێکی سیاسی کە دەسەڵات بەسەر قەڵەمڕەوێکی تایبەتدا دەکات کە بەپێی سنوورەکانی دیاری دەکرێت. دواتر بە وردەکارییەکی زیاترەوە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت-نەتەوە باس دەکەین.

٩١ . identity

٩٢ . nation state

٩٣ . nation

٩٤ . nationalism



دەوڵەت-نەتەوە بە شێوەیەکی نەریتی کۆنترۆڵی دەزگایەکی یاسایی و تەشکیلاتی دەسەڵاتێکی سەربازیی لەبەردەستدایە و لەبەر ئەوە دارشت و پێکهاتەیەکی سیاسییە.

"نەتەوە" کۆمەڵگەیەکی سیمبۆلیکە کە لە دەوڵەت-نەتەوەیەکدا بیچم دەگرێت و هەڵبەت لەبەر ئەو هۆیانەی دواتر ئاماژەیان پێدەکەم هەمیشەش لە دەوڵەت-نەتەوەدا بیچم ناگرێت. کاتێك پرسیارتان لێدەکرێت "ئێوە کێن؟" و "خەڵکی کوێن؟" نەتەوە, ناسنامەتان پێدەبەخشێت. نیشانەکەشی ئەوەیە کە دەڵێن، مێکسیکی، هیندی، چینی، ئینگلیزی و یان...

پێندیکت ئیندرسۆن[٩٥] یەکێك لە تیۆریسازە بەناوبانگەکانی ناسیۆنالیزم، نەتەوە بە "کۆمەڵگەی گریمانی"[٩٦] ناودێر دەکات. کۆمەڵگەی گریمانی کۆمەڵگەیەکی سیمبۆلیکە کە پێوەی پەیوەستن. ئەگەر شارۆمەندی دەوڵەت-نەتەوەیەك بن(لانیکەم بە رەچەڵەك) ئەمە ناسنامەیێك بە ئێوە دەبەخشێت و "بەردەوامی[٩٧]" و "مێژوو"[٩٨] دێنێتە گۆڕێ. هەروەك ئیندرسۆن ئاماژەی پێدەکات و بەو هۆیانەی دواتر باسیان دەکەم زۆریش گرنگە، پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سیمبۆلیك بۆ نەتەوەیەك کارێکی گەلێك دژوارە. بۆ ئافراندنی کۆمەڵگەیەکی هاوبەش کە مرۆڤەکان هەست بکەن پێی بەستەن کاتێکی زۆر پێویستە و هەمیشەش لە مەترسیی هەرەشەدایە. لە زۆرینەی دەوڵەت-نەتەوەکاندا گەلێ رەوتی ئاژاوەگێڕ و فیتنە هەن کە دەتوانن نەتەوە یان کۆمەڵگەی سیمبۆلیك بخەنە بەر مەترسییەوە.

٩٥. Benedict Anderson

٩٦ . imagined community

٩٧. continuity

٩٨ . history

هەردووك ئەمانە -دەوڵەت نەتەوە و نەتەوە-پێویستە لە "نەتەوەخوازی" جیا بکرێنەوە. نەتەوەخوازی بە تێگەیشتنی من دیاردەیەکی دەروونییە و هەمان هەست کردن بە پەیوەستبوون بە نەتەوەوەیە. نەتەوەخوازی بە واتایەکی تر سووتەمەنییەکی دەروونییە بۆ موتۆڕی کۆمەڵگەی سیمبۆلیك و جۆرێك هەست بە هۆگری کردن، دەخیل بوون و پێشمەرگ بوون و دەروەستیی سۆزدارانە بۆ نەتەوەیە. پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەم سێ چەمکەدا، چونکە لانیکەم یەك یان دوانیان دەتوانن بەبێ یەك یان دوانەکەی تریان بوونیان هەبێت، بۆ وێنە دەکرێت "نەتەوە"یەکی بەبێ "دەوڵەت-نەتەوە" هەبێت. لە حاڵەتێکدا "نەتەوە"یەك خۆی وەك "کۆمەڵگەیەکی سیمبۆلیك" دەناسێت بەڵام، بیچمی "دەوڵەت"ی نییە، "نەتەوەخوازی" دەتوانێت ببێتە موتۆڕێکی بزوێنەر بۆ ئاواتی گۆڕان بەرەو "دەوڵەت-نەتەوە". گەلێك نموونەی لەو جۆرە لە جیهاندا هەن. لە نموونە لۆکاڵییەکانەوە وەك سکۆتلەندا و ویلز لە بریتانیاوە بگرە هەتا کوردەکان و زۆر گرووپی تر کە هەموویان خۆیان بە نەتەوە دەزانن (یان لانیکەم زۆریان ئەو هەستەیان هەیە) و لە هەمان کاتدا دەوڵەتیان نییە.

بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییانەی ئەمڕۆ لە نەتەوەکاندا دێنە دی و هەروەها چییەتیی ڕاستەقینەی دەوڵەت-نەتەوە و ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی، ڕامان لە ڕەوتی کامڵبوونی مێژوویی دەوڵەت-نەتەوە گەلێك گرنگە. گرنگترین خاڵی شایانی ڕامان لەم بوارەدا ئەوەیە کە ڕابردوو و مێژووی دەوڵەت-نەتەوە زۆر لەوە کورتترە کە زۆر خەڵك و تەنانەت هەندێ لە بیرمەندانیش پێیانوایە. دەوڵەت-نەتەوە داڕشتێکی مێژوویی تاڕادەیەك نوێیە و زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و پێکهاتنی ئەورووپا و هەندێ کۆمەڵگەی وەك ئەمریکا، ئۆسترالیا و نیووزیلەندا کە ئەورووپییەکان تیایدا دەژیان. بۆ یەکەم جار دەوڵەت-نەتەوە لەم بەشە لە جیهان دامەزرا و دواتر پەرگیر بۆوە، کەواتە "دەوڵەت-نەتەوە"، جیاوازە لەگەڵ "نەتەوە"،



چونکە "دەوڵەت"، "نەتەوە"، "نەتەوەخوازی" بەپێچەوانەی "دەوڵەت-نەتەوە: بەردەوام بوونیان هەبووە. (ئانتۆنی ئیسمیت)[٩٩] کە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی LSE یە بەباشی دەریخستووە کە زۆرێك لە دەوڵەت-نەتەوەکان خاوەنی پێشینەیەکی ئەتنیکین. لەڕاستیدا پێشینە ئەتنیکییەکان دەگەڕێنەوە بۆ مێژوویەکی دوور لەحاڵێکدا کە خودی "دەوڵەت-نەتەوە" هەتا ڕادەیەك نوێیە. پێدەچێ ڕەگێکیان لە مێژووی ڕابردوودا هەبێت بەڵام، خۆیان مێژوویەکی درێژیان نییە و ئەم خاڵە زۆر گرنگ و چارەنووسسازە لەبەر ئەوەی لێرەدا بانگەشەی ئەوە کراوە کە جیا لەوەی زۆرێك لە خەڵك مۆدێرنیتە و شارستانییەتی مۆدێرن لە دەلاقەی گۆڕانە ئابوورییەکان و شۆڕشی پیشەسازی و سەرهەڵدانی تێکنۆلۆژیای پیشەسازی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە سەیر دەکەن، دەوڵەت-نەتەوەش بەڕادەی بەرهەمهێنانی پیشەیی ئابووریی مۆدێرن پاژێکە لە مۆدێرنیتە. ڕێژەیەکی کەم لە بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکان سەرنجیان داوەتە ئەم خاڵە، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ تێگەیشتن لەوەیکە بەتایبەتی لەم دوو سەدەیەی دواییدا چی بەسەر جیهاندا هاتووە، خاڵێکی گەلێك گرنگە. دەوڵەت-نەتەوە لە بناغەوە جیاوازە لە جۆرەکانی دەوڵەت کە بەر لە سەدەی هەژدەهەم کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان پێکدەهێنا، تەنانەت هەندێ لەو جۆرانە هەتا سەدەی بیستەمیش بەردەوام بوون. دەکرێ دەوڵەتە نەریتییەکان بەشێوەی سیستەماتیك لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوە بەراورد بکرێت. ئەگەر لە ڕۆحی ئەم هەڵسەنگاندنە تێبگەین ڕێیەکی دوور و درێژمان بۆ تێگەیشتنی چییەتیی دەوڵەت-نەتەوە بەواتای داڕشتێکی سیاسیی خاوەن ستراکتۆر بڕیوە. ڕێگەم بدەن لەو هەڵسەنگاندنەدا ئاماژە بە پێنج خاڵ بکەم:

٩٩ . Anthony Smith

یەکەم، دەوڵەتە نەریتییەکان لەخۆیاندا "پارچە پارچە"[١٠٠] بوون. مەبەست لە دەوڵەتە نەریتییەکان بیچمە پێش مۆدێرنەکانی دەوڵەتە وەك چینی کۆن کە هەتا نزیك سەدەی بیستەم هەر بەردەوام بوون یان رۆمی کۆن و شارستانییەتە نەریتییەکانی ئەورووپا لە سەردەمی فیۆدالدا. دەوڵەتە نەریتییەکان بەبێ ناوازە سەرجەم پارچە پارچە و لەت لەت بوون. کارل مارکس دەوڵەتە نەریتییەکانی بە "گوێنییە پەتاتە"[١٠١] دەشوبهاند و راستیشی دەگوت، بەو واتایە کە لە دەوڵەتە نەریتییەکاندا دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندی لە ئارادا نەبوو. دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندی تەنانەت لە دواییترین دەوڵەتە نەریتییەکاندا وەك چین بەهیچ شێوە هەڵگری بەراورد کردن نییە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندی لە دەوڵەت-نەتەوەکاندا. نەبوونی پەیوەندی و نەبوونی یەکپارچەیی ئابووری-سیاسی دەبووە هۆی ئەوە کە بۆ دەزگای سیاسیی ناوەندی بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی ئەوتۆ لە ژیانی ئاسایی و رۆژانەی ئەو خەڵکەی کە لەو دەوڵەتانەدا دەژیان زۆر قورس ببێتەوە. خەڵکی ئەم دەوڵەتانە لەڕاستیدا "هاوڵاتی"[١٠٢] نەبوون، چونکە ئەو رۆڵە چالاکەیان نەبوو کە هاوڵاتییانی دەوڵەت-نەتەوە لە دەوڵەتێکدا هەیانە. سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی جێگیر بوونی دەزگایەکی سیاسیی کۆکراوەی دەسەڵات. ئێمە هێندە خومان بەم حاڵەتە نوێیەوە گرتووە کە بۆمان ئەستەمە لەوە تێبگەین تا چ ڕادە لەڕووی مێژووییەوە بیهاوتایە. بێبایەخ بوون بەم بابەتە گەلێك باسی هەمیشەیی لێکەوتۆتەوە.

دووهەم، دەوڵەتە نەریتییەکان ناسنامەیەکی گشتیی کولتووری و زمانییان نەبووە. هەڵبەت هەندێ نموونەی ناوازەش هەبووە. ناسنامەی کولتووری و

١٠٠ . segmental

١٠١ . sack of potatoes

١٠٢ . citizen



چەمکی نەتەوە تا رادەیەکی زۆر پێکەوە پەیوەستن. لە شارستانییەتە نەریتییەکاندا خەڵکانێك کە لە لادێ بچووکەکاندا دەژیان زۆربە بە زمانێکی جیاواز لە چینی دەسەڵاتدار قسەیان دەکرد و چینی دەسەڵاتدار پەیوەندیی زمانی یان کولتوورییەکی زۆر کەمی لەگەڵ زۆرینەی دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتەکەی خۆیدا هەبوو. هەندێ گوتوویانە کە دەوڵەتە نەریتییەکان لەڕاستیدا جۆرێك دەزگای باجگری و تۆقاندن و ملهوڕی بوون و ڕێبەرایەتیی سیاسیی ناوەندیش دوو کاری گرنگی ئەنجام دەدا:

یەکەم، باجی لە خەڵك وەردەگرت و دووهەمیش هەندێ جار ناچاری دەکرن لە شەڕەکاندا بەشداری بکەن، کەوابوو دەوڵەتە نەریتییەکان کۆمەڵگەیەکی رێکخراوی کولتووری یان زمانی نەبوون، بەڵام دەوڵەت-نەتەوەکان بەپێچەوانەوە، هەمیشە ئەم ئارمانجەیان هەبووە. (هەڵبەت هەندێ ناوازەی وەك سویسراش هەیە). چەمکی نەتەوە بەگشتی پەیوەندیی بە بابەتی کولتووری هاوبەش و بەگشتی زمانی هاوبەشەوە هەیە و ئەمە خاڵێکی گەلێك گرنگە، چونکە زۆربەی ئەو نەتەوانەی دەیانهەوێ ببن بە دەوڵەت، بەشێوەیەکی تایبەت خۆیان هەر بەم تایبەتمەندییانەوە پێناسە دەکەن. سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوە لە سەدەی هەژدەهەم بەدواوە بەردەوام لەژێر کاریگەریی سیستەمی پەروەردەدا بووە و کاریگەریی لە کۆمەڵگەی گرێمانکراو, کە بێندیکت ئیندێرسۆن ئاماژەی پێدەکات وەرگرتووە و دەرکەوتنەکەی لەگەڵ دەرکەوتنی دەزگای دەوڵەت و سیستەمی یەکەی پەروەردەیی هاوڕێ بووە. تیۆریسازانی دەوڵەت-نەتەوە وەك "ئێرنێست گێلنر"[١٠٣] (ئەویش پێشتر لە LSE وانەی دەگوتەوە) بەردەوام

١٠٣ . Ernest Gelner

پێداگریی لەسەر رۆڵی سیستەمی یەکەی پەروەردەیی لە پێگەیاندنی دەوڵەت-نەتەوەدا کردووە، بەڵام دەوڵەتە نەریتییەکان ئەوها نەبوون.

سیهەم، دەوڵەتە نەریتییەکان هیچکات مافی قۆرخکردنی بەکارهێنانی ئامرازەکانی توندوتیژییان نەبووە، بەم پێیە لە دەوڵەتە نەریتییەکانی وەك چین، هەمیشە لەنێوان ناوەندی سیاسی و فەرماندە سەربازییە ناوچەییەکاندا بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئامرازەکانی هەڵگیرساندنی شەڕ، ململانێ هەبووە. لە دەوڵەتە نەریتییەکاندا فەرماندە سەربازییە ناوچەییەکان دەسەڵاتی ناوچەییان هەبووە (هەروەك تارادەیەك لە ئەفغانستانی ئەمڕۆدا دەبیندرێت)، چونکە دەوڵەتی نەریتی بەهیچ رێگەیەك نەیدەتوانی کۆنترۆڵی ئامرازەکانی توندوتیژیی سەربازیی بۆخۆی قۆرخ بکات، لەبەر ئەوە پرۆسەی قۆرخ کردنی توندوتیژیی سەربازی لە دەستی دەسەڵاتی ناوەندیشدا قۆناغێکی دیاریکەر بووە لە پێگەیشتنی دەوڵەت-نەتەوەدا. ئاسان نییە کە ئەم تایبەتمەندییە بۆ هەموو وڵاتەکان لەبەرچاو بگیرێت، لەبەر ئەوەی لە هەندێ وڵاتاندا هەڕەشەی خراوەتە سەر، بەڵام ئەم مافی قۆرخ کردنە بۆتە تایبەتمەندییەکی گرنگ بەتایبەتی بۆ وڵاتە خۆراواییە ئەوروپییەکان و دەتوانرێ ئەوەش بە سەرهەڵدانی هێزی پۆلیس دەستنیشان بکرێت. لەپاش دەرکەوتنی هێزی پۆلیس لە بارودۆخە نائاساییەکاندا پۆلیس دەست دەداتە دابینکردنەوەی ئاسایشی ناوخۆ و سوپاش بۆ دابینکردنی ئاسایشی دەرەکی. ئەم پۆلێنبەندییە نیشاندەری قۆرخکاریی سەرکەوتووانەی ئامرازەکانی توندوتیژی لە دەستی دەوڵەتدایە. پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت کە ئەم بابەتە بە درێژایی مێژوو زۆر نائاسایی بووە. لە دەوڵەتە نەریتییەکاندا تەنانەت نەدەکرا بە ئاسایشەوە سەفەر بکرێت. سەیر ئەوەیە ئەم حاڵەتە (لە سەردەمی ئێمەدا) دووبارە گەڕاوەتەوە و تۆڕە جیهانییە تیرۆریستییەکان بە تێکنۆلۆژیای پێشکەوتووەوە سەرلەنوێ سەفەرەکانیان مەترسیدار کردووە. ئەمڕۆ هەندێکەس ئەو پرسیارە دەکەن: "ئایا لەپاش رووداوی



یازدەی سێپتەمبەر بەڕاستی دەتوانین بە ئاسایشی تەواوەوە سەفەر بکەین بۆ نیویۆرك؟ " ئەمە لەحاڵێکدایە کە زۆرینەی خەڵك بەتایبەتی لە خۆراوا بە ئاسایش و ئارامی لە سەفەرەکانیاندا راهاتبوون. سەفەری بێ گرفت دیاردەیەکی مۆدێرنە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە مێژوودا بوونی نەبووە.

چوارەم، هەروەك جوگرافیزانەکان دەڵێن، دەوڵەتە نەریتییەکان "کەوشەن"[١٠٤]یان هەبووە نەك "سنوور"[١٠٥] . ئەم بابەتەش گرنگایەتییەکی زۆری هەیە. ئەگەر "کەوشەن"مان هەبێت دابەشکارییەکی وردی ئەوتۆمان لەسەر نەخشە نابێت، بەڵکوو ناوچەگەلێکی پلەبەندیکراو لە ئارادا دەبێت کە ئۆتۆریتەی سیاسیی ناوەندی وردە وردە لەسەریان کەم دەبێتەوە. لە دەورووبەری چینی کۆن دیوارێك هەڵچنرابوو، زۆرێك لەئێوە رەنگە پێتان وابێت ئەو دیوارە سنووری چین بووە، بەڵام وانییە، هەمیشە لەسەر داگیرکردنی ناوچەکانی هەردووك بەری دیواری چین کێشمەکێشم هەبووە و فەرماندە سەربازییە ناوچەییەکان لە ناوەندی سیاسی زیاتر کۆنترۆڵیان بەسەر دیوارەکەوە هەبوو. بەم پێیە داهێنانی "سنوور" دیاردەیەکی بێ وێنە بووە لە مێژوودا. "سنوور" هێڵێکە کە دەکرێت لەسەر نەخشە دیاری بکرێت و شوێنێکە کە لەوێدا ئۆتۆریتەی دەوڵەتێك بە کۆتایی دەگات و ئۆتۆریتەی دەوڵەتێکی تر دەست پێدەکات. سنووربەندی، رەوتێکی زۆر دژوار و درێژخایەن بووە لە مێژوودا. هەندێجار سنوورەکان وەك ئەفریقا بە دەستی ئەوروپییەکان دیاری کراون و پاشهاتگەلێکیشیان لێکەوتۆتەوە. تەنیا کاتێك دەشێ بگوترێت کە دەوڵەت-نەتەوەیەکی ئۆتۆنۆم و سەربەخۆمان هەیە کە "سنوور"مان هەبێت، چونکە دەزگای سیاسیی نەتەوە هاوپانتای سنوورەکانە.

---

١٠٤ . frontier

١٠٥ . border

خاڵی پێنجەم و کۆتایی ئەوەیە کە دەوڵەتە نەریتییەکان لەناو سیستەمی دەوڵەتاندا نەبوون. بیرتان دەهێنمەوە کە زۆربەی مێژووی مرۆڤ یاخود بە لایەنی کەمەوە شەش هەزار ساڵی هەر بەم شێوەیە بووە و سەردەمەکەی هەتا سەدەی بیستەم درێژەی کێشاوە. دەوڵەتە نەریتییەکان زۆربەی جار بەسەر ناوچەیەکی تایبەتدا زاڵ بوون و لەلایەن گرووپە باجدەرەکانەوە گەمارۆ دەدران. گرووپە باجدەرەکان گرووپگەلێکی ئەتنیکی بوون کە لە ئیمپراتۆرییەکاندا باجیان بە ناوەندی ئیمپراتۆری و لە سیستەمە دەرەبەگییەکاندا بەردەوام بە لۆردە ناوچەییەکان دەدا. کاتێك لەناو سیستەمێك لە دەوڵەتەکاندا بن پێویستە سەبارەت بە سنوورەکان ڕێك بکەون و پابەند بن بە ڕێککەوتنی دەوڵەتەکانی تریش. لانیکەم لە سەدەی هەژدەهەمەوە و تەنانەت بەر لەویش لە ئەورووپا هەمیشە سیستەمێك لە دەوڵەتەکان بوونیان هەبووە. ئەم سیستەمە سەرەتا لە خۆراوا سەری هەڵدا و بەدوای ئەوێشدا زۆربەی بەشەکانی تری جیهانی گرتەوە. دامەزرانی ڕوو لە گەشەی دەوڵەت-نەتەوە و وەرچەرخانی مێژوویی لە دەوڵەتە نەریتییەکانەوە کە سەردەمایەکی دوور و درێژ زاڵ بوون، بەرەو دەولت-نەتەوە, مۆدێرنەکان پاشهاتگەلی تێکدەرانەی لە هەندێ شوێنی جیهان لێکەوتۆتەوە کە پێویستە لێی تێبگەین بۆ ئەوەی من بتوانم بە هەڵسەنگاندنێك بڕیار بدەم لەسەر ئەوەیکە دەوڵەت-نەتەوە بەرەو ڕۆچوون دەچێت یان نا.

ئەمڕۆکە سێ چەشنە تێکهەڵکێش لە دەوڵەت - نەتەوە - نەتەوەخوازی لەئارادا هەیە. بیچمی یەکەم هەمان "دەوڵەت-نەتەوەی کلاسیك"ە[١٠٦] . دەوڵەت-نەتەوەی کلاسیك ئەو تایبەتمەندییانەی تیادا هەیە کە پێشتر سەبارەت بە دەوڵەتە نەریتییەکان باسم کردن. دەوڵەت-نەتەوەی کلاسیك سەرەتا لە

١٠٦ . classical nation state



ئەورووپا و ئەمریکا و ناوچە و دەوڵەتە کۆلۆنییەکانی ئەورووپییەکاندا پێکهات، پاشان بۆ بەشەکانی تری جیهان پەرەی سەند و لە ناوچەگەلێکی وەك ئەمریکای لاتین یان مەکسیك بە سنوورگەلێکی تایبەتەوە بەباشی دەرکەوت و جێگیر بوو، بەڵام ئەوە لە هەموو شوێنەکانی جیهاندا ڕووی نەدا. لە ئەنجامدا جۆرێکی دووهەم لە دارشتنی سیاسی بیچمی گرت کە بە نەتەوە-دەوڵەت ناوی دەهات.

"نەتەوە-دەوڵەت"[١٠٧] بەو دەوڵەتانە دەگوترێت کە یان بەر لەوەی "کۆمەڵگەی سیمبۆلیك" بتوانێ پێکبێت، پێکهاتوون، یاخود نەیانتوانیوە دەستیان بە کۆمەڵگەی سیمبۆلیکی نەتەوە ڕابگات و لە هەمان کاتدا بیچمیشیان گرتووە. نەتەوە-دەوڵەتەکان زیاتر لەو ناوچانەدا پێکهاتوون کە کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی بەسەریاندا زاڵ بوو. لەو وڵاتانەدا ئەو سنوورانەی لەلایەن ئەورووپییەکانەوە دیاری کران لەگەڵ ڕاستەقینەی گشتیی مێژوویی نەدەگونجان بۆیە ئەو دەوڵەتانە هەمیشە کێشەی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سیمبۆلیکی ڕێکوپێکیان هەبووە. زۆربەی نەتەوە-دەوڵەتەکان لە ئەفریقان چونکە ئەفریقا کیشوەرێك بووە کە بەدەستی وڵاتە خۆراواییەکان بەشێوەی وشیارانە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا جیا کرانەوە. نەتەوە-دەوڵەتەکان لە دەوڵەت-نەتەوەکان ناسەقامگیرترن لەبەر ئەوەی لەواندا پەیوەندییەك لە نێوان هێزی کاریگەری نیشتمانی و دەخیل بوونی سیمبۆلیکی دانیشتوانەکەیدا نییە. بەم پێیە ئەو دەوڵەتانە هەوڵ دەدەن خۆیان لەگەڵ دابەشکاریگەلی ئەتنیکیی جیاوازدا ڕێك بخەن. هەندێ لە دابەشکارییە ئەتنیکییەکان بەناچار لەگەڵ ئەو سنوورە نیشتمانییانەدا کە دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکان دیارییان کردوون ناگونجێن.

١٠٧ . state nation

دەستەی سیهەم، "نەتەوە بێ دەوڵەتەکان"ن[١٠٨]. نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لەمڕۆدا بەتایبەتی لە پانتای جیهانیدا بەرجەستە بوونەتەوە، بەڵام لانیکەم بە درێژەی سەد ساڵی رابردوو بوونیان هەبووە. نەتەوەی بێ دەوڵەت, خەڵکانێك دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە کۆمەڵگەیەکی سیمبۆلیکەوە, بەڵام خاوەنی دەوڵەت-نەتەوە نین. تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگە سیمبۆلیکە هەمان ئەو تایبەتمەندییانەن کە بێندیکت ئیندێرسۆن جەختیان لەسەر دەکات، بەواتایەکی تر: زمانی هاوبەش، مێژووی کولتووریی هاوبەش و جۆرێك لە مێژووی سیمبۆلیك و تاڕادەیەکیش دەستکردی هاوبەش. بەم پێیە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، "نەتەوەخوازی"یان هەیە چونکە سەرڕێژن لە ناسنامەی نەتەوەیی. "نەتەوە"شیان هەیە، چونکە خاوەنی جۆرێك لە کۆمەڵگەی سیمبۆلیکن، بەڵام "دەوڵەت"یان نییە، بەڵام ئاواتی گەیشتن بە دەوڵەتیان هەیە. گەلێك نموونەی نەتەوەی بێ دەوڵەت هەن کە ئاماژەم بە هەندێکیان کرد. نەتەوەی کورد یەکێکە لەوان کە لەنێوان چەند وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دابەش کراوە. هەندێك بۆچوون لەسەر ئەوە کە پێویستە کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت لەئارادا هەیە، بەڵام دەوڵەت نییە و مشتومڕی توندیش لەسەر ئەمە کراوە. هەڵبەت هەبوونی نەتەوەی بێ دەوڵەت هەمیشە نابێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێی توند. گەلێك نەتەوە هەن کە لانیکەم ڕێژەیەکی خەڵکەکەیان خوازیاری دەوڵەت بن. لە ئەورووپاش نموونەگەلی جۆراوجۆری لەو شێوەیە هەن. چارەنووسی سکۆتلەندا و کاتالۆنیا و باسك دەبێ بە چی؟ ئایا سویسرا دەتوانێت بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە؟ بۆچی چێکۆسلۆڤاکیا دابەشکرا؟ ئایا بەلژیکاش دابەش دەبێت؟

١٠٨. nations without states



ئێستا دەتوانین چ ئەنجامگیرییەك سەبارەت بە داهاتووی دەوڵەت-نەتەوە بکەین؟ دەبێ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چەند مەرجێکی پڕپێچ وپەنا لەبەرچاو بگیرێت. ئەوەیکە دەوڵەت-نەتەوەگەلێکی ساکار هەن و لەڕێگەی گوشاری جیهانییەوە بەرەو لاوازبوون دەچن، بۆچوونێکی ساویلکانەیە. کۆمەڵێك پرۆسەی جۆراوجۆر لە جیهاندا بەڕێ کەوتوون. هەندێکیان پاشماوەی پرۆسە درێژخایەنە جیهانییەکانن و هەندێکی تریشیان بەرەنجامی کارتێکەرییەکانی بەجیهانیبوونن. داوا دەکەم ڕێگەم بدەن بەپەلە چەند خاڵێك سەبارەت بە داهاتووی دەوڵەت-نەتەوە باس بکەم بەڵکوو بتوانم لەکاتی دیاریکراوی خۆمدا کۆتایی بە وتارەکەم بێنم.

یەکەم: ئەم بۆچوونە کە دەوڵەت-نەتەوە بەرەو فەنابوون دەچێت، بۆچوونێکی هەڵەیە. بەپێچەوانەوە دەتوانرێت کتێبێك لەژێر ناوی "سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوە" بەجێگەی "کۆتایی دەوڵەت-نەتەوە" بنووسرێت، چونکە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤدا بە کردەوە "دەوڵەت-نەتەوە" جیهانگیر بووە. زۆرێك لە دەوڵەتە نەریتییەکان بە درێژایی سالانێکی زۆر هاوکات لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەکان بوونیان هەبووە. سۆڤیەت، دوایین ئەو ئیمپراتۆرییانە بوو کە بەجۆرێك لە کۆمەڵێك لە وڵاتە هاوبەرژەوەندەکانی پێکدەهێنا. زۆرێك لەو وڵاتانەی بەشێك بوون لە سۆڤیەت، ئەمڕۆ بوونەتە دەوڵەت-نەتەوەگەلی سەربەخۆ. هەروەها بە ئاشکرا دەتوانین ببینین کە دەوڵەت نەتەوەکان لە هەندێ بەشی جیهاندا لە رابردوو بەهێزترن. باشترین نموونەکان لە هەندێ ناوچەی جیهانن کە هیچکات دەوڵەت-نەتەوەی لێ نەبووە. لە ئەورووپای خۆراواییش دەوڵەت-نەتەوەکان دیسانەوە زۆر سەربەخۆتر بوونەتەوە. لە وڵاتەکانی کەناری باشووری سۆڤیەتی پێشووش بە هەمان شێوەیە، کەواتە ناتوانین بڵێین دەوڵەت-نەتەوە بەرەو فەنابوون دەچن، بەپێچەوانە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە

دەوڵەت-نەتەوە پتر لە هەر کاتێکی تر بەرەو جیهانی بوون و پەڕگیری دەچێت. هەروەها پێویستە لەبیرمان بێت کە نەتەوە-دەوڵەتەکان و نەتەوە بێ دەوڵەتەکانیش دەخوازن ببنە دەوڵەت-نەتەوە. تەنیا لەحالەتێکدا دەتوانین بزووتنەوەگەلی ناسیۆنالیستیمان هەبێت کە بتوانرێت لە ئەنجامی ئەو بزووتنەوانەدا بگات بە دەوڵەت-نەتەوە. سەرجەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان لە ئاستی جیهاندا بە تەمای پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەن.

دووهەم، ئاشکرایە کە سروشتی دەوڵەت-نەتەوەکان لەژێر کاریگەریی بەجیهانیبووندا بەرەو گۆڕان دەچن.. خاڵی گرنگ لێرەدایە کە ئەم کاریگەریی بەجیهانیبوونە لەسەر هەرکام لە دەوڵەت-نەتەوە کلاسیکەکان، نەتەوە-دەوڵەتەکان یان نەتەوە بێ دەوڵەتەکان جیاوازە و بەپێی ئەوە کە سەبارەت بە کام یەك لەوانە قسە بکەین، ئەم کاریگەری و گۆڕانانە جیاوازن. "نەتەوە بێ دەوڵەتەکان" لە سەردەمی جیهانیدا دەکەونە ژێر گۆشارێکی زیاترەوە، چونکە لەو سەردەمەدا ناسنامە کولتوورییە لۆکاڵییەکان هەلی دەرکەوتن و گەشەیەکی زیاتریان بۆ دەرەخسێت {و ئەوەش ناسنامەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە}. بەڵام "دەوڵەت-نەتەوە" لە سەردەمی جیهانیدا پێویستە خۆی لەگەڵ پرۆسەی سێ ڕەهەندەی بەجیهانیبوون کە لە کۆرەکەی پێشترمدا ئاماژەم پێکردن بگونجێنێت و لەگەڵ هەندێ کەمبوونەوە و گواسترانەوەی هێز و دەسەڵاتەکانی رابێت. نەتەوەخوازی (ناسیۆنالیزم)ی لۆکاڵی و گوشارەکانی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە نموونەی ئەو حاڵەتانەن کە دەوڵەت-نەتەوە دەبێ خۆی لەگەڵیان بگونجێنێت. دەوڵەت-نەتەوە هەروەها دەبێ خۆی لەگەڵ لەدەست چوونی دەسەڵاتی ئابووری لە پانتای ئابووریی جیهاندا بگونجێنێت. بەواتایەکی تر هەروەك کارناسانی زانستی سیاسی دەڵێن دەبێ دەوڵەت نەتەوە



بخەینە ناو "حوکمڕانییەکی چەند توێوە"[109] و لێیان بڕوانین. دەوڵەت-نەتەوە بەرەو گۆڕانی بیچمی کارگێڕی-جێبەجێکاریی خۆیان دەچن، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە لەگەڵ چەند جۆرێك لە حوکمڕانی و بەڕێوەبەرێتی لە توێژەکانی سەرتر لە نەتەوەدا هاوئاهەنگ و ئاوێتە بوون و لەلایەکی تریشەوە مۆدێلەکانی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی لە توێژەکانی خوارتر لە نەتەوە, بەرەو گۆڕان دەچن.

لە کۆڕی پێشوودا بەناوبانگترین بۆچوونم لەم بارەیەدا لە زمانی (دانێل بێل)ەوە گێڕایەوە: "دەوڵەت-نەتەوە لەوە بچووکتر دەبێتەوە کە کێشە گەورەکان چارەسەر بکات و لەوەش گەورەتر دەبێتەوە کە کێشە بچووکەکان چارەسەر بکات". ئەمە ئەنجامی هەمان ئەو سازگارییەیە کە باسم کرد. بەم مانایە نییە کە دەوڵەت-نەتەوەکان لە ئاستی جیهانیدا بەرەو لاواز بوون دەچن، بەڵکوو بەم مانایەیە کە جۆری ئۆتۆریتەکەیان بەرەو گۆڕان دەچێت.

سییەم، گوتەزای "ناسنامەی نەتەوەیی"ش خەریکە دەگۆڕێت. لەوانەیە لە سەرتاسەری جیهاندا ناسنامەی نەتەوەیی کەوتۆتە بەر چاو پێداخشاندنەوە. هۆی ئەم چاوپێدا خشاندنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەڕی سارد و کاریگەرییە بەرفراوانەکانی هێزەکانی بەجیهانی کردن. لە بناغەوە ئەوەی لە ناوچەکانی وەك "یەکێتیی ئەورووپا"دا روو دەدات ئەوەیە کە ناسنامەی نەتەوەیی تاڕادەیەك خەریکە لە "نیشتمان" جیا دەبێتەوە.. ڕەنگە چەمکی ئابووریی بێسنوور تەواو جێ متمانە نەبێت، بەڵام دەتوانرێت ناسنامەی نەتەوەیی بەبێ ئەوجۆرە لە ناوچەگەرێتی[110] و پێداگری لەسەر قەڵەمڕەو کە لە رابردوودا هەبوو بپارێزرێت. ئەو ڕێککەوتنە هاوبەشانەی لە یەکێتیی ئەورووپا بەڕێوە دەچن هەندێ لە ناسنامە

١٠٩ . multi-layered governance

١١٠. territoriality

نیشتمانییەکانی نەتەوە بەشدارەکانی کاڵ کردۆتەوە، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی لاواز بوونی ناسنامەی نەتەوەیی بەڵکوو بۆتە هۆی دووبارە پێداچوونەوە بەسەریدا.

چوارەم: زۆرێك لەو توندوتیژییانەی لە جیهاندا بەرچاو دەکەون پەیوەندییان بە کێشەی دامەزراندن و سەقامگیر بوونی دەوڵەت-نەتەوەکانەوە هەیە، کەواتە دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامە کە {ئێستا کە دەوڵەت-نەتەوەکان لە ئاستی جیهاندا تاڕادەیەك سەقامگیر و پەرگیر بوونەتەوە}، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو شەڕ و پێکدانانەی لە سەدەی بیست و یەکدا دەیانبینین ، ئیتر شەڕی یەك دەوڵەت-نەتەوە بەدژی دەوڵەت-نەتەوەیەکی تر ، بەو شێوەیەی لە سەدەی بیستەمدا دەماندیت، نابێت، بەڵکوو پێدەچێ زیاتر شاهیدی کێشەی دەوڵەتێکی لاواز لە شێوەی هەڵسوکەوتدا لەگەڵ دەوڵەتێکی لاوازی تردا و یان جۆرێك لە داگیرکاریی دەوڵەت-نەتەوەکان یان ئەو ناوچانەی دەوڵەتێکی لاوازیان هەیە بە دەستی تۆڕە نێودەوڵەتییەکان دەبین. ئەفغانستان و عێراق و هەندێ ناوچەی تریش لە جیهاندا لەم جۆرەن.

لەمڕۆدا کیشەی دەوڵەتە لاوازەکان تەنیا کێشەی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەیەك نییە، بەڵکوو کێشەکەیان هاوئاهەنگی و سازانە لە پانتاییەکدا کە تیایدا وڵاتانی لاوازتر چوونەتە پاڵ کۆمەڵگەی بەرفراوانتری نێودەوڵەتی. (ماری کالدۆر) کە یەکێك لەم کۆڕانە بەڕێوە دەبات، باس لە شەڕە نوێیەکان دەکات. ئەو شەڕە نوێیانەی لە توندوتیژیی نێونەتەوەیی و دەستدرێژی کردنە سەر دەوڵەتە لاوازەکانەوە دروست دەبن. ئەگەری ئەوە هەیە کە لە ساڵانی داهاتوودا رووبەڕووی ئەو مۆدێلانە ببینەوە، هەڵبەت رەنگە بارودۆخەکە بەو رادەیەی بۆی دەچین مەترسیدار نەبێت، چونکە پێدەچێ شەڕە گەورەکانی دەوڵەت-نەتەوەکان کە لە رابردوودا لەئارادا بوون، کەمتر ببنەوە.

ئێستاش تریبۆنەکە دەسپێرمە دەست دێڤید هێڵد.



**دێڤید هێڵد:** چل و پێنج خولەکی بەسوود بوو. تۆنی داوای لە من کرد کە بە پرسیارەکانم تیرەبارانی کەم، بەڵام بەهۆی کەمیی کاتەوە داوا دەکەم رێگەم بدەن دوو پرسیار بکەم، بۆ ئەوەی ئامادە بوانیش دەرفەتی یەك دوو پرسیاریان هەبێت.

ئەم وتارانە تێڕوانین و پێداگرییەکی تایبەتییان هەیە لەسەر ئاسۆکانی داهاتوو. لێرەدا دوو بابەت هەن کە زۆر قەیرانسازن و بۆچوونی ئێوە سەبارەت بەوان زۆر سەرنجڕاکێش دەبێت.

یەکەمیان سەبارەت بە ناسنامەکانە. ئێوە دەڵێن ئێمە لە جیهانێکی فرە توێژ و فرە ئاستدا دەژین و ئەم دۆخەش هەموو رۆژ تۆختر دەبێتەوە. ئەمە راستە و لەم زنجیرە پلانەدا دەوڵەت-نەتەوە لە سەروو "ناوچە بن نەتەوەییەکان"[١١١] و خوارتر لە دامەزراوە هەرێمییەکانی وەك یەکێتیی ئەورووپا و دامەزراوە جیهانییەکانن، بەڵام تەنانەت لە شوێنێکی وەك یەکێتیی ئەورووپاش کە پرۆژەیەکی سیاسی و پەسندکراو لە ئارادایە و تاڕادەیەك پشتیوانیشی لێدەکرێت ناسنامەکان بە توندی و سەرسەختانە ناوچەیین. لێرەدا پارادۆکسێك خەریکە سەر هەڵدەدات و رەنگە پارادۆکسێکی مەترسیداریش بێت. لەلایەکەوە پرش و بڵاویی ئۆتۆریتە و سەربەخۆییمان هەیە و جیهانێکی سیاسیی فرە توێ خەریکە سەر هەڵدەدات و لەلایەکی تریشەوە جۆرێك لە ناوەندی بوونەوەی ناسنامە لەئارادا هەیە کە بەردەوام پەیوەستە بە قەڵەمڕەو و نیشتمان و دەوڵەت-نەتەوەوە. زۆربەی خەڵك خۆیان بە ئەورووپی نازانن، بەڵکوو خۆیان وەك مرۆڤگەلێك دەبینن کە رەگیان لە نیشتمانێکی تایبەتدایە. ئەم پارادۆکسە کۆمەڵێك مەترسیی سیاسیشی لەگەڵدایە کە حەز دەکەم رای بەڕێزتانی لەسەر بزانم:

١١١ . sub-national regions

پرسیارەکەی دووهەمیش کە هەمبوو هەر پەیوەندیی بەو پرسەوە هەیە...

**ئانتۆنی گیدێنز:** ئایا دەتوانم سەرەتا وەڵامی پرسیاری یەکەمت بدەمەوە, چونکە...

**دێڤید هێڵد:** نا ناتوانی، پرسیاری دووهەمیشم دەپرسم چونکە دەمەوێ نۆبە بە ئامادەبوانیش بدەم، رەنگە ئیتر دەرفەت نەبێت بچمە پشتی مایکرۆفۆن، لەبەر ئەوەش بۆ چەند خولەکێك قۆرخی دەکەم. پرسیاری دووهەمم ئەوەیە کە...

**ئانتۆنی گیدێنز:** ئەگەر بمزانیبوایە ئاوا دەکات پێم نەدەگوت کۆرەکە بەڕێوە...

**دێڤید هێڵد:** بێدەنگ! بێدەنگ! پرسیاری دووهەمم ئەوەیە کە...

**ئانتۆنی گیدێنز:** وادیارە پرسەکە بۆتە پرسی دەسەڵات و دەبێ بەرگری لە خۆم بکەم.

دێڤید هێڵد: هەڵبەت ئێوە دەزانن ئەو سەرۆکە و من دامەزراوی رەسمیی ئەوم ، بەڵام بەو حالەشەوە پرسیاری دووهەمم کە دەمویست بیپرسم ئەوەیە کە: برێك لەو گرنگترین قەیرانانەی نەوەی ئێمە و نەوەی گەنجتر رووبەڕووی بوونەتەوە، کۆمەڵێك پرسی جیهانین. قەیرانگەلی وەك گەرم بوونی جیهان، تێکدانی ژینگە، سەقامگیریی دارایی و بارودۆخەکانی، یاساکانی بازرگانیی جیهانی و ئەوەیکە بازرگانیی جیهانی، ئاسوودەیی و بارودۆخە ژینگەییەکان تێکدەدات نموونەگەلێکن لەو پرسە جیهانییانە. ئەو پرسانە لە سەروو سنوورەکانی دەوڵەت-نەتەوەکانەوەن و ئیتر دەوڵەت-نەتەوەکان ناتوانن چارەسەریان بکەن.



لە دنیایەکدا کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەمان ئەو پارادۆکسانەن کە باسم کردن، چۆن سامانە کولتووری و سیاسییەکان بەو شێوەیە کە هەبوون دەمێننەوە؟ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرسە بان-نەتەوەییانە، پێویستیمان بە دەسەڵاتێکی بان-نەتەوەیی هەیە، بەڵام بەردەوام، "ناسنامە"، سیاسەتوانەکان بەرەو دەنگ پێدەران و ناوەندە لۆکاڵییەکانی هەڵبژێردرانی خۆیان و سیستەمە سیاسییەکان پاڵ دەنێت. دیموکراسیش پەیوەستە بەوەوە کە سیاسەتوانەکان لە پلەی یەکەمدا کار بۆ هەڵبژێرەران و دەنگدەرانی خۆیان بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەوان بەرژەوەندی و پرسێکی تایبەتییان هەبێت کە بە تەنیایی دەرەقەتی چارەسەر کردنی نەیەن. ئەوە لەحاڵێکدایە کە ئەو پرسانە لە ئاستێکی جیهانیتردا هەڵگری چارەسەرن. رای ئێوە چییە؟ بەتەما بووم پرسیاری قورسی زیاتر بکەم, بەڵام هەر بەم دوو خالە قەناعەت دەکەم بۆ ئەوەی لەدوای بیستنی وەڵامەکەی ئێوە بە چەند پرسیاری ئامادەبوانیش رابگەین.

**ئانتۆنی گیدێنز:** بۆ لەبەرچاو گرتنی کات هەوڵ دەدەم بەوپەڕی کورتبێژییەوە چەند خاڵێك بخەمە بەرباس. پرسیاری یەکەم پرسیارێکی زۆر درزدۆزانە و وردبینانەیە و دەبێ هەموومان بەدوای وەڵامەکەیەوە بین. بناغەکانی پرسیاری دووهەمیش لە پرسیاری یەکەمدان. ئایا دەتوانرێت مۆدێلگەلێکی کارگێڕی و حوکمڕانیی سەرتر لە ئاستی نەتەوە دابمەزرێنرێت کە رەواییان هەبێت و ئەو رێگەیە بە ئێمە بدەن کار لەسەر چارەسەری ئەو گرفتانە بکەین کە بەگشتی لە ئاستی نەتەوەییدا ناکەونە بەرباس و لەو سەرترن؟ بەهۆی بایەخی وەڵامی ئەم پرسیارەم ژمارەیەکی زۆر چاوەڕوانن ببینن یەکێتیی ئەورووپا تاچەندە سەرکەوتوو دەبێت. من پێموا نییە یەکێتیی ئەورووپا هیچکات بتوانێت شێوەی دەوڵەت-نەتەوەیەکی گەورە بەخۆوە بگرێت. یەکێتیی

ئەورووپا هیچکات ناتوانێت هەمان ئەو هەستی ئەمەگدارییەی کە نەتەوەکان هەیانە بەدی بهێنێت، بەڵام ئەوەش نابێتە بەڵگە بۆ ئەوە کە ناتوانێت ببێتە دەزگایەکی حوکمڕانیی کاریگەر. پەرەسەندی یەکێتیی ئەورووپا بەرەو خۆراوا، رووداوێکی زۆر دیاریکەرە لەم بوارەدا. بە بۆچوونی من پرۆژەی یەکێتیی ئەورووپا بەجۆرێك تاقیکردنەوەیەکە کە هەموو جیهان دەبێ بە وردی و بە حەزەوە بەدوایدا بچێت. بیچمگرتنی هاوشێوەی یەکێتییەکی لەو چەشنە لە ئەمریکای لاتین یان ناوچەی ئازادی بازرگانی لە باکووری ئەمریکای لاتین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کۆمەڵە هەوڵێکن لە ئاراستەی وەڵام دانەوە بەو پرسانەی کە خەریکن سەر هەڵدەدەن. هەڵبەت ئاشکرایە کە پێویستە دامەزراوە جیهانییەکانیش تۆکمەتر بکەین بۆ ئەوەی بتوانین کار لەسەر ئەو گرفتە گەورانە بکەین کە رووبەڕوویان بووینەتەوە. دەبێ کار لەسەر بەڕێوبەرێتیی ئابووریی جیهانی بکەین، بەڵام دامەزراوەگەلێکی رەوامان نییە کە بتوانن ئەو کارە بە باشی و کاریگەرانە ئەنجام بدەن، هەر لەبەر ئەوەشە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵك لە شەقامەکان لە دژی ئەو دامەزراوانە خۆپیشاندان دەکەن. ئەوەیکە واز لەم دامەزراوانە بهێنین کارێکی بونیادگەرایانەیە، پێویستە تۆکمەیان بکەین و بەجێگەی فڕێدانیان، ئەو دامەزراوانە ئاشکراتر و دەستبژێرتر و لەگەڵ کۆمەڵگەی گەورەی جیهانیدا گونجاوتریان بکەین.

رێگە بدەن بە پرسیاری ئامادەبوان رابگەین.

**پرسیاری یەکەم:** ئایا لەو بڕوایەدان یەکێتیی ئەورووپا یەکێك لە هێزەکانی بەجیهانی کردنە؟

**دیڤید هێڵد:** هێزێکی بەجیهانی کردن یاخود هەڵوێستەیەك لە بەرانبەریدا؟



**ئانتۆنی گیدێنز:** لە ئێستادا هەردووك ئەوانەیە، واتە هەم هێزێکی بەجیهانی کردن و هەم پەرچەکردارێك لە بەرانبەر بەجیهانیبووندا. یەکێتیی ئەورووپا لەڕاستیدا لە بارودۆخی شەڕی سارد و بەدژی شەڕی سارد پێکهات و رەوتێك بوو بۆ بەرگری کردن لە کەشێکی تایبەت بۆ ئەورووپا لەنێوان لیبراڵیزمی بازاڕی ئەمریکایی و کۆمۆنیزمی سۆڤیەتدا، بەڵام ئەمڕۆکە رۆڵێکی جیاوازتری هەیە و ئەو رۆڵە جۆرێکە لە پەرچەکردار و وەڵامێکە لە بەرانبەر بەجیهانیبوون و بەرەو پێش چووندا. هەر بۆیەش هەم وەڵامێکە بۆ بەجیهانیبوون و هەم ئامرازێکیەتی. هەروەك لە کۆڕەکەی پێشوومدا ئاماژەم پێکرد ئەم خاڵە لەمەڕ زۆرینەی هێزەکانی بەجیهانیبووندا راستە. ئەوانە تەنیا کاریگەری لە هێزە دەرەکییەکانی بەجیهانیبوون وەرناگرن، بەڵکوو جۆرێك پەیوەندیی دوولایەنە و دیالکتیکی لەنێوان یارمەتیدان و دەستتێوەردان لە بەجیهانیکردن و وەڵامدانەوە بە بەجیهانیبووندا هەیە. یەکێتیی ئەورووپاش نموونەیەکی باشە لەم بوارەدا.

**پرسیاری دووهەم:** ئەگەر قەیرانی سەرەکی دەرهاویشتەی دەوڵەتە لاوازەکان بێت، بۆ بەهێزترکردنی ئەو دەوڵەتانە چی دەتوانرێ بکرێت؟

**دیڤید هێڵد:** ئەمە پرسیارێکە کە هەندێ لە باسەکانتان تووشی کیشە دەکات و خۆی سەبارەت بە قەیرانە بنەڕەتییەکانی دنیای سیاسیی ئەمڕۆیە. بۆ راڤەی ئەم پرسیارە دەکرێ بڵێین قەیرانی پاش یازدەی سیپتەمبەر، قەیرانی دەوڵەتە لاوازەکان و کیشەکانیەتی. لەگەڵ ئەوەدا کە بەگشتی کێشەکان و کەشی سیاسی، کارگێڕیی جیهانی و دامەزراوە جیهانییەکانی زۆر بەهێز نەکردووە، لە هەندێ لە بەشەکاندا دەسەڵاتی کارگێڕیی جیهانی

زیاتر بووە. یەکێك لەم بوارانە "نەتەوە سازی"[١١٢] و "دەوڵەت سازی"[١١٣] لەو ناوچانەیە کە دەوڵەت یان نەتەوەیان نەبووە.

**ئانتۆنی گیدێنز:** بەڵێ بە دڵنیایی هەر بەم شێوەیەیە و ئەفغانستان و عیراق نموونە هەرە باشەکانیانن. ئایا لەدوای ئەو رووداوانە لەو وڵاتانەدا کۆمەڵگەیەکی لەبار و کارامە دادەمەزرێت؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو ئاراستەیەدا بێگومان رۆڵی گرنگ دەگێرێت. بەم پێیە نەتەوە سازی هێشتا زۆر گرنگە، بەڵام لێرەدا حەز دەکەم کە جەخت لەسەر جیاوازیی دەوڵەت و نەتەوە بکەم. لەمرۆدا زیاتر بەشوێن نەتەوە سازییەوەن، واتە دەیانهەوێت "نەتەوەیەکی جیهان نیشتمان"[١١٤] دروست بکەن کە تێکەڵەیەك لە کولتوورەکان دەگرێتەوە و بەم شێوەیە دەتوانێت لەگەڵ نەتەوەکانی تردا پەیوەندی ساز بکات. بەم پێیە من خۆم نەتەوە، تەنیا بە "نەتەوە ئایینییەکان"[١١٥] یان ئەتنیکێك کە خۆی تەنیا لەڕێگەی ئایین یان قەومییەتێکی تایبەتەوە پێناسە دەکات، نازانم. بەڕای من پێویستە روانینێکی جیهان نیشتمانانەتر بۆ نەتەوە لەئارادا هەبێت. هەڵبەت ئەمڕۆ بەشوێن پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەگەلی نەریتیشەوە نین. بە وتەیەکی تر لە ئەفغانستان یان کۆسۆڤۆ و یان هەر شوێنێکی تر کە بەڕێوە بردنەکەی لە ئەستۆی کۆمەڵگەی جیهانییە (و پێدەچێ دەبێ هێزە نانەتەوەییەکان

١١٢ . nation building

١١٣ . state building

١١٤ . cosmopolitan nation

١١٥ . religious nations



ئامادەییەکی پتەویان لەوێدا هەبێت) تەنیا بەشوێن دەوڵەتێکی کاتییەوە نین.

**دێڤید هێڵد:** ئەگەر بکرێت بە پرسیارێك درێژە بەم بابەتە دەدەم. پرۆسەی سیکۆلاریزاسیۆن[١١٦]، جیاکاریی دامەزراوەی ئایین و دەوڵەت و جودایی ئایین و سیاسەت یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتی و کلیلییەکانی گەشەپێدانی دەوڵەتی مۆدێرن و دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن. ئەم مەرجە، جگە لەوە بناغەی هەڵکردنی ئایینی[١١٧] و هەلی بەدواداچوونی بەرفراوانی جۆرە جیاوازەکانی خێری تایبەتی و گشتی و هەروەها بنەمای دەسەلاتدارێتیی یاسایە. ئەمرۆکە بە سەرنجدان بە رووداوگەلی وەك یازدەی سێپتەمبەر، دەبینین کە ئەو جوداییە دەستکەوتێکی جیهانی نییە و مشتومڕی لەسەرە. گەلێك کولتوور و وڵات هەن کە لە بەرانبەر سیکۆلاریزاسیۆن لەلایەکەوە و جیاکردنەوەی دامەزراوەی ئایین و دەوڵەت یان ئایین و سیاسەتدا لەلایەکی ترەوە بەرەنگاری دەکەن. ئایا بەڕای ئێوە پرۆژەی مۆدێرنیتە، دەسەلاتدارێتیی یاسا، مافی مرۆڤ و دیموکراسی، پەیوەستە بەم جوداییەوە؟ و لەم هەلومەرجەدا کە نەك تەنیا ئەم جوداییە بوونی نییە، بەڵکوو خەڵکانێك لە کولتوورگەلی جیاوازەوە لە بناغەوە ئامادە نین ئەو جیاکردنەوەیە قبوول بکەن، چی روو دەدات و چ کێشەگەلێك دروست دەبن؟

**ئانتۆنی گیدێنز:** ئەو پرسیارە کە دێڤید پرسی، بەڕاستی پرسێکی سەرەکییە لە سەردەمی ئێمەدا و هیوادارم جیا لەو وەڵامە کورتەی من بۆ

١١٦. secularization

١١٧. religious tolerance

ئەم پرسیارە دەیدەمەوە، هەموان بەدوای وەڵامەکەیەوە بن. ئەم پرسە کەمێك ئاڵۆزترە لەو شتەی کە دێڤید بە ژێرپێستی ئاماژەی پێکرد، لەبەر ئەوەی لەڕاستیدا نەریتە جۆراوجۆرە ئایینییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە پێکهاتنی ئەو دەوڵەتانەدا کە گونجاون لەگەڵ بەها لیبراڵەکاندا، لەبەر ئەوەش بۆ وێنە لە مەسیحییەتدا تەنیا شاهیدی پاشەکشێ و کشانەوەی کلێسا لە دەوڵەت نەبووین، بەڵکوو هەندێ لە بەهاکانی مەسیحییەت دەخیل بوون لە پەرەسەندنی مافە لیبراڵەکاندا. ئەوە دەتوانێت لەمەڕ دەوڵەتە ئیسلامییەکانیش ڕاست بێت. ئیسلام لە سەرەتادا وەك ئایینێکی زۆر لیبراڵ دەرکەوت و هەندێ لەو بیر و باوەڕانەی لە وڵاتە خۆراواییەکاندا هەبوون لە ئیسلامیشدا دەیانبینین. بەو پێیە دەتوانرێت پرۆسەیەکی گشتیتر لە پەرەسەندنی لیبراڵ دیموکراسی وێنا بکەین کە ناتەباییەکی لەگەڵ فرەکولتووری و هەروەها فرە ئایینیدا نییە و ئەوەش ئامانجێکە کە دەبێ بەرەو ڕووی هەنگاو بنێین.

## ئاسۆی نایەکسانیی جیهانی[118]

**ئانێ فلیپس:** من لە ئەنستیتیووتی جێندەر[119] وانەی "تیۆریی جێندەر دەڵێمەوە. خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لە سێهەمین کۆڕ لە زنجیرە وتارەکانی سەرۆکی زانکۆدا لەگەڵتانم. بواری کاری من تیۆریی سیاسی و زیاتر تیۆریی سیاسیی فمنیستی[120] بە پێداگریی تایبەت لەسەر یەکسانی[121] و دیموکراسییە و تارادەیەك لە تازەهاتووەکانی زانکۆی LSEم. لە LSEدا گەورەکەسانێك دەبینین کە ماوەیەکی زۆر لێرە بوون. لەمە بەو مانایە نییە لەو کەسانە لە ڕێگەکەیاندا گیریان خواردووە یاخود دۆگم بوونەتەوە و یان ئامادە نین ڕووبەڕووی مەترسییەکانی دنیای مۆدێن ببنەوە، بەڵکوو بەم مانایەیە هەرکات کەسێك دێتە LSE وای پێ باشترە دەبێ بمێنێتەوە. یەکێك لە تایبەتمەندییە بەنرخەکانی LSE لەو بایەخە بێڕادەیەیە کە دەدرێت بە باسە سیاسیە ڕۆژانە و ڕووناکبیرانەکان و دەرگیریی بەردەوامە لەگەڵیاندا. لەم نەریتە نوێیەی لەژێر ناوی "وتارەکانی سەرۆکایەتیی زانکۆ"ش یەك لە نیشانەکانی لەو باس و دەرگیری و گفتوگۆیانە. لە دوای وتارەکەی ئانتۆنی گیدێنز، سەرەتا من چەند پرسیارێك دەکەم و چەند باسێك دەخەمە ڕوو، پاشان دەرفەتێکیشمان دەبێت بۆ چەند پرسیارێك لەلایەن ئامادەبوانەوە. تریبۆنەکە بەجێدێڵم بۆ

١١٨ The future of global inequality:

ئەم وتارە لە ڕێکەوتی ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٠١دا پێشکەش کراوە

١١٩. Gender institute

١٢٠. feminist political theory

١٢١. equality



چەند پرسیارێك لەلایەن ئامادەبوانەوە. تریبۆنەکە بەجێدێڵم بۆ ئانتۆنی گیدێنز بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی.

**ئانتۆنی گیدێنز:** سپاست دەکەم. ئێمەش زۆر بەوە خۆشحاڵین کە ئانێ هاتۆتە LSE. لەو لەو کاتەوە کە هاتۆتە ئێرە کاریگەریی زۆری داناوە. لەو کەسانە کە حەزیان لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە جێندەرە، بێگومان پێویستە سەردانی ماڵپەڕی ئینتێرنێتیی لەنستیتیووتی جێندەر بکەن و کتێبەکانی ئانێش ببینن. یەکێك لەوان سەبارەت بە نایەکسانیە. لەم وتارەمدا سەبارەت بە نایەکسانی دەدوێم. لام وایە پێویستە باسەکە بەم پرسیارە دەست پێبکەین کە "بۆچی نایەکسانی پرسێکی گرنگە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا؟" نایەکسانی پرسێکی گرنگە لەبەر لەوەی یەکەم، پرسێکی "لەخلاقییە"[122]. هەبوونی شەقڵی گەورە لەنێوان نەدار و دارا، لەڕووی لەخلاقییەوە پاساو و پاکانە هەڵناگرێت. لەم ڕاستییە جگە لە ئاستی نەتەوەی، لە ئاستی جیهانیشدا هەر ڕاستە. بەڕای من "نایەکسانی" هەمیشە تایپێکی ئەخلاقیی هەیە کە لەگەر بەشوێن کۆمەڵگەیەکی خوازراو لە ئاستی نەتەوەیی و جیهانیدا بین، پێویستە بە سەرنجەوە لێی بڕوانین، بەڵام ئەمە هۆکاری سەرەکیی بایەخی پرسی نایەکسانی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا و گرنگترین هۆکار نییە بۆ لێکۆڵینەوە لەوە کە چی بەسەر نایەکسانی جیهانیدا دێت. نایەکسانی تەنیا پرسێکی ئاماری یان پەیوەندیدار بە ژمارەی سەرچاوەکانی ژێر کۆنترۆڵی دانیشتوانێك نییە. گرنگترین هۆکاری بایەخی نایەکسانی لەوەیە کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر "هاوڵاتی بوون"[123] هەیە. بە پشت بەستن بە لۆژیکێکی بەهێز دەتوانین بڵێین مرۆڤە بێبەشەکان، مافی بەکارەێنانی مافە شارۆمەندییەکانی خۆیان

١٢٢ . moral

١٢٣ . citizenship

نییە. تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەدا کە بە رواڵەت مافی گشتگیری بەشداریی سیاسی بەرەسمی ناسراوە. لەگەر هەژار یان دەستکورت بن، بەکردەوە بێبەش دەکرێن لە دامەزراوە سەرەکییە دیموکراتیکەکاندا، لەبەر لەوەی داهاتی کەم، پەروەردە و خوێندن و پیشە و دەرفەتە نزمترەکانیشی بەدوادا دێت.

بەم پێیە پرسی "نایەکسانی" بایەخێکی بەرزی هەیە و لە ئاستی نەتەوەییدا زیان بە مافە شارۆمەندییەکان دەگەیەنێت. نایەکسانی لە ئاستی جیهانیشدا گرنگە. هەموومان بە مانایەك شارۆمەندی کۆمەڵگەیەکی بەرفراوانتری جیهانین. لەمە لەحاڵێکدایە ژمارەیەکی زۆر لە مافی خۆیان بۆ لەندامەتیی چالاکانەتر و کاریگەر لەو کۆمەڵگە بەرفراوانترە جیهانییەدا کە خەریکە بیچم دەگرێت، بێبەری دەبن.

بۆ دەستپێکردنی باسەکە پێویستە بگوترێ نایەکسانی، مانای زۆرە. هەروەك ئانێ بەجوانی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، جۆرگەلی جیاواز لە نایەکسانی لەئارادا هەیە. نایەکسانی لە داهاتدا، نایەکسانی لە ساماندا، نایەکسانی جێندەری، نایەکسانی کولتووری، نایەکسانی ئەتنیکی، نایەکسانی نێوان نەوەکان، نایەکسانی نێوان پیر و گەنج و ... کەواتە نایەکسانی دەتوانێ ماناگەلی جۆراوجۆری هەبێت. خاڵی شایانی سەرنج لێرەدایە کە گۆڕانکاری لە یەکێك لە رەهەندەکانی نایەکسانیدا دەتوانێت بۆ رەهەندەکانی تریش تەشەنە بکات. بەبۆچوونی من لەو رەهەندانە وەك هێشووە ترێ پێکەوە پەیوەستن.

لەم وتارەدا سەبارەت بە "نایەکسانیی ئابووری"[١٢٤] و نایەکسانیی داهات قسە دەکەم. لەو سی و پێنج خولەکەدا کە لەبەردەستمدایە، دەمەوێ سێ گوتەزا بهێنمە بەرباس. یەکەم ئەوە کە چی بەسەر نایەکسانیی ئابووری دێت لە

١٢٤ . economic inequality



وڵاتە دەوڵەمەندەکان و بەشە پیشەسازییەکەی جیهان هاتووە؟ بەتایبەتی لە نزیکەی سی ساڵی رابردوودا بارودۆخی نایەکسانی لەم وڵاتانە چۆن بووە؟ دووهەم، لە ئاستی جیهانیدا "نایەکسانی" لە چ بارودۆخێکدایە؟ رەوتی داهاتوو و روو لە سەرهەڵدانی جیهانی چی دەبێت؟ و سێیهەم، ئێمە چیمان پێدەکرێت؟ چ سیاسەتگەلێکی پراکتیکی بۆ چارەسەر یاخود کەمکردنەوەی نایەکسانییەکان لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا و هەروەها لە ئاستی جیهانیتردا لەئارادا هەیە؟ مەبەست لە وڵاتانی پیشەسازی، وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، ئەمریکا، ئۆستراڵیا و ژاپۆن و لەو وڵاتانەیە کە قۆناغی گواستنەوەیان تێبەڕاندووە و لە وڵاتانی تر، واتە شتێك نزیکەی دوو لەسەر سێی جیهان جیاوازن.

لە درێژەی ئەم چەند دە ساڵەی دواییدا لەو وڵاتە پیشەسازییانەدا چی روویداوە؟ حەز دەکەم لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئاماژە بە چوار خاڵ بکەم:

یەکەم، ئەگەر لە قۆناغی کاتیی نزیکەی ١٩٥٠ هەتا ١٩٧٠ دا لە وڵاتە پیشەسازییەکان بڕوانین کە مەودایەکی کاتیی دوابەدوای جەنگە لە جیهانی پیشەسازیدا، مۆدێلێکی گشتیی دیاریکراو لە دابەزینی ئاستی نایەکسانیی ئابووری دەبینین. نایەکسانیی ئابووری لە قۆناغی پاش جەنگ لەو وڵاتانەدا زۆر کاڵ بۆتەوە یان لانیکەم کەم بۆتەوە. ژمارەیەکی زۆر لەو باوەڕەدان یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو کەم بوونەوەیە، پەرەسەندنی رژێمە ئاسوودەگەراکان و ئاستە روو لە گەشەکانی باجە لە وڵاتانی پیشەسازیدا. سەرەڕای ئەوە کە تێکەڵەیەکی ناکۆك لە مشتومڕە زۆرەکان لەسەر ئەم پرسە هەیە، بەڵام زۆربەی بیرمەندان لەو باوەڕەدان ئەو کەم بوونەوەیە دەرهاویشتەی سیاسەتەکانی بەرەو کەم کردنەوەی نایەکسانی بووە، بەڵام لەپاش ئەو رووداوە کە لە نزیکەی بیست هەتا سی ساڵ لەمەوبەر (لە ١٩٧٠دا) روویداوە، گەڕاوەتەوە سەر رەوتەکەی جارانی خۆی.. واتە نایەکسانیی ئابووری لە زۆربەی وڵاتانی پیشەسازیدا،

لانیکەم بەپێی کێش و سەنگە ئاساییەکان، تۆختر بۆتەوە. پێویستە بڵێم گرفتی گەورە لە کێش و سەنگی نایەکسانی و هەڵسەنگاندنی وڵاتەکان لەڕووی نایەکسانیەوە لەئارادایە. . ئەم پرسە بەتایبەتی کاتێك سەیری نایەکسانی لە بەشەکانی تری جیهاندا دەکەین بایەخێکی زیاتر هەڵدەگرێت. زۆربەی جار ئەو هەڵسەنگاندنی نایەکسانییانە زۆر قورسن، لەبەر ئەوەی سەرچاوە ئامارییەکان بەتەنیایی بەس نین، بەڵام بەهەرحاڵ بە سەرنجدان بەم بکەرە، نایەکسانیی ئابووری لە ماوەی نزیکەی سی ساڵی رابردوودا لە زۆربەی وڵاتەکان بەرز بۆتەوە، بەڵام لە هەموو شوێنەکانی جیهان بەم شێوەیە نەبووە. بە پێی پێوەرە ئاساییەکان، هەندێ لە وڵاتە پیشەسازییەکان لەم قۆناغەدا یەکسانتر بوونەتەوە. هیچکەس هۆکارەکەی نازانێت. بۆ وێنە لە ئیتالیا نایەکسانیی ئابووری (هەتا نزیکەی ١٩٧٠) لانیکەم بەپێی لێکۆڵینەوە ئاساییەکان کەمتر بۆتەوە. هیچکەس لەوە دڵنیا نییە کە ئایا بەڕاستی کێش و سەنگ کردنەکان وردبینانە بوون و یاخود مانای چییە، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین لەپاش قۆناغێکی دابەزینی نایەکسانیی ئابووری، قۆناغێکی بەرزبوونەوەی نایەکسانی جێگەی گرتۆتەوە. هەڵبەت ئەم بابەتە سەبارەت بە هەموو جۆرەکانی نایەکسانی راست نییە و هەر لەبەر ئەوەشە کە پێداگرم لەسەر ئەوەی  پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان جۆرەکانی نایەکسانیدا. بۆ وێنە نایەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا لەم قۆناغەدا لە زۆر رووەوە کەم بۆتەوە. هەر ئەم بابەتە سەبارەت بە هەندێ لە کەمینە رەگەزییەکان، هاوڕەگەزخوازەکان و گرووپە کولتوورییە جۆراوجۆرەکان کە هەتا رادەیەك پشت گوێ خرابوون، هەروەها پێدەچێ راست بێت. لانیکەم بۆ هەندێکیان نایەکسانی لەو قۆناغەدا نەك تەنیا بەرزتر نەبۆتەوە، بەڵکوو داشبەزیوە. ئەمەش، بەتایبەتی لە وڵاتانی ناوەندی



پیشەسازیدا[١٢٥] زیاتر بەرچاو دەکەوێت. بەگشتی وا دێتە بەرچاو کە نایەکسانی لەم قۆناغەدا رەوتێکی روو لە گەشەی هەبووە.

دووهەم, جیاوزییەکی زۆر لەنێوان وڵاتە جۆراوجۆرە پیشەسازییەکاندا هەیە لەڕووی پێوەرەکانی کێش و سەنگی رەسمیی نایەکسانی ئابوورییەوە. شایانی سەرنجە کە لەماوەی ئەو قۆناغەدا کە نایەکسانیی ئابووری بەگشتی دابەزیوە و هەروەها لە قۆناغی بەرزبوونەوەی نایەکسانیی ئابووریدا، ئەو پێودانگ و مۆدێلانەی ئەوان تاڕادەیەك بە نەگۆڕی ماونەتەوە. لەڕووی ئاستی نایەکسانیی ئابوورییەوە دەتوانرێت وڵاتە پیشەسازییەکان بەسەر سێ گرووپدا دابەش بکرێت. وڵاتە "یەکسانیخوازەکان"[١٢٦] کە کەمترین جیاوازییان هەیە لە دابەشکردنی داهاتەکانیاندا، وڵاتانی سکاندیناڤیا لە ئەورووپان و گرووپی یەکەم پێکدەهێنن. پێدەچێ بەرێکەوت نەبووبێت کە هەر ئەم وڵاتانە زیاترین سەرمایەگوزارییان لەسەر پێوەرەکانی ئاسوودەیی کردووە و زۆربەیان سیستەمگەلی ئاسوودەخوازی بەجیهانیکراویان لەبەردەستدایە. لەدوای وڵاتانی سکاندیناڤیا گرووپێك وڵات هەن کە بریتانیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا لەو وڵاتانەن. ئەو وڵاتانە لەڕووی ئاستی نایەکسانیی ئابوورییەوە لە دۆخێکی مامناوەنددان. لە گرووپی سێهەمدا وڵاتانێك جێ دەگرن کە زیاترین ئاستی نایەکسانیی ئابوورییان تێدایە. لە سەرەوەی ئەم وڵاتانە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە کە بەپێی زۆرێك لە پێوەرەکان لەڕووی ئابوورییەوە نایەکسانترینی وڵاتەکانە. نزیکەی لە هەموو سەردەمی پاش شەڕی جیهانیی دووهەمیشدا هەر بەو شێوەیە بووە. ئیسرائیل و نیوزیلەندیش هەر کەوتوونەتە ئەو گرووپەوە. نیوزیلەند لە قۆناغێکدا بازاڕێکی زۆر بەتین و تاوی

١٢٥. core industrial countries

١٢٦ . egalitarian

هەبوو کە دەسەڵاتی دەوڵەتی دەبردە ژێر پرسیارەوە. وا هەست دەکرێ کە لەماوەی سی ساڵی رابردوودا نیوزیلەند نالەبارترین دۆخی ئابووریی لەچاو هەموو وڵاتە پیشەسازییەکانی تر هەبووە. بەهەرحاڵ گۆیا سەرەڕای هەموو ئەمانەش، گۆڕانێك لە مۆدێلدا رووی نەداوە.

سێهەم، روخسارەیەکی گرنگ لە نایەکسانی لە ئارادا هەیە کە زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەم دواییانەدا سەرنجیان پێداوە. ئەم پرسە جگە لە بۆ وڵاتە پیشەسازییەکان بۆ هەموو وڵاتان گرنگە و ئەو خاڵەش ئەوەیە کە هەتا ئەم دواییانەش هەڵسەنگاندنەکانی نایەکسانی بەگشتی هەڵسەنگاندنی ئاماری بوون. بەم شێوەیە کە لە کاتێکی تایبەتدا رێژەی ئەو کەسانەیان پێکەوە هەڵدەسەنگاند کە داهاتەکەیان کەمتر لە ئاستێکی دیاریکراو بوو یاخود دەکەوتنە چینێکی داهاتیی تایبەتییەوە. بەم پێیە نەماندەزانی لە هەر کاتێکدا هەژارەکان بەڕاستی کامانەن؟ لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا، زۆرێك لە کۆمەڵناسان لایان وابوو ئەگەر کەسێك هەژار بێت ئەوا پێدەچێ بە هەژاری بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەش پێویست بەوە ناکات کە هێڵی تێپەڕی سەرجەم تاکەکان بخوێنینەوە. لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا بەڵام, بۆ یەکەم جار شاهیدی توێژینەوەگەلێك بووین کە بەڕاستی دەیانهەوێت بزانن چی بەسەر "تاکەکان" دێت. بە واتایەکی تر توێژینەوە لەسەر خەڵکێك دەکەن کە دەکەونە هەژارییەوە و لێی دەردەچن. ئەو توێژینەوانە بە ئەنجامگەلێك گەیشتن کە خەڵکانێکی زۆریان حەپەساند. جۆن هیڵز[١٢٧] بەڕێوەبەری یەکەی " تەرە کردنی کۆمەڵایەتی"[١٢٨] لە زانکۆی LSE یەکێك لە رێبەرانی لەو بزاڤەیە.

١٢٧. . John Hills

١٢٨ . social exclusion



بۆ وێنە لەمیانەی یەکێك لەو توێژینەوانەدا لە ئەڵمانیا گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە نزیکەی ٣٠٪ی دانیشتوان لە قۆناغێکی دە ساڵەدا لە ناوەڕاستەکانی ساڵانی هەشتاکانەوە هەتا ناوەڕاستەکانی ساڵانی ٩٠ لە خاڵێکی کاتیدا بەپێی پێوەرەکانی هەژاریی EU، هەژار بوون بەڵام رێژەیەکی بەرز هەر لەم دانیشتوانە هەر لە هەمان قۆناغدا لە هەژاری دەرچوون. جووڵەکانی تاکەکان بەرەو حاڵەتی هەژاری یان دەرچوون لێی زۆر لەو رادەیە زیاترە کە پێشتر وێنا دەکرا, بەڵام نازانم ئەم دەستکەوتانە تا چ رادە شایانی گشتاندنن. ئەم پرسە گەلێك گرنگە, لەبەر ئەوەی کاتێ لە بەرگی سیاسەتگوزارێکداین ئەوە گرنگ نییە کە لە فلان کاتدا چەند کەس بەپێی فلان پێودانگ هەژارن, بەڵکوو گرنگ ئەوەیە بزانین هەلی دەرچوون لە هەژاری و یان دۆزینەوەی پیشەی گونجاویان هەیە یان لە دۆخی هەژاریدا گیریان خواردووە. زۆر خەڵك بەڕاستی لەو دۆخەدا گیر دەخۆن و زۆر کەسی تریش دیسانەوە هەژار دەبنەوە, بەڵام جووڵەی لەخوارەوە بەرەو چینی ناوەڕاستی روو بە خوارەوە لە چوارچێوەی داهاتدا زۆر زیاتر لەو رادەیەیە کە هەتا ئەم چەند ساڵەی پێشوو پێمان وابوو. ئێمە وێنایەکی وردەکارانەمان لە هەژاری و بێبەشی نابێت, مەگەر ئەوەی وێنایەکمان لە هێڵی تێپەڕی یەك بە یەکی تاکەکان هەبێت. بۆ ئەو کارەش پێویستە ماوەی نزیك ٢٠-٢٥ ساڵ وێنەیەك ئامادە بکەین. وێنەیەك لەوەی ئەو تاکانە لە ماوەی ژیانی کاریی خۆیاندا چی دەکەن و چییان بەسەر دێت.

چوارەم, لە وڵاتە پیشەسازییەکان لەم قۆناغەدا, گۆڕانکاریی گەورە لە ستراکتۆری نایەکسانیدا روویداوە. لە سەرەتادا ئەو گۆڕانکارییانە پەیوەندیی بەو گۆڕانە مەزنانەوە هەیە کە لە ئابووری و هێزی کاردا بەدیهاتن. لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکاندا لە نزیکەی سی ساڵی رابردوودا, ٤٠٪ هەتا ٤٥٪ی

دانیشتوان پیشەی یەخە شین[129] (کرێکاری)یان هەبوو. بە واتایەکی تر چینێکی کرێکاری گەورە هەبوون و کەسانێکی زۆر لەم چینە کرێکارییەدا لە دۆخی بێبەشیدا دەژیان, بەڵام ئەمڕۆ بەشێوەی تێکڕایی تەنیا ١٦٪ی دانیشتوانی یەکێتیی ئەورووپا کرێکارن و ئاساییشە کە زۆرێك لە کۆمەڵانی چینی کرێکار لە کانەکان و کەشتی سازی و ...دا کەم تا کورتێك لەناوچوون. لێرەدا شاهیدی گۆڕانێکین لە سیستەمی چینایەتیدا. ئەوەی لە وڵاتانی خۆراوایی روویداوە ئەوەیە کە چینێکی ناوەڕاستی[130] زۆر گەورەتر و تا ئاستێك ئاسوودەتر لە رابردوو دروست بووە. لە خوارەوەی ئەم سیستەمە چینایەتییدا بەپێی ئەو وڵاتە کە رەچاو دەکرێت شتێك نزیك بە ٥٪ هەتا ١٠٪ی دانیشتوان بەپێی پێودانگە ئاساییەکان لە دۆخی هەژاریدا دەژین. پێنج لە سەدی ئەم ٥٪ هەتا ١٠٪ کەم و زۆر بەشێوەی سیستەماتیك لە بەشداریکردن لە کۆمەڵگەی بەرفراوانتردا وەلا دەنرێن و تەرە دەکرێن, هەر لەبەر ئەوەشە کە چەمکی "تەرەکردنی کۆمەڵایەتی" لە شرۆڤەی کۆمەڵگە خۆراواییەکاندا زۆر جێکەوتووە.

چەمکی "تەرەکردنی کۆمەڵایەتی" سەرەتا لەلایەن یەکێك لە زانایانی زانستی کۆمەڵایەتییەوە لە OESD داهێنرا. ئەو ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی رەچاو کردبوو. بەبڕوای ئەو ئەو پرسە تا رادەیەك بەرئەنجامی کارکردی دەوڵەتە ئاسوودەکانە. بۆ وێنە لە وڵاتە ئەورووپییەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵەکانی نیشتەجێبوونی دەوڵەتی کە بۆ باشترین ئامانجەکان دروست کراون, خەریکە دەڕووخێنرێن و وێران دەکرێن. کاتێك راهێنان لاواز بێت, دەرفەتی پیشەیی کەم لە بەردەستدا دەبێت. کاتێ رادەی تاوان و تاوانکاری و راکردن لە قوتابخانە و

١٢٩. blue collar

١٣٠. middle class



خراپەکاری بەرز بێت, ئاساییە کە راکردن لێشیان زۆر قورس دەبێت. گرووپە کەمینەکانیش هەڵبەت زیاتر هەر لەم بەستێنانەدا کۆ دەبنەوە. گۆڕانکاریی ستراکتۆریی گەورە و گرنگ لە رێڕەوە سیاسییەکاندا بەدیهاتووە و زۆربەی پارتە سیاسییەکانیش ئەوانە لە بەرنامەکانی خۆیاندا رەچاو دەکەن. دەوڵەتەکان بۆ چارەسەری پرسی "تەرەکردنی کۆمەڵایەتی" پێویستە سیاسەتگەلی "دژە هەژاری"[131] بگرنە بەر. ئیتر ناشێ بە هەمان شێوەی رابردوو تەنیا پشت بە گواستنەوەی ناکارامە و باوی داهاتەکان ببەسترێت کە زۆربەشی لەرێگەی سیاسەتەکانی باجگرییەوە جێبەجێ دەکرێن.

بە سەرنجدان بەوەی گوترا, چییەتیی نایەکسانی لە وڵاتە خۆراواییەکان لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا زۆر گۆڕاوە و ئێمە دەبێ بپرسین بۆچی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەندیی بەو قسانەوە نییە کە هەتا ئێستا کران. ئایا پەیوەندیی بە رەوتە بەرفراوانترە جیهانییەکانەوە هەیە؟ ئایا پەیوەندییەکی بە بەجیهانیبوونەوە کە زۆر بەدناو بووە هەیە؟

زۆر خەڵك پێیانوایە وایە. دەڵێن بە رەوتی روو لە گەشەی بەجیهانیبوون، دەوڵەتەکان هەندێ لەو توانایانەی پێشتر هەیانبوو لەدەست دەدەن. یەکێك لەو توانایانە پشتیوانی لە سیستەمە ئاسوودەخوازە بەرفراوانترەکان بووە کە دەیانتوانی یارمەتیی دابەزاندن یاخود چارەسەری نایەکسانییەکان بکەن. ئایا ئەوە بۆچوونێکی راستە؟ بە بۆچوونی من وەڵامەکە روونە: "نا"، ئەوە بۆچوونێکی راست نییە. بەجیهانیبوون لە هەر مانایەکدا کە رەچاوی بکەین بکەری ئەم گۆڕانکارییە لە مۆدێلەکانی نایەکسانیدا لە وڵاتانی پیشەسازی نییە، چ ئەو بەجیهانیبوونە بەرفراوانترەی من بەکاری دەهێنم و چ ئەو

١٣١ . anti-poverty policies

بەجیهانیبوونە گردوکۆترەی لەژێر ناوی پەرەسەندنی بازارە جیهانییەکاندا بەکاری دەهێنن. ئاماژە بە گرنگترین بکەرەکانی ئەم گۆڕانانە دەکەم. تارادەیەك دەتوانین متمانەمان پێیان هەبێت، لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەگەلێکی فراوان لەم چەند ساڵەی دواییدا لەگەڵیاندا کۆکە.

یەکەم بکەری گۆڕانی چییەتیی نایەکسانی لە وڵاتانی خۆراواییدا، گۆڕانکاریی تێکنۆلۆژیکییە. گۆڕانی تێکنۆلۆژیکی پەیوەستە بە بەجیهانیبوونەوە، لەبەر ئەوەی تێکنۆلۆژیا بەگشتی هێزێکی زۆر بەهێزە بۆ ئەو بازرگانییانە کە پێویستییان بە خۆگونجاندن لەگەڵ بازاڕی جیهانیدا هەیە. تێکنۆلۆژی بەهۆی سەرهەڵدانی زانستی ئابووری و لەناوچوون یان گچکە بوونەوەی چینی کرێکاری نەریتی, بۆتە هۆی گەلێك گۆڕانی مەزن. ئەمە بەو مانایەیە کە زۆرێك لە گرووپەکان کە لە رابردوودا دەرفەتی پیشەیی باشیان هەبووە، ئەمڕۆ نییانە، بەتایبەتی کرێکارە پیاوە بێ شارەزاییەکان. زۆربەی وڵاتە ئەورووپییەکان و وڵاتە پیشەسازییەکانی تر گرفتی قووڵیان هەیە لەگەڵ ئەو پیاوە گەنجانەی لە مافی دەنگدان بێبەری کراون. ئەو کەسانە بەڕواڵەت لەلایەن سیستەمێکی سیاسییەوە لە مافی دەنگدان بێبەش نەکراون، بەڵکوو بەکردەوە بەهۆی نەبوونی دەرفەتی پیشەیی لەو مافە بێبەش بوون. زۆربەی ئەو کەسانە لە بەستێنی "تەرەکردنی کۆمەڵایەتی"دا کۆ بوونەتەوە, بەڵام ژمارەیەکی تریان نا. لە بناغەوە داواکاری بۆ کرێکاری بێ شارەزایی، بەتایبەتی کرێکارانی بێ شارەزایی پیاو لە ئابووریی پیشەسازیدا زۆر لە رابروو کەمتر بۆتەوە.

دووهەم بکەری گەورەی ئەو گۆڕانە، گۆڕانکارییە لە خێزاندا. من لە وتاری چوارەممدا لەو بارەیەوە قسە دەکەم. ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر جیاوازییە روو لە گەشەکانی داهات ئەنجام دراوە باس لەوە دەکات کە



گۆڕانکاری لە خێزاندا لانیکەم هۆکاری ٤٠٪ی نایەکسانییە روو لە زیادبوونەکانی ئەو وڵاتە بووە لەو قۆناغەدا. هەندێ لە گۆڕانکارییەکان لە خێزاندا هەژاریی لێدەکەوێتەوە. ئەو تاك سەرپەرشتە زۆرجار دایکە و دەبێ بەتەنیایی لە هەلومەرجێکدا کە خاوەنی پیشەی باش بوون زۆر قورسە، منداڵ گەورە بکات. ئەو کەسانە بەتایبەتی لە هەندێ وڵاتی وەك ئەمریکا کە سیستەمگەلی ئاسوودەخوازی زۆر بەرفراوانیان نییە، زۆرجار بەرەو دەشتی هەژاری راو دەنرێن. گرفتی هەژاریی منداڵانیش یەکێکی تر لە گرفتە گەورەکانە و پەیوەندیی بەم پرسەوە هەیە. لەو وڵاتانەدا کە گرفتی هەژاریی منداڵان و هەژاری لەنێوان تاك سەرپەرشتەکاندا لە نزمترین ئاستدایە (وەك دانیمارك)، ئاستێکی زۆر بەرزی بیمەی دەوڵەتی بۆ تاك سەرپەرشتەکان کە بەتەنیایی منداڵەکانی خۆیان گەورە دەکەن، لەئارادا هەیە. ئەو وڵاتانە توانیویانە رێگە لە خراپترین لایەنەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لە رەوتی گەشەی خۆیاندا بگرن، بەڵام زۆرێك لە وڵاتە پیشەسازییەکان وەك ئەمریکا و بریتانیا دەرەقەتی ئەو کارە نەهاتوون. هەژاریی منداڵان یەکێك لەو گەورەترین گرفتانەیە کە بریتانیا لەگەڵی رووبەڕووە و دەبێ لەماوەی دە هەتا بیست ساڵی داهاتوودا دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم کات و بیر لە چارەسەری بکاتەوە.

سێهەم بکەری ئەو گۆڕانە، گۆڕانکارییە بەهێزە دیموگرافی و دیموگرافییانەکانە. ئەو گۆڕانە بەتایبەتی لە ستراکتۆری نەوەیی وڵاتانی خۆراوایی دەبیندرێت. لە وڵاتە خۆراواییەکان بەهۆی ئاستی زۆر نزمی لەدایکبوونەوە، بەساڵاچووان زۆر لە گەنجان زیاترن. ئەمە راست بەپێچەوانەی وڵاتانی روو لە گەشەیە کە لەواندا ستراکتۆری دیموگرافیا ئاوەژووە: رێژەیەکی بەرز لە گەنجان و رێژەیەکی نزم لە بەساڵاچووان. لە وڵاتانی خۆراوایی ژمارەیەکی زۆر لە پیرترەکان دەکەونە دەرەوەی بازنەی هێزەکانی کارەوە و

بەهەمان شێوەی رابردوو داهاتیان نییە، لەبەر ئەوەش زۆرێك لە وڵاتان هاوشانی هەژاریی منداڵان لەگەڵ گرفتی هەژاریی بەساڵاچوانیشدا رووبەڕوون کە مۆدێلی نایەکسانی لەو وڵاتانە دەگۆڕێت.

حەز دەکەم لە درێژەی قسەکانمدا ئەو پرسیارە بکەم کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم پرسانەدا دەبێ چی بکەین؟ رەنگە جێگەی سەرسووڕمان بێت, بەڵام من پێموایە سیاسەتە سەرەکییەکان بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانییەکان و چارەسەری هەژاری بۆ جیهانی پیشەسازی و جیهانی روو لەگەشە بە یەك شێوەن. ئەو سیاسەتانە چ بیانهەوێ لە ئاستی جیهانیدا پیادە بکرێن و چ لە ئاستی نیشتمانیدا، یەکسانن . بۆ زۆرکەس گرنگە کە چی بەسەر نایەکسانییە بەرفراوانترەکان و نایەکسانییە جیهانییەکان دێت. زۆرێك لە ئێمە نیگەرانی وڵاتە پیشەسازییەکانین بەڵام بەهەرحاڵ لە وڵاتە پیشەسازییەکان تەنانەت ئەگەر ئێوە هەژاریش بن بەپێی پێوەرەکانی وڵاتە پێنەگەیشتووەکان دەوڵەمەندن. بزاڤی دژە بەجیهانیبوون و بزاڤەکانی تری ناڕەزایی بەباشی ئەم پرسی "نایەکسانی"یەیان دەرخستووە. نایەکسانی گرفتێکی بنەڕەتییە کە جیهانی نەوەی داهاتوو لەگەڵیدا رووبەڕوو دەبێت. زۆر گرنگ و حەیاتییە کە لەوە تێبگەین خەریکە چی روودەدات. ئەگەر تێینەگەین ناتوانین سیاسەتی گونجا بۆ باشتر کردنی بارودۆخەکان، دابڕێژین. نایەکسانی لەنێوان وڵاتە هەژار و دەوڵەمەندەکاندا بەپێی هەر پێوەرێك کە دایبنێین زۆر زۆرە، بەڵام لەسەر ئەوەیکە ئەم رەوتەی ئێستا بەرەو چ ئاراستەیەکە و ئەوەیکە نایەکسانیی نێوان ئەوان بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت یان دابەزین، گەلێك مشتومڕ و ناکۆکی هەن.

زۆرێك لەو کەسانەی لە بزووتنەوە ناڕەزاییەکاندا بەشداری دەکەن لەو بڕوایەدان کە جیهان رۆژ بەڕۆژ نایەکسانتر دەبێت، واتە شەقڵی نێوان وڵاتانی هەژار و دەوڵەمەند و بەتایبەتی دەوڵەمەندترین وڵاتەکان و هەژارترین وڵاتەکان



زۆر قوولتر دەبێتەوە و لەو بڕوایەدان کە هێزەکانی بەجیهانی کردن بکەری تۆختر کردنەوەی ئەو نایەکسانییەن. دیسانەوە پێداگری دەکەمەوە کە زۆر گرنگە خۆمان لەگەڵ ئەو بۆچوونانە یەکلایی بکەینەوە.

کێش و سەنگ کردنی نایەکسانیی جیهانی هاسان نییە، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە گرفتی ئاماری لە ئارادا هەیە, لەلایەکی ترەوە زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی سەبارەت بەوەی رەوتەکان چ شتێك دەردەخەن بەسەر دوو گرووپدا دابەش بوون و ناکۆکییان هەیە. هیچکەس نکۆڵی لە هەبوونی نایەکسانیگەلی توند و تۆخ نییە. ناکۆکییەکە لێرەوە دەست پێدەکات کە یەکەم ئایا ئەو نایەکسانییە تۆخانە بەرەو تۆختر بوونەوە دەچن ، دووهەمیش ئەوە کە بکەرەکانی ئەو نالەبارییە بارودۆخانە چین؟ پێوەرگەلی جۆراوجۆر بۆ کێش و سەنگ کردن و وێنا کردنی رەوت و روخسارەی نایەکسانی لە جیهاندا هەیە کە هەرکامیش وێناگەلی جیاواز لە بارودۆخی جیهان و رەوتە سەرەکییەکان دەدەن بەدەستەوە. زۆرێك لەو کەسانەی لەو بڕوایەدان کە جیهان بە تەوژمەوە بەرەو نایەکسانتر بوونەوە دەچێت و ئەوەش بە بەرئەنجامی بەجیهانیبوون دەزانن، بەبۆچوونی من پشتیان بە توێژینەوەگەلی کۆنتر دەبەستن کە تیایاندا کەڵکیان لە پێوەرگەلی لاواز وەردەگرت. لەو توێژینەوانەدا داهاتی سەرانەیان لە وڵاتە هەژارترەکان لەگەڵ داهاتی سەرانە لە وڵاتە دەوڵەمەندترەکاندا راستەوخۆ هەڵدەسەنگاند و بایەخێکیان بە ئاستی جیاوازیی ئالۆیری دراو لەنێوان وڵاتەکاندا و جیاوازیی تێچوونی ژیان لە وڵاتە جیاوازەکاندا نەدەدا. ئەم هەڵسەنگاندنە ساکارترین جۆری هەڵسەنگاندنێکە کە دەتوانرێ بکرێت. ئەگەر لەو پێوەرە بۆ هەڵسەنگاندن کەڵك وەرنەگرین، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە نایەکسانییەکان لە جیهاندا لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا بەرزبوونەوەیەکی یەکجار زۆری هەبووە، بەڵام ئەمە باشترین رێگە بۆ کێش و سەنگ کردنی

نایەکسانیی جییهانی نییە. لەبەر ئەوەش لە ڕێگەی دووهەمی کێش و سەنگ کردنی نایەکسانیی جیهانیدا بکەرێکی تریشیان هێنایە ناو ئەم هەڵسەنگاندنەوە. ئەو بکەرە " هاونرخیی توانایی کڕین"[١٣٢] یان ppp پێدەگوترێت. بە ppp تەنیا ئامارە ئابوورییە رووتەکان لەنێوان وڵاتەکاندا پێکەوە هەڵناسەنگێنین بەڵکوو بکەری "تێچوونی ژیان"[١٣٣]یش دێنینە کایەوە. تێچوونەکانی ژیان لە وڵاتە هەژارترەکان لە هی وڵاتە دەوڵەمەندترەکان کەمترە، کەواتە هەروەك چاوەڕوان دەکرێت بە هێنانە کایەی ppp، نایەکسانیی روو لە زیاد بوون لەنێوان وڵاتە هەژار و دەوڵەمەندەکان لەو کاتە کەمتر دەبێت کە کەڵکمان لە پێوەری یەکەم وەردەگرت. پێوەری یەکەم گەورەترین گەشەکردن لە نایەکسانیی جیهانیدا نیشان دەدات. پێوەری دووهەم گەشەیەکی کەمتر نیشان دەدات، بەڵام دیسان گەشەی نایەکسانیی جیهانی لەماوەی سی ساڵی رابردوودا نیشان دەدات. لانیکەم زۆربەی توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن.

پێوەرێکی سێهەمیش لەئارادا هەیە کە هەندێکەس لەو باوەڕەدان ڕۆشنگەرترین شێوازە. لەم شێوازەدا، ژمارەی دانیشتوان و ئاستی گەشەی ژمارەی دانیشتوانیش سەرنجی پێدەدرێت. هەندێ لە زانایان هەڵسەنگاندنی وڵاتێکی وەك چین و وڵاتێکی وەك بۆتسوانا[١٣٤] بە بێمانا دەزانن. ژمارەی دانیشتوانی چین زیاتر لە یەك ملیار و ژمارەی دانیشتوانی بۆتسوانا چەند ملیۆنێکە. ئەوە لۆژیکی نییە کە داهاتی سەرانەی ئەو دوو وڵاتە پێکەوە هەڵسەنگێنین و هەردووکیان بخەینە ڕیزەی وڵاتە هەژارترەکانەوە. دەبێ سەرنج بدەینە ژمارەی دانیشتوان و ئاستی گەشەی ژمارەی دانیشتوانیش. ئەگەر

١٣٢ . purchasing power parity

١٣٣ . cost of living

١٣٤. butswana



بەجێگەی وڵاتەکان ژمارەی دانیشتوانەکان پێکەوە هەڵسەنگێنین، روخسارەیەکی جیاواز لە نایەکسانیی جیهانی وێنا دەکرێت. زۆربەی بیرمەندان لەگەڵ ئەم پێوەرە هاودەنگن، هەرچەند هێشتا مشتومڕی لەسەرە. ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی جیهان و نایەکسانی لەوێدا بەپێی ئەو پێوەرە کێش و سەنگ بکەین، ئەو وێنەیەی کە بەدەست دێت بەم شێوەیەیە: نایەکسانی لە زۆربەی ئەم سەدەیەدا هەتا نزیکەی ١٩٦٠ بەرز بۆتەوە و لەدوای ١٩٦٠ وا دەردەکەوێت کە جۆرێك حاڵەتی وەستانی هەبووە و تەنانەت بەپێی هەندێ توێژینەوەش لەماوەی نزیك سی ساڵی رابردوودا کەم بۆتەوە. خاڵی گرنگ و شایانی سەرنج ئەوەیە کە بەپێی ئەو پێوەرە ژمارەی مرۆڤە ئاسوودەکان لە چین و ئابووریی ئاسیایی لەماوەی سی ساڵی رابردوودا گەشەیەکی ئاشکرا و بەرەو زیادبوونی هەبووە.

لە کام یەك لەو پێوەرانە دەبێ کەڵك وەربگرین؟ نایەکسانییە جیهانییەکان بەرەو بەرزبوونەوە دەچن یان دابەزین؟ ئەگەر لەم بوارەدا خوێندنەوەیەکتان نەبووە، پێشنیارتان پێدەکەم زنجیرە وتارەکانی رۆبێرت وەید[١٣٥] لەو بارەیەوە بخوێننەوە. رۆبێرت وەید لەم دواییانەدا هاتۆتە LSE و مامۆستای ئەم زانکۆیەیە. دەبێ بڵێم کە زۆر بەختەوەرین بە هاتنی ئەو بۆ ئێرە. ئەو لە گۆڤاری ئیکۆنۆمیست[١٣٦] لە ئاپریلی ساڵی ٢٠٠١ دا وتارێکی هەیە و لەوێدا زۆر وردبینانە ئەو ئامارانە و ئەو بابەتانەی تاوتوێ کردووە. ئایا نایەکسانیی جیهانی بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت؟ بەبۆچوونی من وەڵامی ئەم پرسیارە و بەراورد کردنی رەوتی نایەکسانیی جیهانی زۆر قورسە. قسە کردن سەبارەت بە پۆلێنبەندییە ئابوورییە جیهانییەکان مانایەکی ئەوتۆی نییە. من پێموایە

١٣٥. Robert wade

١٣٦. Economist magazine

سەرەتا دەبێ سەرنج بدەینە پرسی " جیاوازییە ناوچەییەکان". جیاوازیگەلی گەورە لە رەوتەکانی گۆڕانکاریی نایەکسانی لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان لە ماوەی نزیك سی ساڵی رابردوودا لە ئارادا هەبووە. لەنێوان وڵاتانی روو لە بەپیشەسازی بوونیش لەڕووی ئاستی نایەکسانییەکانەوە و نەبوونی باڵانسە ناوچەییەکان جیاوازی هەیە، نەك ئەوەی تەنیا لە نێوان ئەوان و وڵاتە دەوڵەمەندترەکانی جیهاندا جیاوازی هەبێت. ئێستاش ئەو توێژینەوانەی کە ئاراستەیەکی ناوچەیی لەم چەشنەیان هەیە چی دەردەخەن؟ زۆربەی ئەو توێژینەوانە هاودەنگییەکی شایانی سەرنجیان پێکەوە هەیە. بۆ وێنە کۆریا لە ساڵانی ١٩٦٠دا لەڕووی داهاتی سەرانەوە لە وڵاتی غەنا[١٣٧] هەژارتر بوو، بەڵام ئەمڕۆ لە پۆرتوگال دەوڵەمەندترە، لەحاڵێکدا پورتوگال یەکێك لە ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا و یەکێك لە گەشە سەندووترین وڵاتانی پیشەسازییە لە جیهاندا. چەند بەشێکی خۆرهەڵاتی ئاسیاش زۆر سەرکەوتووانە کاریان کردووە و توانیوانە شەقڵی نێوان خۆیان و وڵاتانی پیشەسازی کەم بکەنەوە، هەرچەندە هێشتا ئەو شەقلە بە تەواوی پڕ نەبۆتەوە. هێشتا ناوچەگەلی بێبەش لە ئاسیا زۆرن.

لە ئەمریکای لاتین بارودۆخەکە جیاوازە. ئەنجامی توێژینەوەکان باس لەوە دەکەن کە لە مەکسیك و شوێنەکانی تری ئەمریکای لاتین لەم قۆناغەدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ رووی نەداوە. واتە لەماوەی نزیك سی ساڵی رابردوودا، گەشەیەکی بەرچاو لە بارودۆخی ئەمریکای لاتیندا لەچاو وڵاتانی پیشەسازی رووی نەداوە، هەرچەند وڵاتانێك وەك شیلی سەرکەوتنی گەورەیان لە گەشە سەندنی ئابووریدا بەدەست هێناوە. بەم حاڵە وا دێتە بەرچاو لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین، بەتایبەتی وڵاتە گەورەکانی وەك برازیل، ئارژانتین و

١٣٧. ghana



مەکسیك، نایەکسانیی ئابووری و نایەکسانیی ناوچەیی بەپێی زۆرینەی توێژینەوەکان زۆرتر بۆتەوە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە ئەمریکای لاتین ناوچەیەك بوو کە نیولیبراڵیزم یان بە زمانێکی تر "بونیادگەرایی بازاڕ" لەوێدا هێزێکی زیاتری هەبوو. ئەم تێڕوانینە بۆ گەشە سەندن کە "پەیمانی واشنتۆن"[١٣٨]یشی پێدەوترێت لە ئەمریکای لاتین تا رادەیەکی زۆر تووشی شکست بووە. لە ئێستادا ئەمریکای لاتین لەگەڵ گەلێك پاشهاتی ئەم ئاراستەگیرییەدا دەستەویەخەیە. لەم جۆرە گەشەسەندنەدا هێنانە دەرەوەی خەڵك لە هەژاری و کەمکردنەوەی نایەکسانی چ شتێك نییە جگە لە نمایشێکی بازارە ئازاد و بێ چاودێرەکان. ئەو ئەزموونە لە ئەمریکای لاتین شکستی هێنا.

ئەفریقا کیشوەرێکە کە وا هەست دەکرێت لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا ئاڵۆزترین بارودۆخی هەبووە. لە ساڵانی ٦٠ دا هیوایەکی زۆر بە زۆربەی وڵاتە ئەفریقاییەکان هەبوو. زۆرکەس پێیان وابوو ئەگەری ئەوە هەیە قۆناغێکی گەشەی ئابووریی خێرا لە زۆربەی وڵاتە ئەفریقاییاکان دەست پێبکات، بەڵام ئەوە رووی نەدا. تەنانەت یەك نموونەش لە گەشەی ئابووریی خێرا و بەرچاو لەو قۆناغەدا لە وڵاتانی ئەفریقایی نەبینراوە و بەشێکی زۆر لە گرفتەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لە ئەفریقا کۆ بوونەتەوە. ئەو گرفتانە تەنیا نایەکسانیی ئابووری و بێبەشی نین و لە کاریگەریی ئایدز و جەنگە ناوچەیی و ناوخۆیی و گەلێك گرفتی تریشدا یەکتر دەگرنەوە و هەندێ لە وڵاتە سەرەکییەکانی ئەفریقای تووشی قەیرانی جیدی کردووە.

ئەگەر بڵێین کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ سەرنجی خۆی لەسەر ئەفریقا خورد بکاتەوە، قسەیەکی راستمان کردووە. بەتایبەتی ئەفریقای "خوارووی سارا" کە

١٣٨ . Washington consensus

ئەگەر بڕیارە بارودۆخ گۆڕانی بەسەردا بێت دەبێ ببێتە کرۆکی هەوڵ و بەشداریکردنەکان. زۆربەی ئەو وڵاتانەی دارمانی قورسیان لە داهاتی سەرانەدا ئەزموون کردووە، کەوتوونەتە ئەفریقاوە. ئێمە زیاتر سەبارەت بە جیاوازییە ڕێژەییەکان لەنێوان وڵاتانی هەژارتر و دەوڵەمەندتر قسە دەکەین، لەحاڵێکدا کە لە ئەفریقا لەگەڵ جۆرە پڕبەپێستەکانی وەستان و داڕووخانی ئابووری و پەرەسەندنی تەواوی هەژاری لە ناوچە هەژارەکان و بەشە سەرەکییەکانی زۆرینەی وڵاتانی ئەو کیشوەرەدا ڕووبەڕووین.

ئایا دەکرێ ئەو مۆدێلانە بە بەرئەنجامی بەجیهانیبوون بزانین؟ من وای بۆ دەچم وەڵامی ئەم پرسیارە تا ئاستێکی زۆر ئەوەیە: نا. بەجیهانیبوون لە لانیکەمی مانای خۆیدا و بەپێی " پەیمانی واشنتۆن"، پەرەسەندنی بازاڕە ڕکابەرییەکانە و مانا فراوانترەکەشی هەمان ئەو شتەیە کە من بەکاری دەهێنم. بەجیهانیبوون لە هەردووک ماناکەیدا، بکەر و هێزی سەرەکیی بەدیهێنەری ئەو مۆدێلانەی لە ئەفریقا دەیانبینین نییە، هەرچەند هەتا ئاستێك لە هەموویاندا دەخیلە.

چ ڕووداوێك لە ئەفریقا خەریکە ڕوو دەدات؟ ئەوەی لە ئەفریقا ڕوو دەدات، لە سەرەتادا بەرئەنجامی دەخیل بوونی ئەو لە گەشەسەندنی بەرفراوانتری جیهاندا نییە. گرنگترین هۆکاری ئەم ڕووداوانە لە ئەفریقا دەخیل نەبوونیەتی لە خودی گەشەسەندندا. مێژووی درێژخایەنی کۆلۆنیا و بەدوای ئەودا گرفتەکانی سڕینەوەی کۆلۆنی بوون[١٣٩] و دەرچوون لە کۆلۆنی بوون کاریگەریی ڕووخێنەری لەسەر ئەفریقا هەبووە. ڕەنگە پتر لە هەر شتێك ئەم بابەتە کاریگەریی هەبووە کە چەند بەشێکی گەورەی ئەفریقا بە هەمان شێوەی چەند بەشێکی ئاسیا، مەیدانی شەڕی ساردی نێوان دوو زلهێز بوون. ئەمڕۆ لە ئەفریقا زیاتر شاهیدی

١٣٩. decolonisation



پاشهاتی ڕووداوەکانی سی، چل ساڵ لەوە پێشین. زۆربەی وڵاتانی ئەفریقایی بەهۆی شەڕی ساردەوە دوولەت بوون و لێك ترازاون. ئەگەرچی لەژێر ناوی "شەڕی سارد"دا ئاماژە بەو قۆناغە دەکرێت، لە بەشە پەراوێزییەکانی جیهان لەڕاستیدا "شەڕی گەرم"[١٤٠] بوو.

ئێستا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم گرفتەدا چی دەتوانرێ بکرێت؟ چ سیاسەتگەلێك بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نایەکسانی لە جیهانی پیشەسازی و لە کۆمەڵگەی بەرفراوانتری جیهانیدا دەبێ بگیرێتە بەر؟ لە وەڵامدا دەبێ بگوترێت کە سێ شت دەبێ ڕوو بدات. هەوڵ دەدەم لەوپەڕی گردوکۆییدا بیانخەمە بەر باس. یەکەم، سیاسەتی هاوسەنگکردن و "سەرلەنوێ دابەشکردنەوە"[١٤١] دەبێ ڕۆڵێکی گرنگ لە چارەسەری ئەم پرسەدا بگێڕێت. هاوسەنگکردن و سەرلەنوێ دابەشکردنەوە، واتە گواستنەوەی دارایی و سەرمایە لە وڵاتە دەوڵەمەندترەکانەوە بۆ وڵاتە هەژارترەکان یان بەشە هەژارترەکانی وڵات. لە وڵاتە دەوڵەمەندترەکاندا، سیستەمی باجگری ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت. لە سەرجەم وڵاتە پیشەسازییەکاندا، باجی تصاعدی کاریگەریی زۆری لەسەر دابەشکردنی دادگەرانەتری داهات هەیە. ئایا دەتوانرێت هەر ئەم کارە لە ئاستی جیهانیدا ئەنجام بدرێت؟ تەنیا هەتا ئاستێك دەشێ وا بکرێت, بەڵام بەڕای من دەبێ باسی "باجی تۆبین"[١٤٢] کە ئێستا لە ئارادا هەیە بە جیدی وەربگیرێت. هەروەك پێدەچێ بزانن باجی تۆبین بە ناوی "جەیمز تۆبین"[١٤٣]ەوە کراوە. ئەو یەکێك لەو ئابووریزانانەیە

١٤٠ . hot war

١٤١ . redistribution

١٤٢ Tobin tax

١٤٣ . James Tobin

که نزیکەی سی ساڵ لەمەوبەر قسەی دەڕۆیشت. ئەو پیشنیاری ئەوەی کرد کە باجێك لەسەر مامەڵە داراییە پێشبینی کراوە نێودەوڵەتییەکان دابنرێت و داهاتەکەشی بۆ گەشەپێدان خەرج بکرێت. ATTAC کە لە گرووپە دژە جیهانیبوونە فەڕەنسییەکانە، یەکێك لە پشتیوانە سەرەکییەکانی باسکردنی جیدییە لەسەر باجی تۆبین. هەڵبەت جەیمز تۆبین زیاتر وەك رێگەیەك بۆ رەوان کردنی ئابووریی جیهانی سەیری ئەو باجەی دەکرد. ئەو رۆڵی سەر لەنوێ دابەشکەرەوە بۆ ئەو باجە قایل نەبوو و ئەمڕۆکەش ئەوە بە ئامانجی سەرەکیی باجەکەی نازانن. بەم حاڵە بەتایبەتی وڵاتە پیشەسازییەکان دەبێ بزانن ئەو رێکارە پڕاکتیك دەکرێت یان نا. گۆردن براون (وەزیری ئابووریی دەوڵەتی بلێر) ماوەیەك لەمەوبەر لە نیوویۆرك وتی باجی تۆبین دەبێ بخرێتە بەرنامەی کاری وڵاتە دەوڵەمەندترەکانەوە. دەوڵەتی فەڕەنساش باجی تۆبینی وەك بەشێك لە سیاسەتەکانی خۆی خستۆتە بەر باس. ئایا ئەو سیاسەتە بە سەرکەوتووانە جێبەجێ دەکرێت و کاریگەر دەبێت؟ دەبێ لە داهاتوویەکی نزیکدا گفتوگۆی لەسەر بکەین. گرفتی زۆر لەبەردەم جێبەجێکردنەکەیدا هەیە.

دووهەم، تەنیا رێگەی سەرەکی بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەژاری و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نایەکسانی و تەنیا رێگەیەك کە بەهۆیەوە ملیۆنەها کەس دەتوانن لە هەژاری رزگاریان بن، گەشەپێدانێکی ئابوورییە کە هەژارەکانیش تیایدا دەخیل بن. سەرلەنوێ دابەشکردنەوە و هاوسەنگ کردن ناتوانێت پتر لە گۆڕانکارییەکی پەڕاوێزی لە ئاستی جیهانیدا و لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا بەدی بهێنێت. گەشەپێدانێکی ئابووری کە لەوێدا هەژارەکان "کار"یان هەبێت و هەموان خاوەنی لانیکەمێکی هەقدەستی گونجاو بن، تەنیا رێگەیەکە کە دەتوانین لەرێگەیەوە هەڵمەتێکی بنچینەیی



بەرین بۆ سەر هەژاری و بێبەشی. چۆن دەستمان بە گەشەپێدانێکی ئابووریی لەو چەشنە رادەگات؟ ئەوەی دەیزانین ئەوەیە کە ناتوانین لەڕێگەی فەلسەفەیەکی سادەی لەسەر بنەمای ئابووریی بازاڕ بەدەستی بهێنین. ئەوە گریمانەیەکی راست نییە کە ئابووریی وڵاتانی هەژارتر بە مەرجی کردنەوەی دەرگاکانی بەڕووی بازارە جیهانییەکاندا بە ئۆتۆماتیکی گەشە دەکات. بەبۆچوونی من باشترین نووسەر لەو بوارەدا لەم ساڵانەی دواییدا جۆ ستیگلیتز[١٤٤]ە. ئەو ئابووریزانێکی باڵا بوو لە بانکی جیهانی، بەڵام بانکی جیهانیی بەجیهێشت و کۆمەڵێك وتاری سەبارەت بە هەڵەکانی بانکی جیهانی و سندووقی نێودەوڵەتیی دراو(IMF ) نووسی. ئەو دەریدەخات کە تەنیا یەك حاڵەتی گەشەسەندنمان لە دنیادا پێشك نایەت کە دەوڵەت تیایدا رۆڵی نەگێڕابێت. دەوڵەت و حکوومەت لە ئابووریدا رۆڵێکی زۆر دیاریکەرانەیان هەیە, بەڵام نابێ بەسەریدا زاڵ بن. بۆ گەشەسەندن دەبێ پەیوەندییەك لەنێوان هەلومەرجە ستراکتۆرییەکانی ئابووریی بازاڕ و رۆڵی دەوڵەت و رۆڵی گرووپەکانی تر، بەتایبەتی گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بێت. ئێمە لەو بارەیەوە زۆر لە رابردوو زیاتر دەزانین و هەروەها دەشزانین کە هیچ رێگەچارەیەکی سیحری بۆ گەشە سەندن بوونی نییە. یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی ستیگلیتز پێداگریی لەسەر دەکات ئەوەیە کە ئێمە لە ماوەی نزیك بیست ساڵی رابردوودا فێر بووین کە بەڕێخستنی ئابووریی بازاڕ زۆر قورسە. سەرەڕای ئەوە کە تاکە رێگەی رەواجی ئابووری لە وڵاتێکی روو لە گەشە، هێنانە گۆڕێی ئابووریی بازاڕە، ناتوانرێ تەنیا بە هێنانە کایەی سازوکارەکانی بازاڕ بهێنرێتە دی. دامەزراوەگەلی وەك یاسا،

١٤٤. Joe Stiglitz

دەوڵەتی ناگەندەڵ و گۆڕانی سیاسیش پێویستن و هەموو ئەوانە بەشێکن لە مەرجەکانی ئابوورییەکی بازاڕی کاریگەر و بەهێز.

سێهەم، ئابووریی جیهانی لیپاولیپە لە دژوازی و ململانێ لەگەڵ وڵاتانی روو لە گەشەدا. ئەمە پرسێکە کە خەڵکانێکی زۆر بەدروستی لە دژی خۆپێشاندان دەکەن. دەتوانین ئەو راستییانە لەو پڕۆژە یاسایانەدا کە رێکخراوی بازرگانیی جیهانی WTO و رێکخراوە جیهانییەکانی تر پەسندیان کردووە ببینین. دوو فەلسەفە لەو پڕۆژە یاسایانەدا هەیە. یەکیان فەلسەفەی بازرگانیی ئازاد بۆ وڵاتانی هەژارتر و ئەوی تریان پشتیوانی لە بەرهەمە ناوخۆییەکانی وڵاتە دەوڵەمەندترەکانە. پشتیوانیگەرایی[١٤٥] (پشتیوانی لە بەرهەمە ناوخۆییەکان) بەهەمان شێوە لە وڵاتە دەوڵەمەندترەکانیشدا جێگەی بایەخە، بەتایبەتی سیاسەتەکانی کشتوکاڵی لە یەکێتیی ئەورووپا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم دواییانە پڕۆژە یاساگەلێکیان پەسند کردووە کە ئەگەری ئەوە هەیە دەرگاکانی بازاڕە کشتوکاڵییەکانی ئەمریکا بەڕووی بازاڕەکانی وڵاتانی روو لە گەشەدا بکاتەوە، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەش لە ئاستی پێویستدا بەرەو پێش نەچوون. گۆڕەپانی یاری لەڕووی دامەزراوەیی یان ئابوورییەوە لە کۆمەڵگەی بەرفراوانتری جیهانیدا، گۆڕەپانێکی یەك هەوا و هاوسەنگ نییە و پێویستە لەبارتری بکەین. تریبۆنەکە رادەستی ئانێ دەکەمەوە بۆ ئەوەی لەو دەرفەتە کەمەی لەبەر دەستماندا هەیە بە خێرایی پرسیارەکانی خۆی لە من بپرسێت.

**ئانێ فلیپس:** بە سەرچاو. هەوڵ دەدەم بەخێرایی پرسیارەکەم بخەمە روو. ئێوە ئاماژەتان بە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و تێکنۆلۆژیکی کرد کە

١٤٥. protectionism



بەجۆرێك بەشدارن لە بەدیهاتنی مۆدێلی ئێستای نایەکسانیی جیهانیدا. خوێندنەوەی خودی من بۆ ئەم بارودۆخە ئەوەیە کە هەندێ چەمکی وەك یەکسانیی چینایەتی و یەکسانیی سیاسی زیاتر لەبەرچاو دەگیرێن. ئەوە لەحاڵێکدایە کە هاوکات پرسگەلی پەیوەست بە نایەکسانیی ئابووری، جگە لە باسی هەژاری یان پرسیارگەلێك سەبارەت بە دارشتنی یاسا و چوارچێوە، زۆر سەرنجی پێنادرێت. بەم پێیە ئەو بابەتە کە لەژێر ناوی پرسێکی جیهانی دەخرێتە بەر سەرنج، زیاتر ئەو شەقڵە بەرفراوانەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە گرفت بخاتە سەر رێی یاسا و چوارچێوە، نەك گرفتی نایەکسانیی ئابووری. یەکێك لەو پرسانەی حەز دەکەم گەڵاڵەی بکەم ئەوەیە: ئەگەر نایەکسانیی ئابووری لە زۆر رووەوە ئیتر وەك نیگەرانییەکی ئەخلاقی سەیر ناکرێت، ئاسۆ و دوورە دیمەنەکانی داهاتوو بۆ بەجیدی لەبەرچاو گرتنی ئەو گرفتە چییە؟

**ئانتۆنی گیدێنز:** لە دوو رێگەوە وەڵامی پرسیارەکەی تۆ بەخێرایی دەدەمەوە. یەکەم، بەبۆچوونی من نایەکسانیی جیهانی خەریکە سەرلەنوێ وەك نیگەرانییەکی ئەخلاقی دەژێتەوە، ئەوەش تا رادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندایە کە ئەو پرسەیان خستۆتە تەوەری بەرنامە سیاسییەکانەوە. ئەم پرسە گۆڕانکاری و گۆڕانێکی ئایدیۆلۆژیکیی زۆر گرنگە کە لەماوەی پێنجساڵی رابردوودا روویداوە، بەڵام دووهەم بەبۆچوونی من بکەری نایەکسانییەکان بەکردەوە هیچکات بەتەواوی ئابووری نەبوون. ئەو نایەکسانییانە پەیوەندیی قووڵیان بەو هەلومەرجی مێژووییەوە هەیە کە وڵاتێکی تایبەت و دامەزراوەکانی دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. وڵاتێك ناتوانێ تەنیا بە گۆڕانکاریی ئابووری خەڵکەکەی لە هەژاری رزگار بکات. پێویستە هاوکات گۆڕان لە دامەزراوەکان و بەتایبەتی دیموکراتیزاسیۆنی دامەزراوە سیاسییەکان و

وەبەرهێنانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش ئەنجام بدات. بە ئەنجام گەیاندنی ئەو شتانە لە وڵاتە هەژارترەکاندا زۆر دژوارە، بەڵام بە پشت بەستن بە ئەزموونەکانی هەندێ لە بەشەکانی وڵاتانی هەژارتر دەزانین کە دەکرێ بە هەرەوەزیی ناوچەیی[146] زۆر کار لەو ئاراستەیەدا ئەنجام بدرێت. نموونەی سەرکەوتوو لە گەشەی ناوچەیی لەبەردەستدا هەیە. بۆ وێنە لە هەندێ ناوچە و شارەکانی برازیل و چەند بەشێکی ئەفریقا ئەو هەرەوەزییە کراوە و کاریگەریشی هەبووە. ناچار نین ئەوانە بە دەستەوەستاوی وەربگرن بەڵام دەزانین بۆ ئەم ئامانجە، تێکەڵەیەك لە هاوردەی دەرەکی و گۆڕانی ناوخۆیی پێویستە.

ئەو وڵاتانە دەبێ چالاکانە لەو پرۆسەیەدا بەشداری بکەن و لەلایەن وڵاتە دەوڵەمەندترەکانەوە یارمەتی بکرێن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو گۆڕانکارییە تێپەڕێنن. بە هەمان شێوە کە پاڕادایمی گەشەش هەر ئەمە بووە. ئێستاش بە چەند پرسیارێکی ئامادەبوان رادەگەین. سەبارەت بە کەمبوونی کاتەکە داوای لێبوردن دەکەم.

**پرسیاری ١:** ئایا ئێوە بەجیهانیبوون بە هەمان بەخۆراواییبوونی[147] جیهانی روو لەگەشەش دەزانن؟ ئەگەر نا، چۆنە کە ئەو کاریگەرییەی بەجیهانیبوونە کە زۆربەی وڵاتان و کولتوورەکانیشیان خۆراوایی دەکاتەوە، روون دەکەنەوە؟

١٤٦. local mobilization

١٤٧. westernization



**ئانتۆنی گیدێنز:** پرسیارێکی باشە. من وا بیر دەکەمەوە کە کێشەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە دێتە بەرچاو. لانیکەم لە بەراوردی مندا بۆ بەخۆراواییبوون، هەندێ لەلایەنەکانی ئەرێنین و هەندێکی تریشیان زۆر خوازراو نین. بۆ وێنە، ئەگەر پرەنسیپەکانی لیبراڵ دیموکراسی و یان هاودەنگی و ئاشتەوایی کولتوورە جیاوازەکان لە سیستەمێکی دیموکراتیکدا بە خۆراوایی بزانین، من ئەوانە بۆ بەجیهانیبوون زۆر بە باش دەزانم. لەو بڕوایەدام کە وڵاتانی روو لە گەشە دەبێ دیموکراتیکتر ببنەوە و دامەزراوەکانیان بەو ئاراستەیەدا بگۆڕن. بەڵام ئەگەر سەبارەت بە مەکدۆناڵد[148] و کاریگەریی کولتووری ئەمریکی و دەسەڵاتی راستەقینەی پەتیی وڵاتانی خۆراوایی قسە دەکەن، من دەبێ مەرجگەلی زیاتر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەواندا بخەمە بەر باس. ئەوەی دەیزانین ئەوەیە کە بەجیهانیبوون هەروەك هەگبەیەك وایە کە شتی جۆراوجۆری تیادا دەست دەکەوێت و هەمووشیان هاوچەشن نین. لەلایەکەوە ئەو هەگبەیە رووکەشێکی لە کولتووری جیهانیی ئەمریکی پێوەیە. ئەو کولتوورە ئەمریکییە تا رادەیەك بە کۆهێزی جیهانییەوە[149] دادووراوە و کاتێك دەکەوێتە بەرباس کە سەبارەت بەو کۆمپانیا ئەمریکییانە قسە دەکەین کە ئەو پانتا جیهانییەیان دۆزیوەتەوە. بەڵام لەلایەکی ترەوە هەر لەم هەگبەیەدا شتی تریش هەیە. بەجیهانیبوون هێندە ئاڵۆزە کە زۆرێك لە بیچمەکانی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی ناوچەیی و بووژانەوە و ئاخێز هەڵگرتنەوەی کولتوورە ناوچەییەکانیشی لێدەکەوێتەوە.

١٤٨. MacDonald

١٤٩. global corporate power

هەندێ لەو سەربەخۆیی و ئاخێزکردنە کولتوورییە ناوچەییانە بەڕاستی لە ئاستی ئاسایی زیاترە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەبێ لە هەندێ لایەنەوە نیگەرانی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون بین، دەبێ سەرنج بدەین کە ئەو کۆهێزە جیهانییە لە زۆر لە حاڵەتەکاندا کاریگەریی پێچەوانەی هەیە. بۆ وێنە زۆرێك لە زمانە ناوچەیەکان زیندوو دەبنەوە لەحاڵێکدا کە پێشتر کەڵکیان لێوەرنەدەگیرا. هاتنەوە ئارای کولتووره ناوچەییەکان جگە لە وڵاتە روو لە گەشەکان، لە وڵاتە دەوڵەمەندترەکانیشدا دەبیندرێت، لەبەر ئەوەش بەجیهانیبوون بەتەنیا بەخۆراواییبوون نییە. من وای بۆ دەچم کە پەیوەندییە جیهانییەکان دوو جۆرە کاریگەری دادەنێت. لەلایەکەوە، رووکەشێکی جیهانگیر و (تەنانەت خۆراوایی) هەیە و لەلایەکی تریشەوە، لەژێرەوەیدا تۆخمگەلی گرنگی فرەڕەنگی و فرەجۆری دەردەکەوێت.

**پرسیاری ٢:** من مارگارێت تۆماس[١٥٠] یەکێك لە دەرچووانی LSE م. بیست ساڵ لە جیهانی سێهەمدا وەك ئابووریزانێکی بواری تەندروستی کارم کردووە...

**ئانتۆنی گیدێنز:** دەتوانی ئاماژە بەناوی ئەو وڵاتانە بکەیت؟

**مارگارێت تۆماس:** ئەمریکای باشوور، ئەفریقا و ئاسیا. پێموایە وڵاتێك کە بووە هۆی زیاترین نیگەرانیی من، نیجێریا بوو کە دوو جار لەوێدا کارم کردووە. نیجێریا سەرچاوەی گەلێك دەوڵەمەندی هەیە...

١٥٠. Margaret Thomas



**ئانتۆنی گیدێنز:** زامبیاش بەهەمان شێوەیە.

**مارگارێت تۆماس:** من هیچکات لە زامبیا کارم نەکردووە، بەو پێیە تەنیا دەتوانم لەسەر نیجێریا قسە بکەم. نیجێریا سەرەڕای دەوڵەمەندی لە سەرچاوە سروشتییەکاندا، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی خوێندەواری هەیە. لەوێ لەسەر تێچوونە گشتییەکان کارم دەکرد. سەرەڕای هەبوونی ئەو سەرچاوە مادی و مرۆییانە بەڕاستی هەمووشت بە گێژاوی دارماندا رۆچووە. گرنگترین هۆکارەکەشی گەندەڵیی داراییە. ئەگەر بکەری بەدیهاتنی ئەو گرفتە بەجیهانیبوونە، بۆ باشتر کردنی بارودۆخی ژیانی ئاسایی نیجێریا دەبێ چی بکەین؟

**ئانتۆنی گیدێنز:** بەڵێ. ئەوانە تەواو راستن. دەتوانرێ هەر ئەم چیرۆکە سەبارەت بە زۆرێك لە وڵاتە ئەفریقاییەکان بگێڕدرێتەوە. زۆرێك لەو وڵاتانە زۆر دەوڵەمەندن و سەرچاوەگەلی فراوانی سروشتییان هەیە. تەنانەت رووسیاش بەهەمان شێوەیە و هێشتا لە گیان کەنشتدایە. هەروەك دەزانن رووسیا سەرچاوەگەلی گەورەی لەجۆری کلاسیکەکەی واتە سەرچاوەگەلی فیزیکی و مادی و کانگا و هتد... هەیە. لە وەڵامدا دەشێ بگوترێت هیچ رێگەچارەیەکی خێرا و سیحراوی بۆ ئەو پرسە لە ئارادا نییە. بەبۆچوونی من وڵاتە دەوڵەمەندترەکان ئەرکێکی قورسیان لە ئەستۆیە بۆ ئەوەی بەدوای هەندێ لەو حاڵەتانەدا بچن کە لەو بوارەدا گەلاڵە کراون. بۆ وێنە لێخۆش بوون لە قەرز[١٥١] بۆ وڵاتە سەرەکییە ئەفریقاییەکان بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە. بەبۆچوونی من دەبێ

١٥١. debt relief

هەلومەرجەکان بۆ گۆڕانکاریی ستراکتۆر و دامەزراوەکانی لەبار بکرێت، چونکە ئەگەر تەنیا قەرزەکان ببەخشرێن و هەمان ئەو دەسەڵاتدارە گەندەڵانە سەرلەنوێ حسابەکانی خۆیان لە سویسرا کەڵەکە بکەنەوە، کارەکان بەرەو پێشچوونێکی ئەوتۆیان نابێت. بەم پێیە گۆڕانکاریی دامەزراوەیی پێویستە. کۆمەڵگەی جیهانیش تا ئەو جێیەی بکرێت دەبێ پشتیوانی لەو گۆڕانکارییانە بکات. هەروەك گوتتان ئەو وڵاتانە سەرەڕای سەرچاوەگەلی دەوڵەمەندی سروشتی، سەرچاوەگەلی دەوڵەمەندی مرۆییشیان هەیە و بەکارهێنانی ئەوانەش پێویستیی بە گۆڕانکاریی ناوخۆییە لەو وڵاتانەدا. هیچکەس بە تەواوی نازانێت چۆن دەبێ ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام بدرێت.

بۆ نموونە لە نیجێریا لەماوەی نزیك سێ ساڵی رابردوودا سووڕێکی ڕۆچوونمان هەبووە و هەموو ڕۆژ بارودۆخەکە نالەبارتر بووە. ئەمە دیاردەیەکی زۆر جێکەوتووە لە وڵاتە ئەفریقاییەکاندا. ئەگەر ڕێگەچارەیەکی هاسان بۆ بەراوەژوو کردنەوەی ئەو رەوتە هەبوایە ئەوا ئاماژەم پێدەکرد. پێموایە ئەو پرس و گرفتانە لەو وڵاتانەدا پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە بەجیهانیبوونەوە نییە. لەڕاستیدا تەنانەت بەبۆچوونی من بەجیهانیبوون دەتوانێت یارمەتیی ئەو وڵاتە ئەفریقاییانە بکات. هەر ئەم بەجیهانیبوونە هەلی مۆبیلیزە کردنی کۆمەڵگەی بەرفراوانتری نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری کێشەکانیان دەرەخسێنێت, بەڵام ڕێگەچارە ئەوە نییە کە بە هاسانی بەو هیوایەی ڕێگەچارەی کێشەکانی وڵاتن ڕێگە بدرێت ئەو وڵاتە لەلایەن کۆمپانیا خۆراواییەکانەوە دەستدرێژیی بکرێتە سەر. هەندێ وڵات توانیویانە خۆیان لە بارودۆخی هەژاری و بێبەشی بهێننە دەرەوە. تەنیا کارێك کە دەتوانین بیکەین ئەوەیە کە تا ئەو جێیەی بکرێت



سەرمایەگوزاری لەسەر ئەو حاڵەتانە بکەین کە ئەو وڵاتانە سەرمایەگوزارییان لەسەر کردوون و سەرکەوتنەکانی ئەوان دووبارە بکەینەوە. نموونەگەلی جۆراوجۆرمان لەو وڵاتانە بەتایبەتی لە ئاسیا لەبەردەستدا هەیە. ئەزموونی ئەوان دەرخەری ئەوەیە کە تەنیا ئەو کارانەی خۆراوا دەیویست بیانکات و یان تەنیا بکەرە ئابوورییەکان گرنگ نین، بەڵکوو بکەرە کولتوورییەکان بەقووڵی لە گەشەپێدانی ئابووریدا دەخیلن.

من پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتە دەوڵەمەندترەکان ئەرکە لەسەریان یارمەتییە داراییەکانی خۆیان بۆ ئەو وڵاتانە زیاتر بکەن و لە بەکارهێنانی کاریگەر و کارامەشیان دڵنیا بن. زۆرێك لە یارمەتییەکان بەدناو بوون لەبەر ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە و تەنیا نوخبە گەندەڵەکان لێیان دەخوارد.

بەم پێیە زۆرێك لە گرفتەکانی وڵاتە هەژارترەکان پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە بەجیهانیبوون یان بازاڕەکانەوە نییە و دەرهاویشتەی دەوڵەت و سروشتی گەندەڵی دەزگای دەوڵەتیی ئەو وڵاتانەیە. چاککردنەوەی ئەو پرسە گەلێك قورسە، بەتایبەتی ئەوەی بزووتنەوەکانی خوازیاری سیستەمی دیموکراتیك ڕووبەڕووی بەرانبەرێکی سەربازی دەبنەوە. هیچ ڕێگەچارەیەکی خێرای سیحراوی بوونی نییە، بەڵام وڵاتە خۆراواییەکان بۆ یارمەتی کردنی ئەفریقا دەتوانن زۆر کار بکەن و دەبێ بیشیکەن.

## ئاسۆی خێزا ن [١٥٢]

ئەمرۆ سەبارەت بەو شۆڕشانەی لە مۆدێلەکانی خێزانـدا روویانـداوە قسـە دەکەم. خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم بە ئامادەبوونی خاتوو سووزی ئۆرباك[١٥٣] لەم کۆڕەدا. ئەو یەکێك لە مامۆستا میوانەکانی زانکۆی LSEیە و لە ئاستی وڵاتدا یەکێـك لـە بـەناوبـانگترین نووسـەرانـە لـەبـواری دەروون دەرمـانی و دەروونشیکاری و پەیوەندییان لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا.

ئەو گۆڕانە جیهانییانەی لە کۆڕەکانی پێشوودا باسم لەسەر کـردن، تـەنیـا گۆڕانکارییە گەورەکان لـە دامـەزراوە گـەورەکانـدا نـین. ئـەو گۆڕانکارییانـە سـۆزەکان و ژیـانی تایبـەتیـی ئێمـەش دەگرێتـەوە و پێویـستە لـە مـەرج و پێکبەستەکانی تێبگەین. سووزی ئۆرباك لـەو کـەسایەتییـە دیارانـەیـە کـە راڤەگەلی تـازە لـەم گۆڕانکارییانـە دەدات بـەدەسـتەوە و بـە سـەرنجدان بـە پاشهاتەکانی رێگە پێشنیار دەکات. ئەو خاوەنی ژمارەیەکی زۆر کتێبە کە من وەك خۆم کەڵکی زۆرم لێوەرگرتوون، بەتایبەتی یەکێك لە یەکەم کتێبەکانی کە لە ساڵانی ٨٠دا نووسراوە. لەو کتێبەدا کـە نـاوی "مـان لـە خـواردن"ە[١٥٤] ئۆرباك باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات کە کار دەکاتە سەر جەستە، ناسـنامـەی جەستەیی و تێکچوونی خواردن و خۆراك، رۆڵی ئەوان لە زۆرێك لـە رەهەنـد و

١٥٢. the future of the family: □

ئەم وتارە لە رێکەوتی ٢٣ی ژانیوەری ٢٠٠٢دا پێشکەش کراوە.

١٥٣. Susie Orback

١٥٤. hunger strike



لایەنەکانی ژیانماندا دەردەخات. بەناوبانگترین کتێبەکەی کـە نـاوی "قەڵـەوی پرسێکی فمێنینستییە"[١٥٥]ە، بوو بە یەکێك لە بڕفرۆشترین کتێبەکانی ساڵ لـە جیهاندا. کتێبێکی تازەشی لەژێر ناوی "سەبارەت بە خواردن"[١٥٦] چاپ کراوە. ئەم کتێبانە لە نیگای یەکەمدا رەنگە هێندە پەیوەندیدار بە "خێزان"ەوە نەیەنە بەرچاو، بەڵام بەهەمان شێوە کە لە درێژەی وتارەکەمدا دەریدەخەم پەیوەندییان هەیە بەو بەستێنەوە.

هەروەك کۆڕەکانی رابردوو لەدوای وتارەکەی من کە نزیکەی سـی و پێـنج خولەك دەخایەنێت، "سووزی" چەند پرسیارێکی لە من دەبێت و لەدوای ئەویش وەڵامی چەند پرسیارێکی ئامادەبوان دەدەمەوە.

رێگەم بدەن وتارەکەم بە گێڕانەوەی چیرۆکێك دەست پێبکەم. ئـەم چـیرۆکە راستییە و پەیوەندیی بە یەکێك لە هاوڕێکانمەوە هەیە، بەڵام من لێرەدا ئاماژە بەناوی ناکەم و بە پەیڕەوی لە نەریتی رۆمانـەکـانی کافکـا، بـە "H" نـاوی دەهێنم .

"H" هەتا تەمەنی نزیك ٣٠-٣٢ ساڵی ژیـانێکی ئاسـایی هـەبوو. ئـەو خاوەنی دوو منداڵ بوو و وەك مرۆڤێکی خێزانگەرای ئاسایی دەهاتە بەرچاو، تا ئەوەی بۆ پشوویەك چوو بۆ یۆنان و لەوێدا کارەساتێك روویدا: هاوسەرەکەی لە رووداوێکی شۆفێریدا کوژرا، دوای ئەو بە هەر هۆیەك بێت حەزە سێکسییەکانی ئەو گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بە هێمۆسێکشواڵ. ئـەو لـەپـاش تێپەڕانـدنی قۆنـاغێکی بێبـەنـدوباریی سێکـسی و بـەرهـەڵایی لـە پەیوەندییـە هێمۆسێکـشواڵێتەکانـدا پەیوەندییـەکـی تۆکمـەی لـەگـەڵ یـەکێـك لـە

١٥٥ . fat is feminist issue

١٥٦ On Eating

هێمۆسێکشواڵەکاندا دارِشت و هەتا ئەمرِۆ کە ١٥ ساڵ تێدەپەرِێ پێکەوە دەژین، لەمە بەدوا جووتە سێکسییەکەی ئەو بە "G" ناو دەهێنین.

ئەو چیرۆکە ئەوە دەردەخات کە ئەمرِۆ لە ژیانی سێکسیی مرۆڤەکاندا، لە ناسیارییەکدا کە سەبارەت بە ناسنامەی خۆیان هەیانە، لەو رێگایانەدا کە سۆزەکانی خۆیانی پێ دەهێننە ناو ژیانەوە و لە پەیوەندیی سۆزەکان و ژیانی سێکسییاندا، گۆرِانکاری و فرەجۆرییەکی زیاتر دەبینەدرێت. دەبێ لەو گۆرِانکارییە مەزنانە تێبگەین و لە ژیانی کەسانەماندا دەست و پەنجەیان لەگەڵدا نەرم بکەین و لەگەڵیان بسازێین. رێگە بدەن بگەرِێینەوە بۆ چیرۆکەکە.

"G"، جووتی هاورِەگەزبازی "H"، خوشکێکی هەبوو کە ئەویش هاورِەگەزباز بوو و بە پەیوەندییەکی لەو جۆرەوە دەژیا. خوشکی هاورِەگەزبازی "G" برِیاریدا منداڵی ببێت، لەبەر ئەوەش جووتە سێکسییەکەی ئەو داوای لە "G" کرد لەرێگەی جووتبوونی دەستکردەوە دووگیانی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە خاوەنی منداڵ و بەم شێوەیە ئەو دووگیان بوو و ئەوەش جێی سەرنج بوو کە بوو بەخاوەنی دوو منداڵی ئاوەڵدوانەی کورِ. لە ئێستادا ئەو دوو ژنە هاورِەگەزبازە چاودێریی ئەو دوو کورِە دەکەن، چونکە بەهەرحاڵ یەکێک لەو دوانە کورِی بایۆلۆژیکی منداڵەکانە. ئەم هەلومەرجە زۆر جیاوازە لە مۆدێلەکانی ژیانی خێزانیی نەریتی کە زۆربەی جارقسەیان لەسەر دەکەین.

ئایا ئەو منداڵانە باوکیان هەیە؟ بەڵێ هەیانە، باوکێکی بایۆلۆژیکیان هەیە، بەڵام باوکێکی ئاوا چ مافێکی بەسەر منداڵەکانی خۆیەوە هەیە؟ بەراستی نازانین. تەنانەت لەرووی یاساییەوە دیارنییە کە ئەرکەکانی ئەو باوکە بایۆلۆژیکە لەبەرانبەر منداڵەکانیدا چییە؟ ئایا یەکێک لەو دوو ژنە پەیوەندییەکی باوکانەی لەگەڵ منداڵدا هەیە و ئەویتر پەیوەندیی دایکانە؟ بەبۆچوونی من ئەمە پرسیارێکی کراوەیە و هێشتا وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی



نییە. "H" کە چیرۆکەکە بەوەوە دەستیپێکرد بەردەوام بە منداڵەکانەوە خەریکە، خزمایەتیی "H" لەگەڵ منداڵەکاندا چییە؟ منداڵەکان بەمانایەك خاوەنی ٤ باوانن و پەیوەندیی سۆزدارانەی نزیکیان لەگەڵیاندا هەیە، بەڵام نەك لەو جۆرەی بەشێوەی نەریتی دەیدەینە پاڵ خێزانەکان.

مەبەستی من لە گێرِانەوەی ئەم بەسەرهاتە، تەنیا دەربرِینی بەشێك لەو گۆرِانە بەرچاوانە نییە کە لە دەورووبەری ئێمە لە پەیوەندییە کەسانە و خێزانییەکاندا بەدی دێن، بەڵکوو دەمویست داوا لە ئێوە بکەم کە بیر لە پەرچەکردارەکانی بەرانبەر ئەم دیاردەیە بکەنەوە. LSE دامەزراوەیەکی لیبراڵە و پێدەچێ زۆربەی کەسەکان هەڵوێستێکی لیبراڵ سەبارەت بەم بابەتە نیشان بدەن. ئەو هەڵوێستە بەم شێوەیەیە: مۆدێلەکانی خێزان زۆر لە رابردوو فرەجۆرتر بوونەتەوە. خەڵك خەریکی تاقیکردنەوەی شێوە فرەجۆرەکانی پەیوەندیی سێکسی و خێزانین و لە بواری خێزانیشدا بە هەمان شێوەی بوارەکانی تر دەبێ رێگە بدەین رێگە جۆراوجۆرەکان تاقی بکرێنەوە، هەروەك هەتا ئێستا هەر بەو شێوەیە بووە.

پەیامی سەرەکیی تێرِوانینی لیبراڵ ئەوەیە کە ئەخلاقی ئازادیی نوێ و ئەرکناسییەکی جیاواز لە ژیانی خێزانیدا خەریکە سەرهەڵدەدات و نابێ ئەو مرۆڤانەی کە جیاواز لە زۆرینەی خەڵك دەژین مەحکووم بکەین، بەڵکوو دەبێ بە باوەشێکی ئاوەڵاوە هەموو جۆرەکانی شێوازەکانی خێزان کە هەندێك بۆ یەکەم جار دروستی دەکەن وەربگرین، هەرچەندە کە زۆر بە جیاواز لە رابردوو بێنە بەرچاو. ئەم روانگەیە لە ئاراستەیەکی لیبراڵەوەیە و زۆربەی لیبراڵەکان ئەم ئاراستەیە دەگرنە بەر، بەڵام هاوکات جۆرێك ئاراستەی کۆمەڵناسانەش هەیە. لە درێژەی باسەکەدا دیسانەوە دێمەوە سەر ئەم بابەتە.

بەلاّم پەرچەکردارێکی جیاواز و دژیش لە ئارادا هەیە کە وای بۆ دەچم ژمارەیەکی زۆر خەلّك لە بەرانبەر ئەو بارودۆخەدا کە باسم کرد دەیگرنە بەر. ئەو ئاراستەیە پەرچەکردارێکی زۆر رەخنەییتر و دوژمنکارانەترە. بەپێی ئەو روانگەیە، ئەوەی خەریکە روودەدات، بێڕێزیکردن و سووکایەتییە بە چییەتیی سروشتیی پەیوەندییە مرۆییەکان و ژیانی خێزانی و نابێ پەیوەندییەکی لەو جۆرە قبوولّ بکرێت. بەپێی ئەو روانگەیە ناتوانرێت جۆرێکی زۆر جیاواز لە خێزانە نەریتییەکان بەدی بهێنرێت و بەهەمان شێوە ناوی خێزانی لێبنرێت. بەبۆچوونی لایەنگرانی ئەم تێڕوانینە کە زۆرجار و هەلّبەت نەك مەرج بێت بەرەو ئاراستەی راستگەرایی سیاسیدا دەشکێنەوە. خێزان بە بارودۆخێکی قەیراناویدا تێدەپەڕێت. زۆر کاروبار هەن کە هەڕەشە لە ژیانی سەقام گرتەی خێزانی دەکەن و گەلێك پاشهاتی نەرێنی لە پەیوەندی لەگەلّ پرسە کۆمەلاّیەتییە بەرفراوانترەکاندا بەدوای خۆیاندا دەهێنن. بۆ وێنە ژمارەیەکی زۆر هەن، "هەلّوەشانەوەی خێزان"[157] بە پەرەسەندنی تاوان، هەست کردن بەبێ ریشەیی و نارەسەنی، نەبوونی پەروەردەکردنی خێزانیی پێویست و زۆر شتی تری لەو بابەتە پەیوەندی دەدەنەوە. بەم پێیە دوو راڤەی تەواو جیاواز لەم بارودۆخە لەئارادا هەیە. کامیان راستن؟

بۆچوونی خۆم دواتر دەلّێم، بەلاّم بۆ ئەوەی تێبگەین خەریکە چ شتێك روو دەدات دەبێ سەرنج بدەین فاکتەرەکانی خێزانی ئەمرۆیی، واتە "نزیکایەتی و هاوسۆزی، سۆزەکانی ئێمە و سێکسوالّیتە"، خەریکن دەگۆڕێن، گۆڕانگەلێك کە بەهەمان ئەو رادەیە بنچینەیین کە لە کۆڕەکانی رابردوودا باس کرا.

ئەمانە راستەوخۆ پەیوەندییان بە گۆڕانکارییە بەرفراوانترە کۆمەلاّیەتی، ئابووری و...هەیە و دەرکەوتێکن لەو گۆڕانانە، لەبەر ئەوەش ئەگەر لەوە

١٥٧ . breakdown of the family



تێبگەین لە پانتای خێزان و سێکسوالّیتە و ژیانی کەسانەدا چ گۆڕانگەلێك خەریکن روو دەدەن، تا رادەیەکی زۆر لەوە تێدەگەین کە لە مۆدێلە بەرفراوانترەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتیدا چ شتێك خەریکە روو دەدات. ئەم پرسانە تەنیا کەسانە نین و هەروەك گوتم کۆمەلّێك رەهەندی جیهانیشیان هەیە.

چی بەسەر خێزاندا دێت؟ چ گۆڕانگەلێکی گەورە خەریکن روو دەدەن؟ دەکرێ ئاماژە بە گەلێك گۆڕان بکرێت، بەلاّم بە سەرنجدان بە بەرکورتیی کات تەنیا ئاماژە بە چوار حالّەت دەکەم. خێزان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی چوار گۆڕانی سەرەکییەوە. ئەو گۆڕانانە لە ولاّتە خۆراواییە و پیشەسازییەکاندا زۆر پیشڕەوییان کردووە و وردەوردە بەرەو بەجیهانیبوون دەچن. ئەو بەجیهانیبوونە بەبۆچوونی من تا ئاستێکی زۆر بەرەنگاری هەلّنەگر و ئەرێنییە، بەلاّم کێشەگەلی قوولّیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کێشەگەلی وەك ئەو نموونەیە کە لەسەرەتادا سەبارەت بە "H" و "G" ئاماژەم پێکردن. لە درێژەدا بەکورتی ئەو چوار گۆڕانە باس دەکەم.

یەکەم، لە ولاّتانی خۆراوایی و بەشێوەیەکی پەرەستێن لە ولاّتانی تری جیهان، خێزانەکان لە هەنگاوی یەکەمدا ئیتر یەکەیەکی ئابووری نین، بەلّکوو کۆمەلّێکە لە پێیوەندییەکان کە زیاتر لەسەر بناغەی پەیوەندی و بەتایبەتی پەیوەندیی سۆزدارانە بیچمی گرتووە. ئەو جۆرە خێزانە بۆ زۆربەی ئێمە لە خۆراوا بەڕادەیەك ئاشنایە کە هاسان نییە بتوانین ئەوە بێنینە بەرچاومان کە شێوەی ئاسایی خێزان لە بەشی هەرە گەورەی مێژوودا بەم جۆرە نەبووە. خێزان بەر لە هەرشتێك یەکەیەکی ئابووری بووە و پەیوەندییەکان لە ژیانی خێزانیدا زیاد لە هەر شتێك لەبەر هۆکارگەلی ئابووری و هەندێجار هۆکارگەلی ستراتیژیکی سیاسی (بە مانای گشتیی سیاسەت) بیچمی دەگرت، بەلاّم ئاوەها شتێك لە ئێستادا تا رادەیەکی زۆر لەناو چووە و لە کولتوور و کۆمەلّگە

نەریتییەکانیشدا هەموو ڕۆژ کەمتر و لاوازتر دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی پەیوەندییان بە بەجیهانیبوونەوە هەیە، کەم تا زۆر کاریگەری لەسەر هەموو شوێنەکانی جیهان دادەنێن. پێگەی روو لە گۆڕانی منداڵان لە خێزاندا و هۆکارەکانی منداڵدار بوون بەباشی دەرخەری ئەم گۆڕانکارییەیە. بەگشتی لە خێزانی نەریتیدا —واتە ئەو خێزانە کە لە کولتووره نەریتییەکاندا و بۆ ماوەی سەدان ساڵ لەئاستی جیهاندا بوونیان هەبووە- بڕیار لەسەر منداڵدار بوون، لە بناغەوە بڕیارێکی نەریتی بووە، واتە لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکاندا خاوەن منداڵ بوون لەڕووی ئابوورییەوە بە قازانج بووە و بۆ ڕەونەق و قازانج دانەوەی یەکەی ئابووری و مەزرای کشتوکاڵی هەبوونی منداڵێك یاخود چەند منداڵ گرنگ بووە. منداڵان لە سەردەمی ورد و کاڵییەوە لە چاودێریکردنی کرێگرتەکاندا یارمەتیی باوکیان دەدا و لە تەمەنەکانی نزیك پێنج هەتا حەوت ساڵیشدا دەستیان دەکرد بە کار کردن و هەندێ ئەرکی ساکاری لەڕووی ئابوورییەوە بەنرخیان ئەنجام دەدا. ئەم تێبینییە ئابوورییانە خێزانەکانی بۆ زاوزێ و منداڵدار بوون هان دەدا.

ئەمڕۆ ئیتر بەم شێوەیە نییە. لەڕاستیدا هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە. ئەمڕۆ لە وڵاتە خۆراواییەکان و هەر وڵاتێکی تری خاوەن ئابووریی بازاڕی ئازاد و روو لە گەشە، بوونی منداڵ خەرجێکی گەورەی ئابوورییە. ئێوە پێدەچێ نازانن چەندە بۆ دایك و باوکەکانتان خەرجتان هەڵگرتووە. بۆ وێنە خەرجی هەبوونی منداڵێك بە خوێندن و جل و بەرگ و خۆراکی گونجاوەوە لە بریتانیا شتێك نزیك بە ٢٠٠٠٠٠ پاوندە.

لە ئەورووپا ڕادەی لەدایکبوون زۆر کەم بۆتەوە، کەمبوونەوەیەك کە پێشتر وێنەی نەبووە. ئەم پرسە خەریکە بەسەر وڵاتانی تریشدا دەگشتێت. بۆ وێنە لە وڵاتگەلی وەك ئیسپانیا و ئیتالیا کە بە وڵاتە سەرەکییە کاتۆلیکەکان دێنە



هەژمار و کڵێسا کەرەستەکانی ڕێگرتن لە منداڵبوونی قەدەغە کردووە، ژمارەی منداڵەکانی هەر خێزانێك بە تێکڕایی بۆ ١,٢ دابەزیوە. ئەو ئاستی منداڵبوونەش بۆ لەسەرپێ ڕاگرتنی ئەو وڵاتانە لەڕووی دیموگرافییەوە زۆر نزمە. تێکڕایی ١,٢ بۆ ژمارەی منداڵەکانی هەر خێزانێك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەمترین ئاستی تێکڕایە. لەئاستی یەکێتیی ئەورووپادا تێکڕایی ژمارەی منداڵەکان ١,٦ کە ئامارێکی یەکجار سەرسووڕهێنەرە، لەبەر ئەوەی تەنیا یەك بەرە پێشتر ئەو تێکڕایە ٢,٦ بووە. بەم پێیە گۆڕانکاریگەلی گەورە لەئارادا هەن. ئەمەش تەنیا لەبەر تێچوونی ئابووریی منداڵ نییە بەڵکوو پەیوەندیی بە ڕاستییەکی ترەوە هەیە کە منداڵدار بوون لەچاو رابردوو زیاتر بڕیارێکی سۆزدارانەیە. لە سەردەمێکدا دەژین کە دەتوانرێ بە سەردەمی "کۆرپەی ئازیز"[١٥٨] ناودێر بکرێت.

بە سەرنجدان بە هەندێ خاڵی فراوانی وەك کەڵکاوەژۆ کردن لە منداڵان دەتوانین بەوە بگەین کە یەکێك لە گۆڕانە گەورە کولتوورییەکان لە سەردەمی ئێمەدا، بەنرخ و خۆشەویست زانینی منداڵانە. لە کولتووری ئێستای ئێمەدا منداڵێك لە زۆر لایەنەوە بە پڕبایەخ و خاوەن مافی بەرفراوان هەژمار دەکرێت. شتێکی لەم جۆرە لە بەشی هەرە گەورەی مێژوودا و لە کولتووره نەریتییەکاندا بوونی نەبووە، هیچ باسێك لەو بایەخە سۆزداری و یاساییەی ئەمڕۆکە دەدرێت بە منداڵان لە ئارادا نەبووە. بەڵای ئێمەوە کوشتنی یەك منداڵ قێزەونترین تاوانێکە کە بشێ ئەنجام بدرێت، بەڵام لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا و زۆربەی کولتوورەکانی پێشوودا بەم شێوەیە نەبووە. ئەم گۆڕانێکی مەزنە.

١٥٨ . prized child

گۆڕانی مەزنی دووهەم: نەوەیەك پێش ئێستا، پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد، بەتایبەتی لە هاوسەرگیریی نەریتیدا بەزۆری لەسەر بنەمای ڕۆڵگەلێکی دیاریکراو بوو. ئەگەر ئێوە ژنێك بوونایە دەتانزانی چ چارەنووسێکتان لەڕێدایە، بۆ وێنە دەتانتوانی ژیانێکی ماڵدارانە و خێزانی بۆ خۆتان پێشبینی بکەن کە لە بناغەوە پەیوەست بوو بە گەورەکردنی منداڵەکانەوە. لە باشترین حاڵەتدا دەتانتوانی چاوەڕوانی بەدەست کەوتنی هەلی کار هەتا کاتی هاوسەرگیری و جۆرێك لە ژیانی کاری دوای هاوسەرگیریتان هەبێت، بەڵام دیسانیش ژیانتان بەڕادەیەکی زۆر ناوماڵی بوو. ئەگەر گومانێکتان هەیە دەتوانن مێژووی کۆمەڵایەتیی ئەم قۆناغەی دوایی بخوێننەوە. نەك تەنیا لە بریتانیا بەڵکوو لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکاندا هەر بەم شێوەیە بووە. ڕۆڵی سەرەکیی پیاو لە وڵاتە خۆراواییەکاندا "نان دەرهێنان" بۆ ماڵەوە بووە، واتە پیاو لە دەرەوەی ماڵ کاری دەکرد و مووچەی خێزانێکی وەردەگرت و خەرجیی خێزان هەر لەم ڕێگەیەوە دابین دەکرا.

لەماوەی نزیك بە بەرەیەکدا، هەموو ئەمانە گۆڕاون و ڕۆڵی ژن و پیاو بەو شێوەیە کە لە ڕابردوودا نەگۆڕ و دیاریکراو بوو، نەگۆڕ نییە. لە دوو ساڵ لەمەوبەرەوە لە بریتانیا بۆ یەکەمجار ژمارەی ژنانی خاوەن پیشە لە پیاوان پێش کەوتووە. ئەم پرسە بەڕاستی گۆڕانێکی مەزنە. ئەم گۆڕانە بەو مانایەیە کە لە ژیانی خێزانیدا، لە هاوسەرگیریدا، لە جۆرەکانی تری پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەزەکە و هەڵبەت لە پەیوەندیی نێوان دوو هاوڕەگەزدا، ئەوەیکە ئێوە چی دەکەن و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن زیاتر بەندە بە ڕێککەوتن و گفتوگۆوە. ئیتر ژن بوون و پیاو بوون لەڕووی ئەو ئەرك و ناسنامانەی دەتوانن ببنە بەڵگە، مانایەکی دیاریکراویان نییە.



گۆڕانێکی یەکجار قووڵ لە جۆری ئەو ناسنامەیەدا کە ئاماژەم پێکرد دروست بووە. سووزی ئۆرباك لە کتێبەکانی خۆیدا بەباشی ئەو پرسەی لێکداوەتەوە، هەرچەند کە ڕەنگە لەو بوارەدا نەیاریشی هەبێت. بەبۆچوونی من گرنگترین ڕووداوێك کە خەریکە ڕوو دەدات ئەوەیە کە ئێمە ئیتر بەپێی ئەو شتەی کولتوور یاخود چارەنووسی دیاریکراو بەسەرماندا دەسەپێنێت، ناژین. ئیتر ژنان و پیاوان لەچوارچێوەی چارەنووسێکدا بەهۆی ڕۆڵەکانیانەوە لەپێشتر دیاریکراوە ژیان ناکەن، بەواتایەکی تر دەبێ ناسنامەی ئێمە زیاتر لەڕێگەی خۆمانەوە بدۆزرێتەوە و دیزاین بکرێت، نەك بەهۆی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەوە کە دەیانگێڕین.

بە وتەیەکی تر، ناسیاریی ئێمە لە خۆمان و ناسنامەکەمان شێوەی پرۆژەیەکی هزرینەوەیی[١٥٩] بەخۆوە گرتووە. دەبێ بەردەوام بیر لەوە بکەینەوە کێین؟ چۆن دێینە بەرچاو؟ شێوەمان چۆنە؟ دەمانەوێ چۆن بین؟ و وەڵامی ئەم پرسیارانە لەچاو ڕابردوو زۆر کراوەتر و دیارینەکراوتر بوونەتەوە. ئەم گۆڕانە هەم هەڵگری ڕەهەندێکی کێشەسازە و هەم ڕەهەندێکی ڕزگارکەر. بەڵام بەبۆچوونی من زیاتر دیاردەیەکی ڕزگارکەرە. جۆرێك لە ئازادییە. ئازادی بۆ پەیدا کردن و دۆزینەوەی خۆ، بەجێی ئەوەی بەهەمان شێوەی ڕابردوو بەهۆی ئەو ڕۆڵەوە کە ناچارین لە کۆمەڵگەدا بیگێڕین، ناسنامەیەکی لەپێشتر پێناسەکراومان هەبێت.

سیهەم گۆڕانی مەزن، دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی ڕوو لە گۆڕانی ژنان و باڵانسی دەسەڵاتی ئەوان لەگەڵ پیاواندا. کۆمەڵگەکانی ئێمە لەڕووی پەیوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەزەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ یەکسانیخوازتر دەبێتەوە. ئەم گۆڕانە هێشتاش

١٥٩. reflexive

ڕێیەکی دووری لە بەرە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بڕواننە ئامارە ئابوورییەکانی بریتانیا، دەبینن کە ژنان بەڕادی پیاوان کار دەکەن بەڵام بەشێوەی تێکڕا مووچەیەکی کەمتر وەردەگرن. هەتا یەکسانیی ئابووریی ڕاستەقینە مەودایەکی زۆرمان هەیە. هەڵبەت بەرزبوونەوەی ڕێژەی ژنانی خاوەن پیشە بارودۆخەکەی زۆر گۆڕیوە و سەرەڕای گۆڕانی دۆخی ژنان، دۆخی پیاوانیشی گۆڕیوە. لە وڵاتە خۆراواییەکان ڕێژەی جیابوونەوە بەرز بۆتەوە، هەڵبەت شێوازی ڕاڤەی ئامارەکانیش دیاریکەرن و بابەتێکی سادە نییە. بۆ وێنە لە بریتانیا نزیك بە نیوەی هاوسەرگیرییەکان جیابوونەوەیان بەدوادا دێت. ئەو ئامارە لە وڵاتە جۆراوجۆرە خۆراواییەکاندا جیاوازە بەڵام بەگشتی هەر لە دەوروبەری ئەو ڕادەیەدان. ئەوە گۆڕانێکی گەورەیە. ئەو ئاستە بەرزەی جیابوونەوە پەیوەندیی بە پرۆسەی ئازادی و ڕزگار بوونی پەرەستێنی ژنانەوە هەیە، بەڵام تەنیا لەژێر کەریگەریی ئەوەدا نییە. ئەمڕۆ دەسەڵاتی ژنان لە ژیانی خێزانیدا لە هەموو سەردەمێکی تر زیاترە.

لە یاسای بریتانیادا هەتا نزیك ٢٠ ساڵ لەمەوبەر ژنان بە بەشێك لە ملکی پیاوان هەژمار دەکران و لە زۆربەی کولتووره نەریتییەکانیشدا بەم شێوەیە بووە، واتە ژنان لەڕووی یاساییەوە بەشێك بوون لە داراییەکانی پیاو و ئەگەر ئێوە ژنێکی خێزاندار بوونایە مافێکی کەمتان بۆ جیابوونەوە هەبوو و یان مافێکتان بەسەر لەشی خۆتان و ژیانی سێکسیی خۆتانەوە نەبوو. دوا پاشماوەی پێگەی یاسایی ژن وەك ژێردەستەی پیاو لە بریتانیا، پرسی بێمانایی دەست درێژیکردنی سێکسی لەکاتی هاوسەرگیریدا بوو. لە یاسادا ژن بە دارایی هاوسەرەکەی خۆی دەژمێردرا و لەبەر ئەوەش دەستدرێژی کردنی سێکسیی مێردیش بۆسەر ئەو لەڕووی یاساییەوە ڕێگری لەبەردەمدا نەبوو، بەڵام ئیتر وا نییە.



ئەم گۆڕانە ستراکتۆرییە و ڕەهەندگەلێکی جیهانیی هەیە. ئەگەر تێبینیی ڕەگەکانی بنەماخوازی لە هەموو دنیادا بکەن، دەبینن کە نەك تەنیا پەیوەندیی هەیە بە گۆڕانکارییەکانی خێزانەوە، بەڵکوو بە ڕزگاریی پەرەستێنی ژنان لەڕووی ئابووری، کولتووری و سیاسیشەوە پەیوەستە. یەکێك لە تایبەتمەندییە شایانی سەرنجەکانی زۆربەی جۆرەکانی بنەماخوازیی ئایینی (نەك هەموویان) دوژمنایەتی کردنی ژنان و ڕەت کردنەوەی ئەم بیرۆکەیەیە کە ژنان و پیاوان یەکسان بن، چ لە ناو خێزاندا و چ لە دەرەوەی ئەویش.

چوارەم، دۆخی ژن وەك یەکێك لە داراییەکانی پیاو دەتوانرێت لە تێڕوانین بۆ کاروبارە سێکسییەکانیشدا ببیندرێت. بەبۆچوونی من، پرسە گرنگەکانی پەیوەست بە گۆڕانکارییەکانی ژیانی خێزانی، دەگەڕێتەوە بۆ هەست و سۆزەکانی ئێمە سەبارەت بە کاروباری سێکسی. هەڵبەت کاروباری سێکسی بەمانا گشتییەکەی، واتە هەمان ئەو پەیوەندییانەی ئێمە وەك بوونەوەرێکی سێکسی لە بەستێنی پەیوەندی و ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی لەگەڵ ئەوانی تردا هەمانە.

ئەگەر بمانەوێت پرسەکە بەشێوەیەکی زۆر ساکار باس بکەین دەبێ بڵێین لە زۆربەی کولتووره نەریتییەکاندا و هەروەها لە کولتووری خۆراوادا هەتا ئەم دواییانەش تێڕوانینێکی دووفاق بۆ ژن هەبوو کە کاریگەریی زۆری دەکردە سەر ژیانی سێکسیی هەردووك ڕەگەزەکە. هێشتاش ئەو تێڕوانینە لە توێگەلی قووڵتری کولتووری ئێمەدا بەرچاو دەکەوێت. ئەو تێڕوانینە دووفاقە، پەیوەندیی بە پێگەی یاسایی ژن وەك دارایی پیاویشەوە هەبووە. بەپێی ئەو تێڕوانینە ژنان بە دوو بەشی ژنانی داوێن پاك و پاکژ و ژنانی داوێن پیس و خراپەکار دابەش دەکران. ژنانی داوێن پاك هەڵسوکەوتێکی سێکسیی

گونجاویان هەبوو و لە پەیوەندی لەگەڵ کاروبارە سێکسییەکاندا حەیا و چوارچێوەکانیان لەبەرچاو دەگرت.

بەگومانی من، لە کولتووری خۆراواییدا و لە زۆربەی کولتوورەکانی تردا، هەردووك رەگەزەکە ئەم تێڕوانینەیان دەروونی دەکردەوە و ئەمەش کاریگەرییەکی سۆزدارانەی زۆری هەبوو. ئەم جۆرە تێڕوانینە، جگە لە لایەنە سێکسییەکانی پیاو، کاری کردۆتە سەر تایبەتمەندییە سێکسییەکانی ژنیش. ئەم پرسە لە پێوەرە دوو چەشنەکەی سەردەمی ڤیکتۆریاشدا بە ئاشکرایی دەبیندرێت. لەو سەردەمەدا، پیاوان (بەتایبەتی پیاوانی چینەکانی خوارەوە و سەرەوە)جۆرێك لە ئازادیی سێکسییان هەبوو، بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ ژنانی بندەستتردا پەیوەندیی سێکسییان دروست بکردایە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە ژنان لەو شێوە ئازادییەیان نەبوو، لەبەر ئەوەی هاوکات لەگەڵ بینینی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە سێکسییانە لەلایەن ئەوانەوە دەکەوتنە ریزەی ژنانی داوێن پیسەوە کە لە مافە کۆمەڵایەتییەکان بێبەری بوون. ئێمە هێشتاش لەگەڵ ئەم دوو چەشنییەدا دەست و پەنجە نەرم دەکەین و دەتوانین بە روونی پەیوەندیی ئەو لەگەڵ دوو جۆرە پەیوەندیی سێکسیی نێوان ژن و پیاودا ببینین. زاڵبوون لە کاروباری سێکسیدا و رێسامەندبوون لەودا. بەگومانی من ئەو جۆرە لە پەیوەندیی سێکسی کە لە فیلمگەلی وەك فیلمە جەیمز بۆندییەکاندا دەبیندرێت، لەم رووەوە شایانی سەرنجە، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ توند و تیژیی سێکسیی پیاوان لە بەرانبەر ژناندا هەیە. هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییە سێکسییەکانی ژنان، هێشتا یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییە دەروونییەکانی پیاوان لە کولتووری ئێمەدا. هەڵبەت ژنیش بەدوای کۆنترۆڵ کردنی پەیوەندییە سێکسییەکانی پیاوەوە هەیە و ئەوەش تا رادەیەکی زۆر بۆ هەمان تێڕوانینی دووفاق دەگەڕێتەوە، لەحاڵێکدا کە زۆرێك لە ئێمە باس لە نادروستیی بنەماکانی دەکەین.



لەو هەمووە چ ئەنجامێك وەردەگرین؟ بەبۆچوونی من ئەنجامێك کە دەتوانین وەریگرین ئەوەیە کە هیچکام لەو دوو تێڕوانینەی لە سەرەتادا هێنامنە بەرباس بەتەواوی بۆ ئەوە نابن قبووڵ بکرێن. هەڵبەت ئەگەر تێڕوانینی لیبراڵیمان هەبێت دەبێ بڵێین بەرەسمی ناسینی شێوازە جۆراوجۆر و فرەڕەنگەکانی ژیان بایەخێکی زۆریان هەیە و ئەم قبووڵ کردنە دەبێ تەشەنە بکاتە ناو پەیوەندییە سێکسییەکانیشەوە. بەم شێوەیە بەپێی ئەم روانگەیە، هاوڕەگەزبازەکان دەبێ مافی بنەما رشتنی پەیوەندیی سێکسی و خاوەن منداڵبوون و هاوسەرگیریی یاساییان هەبێت. وا بیر دەکەمەوە لە زۆربەی وڵاتانی خۆراوایی ئەو شتە روو دەدات.

پەسندکردنی روانگەیەکی لیبراڵی تەواو کراوەش بەباش نایەتە بەرچاو. نەرێ کردنی هەموو چەشنە ئەخلاقێك لە خێزاندا و ئەوەیکە لە چوارچێوەی خێزاندا رێگە بە هەرموو جۆرە کارێك بدرێت هەروەها تێڕوانینێکی جێ متمانە نییە. بە گومانی من بۆ تێگەیشتن لەوەیکە لە بەستێنی خێزاندا چی روو دەدات و بۆ تێگەیشتن لە ناکۆکیی بۆچوونە سیاسییەکان و رەوت و باوەکان لە بەستێنی ژیانی خێزانی و پەیوەندییە سێکسییەکاندا تەنیا یەك رێگە هەیە و ئەویش سەرنجدان بە پرسێکە کە من ناوی دەنێم سەرهەڵدانی دیموکراسی لە سۆزەکاندا. "دیموکراسیی سۆزدارانە"[١٦٠] ئەنجامی ژێرپێستیی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە شیم کردنەوە. ئەو بیرۆکەیە بە رێکەوت بە مێشکم گەیشت. کتێبی مۆدێلەکانی دیموکراسیی[١٦١] "دێڤید هێڵد" لەسەر مێزەکەم بوو و سەرقاڵی نووسین سەبارەت بە پەیوەندییە سێکسییەکان بووم. خەریك بووم کتێبەکانی دەروونناسەکانم سەبارەت بە فاکتەر و تایبەتمەندییەکانی پەیوەندییەکی باش دەخوێندەوە. کتێبەکەی دێڤید هێڵدیش بەرانبەرم کرابۆوە و ئەیش

١٦٠ . emotional democracy

١٦١. Models of Democracy

تایبەتمەندییەکانی دیموکراسیی لیستە کردبوو. لە کوتوپڕ سەرنجم دا ئەو تایبەتمەندییانە زۆر لێك دەچن، واتە فاکتەرەکانی پەیوەندییەکی سێکسیی گونجاو کە لە کتێبە دەروون دەرمانی و دەروونناسییەکاندا هاتوون لێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دیموکراسیدا هەیە کە لە دەقە تەواو جیاوازەکانی تیۆریی سیاسیدا هاتوون. ڕێگەم بدەن هەندێ لەو لێکچوونانەتان بۆ باس بکەم.

هەم لە دیموکراسیدا و هەم لە پەیوەندییەکی گونجاودا، "یەکسانی" بوونی هەیە. واتە بۆ هەبوونی خێزانێکی تۆکمە کە هەروەها خێزانێکی دیموکراتیکیشە، دەبێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خێزانی نەریتی کە ژن و پیاو هیچکات تیایدا یەکسان نەبوون، پەریز بکرێت. لە بەستێنی ژیانی سۆزداریشدا جگە لە پانتای سیاسی دەبێ بەرەو یەکسانی هەنگاو بنێین.

لە دیموکراسیدا پەیوەندی هەیە. ئێوە ئەو هەلەتان لە بەردەستدایە کە لەگەڵ ئەوانی تردا قسە بکەن و سەبارەت بە پرسە گشتییەکان لە بەستێنی گشتیدا گفتوگۆ بکەن. هەر ئەم پرسە لە پەیوەندی لەگەڵ پەیوەندییەکی باشیشدا راستە.

لە دیموکراسیدا ئێوە متمانەتان بە ڕێبەران و هاوڵاتییەکانتان هەیە. لە پەیوەندییەکی باشیشدا هەر بەو شێوەیەیە. لە پەیوەندییەکی گونجاودا دەبێ خۆتان بۆ ئەوانی تر دەربخەن و شایستەیی خۆتان بۆ راکێشانی متمانەی ئەوانی تر نیشان بدەن. دەبێ هەندێ لایەنی بوونایەتیتان، هەستەکانتان و بیرکردنەوەکانتان ئاشکرا بکەن بۆ ئەوەی متمانەتان پێبکەن. ئەمە یەکێك لە کێشەکانی زۆرێك لە پیاوانە کە لەسەر ئاوەها هاوسۆزییەك بۆ دروستکردنی پەیوەندی رانەهاتوون. ژنان زیاتر لە پیاوان لەگەڵ ئەم پرسە رادێن.



دوایین لێکچوون ئەوەیە کە دیموکراسی پانتایەکی سیاسییە کە لەوێدا بڕیارەکان بەڕێگەی توندوتیژی ناگیرێنە بەر و ئەوەش هەڵبەت لانیکەم مەرجێکی پەیوەندییەکی باشە.

ئەم گۆڕانە نوێیانە گرفتی زۆریان لە ژیانی ئێمەدا هێناوەتە ئاراوە. گرفتی وەك کێشەی ناسنامە، کێشەی گرێ فکرییەکان و کێشەی بێدەسەڵاتی. ئەگەر ئازادییەکی زیاترمان بۆ بیچم دان بە ناسنامەی خۆمان هەبێت و ئەگەر نەتوانین بەباشی بەڕێوەی بەرین، پێدەچی ژیانمان بەهۆی تێڕوانینە دۆگمەکانەوە سەبارەت بەم پرۆسەیەوە بکەوێتە بەر هێرش. لە جیهانێکدا کە هێشتا ژنان لەبەردەم لێ زەقبوونەوەکانی ئەوانیتردان و بڕیاردان لەسەر ئەوان زۆر زیاتر لە پیاوان بەپێی ڕواڵەتیانە، ژنانی گەنج دەبێ باڵانسی دەسەڵات لە پەیوەندی لەگەڵ ناسنامەی جەستەییاندا بگۆڕن. ئەوان دەبێ هەموو ئەم پرسانە لە چوارچێوەی کەسانە و کۆمەڵایەتیی پڕکێشە و دژوار و بگۆڕدا بەڕێوەبەرایەتی بکەن. ئەگەر نەتوانن دەرەقەتی بێن، دەبێ خۆیان لەگەڵ مۆدێلگەلی وشکی هەڵسوکەوتدا بگونجێنن کە بەهەمان شێوەی رابردوو بەسەر ژیانیاندا زاڵ دەبێت، بەجێی ئەوەی ئەوان بەسەر ئەو مۆدێلانەدا زاڵ و سەرکەوتوو بن. دەکرێ بگوترێت لە هەندێ لایەنی ژیانماندا کە کێشەیەك دروست دەبێت هۆکارەکەی ئەوەیە کە "بێدەسەڵاتی"[١٦٢] جێگەی "نەریت"ی گرتۆتەوە.

بە گومانی من بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی تۆکمەمان هەبێت دەبێ خێزانی تۆکمەمان هەبێت، بەڵام ئەمڕۆ خێزانی تۆکمە دەبێ بەپێی یەکسانیی نێوان دوو رەگەز و ئەو تایبەتمەندییانەی تر کە ئاماژەم پێدان دابمەزرێت.دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە دیموکراسی لە بەستێنی گشتیدا، کۆمەڵێك بیرۆکەی سەبارەت بە

١٦٢ . compulsiveness

چۆنیەتیی ڕێکخستنی باشترین سیستەمی سیاسیی پشکدارانەش دەخاتە بەردەست. هەر ئەم بابەتە سەبارەت بە ژیانی خێزانیش ڕاستە. دەبێ بزانین چۆن دەتوانرێت چوارچێوەیەکی یاسایی و ئەخلاقی بۆ ژیانێکی شایستەی خێزانی دابڕێژێت کە بەپێی ئەو خێزان سەرلەنوێ بەهێز دەبێتەوە و ببێتە داڵدەیەك بۆ پشت بەستنی مرۆڤەکان بە دیتران. ئەو خێزانە هاوشێوەی خێزانی نەریتی نابێت و دەبێ لەگەڵ ئەو نۆرمانەدا کە باسم کردن بگونجێت.

وتەکانم بە گاڵتەیەکی ڤوودی ئالێن[١٦٣] کۆتایی پێدێنم. ئەو هەندێ لە پرسەکان بە باشتر دەخاتە ڕوو. لە یەکێك لە گاڵتە و جەفەنگەکانیدا دەڵێ: "پەیوەندیی سێکسیی بەبێ ئەوین، ئەزموونێکی ناو بۆشە، بەڵام لەو لایەنەوە کە ئەو ئەزموونە ناو بۆشانە بوونیان هەیە، یەکێکە لە باشترینەکانی ئەوان". هەڵبەت جەفەنگە.

**سووزی ئۆرباك:** سپاس بۆ تۆ. گیدێنز لەڕاستیدا وتاربێژێکی بێوێنەیە. ئەو پشکێکی بەرفراوانی هەبووە لە هێنانی ئەو باسانە بۆ ناو گوتاری گشتی لە دەلاقەیەکی کۆمەڵناسانەوە. ئەم کارەی ئەو کاریگەر بووە لەسەر کەوتنە بەرباسی زۆرێك لە پرسەکان لەلایەن قوتابخانەکانی فمێنیزم و دەروونشیکارییەوە و هەروەها لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە.

من پێموایە سەرەڕای ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا یەکسانییەکی زیاتر لەنێو ژن و پیاودا هاتۆتە ئاراوە، جۆرێك لە سێکسی بوونەوەی پەیوەندییەکانیش لەئارادا هەیە و هەموو ڕۆژ تۆختر دەبێتەوە. بە هەڵە نەچن من بە تەمای لەخشتە بردنی پەیوەندییە سێکسییەکان نیم، بەڵام بەبۆچوونی من ئەم تێڕوانینە کە پەیوەندیی سێکسیی ڕووت بەبێ پەیوەندیی مرۆیی و سۆزداری

١٦٣. Woody Allen



شتێکی خوازراوە، لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا زۆر زیاتر پەرەی ستاندووە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە کێشەیەکی گەورەی بۆ ژنان دروست کردووە، هەرچەندە خۆشیان دەستیان هەیە لە بەدیهاتنیدا. ژنان خێرێکیان لەم جۆرە تێڕوانینە نەبینیوە. ژنان وابەستەییەکی سۆزداریی زیاتریان بۆ ڕەگەزی بەرانبەر هەیە و ئەمە پرسێکە کە لە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەدا دەکەوێتە بەرباس. بەبۆچوونی من جگە لە سەرنج دان بە پرسی یەکسانیی ئابووری و ناسنامە، پێویستە سەرنجێکی زیاتریش بدرێتە "وابەستەییە سۆزدارانەکان"[١٦٤]

یەکێك لەو هۆکارانەی لەم سی ساڵەی دواییدا بۆتە هۆی ئەوە کە ژنان تووشی کەمبوونی پەیوەندی بن ئەوەیە کە پیاوان بەباشی نازانن هەستەکانی خۆیان چۆن دەربڕن. پیاوان دەزانن چۆن کاری سێکسی ئەنجام بدەن، بەڵام ناتوانن ئەوینی خۆیان دەربڕن. لەڕابردوودا یەکێك لە تەنیا ڕێگەکانی دەربڕینی هەستیاری و وابەستەیی سۆزدارانەی پیاو لەڕێگەی کار کردن و دەرهێنانی خەرجی ماڵەوە بووە. کار کردن و نان دەرهێنان پەیوەندیی بە ژیانی سۆزداریشەوە هەبووە و پارە لە خێزانی نەریتیدا ڕۆڵی سۆزیشی بینیوە. ئەمە لەم ساڵانەی دواییدا و لە خێزانە نوێیەکاندا بەگشتی بەرەو گۆڕان دەچێت. بەبۆچوونی من لە نەبوونی ئەم ڕێگەیەدا بۆ دەربڕینی سۆز، پیاوانی نەوەی نوێ کێشەی زۆر گەورەیان لەبەردەمدا دەبێت. ئەو خاڵەی کە سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسی و ڤوودی ئالێنیش ئاماژەتان پێکرد یەکێك لە خاڵە کێشەسازەکانە. ئایا پەیوەندیی سێکسیی ڕووت بە تەنیایی بەسە بۆ پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەزەکە؟ ئەگەر پێویستمان بە خێزان هەیە، پێویستیمان بە پاشکۆ و پەیوەستەکانیشی هەیە، پێویستیمان بە هەلومەرجێکە کە جگە لە پێویستییە سێکسییەکان، پێویستییە سۆزدارانەکەشمان تێر ببێت.

١٦٤ . emotional dependency

**ئانتۆنی گیدێنز:** من هاودەنگم لەگەڵت، بەڵام بەبۆچوونی من ناکرێ بە هاسانی بارە نەرێنییەکانی چەمکی وابەستەیی بەتاڵ بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لە کەشی دەوڵەتی ئاسوودەدا، کۆمایەك لە دەقەکان سەبارەت بە وابەستەیی کولتووری و ئابووری و ...هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی جۆرێك لە هەستی نەرێنی لای ئێوە دروست بێت، چ لەڕووی سێکسییەوە و چ لە ماناکانی تریدا. لە کەشی دەوڵەتی ئاسوودەدا ئەگەر وابەستە بن بەجۆرێك هەڵسوکەوتتان لەگەڵدا دەکرێت کە وەك بڵێی خۆسەروەریی[١٦٥] پێویستتان نییە، بەم پێیە یان دەبێ وشەیەکی تازە دابهێنرێت یاخود مانای ئەم وشەیە بگۆڕدرێت. بەبۆچوونی من بەشێکی گەورەی ژیانی ئێمە بۆ باس و گفتوگۆ سەبارەت بە پرسگەلێك بەکار دەهێنرێت کە ئێوە لە کتێبەکەتاندا بەباشی لەبارەیانەوە نووسیوتانە: ناسنامەی کەسانە، پەیوەندییە سێکسییەکان، سۆزەکان، متمانە و سازوکارەکانی متمانە و ریسك و... منیش لە پەیوەندی لەگەڵ پرسگەلی بنچینەیی قەبەتردا سەبارەت بەمانە قسەم کردووە، وەك بازاڕە داراییەکان، بەڵام بەهەرحاڵ هاودەنگم لەگەڵ قسەکانتدا. بەڵێ، دەتوانرێت لەڕووی سازوکاری سۆزدارییەوە بە چاوێکی زۆر گەشبینەوە سەیری وابەستەیی بکرێت.

**سووزی ئۆرباك:** هەڵبەت ئەو شتەی ئێوە باسی دەکەن بابەتێك دەگرێتەوە کە بە "پرۆژەی مرۆڤایەتی" ناودێری دەکەن: ئەوەیکە چۆن مرۆڤ دەبێتە مرۆڤ و رووە جیاوازەکەی لەگەڵ جۆرەکانی تردا چییە. ئەم بابەتە دەبێتە پرسیارێکی تەواو جیاواز و پرسیارەکەی من شتێکی ترە.

رێگەم بدەن باس لە بابەتی "متمانە" بکەم چونکە یەکێکی تر لەو بابەتە سەرنج راکێشانەیە کە باستان لێوە کرد و پەیوەندیی بە لقەکەی منەوە هەیە. لە

١٦٥. autonomy



دەروون دەرمانی و دەروونشیکاریدا هەمیشە کار لەسەر رێگرەکانی بەردەم متمانە دەکەن و لەو بڕوایەدان کە متمانەپێکردن بەجۆرێك ئەستەمە. واتە کاتێك کەسێك دەڵێ من متمانەم بە تۆ هەیە، لەڕاستیدا لە درێژەی پرۆسەیەکی وشیارانەدا هەست دەکات دەتوانێت متمانە بکات. بەشێك لەو پرۆژەیەی کاری لەسەر دەکەن پەیوەندیی بە بوێری بۆ متمانە پێکردن و قبووڵ کردنی ریسکی متمانە پێکردنە و ئەوەیکە جیهان لە رێگەی هەر ئەم متمانە پێکردنەوە دەچێتە پێش و بە دیاردەیەکی ناکێشەساز دەبینرێت، وەك بڵێی متمانە پێکردن بەپێچەوانەی بۆچوونی دەروونشیکارەکان جۆرێك لە کاری ئیرادییە. حەز دەکەم بۆچوونی ئێوە سەبارەت بە متمانە پێکردن لەو مانا ئاڵۆزترەشیدا بزانم، بەتایبەتی متمانە پێکردن لە بازاڕە داراییەکان و پەیوەندیی نێوان کەسەکان و ئەوەیکە بینینی ئێمە بۆ ئەم متمانەیە چۆنە. بەبۆچوونی من "متمانە" وشەیەکی راست نییە بۆ ئەم واتایە. کاتێك ئێوە سەبارەت بە قبووڵ کردن و ئامادەیی بۆ دەرگیر بوون قسە دەکەن، لەڕاستیدا سەبارەت بە قبووڵ کردنی ریسك قسە دەکەن، نەك متمانە.

**ئانتۆنی گیدێنز:** وەڵامی من ئەوەیە کە من سەبارەت بە خودی "متمانە" قسە دەکەم، لەبەر ئەوەی تەنیا کاتێ دەتوانرێ متمانە بکرێت کە بێگومانی و دڵنیایی لەئارادا نەبێت. متمانە لە خۆیدا پەیوەستە بە ریسك و نەبوونی دڵنیایی. ئەگەر لەبەرانبەر کەسێك یان سیستەمێکدا دڵنیایی ١٠٠٪ تان هەبێت، ئیتر ناڵێن متمانەتان پێی هەیە، لەبەر ئەوەی سازوکاری متمانە لێرەدا دەست ناکەوێت، بەڵام ئەگەر ئەوە چ بە متمانە ناو بنێین و چ بە شتێکی تر بەبۆچوونی من متمانە کردن بە ئەوانیتر لەڕووی بزۆزناسیی دەروونییەوە[١٦٦] پرۆسەیەکی گەلێك ئاڵۆزە.

١٦٦. psychodynamics

یەکێکی تر لەو شتانەی دەیزانین ئەوەیە کە متمانە کردن بە دامەزراوە گەورەترەکان لەچاو متمانە کردن بە تاکەکان و سیستەمەکانی تر، درەنگتر بیچم دەگرێت. بۆ وێنە وەرزێڕانی باشووری ئیتالیا هێشتا متمانەیان بە بانکەکان نەکردووە و هەموو سامانەکانی خۆیان بەشێوەی خشتی ئالتوون لەژێر سەرینەکانیاندا دەپارێزن. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی رووسیاش متمانەیان بە بانکەکان نییە و متمانە کردن بە بانك کارێکی زۆر نائاسایی و سەیر و سەمەرەیە، کارێك کە ئێمە بە هاسانی دەیکەین. ئەو متمانەیە دەبێ وردە وردە دروست بکرێت.

ئەگەرچی متمانە دروست کردن کاتێکی زۆری دەوێت, بەخێرایی دەتوانێت لەناو بچێت، بەم پێیە هەندێجار بۆ قەرەبوو کردنەوەی بچووکترین هەڵە و خەیانەتێك ساڵانێکی زۆر کاتمان پێویستە و تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە هیچکات قەرەبوو نەکرێتەوە. لە یەك پەیوەندیدا بە جۆرەها سۆزی ئەرێنی و نەرێنی دەتوانێت بیچم بگرێت، هەم لە ژیانی سۆزدارانەدا و هەم لە بەشەکانی تریشدا. ئەم سۆزانە لە دەوری پرسگەلی وەك متمانە، ریسك و نادڵنیابوون بیچم دەگرن.

سپاستان دەکەم، وەڵامی پرسیارێکی ئامادەبوان دەدەمەوە.

**پرسیار:** کاتێ سەیری خێزانی ئەمڕۆیی دەکەین، یەکێك لەو شتانەی سەرنجمان رادەکێشێت، باسی هاوسۆزی و پەیوەندیی تایبەتییە لە خێزاندا. تێڕوانینی ئێمە بۆ ئەم پرسە بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و وا دێتە بەرچاو کە ژیان و پەیوەندیی خێزانی لە هەموو ئاستەکانیدا لە بەر چاوی گشتی ئاراستە دەکرێن. دەرگاکانی ژیانی خێزانی بۆ دەستتێوەردان و نفووزی دەوڵەت، پزیشکی و تەنانەت میدیاکان خراونەتە سەر پشت. ئایا پێتان وا نییە کە ئەم ناچارییە بۆ ئاراستەکردنی پەیوەندییە کەسانەکان لەبەر چاوی گشتیدا بۆتە



رێگرێك لەبەردەم پەیوەندییە تایبەتییەکان و هاوسۆزی لە خێزاندا؟ لانیکەم بە بۆچوونی من ئەو پەیوەندییانە لەڕووی چییەتییەوە، تایبەتین.

**ئانتۆنی گیدێنز:** پرسیارێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە. بەڵام بەبۆچوونی من پرسەکە کەمێك ئاڵۆزترە لەوەی ئاماژەت پێکرد، چونکە ئەگەر سەیری چۆنیەتیی بیچم گرتنی ژیانی تایبەتی و خەڵوەت بکەن، دەبینن لە وڵاتانی خۆراواییدا لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ هاتۆتە ئاراوە و خۆی دیاردەیەکی نوێیە. نۆربێرت ئەلیاس[١٦٧] کۆمەڵناسی ناوداری شارستانییەت دەریخستووە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە خانووەکاندا راڕەوی لێنەبووە، واتە تەنانەت لە خانووە دەرەبەگییەکاندا ژوورەکان راستەوخۆ رێگەیان هەبوو بۆ ناو یەکتری، بە واتایەکی تر بۆ چوونە ناو ژوورێك دەبوو بە ژوورەکانی تردا تێپەڕی بووایەن. وا دێتە بەرچاو کە واتای خەڵوەت و ژیانی تایبەتی یەکێك لە بەرهەمەکانی کولتووری بۆرژوازی و تاکگەرایی مۆدێرنە.

بەڵام من لەو بڕوایەدام کە لەئێستادا خودی پرسەکە گۆڕاوە. میشێل فۆکۆ بەباشی ئەم دیمەنەی وێنە کردووە. ئیتر تەنیا شاهیدی پەرە سەندنی خەڵوەت و ژیانی تایبەتی نین، بەڵکوو هاوکات چاودێری جووڵەی ئەویتریش لە ئاراستەی پێچەوانەداین کە لەوێدا دیمەنێکی ژیانی کەسانەی تاکەکان دەکەوێتە بەرچاوی ئەوانیتر. دەوڵەت جۆرێك لە رۆڵێ چوارچێوە بەست دەگێڕێت. بۆ ئەوەی خەڵك بتوانن سوود لە هەندێ بەرژەوەندی وەربگرن دەبێ پەنجەرەی زۆرێك لە لایەنەکانی ژیانی خۆیان بەڕووی چاوانێك وەك کارمەندەکانی ئاسوودەیی و

١٦٧. Norbert elias

بیمەی کۆمەڵایەتی بکەنەوە کە بە ئاسایی دەبێتە هۆی گشتی بوونەوەی ئەو لایەنانە.

جۆرێکی تازە لە کۆمەڵگە خەریکە سەر هەڵدەدات کە هۆکارگەلێکی زۆر بەدیهێنەرین.یەکێك لەو هۆکارانە، میدیاکانن. رۆڵی میدیاکان ئەوەیە کە چییەتیی پەیوەندیی نێوان بەستێنی گشتی و بەستێنی تایبەتی پێناسە دەکەن. بەم پێیە ئێوە کەسانێك دەبینن کە تایبەتیترین لایەنەکانی ژیانی خۆیان لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و ...دەخەنە روو و ئەو بەشانە لە ژیانیان کە ئێمە پێمانوابوو تایبەتین، گشتی دەکەنەوە. لە ژیانی ئێمەدا ئاوێتەیەك لەو لایەنە تایبەتی و گشتییانە هەن و ئێمە خۆمان لە دەربڕینی زۆرێك لەو لایەنە تایبەتییانەی کە کولتوور بۆی پێناسە کردووین، دەبوێرین. بۆ وێنە ئەگەر پیاو بن، لەوانەیە سەبارەت بە کارە سێکسییەکانی هاوڕێ نێرەکانتان لە پێخەفدا هیچ نازانن و لە ژیانی سێکسیی ئەوان بێئاگان، بەڵام هەر ئەم بابەتە سەبارەت بە زۆربەی ژنان راست نییە. ژیانی تایبەتی باسێکی یەکجار ئاڵۆزە و ستراکتۆرێکی سێکسیی هەیە، لەبەر ئەوەش بەهەمان شێوەی کە ئێوە گوتتان رەوتێکی سادە نییە و بوارێکی زۆر شایانی سەرنجە بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە.



# ئاسۆی دیموکراسی[١٦٨]

**ئانتۆنی گیدێنز:** سەرەتا وتارەکەی خۆم پێشکەش دەکەم و دواتر وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەمەوە کە ویلێ هاتۆن[١٦٩] گەڵاڵەیان دەکات. لەوانەیە زۆربەتان بیناسن. ئەو ماوەیەکی زۆرە لە رۆژنامەی ئۆبزێرڤێر[١٧٠] ستوونێکی تایبەتیی هەیە و لەوێدا سەبارەت بە کۆمەڵێك بابەتی بەرفراوان، بەتایبەتی چۆنیەتیی دەستراگەیشتن بە سەرمایەدارییەکی بەڵێندەر[١٧١] دەنووسێت. ئەم پرسە لەگەڵ چەمکی دیموکراسیش یەك دەگرێتەوە و بابەتێکە کە ئەمڕۆ قسەی لەسەر دەکەم. چەند ساڵ لەمەوبەر ویلێ هاتون کتێبێکی نووسی لەژێر ناوی "ئەو وڵاتەی تیایداین"[١٧٢] کە بەرزترین رادەی فرۆشی هەبوو. ئەو کتێبە ئەگەرچی سەبارەت بە بریتانیایە، باس لەوە دەکات کە وڵاتە پیشەسازییەکان دەبێ چ جۆرە کۆمەڵگەگەلێك بن. ئەو کتێبێکی تریشی لەبەر دەستدایە کە لەوێدا بەڵگاندوویەتی سەرمایەداریی ئەمریکایی هێندە خوازراویش نییە و

١٦٨. the future of democracy: 

ئەم وتارە لە رێکەوتی ٣٠ی ژانیوەری ساڵی ٢٠٠٢دا پێشکەش کراوە.

١٦٩. will hutton

١٧٠. the observer newspaper

١٧١. responsible capitalism

١٧٢ . the state We re In

سەرمایەداریی ئەورووپایی لەو باشترە. ناونیشانی ئەو کتێبە، "ئەو جیهانەی تیایداین"ە.[173]

لە وتاری پێشوومدا سەبارەت بە پەیوەندییە سێکسییەکان و خێزان قسەم کرد و دوو مۆدێلی سیاسیم لە پەیوەندی لەگەڵ خێزاندا خستە بەرباس. یەکێك لەو مۆدێلانە، مۆدێلی لیبراڵ بوو کە لەو بڕوایەدایە دەبێ هەموو جۆرەکانی پەیوەندی قبووڵ بکرێت و بە نەرمی لەگەڵیان رووبەڕوو بینەوە. لەبەرانبەر ئەم مۆدێلەدا، مۆدێلێکی تریش هەبوو لە پێیوابوو خێزان تووشی قەیران بووە و دەبێ بگەڕێینەوە بۆ خێزانی نەریتی و بیژێنینەوە، لەبەر ئەوەی خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە و دواتر باسم لەوە کرد کە بە هەندێ هۆ هەردووك ئەو مۆدێلانە ناتەواون.

ئیتر ناکرێ خێزانی نەریتیمان هەبێت، لەبەر ئەوەی لەو خێزانەدا جۆرێك پەیوەندیی نایەکسان لەنێوان دوو رەگەزەکەدا هەیە و هیچ مافێك بۆ منداڵان پێناسە نەکراوە. ئەوە لەگەڵ ئەخلاقی ژیانی خێزانیی ئەمڕۆیی و چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان ناتەبایە. هەروەها ناتوانین رێگە بە سەرهەڵدانی هەموو جۆرە پەیوەندییەك لە خێزاندا بدەین، چونکە دەبێ بەرگری لە مافی منداڵان بکەین و ژیانی خێزانی بەجۆرێك دامەزرێنین کە یەکسانیی راستەقینە لەنێوان دوو رەگەزەکەدا جێگیر بێت. ئەم ئەخلاقە دەبێ لەلایەن یاساشەوە پشتیوانیی لێبکرێت و بەلای منەوە ئەوە چوارچێوەی دیموکراسیی سۆزدارانەیە کە لە کۆتایی وتارەکەی پێشوومدا ئاماژەم پێکرد. دیموکراسیی سۆزدارانە دیموکراسییەکی رەسمیی سیاسی لەو جۆرە نییە کە ئەمڕۆ قسەی لەسەر دەکەین بەڵام بەم حاڵە دەبێ ئەخلاقێکی نوێ بۆ ئەوە لە ژیانی خێزانیدا دابمەزرێت کە

173 . the world We re In



یەکسانی و هاوبەشیکردن و پەیوەندی (تایبەتمەندییەکانی دیموکراسیی سۆزدارانە) وەك بناغەی خێزانێکی تۆکمە بە رەسمی بناسێت. لە ئەنجامدا خێزانە تۆکمە ئەمڕۆییەکان لێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ خێزانە نەریتییەکاندا نابێت. بەبڕوای من دەتوانرێت ستراکتۆری ژیان بەپێی ئەخلاقێکی لەو چەشنە سەرلەنوێ دابمەزرێنرێت. بەهەرحاڵ دیموکراسی لە سۆزەکاندا لەگەڵ چەمکی بەرفراوانتری دیموکراتیزاسیۆن کە ئەمڕۆ قسەی لەسەر دەکەم، لە پەیوەندیدایە.

بۆ دەستپێك دەبێ بگوترێت "دیموکراسی" یەکێك لە وشە کلیلییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکە. پەرەسەندنی بیرۆکەی دیموکراسی لە نزیك ١٠٠ ساڵی رابردووەوە هاوپێ بووە لەگەڵ پەرەسەندنی بەپیشەسازی بوون و ئابووریی بازاڕدا. پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و بەپیشەسازی بوون و ئابووریی بازار یەکجار ئاڵۆزە، بەڵام بەهەر حاڵ پەرەسەندنی بیرۆکەی دیموکراسی یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لەم ماوەدا کاتییەدا. خاڵی گرنگ لێرەدایە کە نابێ پێمانوابێت هەمیشە بەم جۆرە بووە. چەمك و بیرۆکەی جێبەجێکاریی دیموکراسی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمەدا لە ئەورووپا و وڵاتانی تر رووبەڕووی کێشە کرایەوە، واتە نوخبە دەسەڵاتدارەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە هەتا خودی سەدەی بیستەم هەم لەبەرانبەر چەمکی دیموکراسیدا و هەم لەبەرانبەر واقعی دامەزراوە دیموکراتیکەکاندا بەرەنگارییان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ دیموکراسی زۆر خۆشەویست بووە و جێکەوتووە و ئیتر هیچکام لە دەوڵەتەکان ناتوانن بیرۆکەی دیموکراسی رەت بکەنەوە.

ئەمڕۆ ئەو دەوڵەتانەی کە دیموکراسی بەشێك نەبێت لە داڕشتی سیاسیی ئەوان، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام لە رابردوودا بەهیچ شێوە بەم جۆرە نەبووە و کێشمەکێشمی بنچینەیی لەگەڵ چەمکی دیموکراسی و بیرۆکەی

جێبەجێکردنەکەی لەئارادا هەبووە. دیموکراسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا تەنیا بە ژمارەیەکی کەم لە وڵاتە پیشەسازییەکان کورت دەکرایەوە، ئەوانیش دیموکراسییان تەنیا بۆخۆیان قبووڵ دەکرد بۆ ناوچە کۆڵۆنی و بندەستەکانی خۆیان بڕوایان پێی نەبوو. پرەنسیپەکانی دیموکراسی تەشەنەی نەکردە وڵاتەکانی بندەستی وڵاتە پیشەسازییەکان و لەبەر ئەوەش یەکێک بوو لە لایەنە پەراوێزییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی. لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ساڵانی نێوان ١٩٢٠ و ١٩٥٠ لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکاندا دیموکراسی تەنیا بەناو نیوەی دانیشتواندا بڵاو ببۆوە. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا ژنان هەتا دوای شەڕی جیهانیی دووهەم مافی دەنگدانیان نەبوو. هەتا ئەو کاتە کە ژنان بە تەواوی ئەو مافەیان دەست نەکەوتبوو، دیموکراتیزاسیۆنیش بە تەواوی بیچمی نەگرتبوو، تەنانەت لە وڵاتە خۆراواییەکان. لە زۆربەی بەشەکانی جیهانیشدا ژنان لەو مافە بێبەری بوون، بەڵام هەموو ئەمانە لەماوەی نزیك بە سی ساڵی رابردوودا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

دیموکراسی چییە؟ زانا سیاسییەکانی ئامادەی ئەم کۆڕە دەزانن کە ماناگەلی جۆراوجۆر بۆ دیموکراسی باس کراوە. بە چەندین جۆری دیموکراسی هەن و دیموکراتیزاسیۆن گەلێك لایەن و رەهەندی هەیە. بەم پێیە لەم وتارەمدا بە مەبەستی سادە کردنەوە، لانیکەمی مانای دیموکراسی لەبەرچاو دەگرین. مەبەستم لە دیموکراسی، سیستەمێکی سیاسییە کە خاوەنی سێ تایبەتمەندی بێت: یەکەم، لەوێدا بەجێی یەك حزب، چەندین حزب بوونیان هەبێت، واتە حزبەکان لەڕووی ژمارە و مەرامنامەوە فرەجۆر بن. دووهەم، لەوێدا هەڵبژاردنی ئازادانە بەڕێوە بچێت و مافی راستەقینەی بەشداریکردن تیایاندا بۆ سەرجەم ئەوانەی مەرجەکانی دەنگدان دەیانگرێتەوە پارێزراو بێت. سێهەمیش، سیستەمێك لە ئازادییە مەدەنی و مافە مەدەنییەکان لەوێدا سەقامی گرتبێت



و بەشێوەیەکی کارامە و کاریگەر بەپێی یاسای بنەڕەتی و بەهۆی دەزگایەکی یاساییەوە پشتیوانیی لێبکرێت. گەلێك تایبەتمەندیی تریش دەکرێ بەم لیستەیە زیاد بکرێت، بەڵام من ئەمە وەك لانیکەمی مانای دیموکراسی دادەنێم بۆ ئەوەی بتوانم بەو پێیە سیستەمێکی سیاسیی دیموکراتیك پێناسە بکەم و ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی بکەم. دەبێ سەرنج بدەن کە گرفت و ئاڵۆزییەکی زۆر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم پرسە لەئارادا هەبووە.

ئەگەر ئەم لانیکەمی مانایەی دیموکراسی لەبەرچاو بگرن و لەو ماوە کاتییەی کە من ناوی دەنێم "سەردەمی جیهانی"[١٧٤] (واتە لە نزیك سی ساڵ لەمەوبەرەوە) بڕوانن، دەبینن گۆڕانکاریگەلی زۆر سەرنج ڕاکێش روویداوە. لەماوەی ئەو سی ساڵەدا بە پشت بەستن بە لانیکەمی مانای دیموکراسی, جیهان زۆر لە رابردوو دیموکراتیکتر بۆتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا گەلێك توێژینەوە هەن کە ئەمەیان سەلماندووە. بۆ وێنە لە یەکێك لەو توێژینەوانەدا کە راست بەر لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەنجام دراوە، هاتووە کە لە نێوان ١٩٢ وڵاتی جیهاندا لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا نزیکەی ١١٧ وڵات لەڕووی ئەو پێوەرانەوە کە باسم کردن دیموکراتیك بوون. بەگشتی ژمارەی ئەو وڵاتانەی بە ئاشکرا دیموکراتیکن لەماوەی ئەم سی ساڵەدا نزیك بە سێ هێندە بوونەتەوە. واتە وڵاتانی دیموکراتیك لە ساڵی ٢٠٠٠دا سێ هێندەی وڵاتانی دیموکراتیك لە ساڵی ١٩٧٠دا بوون. ئەمە لەحاڵێکدایە کە وڵاتانی تازە سەربەخۆی سۆڤیەتی پێشوو و ئەو وڵاتانەی تر کە لەو ماوەیەدا دروست بوون نەخراونەتە نێو ئەو ئامارەوە و بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوانە ئەو ئەنجامە بەدەست هاتووە. لەو ماوەیەدا نزیکەی ٩٠ وڵات کە لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ و سەرەتاکانی دەیەی ٧٠دا

١٧٤. Global age

رژێمگەلی دەسەڵاتگەرایان هەبووە و بەگشتی دەسەڵاتدارانی سەربازییان هەبووە، بەپێی لانیکەمی مانای دیموکراسی بوونەتە وڵاتگەلێکی دیموکراتیك.

ئەم گۆڕانە یەکجار بنەڕەتی و شایانی سەرنجە. دەبێ لە پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆنی جیهانی بەباشی تێبگەین و دەبێ خاڵ و مادە و هاوسەنگ کردنێکی زۆری بەسەردا بێنین. هەڵبەت نازانم ئەو گۆڕانانە چەندە بەردەوام و هەمیشەیی دەبن. هەتا ئێستا چەند سووڕێکی دیموکراسی بینراون و هەندێ لە وڵاتان لەدوای ئەزموون کردنی دیموکراسی سەرلەنوێ گەڕاونەتەوە بۆ رژێمە تۆتالیتێرەکان. ئەگەر سەرنجی مێژووی وڵاتانی ئەمریکای لاتین بدەن، دەبینن ژمارەیەك لە وڵاتە گرنگەکانی ئەو کیشوەرە سووڕگەلی لەو جۆرەی دیموکراسییان تێپەڕاندووە، واتە دیموکراسییەکانیان رووخان و بوون بە رژێمگەلی تۆتالیتێر یان دەوڵەتگەلی سەربازی.

سەیری ئارژانتین بکەن. ئایا ئارژانتین بەو قەیرانە ئابوورییە قووڵەوە کە لەگەڵیدا رووبەڕووە، دەتوانێت ئەو قۆناغی تێپەڕینە بەرەو دیموکراسی ببڕێت؟ هەڵبەت تێپەڕین بەرەو دیموکراسی، پرۆژەیەکی هەموو یان هیچ نییە. لە زۆربەی وڵاتان شێوازگەلی جۆراوجۆری گەندەڵیی ئیداری و دارایی بەرچاو دەکەوێت و لە ئارژانتینیش بە ئاشکرایی دەبیندرێت. هیوادارم ئارژانتین دووبارە نەگەڕێتەوە بۆ رژێمێکی تۆتالیتێر بەڵام ناکرێ سوێند لەسەر نەگەڕانەوەی رژێمێکی تۆتالیتێر لە ئارژانتین و و زۆرێك لە وڵاتانی تر کە تێپەڕین بەرەو دیموکراسییان تێپەڕاندووە، بخورێت.

هەڵبەت ئەم سووڕە هەمیشەش روو نادات، بە گومانی من رێژەیەکی بەرچاو لەو وڵاتانەی لە دیموکراسی نزیك بوونەتەوە یان تێپەڕین بەرەو دیموکراسییان بە تەواوی تێپەڕاندووە هەروا دەمێننەوە، لەبەر ئەوەی لەو وڵاتانەدا گۆڕانکاریگەلێکی بەرچاوی دامەزراوەیی روویان داوە کە بە هاسانی



ناشێ بگەڕێنەوە. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە سێ وڵاتی ئەورووپیی ئیسپانیا و پورتوگال و یۆنان بکرێت. ئەم سێ وڵاتە لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠دا تێپەڕین لە رژێمە دەسەڵاتگەرا و سەربازییەکانیان تێپەڕاندووە و زۆرێك لە دیموکراتەکانی ئەمریکای لاتین ئەوانیان کردۆتە مۆدێل و سەرمەشقی خۆیان. بەبۆچوونی من لەو سێ وڵاتەدا تێپەڕینێکی شەفاف و جیدی بەرەو دیموکراسی رووی داوە و چوارچێوەیەك لە دامەزراوە دیموکراتیکەکان چەسپاوە. هەرچەندەش کە گۆڕانکاریگەلی کارەساتاویتر لە جیهانی بەرفراوانتردا روو بدات، هێشتا قورسە لەو وڵاتانەدا گۆڕان و گەڕانەوەیەك بەرەو رژێمە تۆتالیتێرەکانی پێشوو وێنا بکرێت. بەهەرحاڵ هیچ شتێك بە تەواوی ئاشکرا نییە.

هێشتا نازانین تا چ رادە ئەو سووڕە دووبارە دەبێتەوە و تا چ رادە ئەو تێپەڕینە ستراکتۆرییە بەڕاستی رووی داوە. بەڵگەکانی خۆم بۆ سەلماندنی ئەوە کە تێپەڕینێکی ستراکتۆری و راستەقینە ئەنجام دراوە، دواتر باس دەکەم.

خاڵێکی تر کە دەبێ سەرنجی پێبدرێت ئەوەیە کە زۆرێك لە دەوڵەتەکان بانگەوازی دیموکرات بوون هەڵدەدەن، بەڵام تەنانەت مەودایەکی زۆریان لەگەڵ ئەو پێوەرە لانیکەمییانەی ئاماژەم پێدان، هەیە. بۆ وێنە رووسیا، ئەندوونێزیا، رۆمانیا، کۆریا، هەموویان وڵاتێکن کە بێگومان بەرەو دیموکراسی هەنگاو دەنێن . هاوکات ژمارەیەك لەو وڵاتانە لەو دیموکراسییە لیبراڵەیان نییە کە ئێمە لە خۆراوا هەمانە و ئەو لانیکەمانەشیان نییە کە ئاماژەم پێدان. وا باشترە بە پەیڕەوی لە هەندێ لە زانایانی زانستی سیاسی، بە دیموکراسیگەلی نالیبراڵ، ناودێریان بکەین. "دیموکراسییە نالیبراڵەکان"[١٧٥] ئەو وڵاتانەن کە بۆ تێپەڕین بەرەو دیموکراسی هەوڵ دەدەن بەڵام بە قورسی دەزانن، لەبەر ئەوەش هەندێ لە

١٧٥ . illiberal democracies

تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم، خراپکاری لە هەڵبژاردنەکاندا و دروست کردنی سنوور بۆ ئازادییە مەدەنییەکان، هێشتا تیایاندا دەبیندرێت. بە واتایەکی تر لەم وڵاتانە زیاتر قاوخێکی بۆش لە دیموکراسی دەبیندرێت هەتا پرۆسەیەکی راستەقینەی دیموکراسی.

بەڵام هۆکارەکانی ئەم گۆڕانەستراکتۆرییە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا چییە؟ لەم وتارە کورتەدا ناتوانم ئەو هۆکارانە بە وردەکارییەوە باس بکەم، بەڵام لەو بڕوایەدام هۆکارەکانی پەرە سەندنی دیموکراسی پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا هەیە کە لەم وتارانەدا باس کراون. بە واتایەکی تر ئەم گۆڕانە لە ژێر کاریگەری بەجیهانی بوون لە مانا فراوانترەکەیدایە. بەجیهانیبوون کە لەم وتارانەدا پێداگریم لەسەر کردەوە تەنیا پەرەسەندنی بازاڕە جیهانییەکان نییە، بەڵکوو هەروەك گوتم، پتر لە هەر شتێك بەرەنجامی شۆڕشی پەیوەندییەکانە. پڕ ئاشکرایە کە جۆرێك لە کۆمەڵگەی زانیاری خەریکە سەر هەڵدەدات. تەنانەت مرۆڤە هەژارترەکان لە پەراوێزیترین شوێنەکانی جیهانیش دەتوانن تێکەڵ بە پەیوەندییە جیهانییەکان بن. ئەگەر گومانتان هەیە سەیری ئەفغانستان بکەن. ٧٠٪ی خەڵکی ئەو وڵاتە کە رێژەیەکی زۆریش لەوان هەژارن لە گەرماوگەرمی شەڕی ئەمریکا و تالیباندا گوێیان لە کەناڵی رادیۆیی BBC دەگرت.

لەم کۆمەڵگە زانیارییە جیهانییەدا کە خەریکە سەرهەڵدەدات ئیتر رەفتاری نەگونجاوی دەوڵەتەکان لەگەڵ هاوڵاتییان و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتگەرایانە لەگەڵیاندا بە هاسانی ناکرێت. گەشەی ئابووری و سیاسی وڵاتەکان لەم جیهانەدا بەبێ بەشداریکردن و کەمتر دۆگم بوونی وڵاتەکان لە کۆمەڵگەی جیهانیدا زۆر قورسە. هەر لەبەر ئەمە بووە کە رژێمی تۆتالیتێری سۆڤیەت کە کاتێك لە پێگەیشتنی کۆمەڵگەی پیشەسازیدا ئامادەییەکی



بەهێزی هەبوو، بە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی زانیاریی جیهانی و ئابووریی زانست تەوەر لەپێ کەوت.

پەیوەندییەکی پەڕگیر لەنێوان پەرەسەندنی بەجیهانیبوون و پەرەسەندنی دیموکراسیدا هەیە، هەرچەندە کە پەیوەندییەکی سەرەتایی و ساکار نییە. هەڵبەت لە بەشە جۆراوجۆرەکانی جیهان، پێکدادان و بەرەنگارییە ناوچەیی و خۆجێییەکان و هەندێجار گەڕانەوەی جۆرەکانی تۆتالیتاریزمیش لەم پەیوەندییە ئاڵۆزەدا رۆڵ دەگێڕن و کۆسپ دەخەنە سەر پێگەی بەرەو پێش چوونی دیموکراسی. خاڵی شایانی سەرنجی تر ئەوەیە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی لەو بڕوایەداین پەیوەندییەك لەنێوان بەجیهانیبوون و دیموکراسیدا هەیە، رووبەڕووی دژهۆنیی paradox دامەزراوە دیموکراتیکەکانیش دەبینەوە. واتە هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی دیموکراسی لە جیهاندا، لە وڵاتانی لانکەی دیموکراسیدا شاهیدی لەرزۆك بوونی دیموکراسی دەبین، بەواتایەکی تر ئەو وڵاتانەی دامەزراوە دیموکراتیکەکانیان دامەزراندووە، لەحاڵی ئەزموونکردنی جۆرێك قەیران لە دیموکراسییەکانیاندان. سەرەتا زانایانی زانستی سیاسی و دواتر راگەیاندنەکان لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا بەڕادەیەکی زۆر کاریان لەسەر ئەو قەیرانە کردووە. بەڵام بۆ دەبێ پێمانوابێت کە دیموکراسی تووشی قەیران بووە؟ بەڵگەی جۆراوجۆر هەن کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:

یەکەم، ئاستی بەشداریی سیاسی لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا نەك لە هەموو وڵاتە پیشەسازییەکاندا، بەڵام لە زۆربەیاندا کەم بۆتەوە. بۆ وێنە لە ٧٠٪ی وڵاتانی OECD، لەم ماوەیەدا ئاستی بەشداری لە هەڵبژاردنە نیشتمانی و ناوچەییەکاندا دابەزیوە و ئەمە پرسێکی ستراکتۆرییە. دەبێ وەبیرتان بهێنمەوە کە ئاستی بەشداریکردنی سیاسی لە نێو بەرەی گەنجدا کەم بۆتەوە. پارتی کرێکاری بریتانیا تەنانەت لە بەرانبەر ئەم دابەزینە لە ئاستی

بەشداریکردن لەنێوان گەنجەکاندا بەتایبەتی بۆ بە ئەندامبوون لە حزبدا، هەڵوێستی گرتووە، لەبەر ئەوەی رازیکردنی گەنجان بۆ بەئەندامبوون لەو حزبەدا زۆر قورس بووە. بە ئەندامبوونی گەنجان لە حزبی پارێزکاردا کە ئیتر نزیك بە ئەستەم بۆتەوە و لەوانەیە بڵێین هیچ ئەندامێکی گەنجی نییە.

دووهەم، راپرسییەکان باس لەوە دەکەن کە لەماوەی نزیك بە بیست، سی ساڵی رابردوودا ئاستی متمانەی خەڵك بە دەوڵەت و سیاسەتمەداران و سازوکارە دیموکراتیکەکان کەم بۆتەوە. هەڵبەت ئەم پرسە تا رادەیەك مشتومڕی هەڵگرساندووە و زانایانی زانستی سیاسی بۆچوونی جیاوازیان لەسەری هەیە، بەڵام بەگشتی ئەو کەمبوونەوەیە دەبیندرێت. لە یەکێك لە راپرسییە جێ متمانەکاندا ئاستی متمانە بە سیاسەتمەدارەکان زۆر بە نزم هەڵسەنگێندراوە. تەنیا رۆژنامەنووسەکان متمانەیەکی کەمتریان لەچاو سیاسەتمەدارەکان لەسەر هەبوو. تەنیا نزیك بە ٣٪ ی خەڵك بە رۆژنامەنووسان و ٧٪ی خەڵك بە سیاسەتمەداران متمانەیان هەیە.

لە ئەڵمانیا بەپێچەوانەی بریتانیا خەڵك لە هەموو زیاتر متمانەیان بە مامۆستاکانی زانکۆ نییە. لە ژمارەیەکی تر لە وڵاتانیش ئاستی متمانەی خەڵك بە مامۆستاکانی زانکۆ زۆر بەرزە، لەحاڵێکدا بە سیاسەتمەدارەکان زۆر کەمە. لەبەر ئەوەش ئەگەرچی سیاسەتمەدارەکان هێشتا رۆڵێکی گرنگ لە ژیانماندا دەگێڕن، وا دیارە ئاستی متمانە بە رێبەرە سیاسییەکان دابەزیوە.

سێهەم، بەرزبوونەوەی بایەخ و نفووزی میدیاکانیش یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی قەیرانی دیموکراسی، بەتایبەتی راگەیاندنە ئیلکترۆنییەکان و کاریگەریی تلڤیزیۆن لەسەر سیاسەت. ئەم پرسە نکۆڵی هەڵنەگرە کە میدیاکان و بەتایبەتیش میدیا ئیلکترۆنییەکان تەنیا سەبارەت بە سیاسەت هەواڵ ناگەیەنن بەڵکوو هەتا ئاستێکی بەرز ئەوە دیاری دەکەن کە سیاسەت دەبێ



سەبارەت بە چی بێت. یەکەم ئەرکی سیاسەتمەدارێك وەڵامدانەوە بە دوایین پرسیارەکانی میدیاکانە. سیاسەتمەدارەکان بەر لە وەڵامدانەوە بە پارلمان، وەڵامی بەرنامە تلڤیزیۆنی و رادیۆییەکان و رۆژنامەکان و ... دەدەنەوە و هەموو رۆژیش دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، لەبەر ئەوەی میدیاکان ئەو لێپرسینەوانە لە پانتای سیاسیدا بەشێوەی رۆژانە دەخەنە روو.

بەبۆچوونی من ئەمڕۆ میدیاکان لە دوو رووەوە لەگەڵ دیموکراسی لە پەیوەندیدان. یەکەم ئەوەی پەرەسەندنی دیموکراسی لە ئاستی جیهاندا بەبێ پەرەسەندن و زۆریی میدیاکان ئەستەم بوو. پەرەسەندن و زیادبوونی میدیاکان و سەرهەڵدانی پەیوەندییە جیهانییەکان بوار بۆ پەرەسەندنی دیموکراسی خۆش دەکات. ئەگەر تلڤیزیۆن نەبوایە، شۆڕشی نەرمی چیکۆسلۆڤاکیاش نەدەبوو، کۆتایی ئاشتییانەی ناکۆکیی رەش پێستەکان و سپی پێستەکانی ئەفریقای باشووریش ئەستەم دەبوو و هەروەها گۆڕەپانی تیانیامەن[١٧٦] نەدەبوو (هەرچەندە کە بە دیموکراتیزاسیۆنێکی سەرکەوتووش کۆتایی نەهات).

میدیاکان کەشی دیالۆگی سیاسی و چالاکیی زیاتر و بە دەنگدانەوەی زیاتری هاوڵاتیان ئاوەڵا و لەبار دەکەن. بەڵام پەیوەندیی میدیاکان و دیموکراسی لایەنێکی دووهەمیشی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە میدیاکان هاوکات لەگەڵ کردنەوەی فەزا، جۆرێك لە بە سووك گرتنی بێ ئامان، بەبازرگانی کردن و بە کەسانەکردنی پرسە سیاسییەکان، ئەو فەزایە دادەخەن و بریندار دەکەن. کەواتە زۆر قورس دەتوانرێت پرسە سیاسییە درێژخایەنترەکان بکرێنە باسی گەرمی میدیاکان. بەبۆچوونی من دەکرێ بڵێین دیموکراسیی ئێمە بۆتە "دیموکراسیی میدیایی"[١٧٧]، لەبەر ئەوەی سازوکارە دیموکراتیکەکان پتر لە

١٧٦. tianiaman

١٧٧ . media democracy

هەموو شت لە دەوری میدیاکان دەسووڕێتەوە. بەپێی چەندین بەڵگەی دڵنیا و پڕژمار دەبێ سەبارەت بەو پرسە نیگەران بین، بەڵام هەر بەپێی ڕێکەوت هەندێ کەسیش بە گەشبینییەوە سەیری ئەم پرسە دەکەن کە زۆر سەرنج ڕاکێشە و دەبێ بەڵگەکانیان بە هەند وەربگرین.

ئەو کەسانە لەو بڕوایەدان کە ئێمە شاهیدی سەرهەڵدانی جۆرێکی تازە لە "دیموکراسیی ڕاستەوخۆ"[178] بەجێگەی دیموکراسیی ناڕاستەوخۆ و هەڵبژاردەیین. بەم مانایە کە سیاسەتمەداران بەردەوام لەبەر هورووژمی پرسیار و لێپرسینەوەکانی هاوڵاتییان دان و هەمیشە لە بەرانبەر بڕیار و چالاکییەکانیاندا بە بەرپرسیار دادەنرێن. میدیاکان لەو ناوەندەدا ڕۆڵی ناوبژی دەگێڕن و ئەوەش باشترە لە سازوکارە نەریتییەکانی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی، بەواتایەك لەو بڕوایەدان کە جۆرێك لە دیموکراسیی ڕاستەوخۆی ئیلکترۆنی سەری هەڵداوە. ئەم جۆرە دیموکراسییە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی سەرۆك کۆماریی بیل کلینتۆندا هاتە بەرباس.

یەکێك لە ڕاوێژکارە سەرەکییەکانی بیل کلینتۆن، (دیك مووریس)[179] بەردەوام دەیگوت لە ئەمریکا هەموو ڕۆژ هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت، واتە دەسەڵاتدارەکان بەدەوام لەگەڵ هاوڵاتییاندا لە گفتوگۆدان. بەم پێیە، هاوڵاتییان بایەخێکی ئەوتۆ بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا نادەن و لە بەرانبەردا بەردەوام چاودێریی کارنامەی سیاسەتمەداران دەکەن. لە دیموکراسیی میدیاییدا، سیاسەتمەداران و هاوڵاتییان هەموو ڕۆژ چاو لە ئەنجامی دوایین ڕاپرسییەکان دەبڕن و جۆرێك لە پەیوەندیی ڕەنگدانەوەیی لەگەڵ ژیانی سیاسیدا دروست دەکەن. لە کۆتای وتارەکەمدا دەتوانین زیاتر سەبارەت بەم ڕوانگەیە قسە بکەین، لەبەر ئەوەی بەلای منەوە ڕوانگەیەکی لەڕادە بەدەر سەرنج ڕاکێشە.

١٧٨ . direct democracy

١٧٩ . Dick Morris



ئایا بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە بە هەمان شێوە دەتوانین باس لە قەیرانی دیموکراسی بکەین؟ بەر لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە دەبێ چەند خاڵێك لەبەرچاو بگرین. جۆرێك لە سووانی ستراکتۆری لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا دەبیندرێت و ئینجا ئەو پیچەڵاوپووچی ستراکتۆرییە لە هەمان ئەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆتە هۆی پەرەسەندن و گشتێنرانی دیموکراسی لە ئاستی جیهاندا. هەر لەبەر ئەوەیە کە پرسێکی یەکجار قورس و سەرنج ڕاکیشە. دەبێ ئاگامان لەوە بێت کە بیرۆکەی قەیرانی دیموکراسی یان قەیرانی بێدەربەستیی سیاسی[180] بەدەر لە ڕادەی خۆی نەگشتێنین و کێشەکە لە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی بە گەورەتر نەزانین. ڕێگەم بدەن بەکورتی دوو بەڵگەی خۆم بۆ ئەم پرسە ئاماژە پێبکەم.

یەکەم، بێدەربەستی لەبەرانبەر سیاسەتدا و توانایی پشت گوێ خستنی دەوڵەت لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا خۆی یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دیموکراسی. بۆ تێگەیشتن لە بایەخی ئەم بێدەربەستییە دەبێ سەیری وڵاتە نادیموکراتیکەکان بکەن. لەو وڵاتانەدا دەوڵەت هێشتا هێزی زاڵە لە ژیانی خەڵکدا. لە وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتی جۆکێك بەنێو خەڵکدا بڵاو ببۆوە کە هێندە جیاوازە لەگەڵ ئەزموونی ئێمەدا لە خۆراوا، ڕەنگە لە ماناکەی تێنەگەن. جۆکەکە ئەمە بوو: "کۆمەڵگەیەك دیموکراتیکە کە ئەگەر کەسێك کاتژمێر ٤ی بەیانی لە دەرگای ماڵەکەتان بدات، پێتان وابێت شیرفرۆشە"، لەبەر ئەوەی لە وڵاتە تۆتالیتێرەکاندا لەو حاڵەتانەدا پێتان وا دەبێت کە هێزەکانی هەواڵگرین، نەك دابەشکەرانی شیر.

ئەگەری بێدەربەستی لەبەرانبەر حکوومەتدا و بایەخ نەدان بە سیاسەت یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکان کۆمەڵگەی دیموکراتیك. ئەوە جێی

١٨٠. apathy

سەرنجە کە بەرزترین ئاستی بەشداریکردنی سیاسی لە وڵاتە نادیموکراتیکەکاندا دیتراوە. لە ژمارەیەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکانی سۆڤیەتی پێشوودا ٩٩٪ی خەڵك بەشدارییان دەکرد، بەڵام ناتوانین سۆڤیەتی پیشوو بە ڕژێمێکی سیاسیی زۆر دیموکراتیك بزانرێت. پرسێکی زۆر هەستیار و ورد لێرەدا هەیە: قورسە دیاری بکرێت کە چ ڕادە لە بێدەربەستی و بۆشایی سیاسی لەگەڵ بەردەوامبوونی دیموکراسیدا دەگونجێت، بەڵام لە یەك دیموکراسیدا بەدڵنیاییی ئەگەر بتانەوێت دەتوانن بەڕادەیەکی زۆر بێبایەخ بن بەرانبەر بە دەوڵەت. بەڵام ویلێ هاتۆن کەمێك زیاتر لە من بایەخ دەدات بە دەوڵەت. بەبۆچوونی من دەوڵەتەکان نەك تەنیا مەرج نییە بەرگری بەستێنی گشتی بن، بەڵکوو زۆرجار دوژمنیشین و هەرچەندە وڵاتێك نالیبراڵتر بێت ئەوەش زیاتر هەست پێدەکرێت.

دووهەم، هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠١ی بریتانیا نموونەیەکی سەرنج ڕاکێشە. ٥٩٪ی دانیشتوان لەو هەڵبژاردنەدا بەشدارییان کرد. کەسانێکی زۆر هەبوون دەیانگوت ئەمە نیشانەی ئاشکرای قەیرانی سیاسی و نامۆیی سیاسییە، بەڵام ئەگەر قووڵتر لێی بڕوانین، دەبینین پرسەکە کەمێك ئاڵۆزتر و هەستیارترە. توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی سەرنج ڕاکێش، هەم سەبارەت بەو کەسانەی دەنگیان دا و هەم سەبارەت بەو کەسانەی دەنگیان نەدا، ئەنجام دراوە. بۆ لایەنگرانی پارتی کرێکار سەرنج ڕاکیش دەبێت ئەگەر بزانن زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی لە هەڵبژاردندا بەشدارییان نەکردبوو، ئەگەر بەشدارییان بکردایە دەنگیان بە پارتی کرێکار دەدا. ئەوان پێیانوابووە کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەتایبەتی لە بنکەی هەڵبژاردنەکەی ئەواندا ئاشکرایە و تەنیا جۆرێك لە گەمەی ڕواڵەتییە و چونکە وایان زانیوە کە بە دەنگی ئەوان گۆڕانێکی ئەوتۆ لە دەنگەکاندا ڕوو نادات، دەنگیان نەداوە.



لەوەش سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە کە بەپێی یەکێك لەو توێژینەوانەی لە یەکەی توێژینەوەی یونیڤێرسیتی کۆلێج ئەنجام دراوە، ٨٠٪ی ئەو کەسانە کە بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان نەکردووە ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە کە دەنگی ئەوان بایەخێکی زۆری هەیە. بەواتایەکی تر، دەنگ نەدانی ئەوان دەنگی نەیاری سیستەمی دیموکراتیك نەبووە. ژمارەیەك لەو کەسانەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان نەکردووە ئەم کارەی خۆیان بە جۆرێك لە دەنگ نەدانی چالاکانە ناودێر کردووە، بەڵام زۆرینەیان تەنیا وایان هەست کردووە کە پێویست ناکات لە فلان هەڵبژاردندا بەشداری بکەن.

ئەو ئەنجامانە تاڕادەیەك دەکرێ بگشتێندرێن. توێژینەوەی تری هاوشێوەی ئەمانەش لە ئاستی سەرجەم وڵاتە پیشەسازییەکاندا ئەنجام دراوە. ئەو توێژینەوانە دەریدەخەن کە ئەو دڵساردییە سەبارەت بە "سیاسەتمەدارەکان" دروست بووە، نەك "دیموکراسی". نزیکەی ٩٥٪ی دانیشتوان لە وڵاتە پیشەسازییەکان ئاشکرایان کردووە کە پشتیوانی لە پڕەنسیپەکانی دیموکراسی و ئەو تایبەتمەندییانەی باسم کردن دەکەن. ئەگەر دڵساردییەك هەبێت، لە شێوازی کاری دیموکراسییە نەك پڕەنسیپەکانی دیموکراسی.

ئایا هۆیەك هەیە بۆ نیگەرانی؟ بەڵێ. بەبۆچوونی من هەیە. هیچکام لەو خاڵانەی باسکران نیگەرانییەکەی ئێمە چارەسەر ناکات. هەندێ کار هەن کە دەبێ ئەنجام بدرێن و کۆمەڵێك چاکسازی کە دەبێ بکرێن. چ چاکسازییەك؟چونکە بەتەمام لەکاتی خۆیدا کۆتایی پێبێنم، بەکورتی باسیان دەکەم. ڕێگەم پێبدەن لەم بوارەدا سێ ستراتیژی بۆ وڵاتە پیشەسازییەکان پێشنیار بکەم.

یەکەم، بەبۆچوونی من بە گەڕاندنەوەی سەرلەنوێی سیاسەت بۆ ژیانی خەڵك، ئاستی متمانەکردن بە سیاسەتمەدارەکان و هەروەها بەشداریکردنی

دیموکراتیك بەرز دەکاتەوە. رەنگە پێتانوابێت ئەم قسەیە زمانبازی و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە بەڵام مەبەستی من لەوە "ناوەند پەرێزی"ی راستەقینە و کارامەیە. هەروەك بە درێژایی ئەم چەند وتارە ئاماژەم پێکردووە، بەجیهانیبوون کاریگەرییەکی دووفاقی هەیە. لەلایەکەوە هەندێ لە دەسەڵاتەکان لە نەتەوە دەستێنێت و دەیخاتە نێو دەسەڵاتی پانتای جیهانی بەرفراوانترەوە و لەلایەکی ترەوە خۆسەروەریی خۆجێی زیاتری لێدەکەوێتەوە. ناوەندپەرێزی لە دەسەڵات و ناوەندپەرێزی لە سازوکارە دیموکراتیکەکان، وەڵامێکی گونجاو و کاریگەرە بۆ ئەم گۆڕانکارییانە. لەکوێوە ئەوە دەزانین؟ لەرێگەی ئەو توێژینەوە جۆراوجۆرانەوە کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون.

یەکێك لەو توێژینەوە سەرنجڕاکێشانەی کار لەسەر هەڵسەنگاندنی پراکتیکیی شارە جۆراوجۆرەکان و ناوچە لۆکاڵە جیاجیاکان لە ئاستی جیهاندا دەکات، ئەوە دەردەخات لە ئاستی بەشداری لە هەڵبژاردنە لۆکاڵەکاندا لە ٣٠٪ هەتا ٨٠٪ دەگۆڕێت (کە هەڵبەت ئاستی ئاسایی بەشداری لە فلانە وڵاتی تایبەت نیشان دەدات نەك حاڵەتە ناوازەکان). هۆی ئەم جیاوازییە لە ئاستی بەشداری لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا چییە؟ لە وەڵامدا دەبێ بگوتریت هۆی سەرەکیی ئەم جیاوازییە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە سازوکارەکانی دیموکراسییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە دەسەڵاتی خۆجێیی کۆکردنەوەی باجەوە هەیە. هەرچی دەسەڵاتی خۆجێیی کۆکردنەوەی باج زیاتر بێت ئاستی بەشداریی سیاسیش بەرزتر دەبێتەوە.

هۆی ئەمەش روونە. دەنگدەرەکان کەسانێکی ئاقڵن و هەرچەندە کە هەست بکەن قازانجێکی زیاتریان بەر دەکەوێت، ئامادەییەکی زیاتر بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا پەیدا دەکەن. بۆ وێنە لە لەندەن ئەو ناوەندپەرێزییە لە دەسەڵات ئەنجام نەدراوە و بەهۆی سنوورداربوونی دەسەڵاتی سەرۆکی شارەوانی، ئاستی



بەشداری لە هەڵبژاردنە لۆکاڵییەکانیشدا کەمە. بە گومانی من ئەگەر دەوڵەت دەسەڵاتێکی زیاتری بدایەتە شارێکی وەك لەندەن و بەڕێوەبەرەکانی و بۆ کۆکردنەوەی باج دەسەڵاتێکی زیاتری پێ بسپێرایەن، هەم گرفتەکانی وەك راکێشانی بۆری ئاو هاسانتر چارەسەر دەبوو و هەم ژیاندنەوەی بەشداریی سیاسی لە لەندەن هاسانتر دەبوو. کەواتە ناوەندپەرێزی یەکێکە لەو ستراتیژییانە.

ستراتیژیی دووهەم، شتێکە کە بە "دیموکراتیك کردنی دیموکراسی"[١٨١] ناودێری دەکەم. بۆ روونکردنەوەی ئەوە دەبێ بڵێم کە تەنانەت لە وڵاتە دیموکراتیکەکان، بەتایبەتی کاتێ ئەو وڵاتانە ئاستێکی تایبەت لە دیموکراسی تێدەپەڕێنن، پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن خاو دەبێتەوە و ئیتر بەپێی پێویست نییە. لە زۆربەی وڵاتە دیموکراتیکەکان و لەوانیش بریتانیا تا ئێستاش گەندەڵیی ئیداری و دارایی و زاڵبوونی پیاوان بەسەر پانتای سیاسیدا دەبینین. ژنان مافی دەنگدانیان هەیە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتەکان رێژەی نوێنەرەکانی ئەوان لە پارلمان و پۆستە سیاسییەکانی تردا زۆر لەوە کەمترە کە دەبێ ببێت. لە رژێمە دیموکراتیکەکاندا ئامادەیی بەردەوامی ژمارەیەك پیاوی سیاسی خاوەن پێشینە و هەروەها مامەڵە نەرێنییەکان و شتی تری لەو جۆرە دەبینین کە خۆیان دیموکراتیك نین. پێموانییە تەنانەت یەکێك لە وڵاتە دیموکراتیکەکانیش بەم شێوەیە نەبێت. لە هەر شوێنێك ئەو حاڵەتانە بوونی نییە ئاستی بەشداریی سیاسیش بەرزە و هاوپشتییەکی زیاتر لە نێوانیاندا هەیە. بۆ وێنە لە دانیمارك کە ئەم مامەڵە نەرێنییانە و ئامادەیی هەمیشەیی ژمارەیەکی دیاریکراوی کەسایەتییە سیاسییەکان کەمتر بەرچاو دەکەوێت، بەشداریی سیاسیی خەڵك

١٨١ . democratization of democracy

کەم نەبۆتەوە، بەڵام لە ئەمریکا کە پارە دەسەڵات دەهێنێت و کۆمپانیا گەورەکان و دەسەڵاتی کۆمپانیاکان کاریگەریی قورس لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری و هەڵبژاردنەکانی تر دادەنێت، لە زۆربەی شوێنەکان بەشداریی سیاسی کەم بۆتەوە. کەواتە دووهەم ستراتیژیش "دیموکراتیك کردنی دیموکراسییە". پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن دەبێ بەردەوام لەکاردا بێت, نابێ خاو بێتەوە یان بوەستێت.

سێهەم، بەبۆچوونی من دەبێ لە ئاستێکی بەرزتر لە دەوڵەت-نەتەوەشدا دیموکراتیزاسیۆنمان هەبێت. لەبەر ئەوەی زۆرێك لەو شتانەی کاریگەری دەخەنە سەرمان لە ئاستێکی بەرزتر لە دەوڵەت-نەتەوەوە روو دەدەن. هەر بەم هۆیەیە ئەو باسانەی سەبارەت بە دیموکراتیك کردنی یەکێتیی ئەورووپا لەئارادایە بایەخێکی بەرزیان هەیە. یەکێتیی ئەورووپا بۆتە پێشەنگی جۆرێك لە حوکمڕانی و بەڕێوەبەرایەتی لە ئاستێکی بەرزتر لە نەتەوەدا و ئەنجامی هەوڵەکانی گەلێك گرنگن. لەئێستادا دەزانین یەکێتی ئەورووپا دیموکراتیك نییە. ئۆلریش بێك[182]، کۆمەڵناسی ئەڵمانی، لەو بڕوایەدایە یەکێتیی ئەورووپا نابێتە یەکێتییەکی راستەقینەی ئەورووپایی و سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، لەبەر ئەوەی مەرجی ئەو سەرکەوتنە دیموکراتیك بوونەکەیەتی. ئەو یەکێتییە بۆ دیموکراتیك بوون رێیەکی دووری لەبەرە، بەڵام لەو رووەوە کە یەکەم ئەزموونە بۆ جۆرێك لە حوکمڕانی و بەڕێوەبەریتیی بان نەتەوەیی و فرەنەتەوەیی ، یەکجار قورس و پڕبایەخە.

سەرهەڵدانی یەکێتیی ئەورووپا و هاریکارییە ناوچەییەکانی تر کاریگەرییەکی زۆر ئەرێنی لەسەر دیموکراتیزاسیۆن لە سنووری دەوڵەتەکاندا

١٨٢. Ulrich beck



دادەنێت. بۆ وێنە ئەو سێ وڵاتەی ئاماژەم پێکردن، واتە ئیسپانیا و پورتوگال و یۆنان، ئەگەر بەشدارییان لە یەکێتیی ئەورووپادا نەبوایە قورس بوو بۆیان بتوانن بەو ئاستە لە پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی بگەن. یەکێتیی ئەورووپا لە یارمەتیکردنی ئەو سێ وڵاتە و وڵاتەکانی تری یەکێتییەکە، کارنامەیەکی پڕشنگداری هەیە. بۆ کێش و سەنگ کردنی دیموکراسی لە یەکێتیی ئەورووپا تەنیا نابێ سەرنجی دیموکراتیزاسیۆنی دامەزراوەکانی ئەو یەکێتییە بدرێت، بەڵکوو دەبێ سەرنج بدەین یەکێتیی ئەورووپا تا چ رادە یارمەتیی مانەوە و تیمارکردنی دیموکراسی لە وڵاتەکانی ئەندامی خۆیدا دەدات. یەکێك لە تاقیکردنەوە سەرەکییەکانی یەکێتیی ئەورووپا لەم بوارەدا، پرسی بەئەندامبوونی ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتی وەك تورکیایە لەو یەکێتییەدا لەماوەی ساڵانی داهاتوودا. بەبڕوای من بۆ پێشەنگبوون لە دیموکراسی لە ئاستێکی بەرزتر لە ئاستی نەتەوەدا دەبێ بەئەندامبوونی ئەو وڵاتانە قبووڵ بکەین.

سەبارەت بەم بابەتە دەبێ زۆر لەوە زیاتر قسە بکرێت و بەگشتی سەبارەت بە هەرچێك کە باسم کرد دەبێ لەوە زیاتر قسە بکرێت. یەکێك لە سەرێتییەکان و باشییەکانی دیموکراسی، ئاسایی بوونەوە و لەبەرچاو کەوتنەکەیەتی. فرۆید دەڵێ لە دەروون دەرمانیدا گرنگترین کار ئەوەیە کە کەسێك لە خەمۆکی و نیگەرانیی زۆرەوە بگەڕێنینەوە بۆ نارەحەتییەکی ئاسایی. خۆی دەتوانێت نارەحەتیی ئاسایی کۆنترۆڵ بکات. بۆ زۆربەی وڵاتەکانیش زیاترین کارێك کە دەشێ بکرێت هەر ئەم دیموکراسییە ئاسایی و لانیکەمییەیە. نکۆی لەوە مەکەن، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە ئەم لانیکەمەشیان نییە هەست بە جیاوازییەکەی دەکەن.

**ویلّ هاتۆن:** سەرەتا ئاماژە بە چەند خالّ دەکەم و دواتر چەند پرسیارێك ئاراستەی تۆنی دەکەم. بەبۆچوونی من دابەزینی ئاستی بەشداریی سیاسی پرسێکی قوولّتر لەوەیە کە تۆنی باسی لێوە کرد. ئەم ئاستە نزمەی بەشداریکردن لەخۆیدا نیشانەی قەیرانی دیموکراسی نییە، بەلّکوو دەتوانێت بە هێزەکی قەیران بێت و بوار بۆ قەیران برەخسێنێت. سەرەتا مەبەستەکەی خۆم روون دەکەمەوە و دواتر گوێم لە وەلاّمەکەی ئێوەش دەبێت.

بە پەیڕەوی لە نەریتی ئەریستۆیی و کانتی لەو بڕوایەدام کە لەوپەڕی بواری تایبەتیدا "بواری گشتی"[١٨٣] بوونی هەیە. ڕووداوێك کە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا لە ئەورووپا کەوتەوە و بالّ و پەڕی دا بە دیموکراسی، ئەوە بوو کە خەلّك وا هەستیان کرد دەبێ پشتیوانی لە هاتنی دیموکراسی بۆ ناو پرۆسەی سیاسی بکەن. دیموکراسی لەم قۆناغەدا وەك ژێرکۆی گوتارێکی گشتیی بنچینەیی دەبیندرا. کاتێك کانت سەبارەت بە دیموکراسی و بواری گشتی قسەی دەکرد، پێداگری لەو خالّە دەکرد کە لە ئەورووپای سەردەمی ڕۆشنگەریدا جۆرێك لە بەستێنی گشتی هەبوو کە لەوێدا ئالّوگۆڕی زانیاری و فکرەکان بە ئازادانە و بەدوور لە سەرکۆنە و مەحکوومکران لەلایەن کلّێسا و حکوومەتەوە بەڕێوە دەچوو. ئێوە دەتانتوانی بۆچوونە زانستییەکانی خۆتان و تەنانەت بۆچوونتان سەبارەت بە هەقیقەتی ئایین دەربڕن. دەتانتوانی بەبێ هیچ زۆرەملێییەك وەك ژن یان پیاوێکی ئازاد بیر بکەنەوە و بۆچوونەکانی خۆتان لەگەلّ ئەوانی تردا باس بکەن و لە بۆچوونەکانی ئەوان ئاگادار بن. ئەو ئەم فەزایە بە بەبواری گشتی ناودێر دەکرد.

١٨٣ . public realm



ئێستا جیاوازیی من لەگەلّ ئێوە لێرەدایە: من بەپێچەوانەی ئێوە دەولّەت بە ژێرکۆی بواری گشتی دەزانم، چەنکە دەولّەت بەرپرسیاری سەرەکیی ئەم گشتێتی و "هەمەکی بوون"[١٨٤]ەیە. مۆزەخانە گشتییە بەلاشەکان، بەبێ ئەوەی دەولّەتێك لەئارادا هەبێت بۆ ئەوەی باج وەربگرێت و پێویستییەکانیان دابین بکات، بوونیان نابێت. ئەم پەڕگیرییە کە تایبەتمەندیی سەرەکیی گشتێتی و هەمەکی بوونەیە، بەبێ ڕۆلّ گێڕانی دەولّەت نایەتە بوون. تۆنی ڕاست دەکات من هاوڕێیەتییەکی زیاترم لەگەلّ دەولّەتدا هەیە. بەبۆچوونی من دامەزراوە گشتییەکان کە دەولّەت گرنگترینیانە، ژێرکۆیەکی بواری گشتی و مەرجی باش کارکردنی ئەوانە، بەلاّم بۆ ئەوەی دەولّەت کارامە بێت و ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بەرهەمی بێنێت ، دەبێ دیموکراتیك بێت و ئەوە هەلّبەت وانەی مەزنی ئەم ١٥٠ سالّەی دواییە بۆ ئێمە.

بەبۆچوونی من یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوە کە ئاستی بەشداری کردن دابەزیوە و بێدەربەستی پەرەی سەندووە و دیموکراسی تووشی قەیران بووە ، ئەوەیە کە بواری گشتی لە ولاّتە خۆراواییەکان هەڕەشەی لەسەرە. هۆی ئەم پرسەش ئەوەیە کە بواری گشتی ڕۆژ بەڕۆژ تایبەتیتر لە ڕۆژی رابردوو دەبێتەوە و دەسەلاّتی کۆمپانیاکان زیاتر دەبێت. ئەو کاسانەی بۆ بەڕێوەبردنی ولاّتەکەمان هەلّیاندەبژێرین تووشی جۆرێك لە نەبوونی متمانە بوونەتەوە، متمانە بەوەیکە دەتوانن و دەبێ ئەوەی پێیان دەگوترێت جێبەجێی بکەن. ئەوانیش ئاشکرایە کە بەتالّ دەبنەوە لە کارامەیی و دەبێ خۆ لە هەر ئەرکێك ببوێرن و بیسپێرنە دەست کەرتی تایبەت. ئەگەر کاروبارەکانی وەك هێلّی

١٨٤ . public ness

ئاسن، میترۆ و تەنانەت زانکۆکان بسپێردرێتە دەست کەرتی تایبەت، بواری گشتی لاواز دبێت.

ئەگەر بواری گشتی لاوازبێت، "تاکەکان"لاواز دەبن، لەبەر ئەوەی هەلی کردەوە و داهێنانی سیاسی یەکجار کەم و بەرتەسك دەبێتەوە. کاتێ دەڵەت بچووك دەبێتەوە، ئامانج و ئاواتەکانی ئەو سیاسەتمەدارانەش کە بۆ کارکردن بۆ ئێمە هەڵدەبژێردرێن، بچووکتر دەبنەوە و دیموکراسی بایەخێکی کەمتر پەیدا دەکات. کەواتە بەبۆچوونی من، پێشمەرجی چاکسازیی دیموکراتیك، ژیاندنەوەی چەمکی بواری گشتییە. ئەم ژیاندنەوەیە رەخنەی زیاتر لەسەر تایبەتی کردنەوە دێنێتە ئاراوە و کێشەی زیاتر بۆ سنووربەند کردنی دەسەڵاتی کۆمپانیاکان و دەسەڵاتی ئابووری دەخوازێت. لەگەڵمدان؟

**ئانتۆنی گیدێنز:** نا. من وا بیر ناکەمەوە. گەلالەیەك کە داتڕشت بۆ سادەکردنەوە شایانی سەرنجە، بەڵام من بەم چەشنە لەو پرسە ناڕوانم. هەڵبەت لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەو قسانەتدا کۆکم، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدام بەستێنی گشتی[١٨٥] لە کۆمەڵگە هەنووکەییەکاندا زۆر پڕبایەخە. هەروەك ویل هاتۆن ئاماژەی پێکرد دوو جۆر دیموکراسیمان هەیە. من لەم وتارەدا تەنیا سەبارەت بە یەکێك لەوان و ئەویش بە گێڕانەوەیەکی لانیکەمییەوە قسەم کرد. دیموکراسی تەنیا هەلی دەنگدانی ئازادانە نییە، بەڵکوو هەلی گفتوگۆ سەبارەت بە پرسەکانە بەشێوەی ئاشکرا و ئازادانە و بەدوور لە زاڵبوونی دەسەڵاتیشە، جا چ دەسەڵاتی کۆمپانیاکان و چ رێکخراوەکانی تر. بێگومان ئەمە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بەستێنی گشتییە، بەڵام بەبۆچوونی من دەبێ هەم

١٨٥. public sphere



لەبەرانبەر دەسەڵاتی کۆمپانیاکان و هەم لەبەرانبەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا پارێزگاری لە بەستێنی گشتی بکەین. مێژووی بەستێنی گشتی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەمیشە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە تێکدراوە. دەوڵەتەکان لە بەراوەرد لەگەڵ هەر کۆمپانیایەك لە سەدەی بیستەمدا مرۆڤی زیاتریان کوشتووە.

وام پێ باشترە بڵێم ئەوەی لە وڵاتێکی وەك بریتانیادا هەمانە، جۆرێکە لە "گشتی کردنەوە"[١٨٦]، نەك "تایبەتی کردنەوە"[١٨٧]. هەڵبەت نەك بەمانای سازوکاری نەریتیی دەوڵەت، بەڵکوو بەمانای ژیاندنەوەی بەستێنی گشتی کە تێکەڵەیەکی جیاواز لەو دوانە دەدات بەدەستەوە. دەوڵەتەکانیش کێشەی تایبەتیی خۆیانیان هەبووە و زۆربەی جار ناکارامە و بڕۆکراتیك بوون. کاتێك باج دەدەن بە دەوڵەتەکان، باجەکە دەدەنە وەزارەتی دارایی کە لە هەر شوێنێك بیهەوێت خەرجی بکات و زۆربەی جاریش خەساری دەکات. دەوڵەتەکانیش بەهەمان شێوەی کۆمپانیاکان لیپاولیپن لە چەندین جۆر و شێوەی کێشە و کەمایەسی.

بەم پێیە من خۆم لەو بڕوایەدام کە بۆ ژیاندنەوەی راستەقینەی بەستێنی گشتی دەبێ بە هەردوك لایەنی ئەو هاوکێشەیە رابگەین. بەهەرحاڵ هەردووکمان هاودەنگین لەسەر ئەوە کە ژیاندنەوەی بەستێنی گشتی ئامانجێکی خوازراو و پێویستە بۆ پانتا سیاسییە دیموکراتیکە ئەمڕۆژینەکان.

**ویل هاتۆن:** ئەم بەشەی وەڵامەکەی تۆنی بۆ پرسیارەکەی من وەك گفتوگۆکانی ترمان سیحراوی و سەرنج راکێش بوو. هەرکات لەگەڵ تۆنی

١٨٦ . publicization

١٨٧ . privatization

گفتوگۆ دەکەم دوو شت ڕوودەدات. یەکەم سەرەڕای ئەوەی خاڵی هاوبەشی زۆرمان هەیە، خاڵە ناکۆکەکانمان زیاتر دەردەکەوێت و...

ئانتۆنی گیدێنز: ڕووداوی دووهەمیش ئەوە کە لەدوای مشتومڕەکە دەڕۆین و خواردنێکی تێروتەسەل دەخۆین. بەشی شیرینی گفتوگۆکانمان هەر لێرەدایە.

**ویڵ هاتۆن:** "گشتی کردنەوە" بیرۆکەیەکی یەکجار گرنگە و تۆش بەباشی باسی لەسەر دەکەیت. منیش هەمیشە پشتیوانیی لێدەکەم، بەڵام وا بیر دەکەمەوە ئەو دەوڵەتەی تۆ باسی لەسەر دەکەی کەوتۆتە بەر هێرشی ڤایرۆسی پارێزکاریی ئەمریکایی و تۆشی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا وەك ڕووناکبیرێکی دەرکەوتوو تووش کردووە. "بەبۆچوونی من بە ناکارامە زانینی دەوڵەت لەو ئاستەدا عادڵانە نییە. دانی باج بۆ کەسێك کە ئەندامی کۆمەڵەیەکی گشتییە یەك ئەرکە و لە ناڵەباریی دەوڵەت کەم دەکاتەوە و دارشتێکی زیاتر دەدات بە پرۆسە دیموکراتیکەکان. بەواتایەکی تر پرسەکە هەر ئەوەیە کە بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری گەڵاڵەیان دەکرد. دەکرێ دەوڵەتێکی بچووکترمان هەبێت، بەڵام دژە دەوڵەت بوون ڕەوا نییە و ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر ئاراستەیەکی دژە دەوڵەتی بگرینەبەر، پرۆسە دیموکراتیکەکان لەکار دەخەین. ئێمە بۆچی دەنگ دەدەین؟ من لایەنگری تێڕوانینێکی دوو پاژەم. لەلایەکەوە لە باسی گشتی کردنەوەدا لەگەڵ تۆ هاودەنگم و لەلایەکی تریشەوە پشتیوانی لە دەوڵەت دەکەم. یەکێك لە ئامانجەکانی من لەو پشتیوانییە پارێزگاری لە دەوڵەتێکی دیموکراتیکی کارامەیە.

**ئانتۆنی گیدێنز:** زۆر بەداخەوەم، بەڵام کاتەکەمان تەواو بووە، بەڵام هەر ئەوەندە بڵێم هەروەك دەزانن من هیچ پەیوەندییەکم بە پارێزکاریی ئەمریکییەوە



نەبووە و دژە دەوڵەتیش نیم و هەرچی بیر لەوە دەکەمەوە ویڵ هاتۆن ئەوەی لە کوێوە هێناوە، هیچ بە مێشکم ناگات.

بەبۆچوونی من سۆسیال دیموکراتە ئەورووپاییەکان دەبێ دوو وانە فێر بن: یەکەم ئەوە کە تایبەتی کردنەوە لەگەڵ ئەوەدا کە لە هەندێ ڕووەوە بە چەندین جۆر کیشە کۆتایی دێت، لە هەندێ ڕووی ترەوە یەکجار سەرکەوتوو بووە و دووهەم، ئەوە کە دەوڵەتەکانیش هەر بەو جۆرە بوون، بەتایبەتی دەوڵەتە برۆکراتیکە نەریتییەکان ئیرادەی دیموکراتیکیان لە خۆیان نیشان نەداوە. لەبەر ئەوە سەرەڕای کۆنترۆڵ کردنی بازاڕەکان، چاکسازی لە دەوڵەتیشدا پێویستە. وا هەست دەکەم دیموکراسییە ئەورووپییەکان بەو خاڵە گەیشتوون.

**ویڵ هاتۆن:** منیش لەگەڵتدام.

# ئاسۆ جیهانییەکان

ئانتۆنی گیدێنز

# ئاسۆ جیهانییەکان

وەرگێڕ

عەتا جەماڵی



پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی
سەلاحەددین و دەزگای موکریانی

٥

ناوی کتێب: **ئاسۆ جیهانییەکان**

نووسینی: **ئانتۆنی گیدێنز**

وەرگێڕانی: **عەتا جەماڵی**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **رێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: **دلێر سادق (دەزگای موکریانی)**

نەخشەسازی ناوەوە: **گۆران جەمال رواندزی**

بەرگ: **ئاسۆ مامزادە**

ژمارەی سپاردن: **(٩٣٠)**

تیراژ: **(١٠٠٠) دانە**

چاپی یەکەم: **(٢٠٠٩)**

نرخ: **(٢٠٠٠) دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)**

**پێشکەشە بە:**

**هاوژینم ڕۆیا،**

**ئاخر ئێوە نازانن چەندەم خۆش دەوێ**



## پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕی فارسی........................................ ٧

ئاسۆی سیستەمی جیهانی........................................ ٧٥

ئاسۆی دەوڵەت-نەتەوە........................................ ١٠٣

ئاسۆی نایەکسانیی جیهانی........................................ ١٣١

ئاسۆی خێزان........................................ ١٦١

ئاسۆی دیموکراسی........................................ ١٨٣